# ڕێنوێنیی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی

پەر هەرنگرێن

# ڕێنوێنیی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی

وەرگێڕان و ئامادەکردنی:

سیاوەش گۆدەرزی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

پەر هەرنگرێن
ڕێنوێنیی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی
وەرگێڕان و ئامادەکردنی: سیاوەش گۆدەرزی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٢٣
چاپی دووەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٣١ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

# پەیڤێک بۆ چاپی دووەم

وەرگێڕ

کوردستان یەکێک لەو بەدەگمەن وڵاتانەی جیهانە کە ماوەیەکی یەکجار دوور و درێژ لەگەڵ شەڕ و توندوتیژیدا ژیاوە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێ هەموو مێژووی هاوچەرخی کوردستان بەلایەنی کەمەوە لە شەڕی یەکەمی دنیاگر بەدواوە لەگەڵ شەڕ و توندوتیژی تێکەڵە. شەڕ و توندوتیژییەک کە لەلایەن دەوڵەتانی سەردەست بەتۆپزی بەسەر کورددا سەپاوە و کوردیش وەک بەرگری لە بوون و مافە ئینسانییەکانی لەم شەڕە دوور و درێژەدا تێوە گلاوە. دەیان ساڵ شەڕ و توندوتیژی لە کوردستان، کە هۆکارەکەشی کورد بۆ خۆی نەبووە، کولتوورێکی توندوتیژی لە تانوپۆی کۆمەڵگەی کوردستاندا تەنیوە و لە هەناوی مرۆڤی کورددا شوێنەواری ڕووخێنەری کولتووری توندوتیژیی بەجێ هێشتووە.

ڕووداوەکانی ئەم دوایییانە لە باشووری کوردستاندا، لە سلێمانی و هەڵەبجە و کەلار سەلمێنەری ئەم ڕاستینەی کۆمەڵگەی کوردستانە. ئەم ڕووداوانە سەلماندی کولتوورێکی توندوتیژی بەبێ ئەوەی خۆمان هەستی پێ بکەین و زۆرجاریش لێی بەئاگا بین، لە ناخ و دەروون و بیر و زەینی ئێمەدا جێگر بووە. کاتێک لێرەدا چەمکی "ئێمە" بەکار دەبرێ، مەبەست ئەوەیە کە هەموومان دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، چەکدار و بێ چەک، خۆپێشاندەر و خۆپێشاندەر لە دژ کراو، مافدار و مافخوراو لەم کاتێگۆرییەدا جێگە دەگرین و هەر کامەمان بەپێی قورسایی خۆمان لە ڕووداوەکاندا لەم کولتووره توندوتیژییەدا بەشدارین و بەهەمان شێوەش لە ئاستی کوشتنی و خوێنرێژی ئەم دواییانە بەرپرسیارین. لە ڕوانگەی خەباتی ناتوندوتیژییەوە هەم بەردبارانکردن و هەمیش گوللەبارانکردن بەشێکن لە کولتووری توندوتیژی. توندوتیژی لە خۆیدا توندوتیژییە و کەم و زۆری ڕادەی بەکارهێنانی توندوتیژی و کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی بەهۆی ئامرازی جیاواز

شتێک لە ناخی خودی توندوتیژی ناگۆڕێ. ئەو عەقڵییەتەی بۆ گەیشتن بە هەر ئامانج و مەبەستێک هەیە با ببێ، کە بەرد دەهاوێژێ، بینایەک دەسووتێنێ، پۆلیسێک بە بەرد بریندار دەکا یان دەکوژێ و لەولاشەوە ئەو پۆلیسەی چەکی بەدەستەوەیە و بەناوی پاراستنی سەروەری حزب و یاسا و ڕێسا تەقە دەکا و خەڵک دەکوژێ، هەموو هەڵگری هەمان عەقڵییەتی توندوتیژین و تەنیا لە ڕادەی بەکارهێنانی توندوتیژیدا لێک جیاوازن.

کوردستان بەپاشخانێکی لەو چەشنە و ئەو دۆخەی ئێستا بەتایبەتی لە باشووری کوردستان تێیدا دەژین، ئەوە دەخوازێ کە بۆ ئەوەی کولتووری ناتوندوتیژی لە کوردستانی ئێمەش پەرە بگرێ و خەڵکی هەموو داخوازێک بۆ گۆڕانی سیاسی بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و هێمنانە بێنێتە گۆڕێ، پێویستە و زۆر پێویستە کاری کولتووری و ڕۆشنگەری لەسەر ناتوندوتیژی بکرێ. لە کوردستانی شەڕلێدراوی ئێمەدا، هێمنی، ئارامی و ناتوندوتیژی وەک نان و ئاووهەوا پێویستییەکی ژیانییە. چارەسەری بنەڕەتی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان وەک ئەزموونێکی نوێی بەڕێوەبەری دیمۆکراتیکی لەرزۆک لە ناوچەی شەڕلێدراو و جێ کێشەی ڕۆهەڵاتی نێوەڕاستدا، لە فیشەک و لە بەرددا نییە، بگرە لە ڕێپێوان، نارەزایەتیی هێمنانە و درێژەدان بەدیالۆگ و گفتوگۆدایە و ئەمەش تەنیا بەخەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژی مسۆگەر دەبێ.

لەو سۆنگەیەوە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە "ڕێنوێنیی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی" لە کوردستان دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێت. لە کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە دەیان و سەدان ڕێکخراوی مەدەنی هەن بەڵام کاری ڕۆشنگەری لەسەر ڕەواندنەوەی کولتووری توندوتیژی زۆر کەم کراوە. کێشەکە ڕاست لە ڕواڵەتێکی ڕووکەشانەدایە کە ئێمە جلی مەدەنیمان لەبەر کردووە بەڵام لە بیر و عەقڵییەتی مەدەنی دوورین. لە ڕواڵەتدا مەدەنین بەڵام لە نێوە و لە مێشک و هزر و کولتووردا مەدەنی نین و توندوتیژین. تەنانەت ئێمە وەک خەباتگێڕانی مەدەنی کورد هێشتا لە ناتوندوتیژی نەگەیشتووین و کاریگەری کولتووری ناتوندوتیژیمان لەسەرە. ئەم کتێبە پاشخانێکی تیۆری لەسەر ئەوە پێناسەی توندوتیژی چییە، بۆچی توندوتیژی کێشەکان چارەسەر ناکا، بەدەستەوە دەدا. لەم کتێبەدا شرۆڤەی ئەوە کراوە کە ئامانجێک بەهۆی توندوتیژییەوە وەدەست دێ، کورتخایەنە، زەرەرمەند و

لەنێوچوونی سەروماڵی تێدایە و ئامانجێک بەهۆی ناتوندوتیژییەوە وەدەست دێ، چارەسەری ڕیشەییانەیە، درێژخایەنە و دوورە لە کوشتن و ماڵوێرانی. کەواتە ئیمڕۆ ناتوندوتیژی بەتایبەت لە باشووری کوردستان وەک وڵاتێکی تازە پشتڕاست بووەوە لەژێر شەڕ و ماڵوێرانی (٢٠٠٣ مێژوویەکی تەنیا ٧ساڵەیە و بەس) لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە ناتوندوتیژی هەیە.

لەم کتێبەدا بە ئەزموون وەرگرتن لە خەباتی مەدەنی لە وڵاتانی جیهاندا و بەتایبەتی ئەزموونی کەسیی نووسەرەکەی پەر هەرنگرێن کە بۆ خۆی خەباتگێڕێکی مەدەنیی ناوبەدەرەوەی سوێدییە، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ناتوندوتیژی لەگەڵ ئەوەی شێوازێکی سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسییە هاوکات ڕوانگەیەکی ئینسانیشە کە بە قوڵی لەسەر مرۆڤ و بایەخی مرۆڤ ڕادەوەستێ. بەو پێیە توندوتیژی لە خۆیدا تەنیا دووربوونی ڕاستەوخۆ لە توندوتیژی لە کاتی خۆپیشاندان و نارەزایەتیدا نییە بگرە لە خۆیدا شێوازێکە لە بەرهەڵستکاری و خەبات کە لە دژی خودی توندوتیژیش لە نێوەوەی مرۆڤ و لەنێو کۆمەڵگەدا دەکرێ و ئامانج هەوڵێکە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و ڕەوینەوەی کولتووری توندوتیژی.

لەم کتێبەدا سێ بنەما و پرەنسیپ لە خەباتی مەدەنی و دوور لە توندوتیژیدا لە بواری تیۆری و کردەوەدا شرۆڤە کراوە؛ یەکەم هەموو جۆرە نارەزایەتییەک لەسەر بنەمای بەکارنەهێنانی توندوتیژی داندراوە. دووەم نارەزایەتیی مەدەنی وەک کردەوەیەکی کراوەی فەرمی دەبیندرێ، کە خەباتکارانی مەدەنی لە بەرانبەر هەموو ئاکامی نارەزایەتییەکانیاندا خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن و لەژێر باری هیچ ئاکامێک کە نارەزایەتییەکان بەدوای خۆیاندا دەیهێنن، هەڵنایەن. سێیەم، ئامانج لە نارەزایەتی دەربڕین، ئامانجێکی گشتیی ئەخلاقی، ئینسانی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەییە، نەک قازانج و بەرژەوەندیی کەسی، گرووپی و حزبی و رێگە خۆشکردن بۆ ئەجیندا و ئامانجی شاراوەی دەستە و گرووپی سیاسی. ئەم سێ پرەنسیپ و بنەمایە کۆڵەکە هەرە قایم و بنەڕەتییەکانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی پێک دێنن.

ئەم کتێبە بێجگە لەلایەنی تیۆری لەسەر خەباتی نافەرمانیی مەدەنی و ناتوندوتیژیی زۆرتر جەخت لەسەر ڕێنوێنیی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بەشێوەی

پراکتیکی دەکاتەوە. پەر هەرنگرێن ئەزموونەکانی خۆی لە کاتی لێپرسینەوەی پۆلیس، مەحکەمە و زینداندا نووسیوە و لە سۆنگەی ئەزموونەکانی خۆیەوە باسی کێشە و گرفتەکانی خەباتی مەدەنی دەکا. پەر هەرنگرێن لەو باوەڕەدایە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لە خۆیدا خەباتی بەکردەوەیە هەر بۆیە دەبێ ئەوەندە دووپات بکرێتەوە هەتا هەم فێری بی و هەم بتوانی بەکاری بەری. وەک هەرنگرێن دەڵێ خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ڕاست وەک دانسی سالسای باشووری ئەمەریکا یان هەڵپەرکێی کوردی وایە تەنیا بەخوێندنەوەی تیۆری فێری نابی و دەبێ ڕاهێنانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بکرێ و زۆر شێوازی تەکنیکی جۆراوجۆری بەرهەڵستکاری پرۆڤە بکرێ. هەر بۆیە لەم کتێبەدا تیۆری و پراکتیک لە خەباتی مەدەنیدا تێکهەڵکێشی یەکتری کراون.

ماوەتەوە ئەوە بڵێم؛ ئەگەر بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بتوانێ تەنانەت تاقە خەباتگێڕێکی مەدەنیی کورد لە خەبات و بەرهەڵستکاری بەشوێن مافەکانی خۆیدا لە ڕێگەیەکی مەدەنیدا شێلگیرتر بکا و لە هەمان کاتدا پێشگیری لە ڕژانی تەنانەت دڵۆپەیەک کەمتری خوێنی مرۆڤی کورد بکا، ئەوە سەرکەوتنێکی ئێجگار گەورە بۆ ئەم کتێبە تۆمار دەکرێ.

## سەرەتا

چەند سەرنجێکی پێویست

بەو پێیە کە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی هێشتا لە کوردستاندا دیاردەیەکی بەتەواوی نوێیە و بەتایبەتی لە سەروبەندی کەڵک وەرگرتن لەم شێوازە خەباتە لە کوردستاندا، گرینگە ئاوڕێکی قووڵ لەم شێوە خەباتە بدرێتەوە. خەباتی نافەرمانیی مەدەنی چییە؟ چۆن پێناسە دەکرێ و چۆن و لە چ هەلومەرجێکدا بەکار دەبرێ، پرسگەلێکی گرینگن کە خەباتگێڕی نافەرمانیی مەدەنی سوێدی، پەر هەرنگرێن Per Herngren بەپێی ئەزموونە پڕ بایەخەکانی خۆی لەم کتێبەدا وەڵامیان دەداتەوە. هەرنگرێن لەم کتێبەدا نیشان دەدا کە چۆن خەباتگێڕانی نەتەوەیی، مەزهەبییەکان، فیمینیست، پاسیفیست، لیبراڵ و ئانارشیستەکان پێکەوە و بەهاوکاری و هاوئاهەنگیی یەکتری شێوە خەباتێکی نوێیان بۆ وەدیهێنانی جیهانێکی باشتر و یەکسانتر وەڕێ خستووە. خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دیالۆگێک پێک دێنێ کە ئامانجەکەی قایمترکردنی دیموکراسییە لە هەر هەلومەرجێک و لە هەر وڵاتێکی ئەم جیهانە پان و بەرین و پێچەڵپێچەدا و یەکیش لەوان کوردستان. بەشە هەوەڵەکانی ئەم کتێبە دەقاودەق و بێ کەم و زیاد وەرگێڕدراون، بەڵام لە بەشەکانی دواییدا بەراگۆڕینەوە لەگەڵ نووسەری کتێبەکە، زۆر پەرەگراف و هێندێک جاریش چەند لاپەڕەیەک کە بەپێویستم نەزانیوە، وەرنەگێڕدراوە. بۆ نموونە بەشێک لە کتێبەکە کە بۆ کێشەی پەنابەران و شاردنەوەی ئەوان لە سوێد و ڕۆئاوا لەژێر سەردێری "پشتگیریکردنی ئەو پەنابەرانەی کە خۆیان شاردووەتەوە" تەرخان کرابوو، لابردراوە.

وەرگێڕانی ئەم کتێبە پێشکێشە بەئازیزان: شنە (نەسرین شاکەلی)، سۆما و هەناو. سوپاس بۆ ئێوە کە بەشێک لە کاتی خۆتان لە کاتی وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا بۆ من و بۆ ئەم کتێبە تەرخان کرد.

سوپاس بۆ کاک حامیدی درودی بۆ مۆنتاج و بڕە وردەکارییەکی تەکنیکیی تر.

# پێشەکیی نووسەر

تایبەت بەوەرگێڕانی کوردیی ئەم کتێبە

زۆر خۆشحاڵم کە کتێبەکەم وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی. بەشێکی زۆر لە دراوسێ و دۆستەکانم کوردن، من هەموو ساڵێک لە جێژنی نەورۆزی کوردان لە گەڕەکی هامارکولە لە شاری گوتەبۆرگ بەشدار دەبم. چەند ساڵ لەمەوبەر لەو خانووە کۆلێکتیڤەی کە من تێیدا دەژیم، کوردێکی پەناخواز خۆی حەشار دابوو. من لە بیرمە کە ئەو چەند خاڵێکی سەرنجڕاکێشی لە پێوەندیی نێوان کاری خەباتی نافەرمانی ئێمە و خەباتی ڕزگاریخوازی کورد خستە بەرباس. من پێشتر تێکەڵاوییەکی وام لەگەڵ کورددا نەبوو. لە کۆتاییی هەشتاکاندا گرووپێکی پلاگبیلی، ئەو بزووتنەوەیەی کە من تێیدا تێکۆشانم هەیە، لە باڵەفڕگەیەکدا لە ئەڵمان باڵەفڕەیەکی شەڕکەر کە بەتورکیا فرۆشرابوو، بە چەکوشەکانیان شکاند و لە کاریان خست. ئەو باڵەفڕەیە دەچووە تورکیا و ئەرتەش لە دژی کوردان بەکاری دێنا. ئامانجی ئێمە لە تێکشکاندنی ئەو باڵەفڕە شەڕکەرە ئەوە بوو کە پشتگیریی خۆمان بۆ کوردان دەرببڕین.

لە ئەزموونی مهاتما گاندی ئەوە دەردەکەوێ کە خەباتی ناتوندوتیژی و نافەرمانیی مەدەنی شیانی ئەوە دێنێتە گۆڕێ کە دیالۆگ و پێکەوە دانیشتن لە نێوان دژبەرەکان، لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند و لە نێوان دەسەڵاتدار و بێدەسەلات پێک بێت. خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دژ بەسەرکوت و بندەستی گەلێک بەو مانایە نییە کە جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست بکات بگرە بەو مانایەیە کە پردێک لە نێوان ئەواندا بۆ ڕێککەوتن و پێکەوەژیان دروست دەکات.

بۆ ئەوە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بتوانێ ئامانجەکانی خۆی بپێکێ، دەبێ بەپێی بۆچوونەکانی مهاتما گاندی خەباتی ناتوندوتیژیی بەردەوام لە گۆڕان و خۆنوێکردنەوەدا بێت. خەباتی ناتوندوتیژی زنجیرێک لە شێوازە جیاوازەکانی

خەبات پێکەوە گرێ دەدا کە مرۆڤەکان کۆمەڵگەیەک پێک دێن، کە لەودا بتوانن بەخۆشی و ئارامی تێیدا بژین. خەباتی نافەرمانیی مەدەنی تەنیا ئەوە نییە وەک چۆن لە کتێبە مێژوویییەکاندا باسی کراوە، موو بەموو ڕەچاو بکرێ، بگرە خەباتی نافەرمانی مەدەنی پێویستە دایم لە گۆڕاندابێت و خۆی لەگەڵ کێشە نوێیەکان و مرۆڤەکانی سەردەم بساچێنێ.

شێوازی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی حەتمەن دەبێ لەگەڵ شێوازەکانی تری خەبات تێکەڵ بکرێ. کە ناڕەزایەتی دەربڕین و هاوکات فەرمانبەرییش بکەی، پرسگرێک لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا چارەسەر نابێ. هاوکاتیش ئەگەر بێتو تەنیا بەرهەڵستکاری و نافەرمانی بکەی و لە زۆر شێوازی تری سیاسی کەڵک وەرنەگری، ئەوە خەبات دەبێتە یەکلایەنە. خەباتی نافەرمانیی مەدەنی تەنیا یەکێک لە شێوازەکانی کاریگەرە بۆ کارکردن بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسی. هێز و وزەی سیاسی لەودا دەبێ کە لە ڕاستیدا خەباتی ڕزگاریخوازی دەیەوێ و دەتوانێ بەپێی کامە شەرت و مەرجی کۆمەڵگە خۆی ڕێک بخا، لە کاتێکدا هاوکات لە دژی سەرکوتی ئینسانەکان نافەرمانی دەکا. هەموو ئەو ڕێگەیانە دەکرێ وەک ئامراز و کەرەستەی ئازادی کەڵکیان لێ وەربگیرێ. ئەمەش بەپێچەوانەی ئەوەیە کە تەنیا بەشێوەی بەرهەڵستکاریی ئازادی وەدی بهێندرێ.

خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ئاسانە وەک ئەوە وایە فێری هەڵپەڕکێیەک یان لێدانی ئامرازێکی نوێی مۆسیقا بیت. دەبێ ڕاهێنانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بکرێ، زۆر شێوازی تەکنیکیی جۆراوجۆری بەرهەڵستکاری پرۆڤە بکرێ. لە هەڵەکان، ئەزموون وەربگیردرێ و لە مەیدانی خەباتدا قاڵ ببی، پرۆڤەی خەباتی نافەرمانیی مەدەنیی بکرێ و دیسان سەرلەنوێ ڕاهێنان بکرێ و هەمدیسان بکرێ. خەباتی نافەرمانی مەدەنی لە خۆیدا پراکسیسێکە کە دوای ماوەیەک لە لەشدا جێگر دەبێ و فێری دەبی. دواتر هەروەک هەڵپەڕکێ خۆش و لە بەردڵان دەنیشێ.

هەردەم ڕیسک یان مەترسیی ئەوە هەیە کە "کوردان" لە خەباتی خۆیاندا "خۆپێشاندان" و "ناڕەزایەتی" کە لە ئەمەریکا و ئەوروپا زۆر باوی هەیە، کۆپیی بکەن و دەقاودەق بەکاری ببەن. ناڕەزایەتی لە خۆیدا بەئاسانی لە "ناگوتن" و

لایەنی نێگەتیڤ دەچەقێ. لە باتیی تەنیا نارەزایەتی، دەبێ ئەفراندن بکرێ و خەباتی رزگاریخوازی بەرەوپێش ببرێ. ئێمە دەبێ لە باتیی تەنیا "نا گوتن"، خوڵقێنەر و داهێنەریش بین. ئەمە لە خۆیدا بەشێوەیەکی دوولایی یان پارادۆکس بەو مانایەیە کە زۆر کەس تووشی گرتن و زیندان دەبن. لە حاڵەتی وادا دەبێ ئامادەکاری بۆ خەباتی نێو زیندان بکرێ، لە زیندان وەک ئامرازێک بۆ باسی ماف و ئازادی کەڵک وەرگیرێت. هاوکات زیندان بکرێتە شوێنێک بۆ گوڕدان بەخەباتی رزگاریخوازی و وەبەرنانی ژیانێکی نوێ بەخەبات و بەرهەڵستکاری. لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لە چۆنیەتیی هەڵسوکەتی لایەنی دژ کەڵک وەردەگیردرێ بۆ ئەوە وزەیەکی داهێنەرانە لە بەرەی بەرهەڵستکاریدا چێ بکرێ.

بۆ نموونە لەم ساڵانەی دواییدا کوردەکان لە ئێران زۆر بەباشی لە زیندان کەڵکیان وەرگرتووە و لە راستیدا زیندان وزە و توانایەکی نوێی بەخەباتی رزگاریخوازیی کوردەکان داوە. خەباتی رزگاریخوازی بەوە هەرەس ناهێنێ کە تێکۆشەران بگیردرێن بگرە خەبات کاتێک هەرەس دێنی کە ئێمە ببەزین و مل بۆ بریارەکانی دژبەر نەوی بکەین. کاتێک ئێمە فەرمانبەری بکەین راست ئەو کاتەیە کە ئێمە سەرکوت دەکرێین.

مەسەلەیەکی تر لە خەباتی رزگاریخوازیدا ئەوەیە کە نابێ خەباتی رزگاریخوازی بە میدیاوە ببەسترێتەوە. فەلەستینییەکان بەپێچەوانەی کوردەکان لە میدیای رۆژئاوادا زۆر باسیان لێوە دەکرێ، ئەمە لە خۆیدا بەو مانایە نییە کە هەموو جارێک لە بەرژەوەندیی ئەواندایە. رزگاری لە سەرەوەرا وەدەست نایە، نە لەلایەن میدیا و نە لەلایەن حکوومەتەکانەوە. رزگاری لە خوارەوەرا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر دەگوێزرێتەوە. خەباتی نافەرمانیی مەدەنی گرێدراو لە تەک ناتوندوتیژی و دیالۆگ لەو شێوازانەی تری خەبات کە دوژمنی قورس و قایم بۆ خۆ چێ دەکا، زۆر کاریگەرترە.

پرسگری کورد لە خۆیدا دینامیک و ئەزموونی تایبەت بەخۆی هەیە کە دەکرێ و پێویستە لە نوێبوونەوە و پێشوەچوونی خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا لە شوێنەکانی تری جیهان کەڵکی پڕ بایەخی لێ وەربگیردرێ.

بەشی یەکەم

# خەباتی نافەرمانیی مەدەنی چییە؟

پێناسە

ئەخلاق

دیموکراسی

## خەباتی نافەرمانیی مەدەنی چییە؟

نافـەرمـانی شـتـێکی نوێ نییـە. بەڵام نـافـەرمـانیی مــەدەنی دیاردەیەکی نـوێیـە. ســەرەڕای ئەوە لـە خــەباتی نافــەرمــانی وەک شـێـوەیەک لە بـەرهـەڵســتکاری بۆ وەدەستهێنانی مافە دیموکراتیکەکان لە سوێد لە کۆتاییی سەدەی ڕابردوودا کەڵک وەرگـیـراوە، بەڵام ئـەم شـێـوە خـەباتە هـەتـا دەیەکـانی ١٩٨٠ کـە جـارێکی تر ئەم خەباتە گەڕایەوە گۆڕەپانی سوێد، بەشێوەیەک لە بیر کرابوو.

سەرچاوەی بیری خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەگەڕێتەوە بۆ نووسـەری باکوری ئەمـەریکا، هـێنری دەیڤـید تۆرێـئۆ Henry David Thoreau. "من لە مـاوەی شـەش ساڵدا هیچ چەشنە زەکاتێکی کەسیم نەدا". لەبەرئەوەی تۆرێئۆ لەوە بەئاگا بوو کە پارەی ئەو زەکاتـەی کە ئەو دەیدا لە سـەرکوتی ئیندیانەکان و هێرشـەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ سـەر مێکزیکۆ کەڵکی لێ وەردەگیرێ، لە دانی زەکات خۆی بوارد و هـەر بەو بۆنەیەشەوە خرایە زیندان. "ئەو شـەوەی لە زیندان مـامـەوە وەک ئەوە وابوو تورِ بدرێمە دوورەوڵاتێکەوە کە قەد چاوەڕێی دیتنیم نەکردبوو". بۆ بەیانییەکەی کەسێکی نەناسراو بەپێچەوانەی ویستی تۆرێئۆ زەکاتەکەی ئەوی دا. پاش ئـەوەی نانی بـەیانیــیەکـەی کـە برێتی بوو لە کـوتـە ســەمــوونێکی ڕەش و پەرداخێکی شۆکلات کە لە کونی دەرکەی زیندانەکەیەوە بۆی خرایە ژوورەوە، ئازاد کرا.

نەدان و ســەرپێـچیکردن لە دانی زەکـات بیـرێکی نوێ نەبوو. هـەر لە کـۆنەوە لەلایەن ئەوانەی کـە خۆیان بە ئابولیسیـۆنیستـەکان Abolitionist دەناسـاند و لە دژی بەردەداری خەباتیـان دەکرد، وەک شێوە خەباتێک بەکار بردراوە. لە شۆڕشی سـاڵی ١٨٤٨ لە ئەوروپا کارل مـارکس هـەوڵی دا خـەڵک لەنێو کامـپـانیـای نەدانی زەکات بەحکوومەتی ئەڵمان ڕێک بخا.

پاکژی و ڕەسـەنیی هزری تۆرێئۆ لەوەدا بـوو کـە ئەو پێی وابوو، جـەزا لە خـۆیدا

بەشێکی گرینگە لە کردەوەی بەرهەڵستکاری. ئەو لە کتێبێکدا بەناوی "سەبارەت بە بەرهەڵستکاری مەدەنی" کە ئێستا لە ڕیزی کتێبە کلاسیکەکاندا دەژمێردرێ و لەساڵی ١٨٤٩دا بۆ یەکەم جار چاپ کرا، بەرگریی لە بۆچوونەکانی خۆی کرد.

لای تۆرێئۆ سزا لە خۆیدا هەروەک تاوانی یاسایی لە نافەرمانیی مەدەنیدا گرینگ بوو. یانێ سزا و تاوانی یاسایی دوو بەشی هەرە گرینگی پێکهاتەی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بوون. هەر بۆیە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی شێوەیەکی زۆر تایبەتی کردەوەی بەرهەڵستکارییە.

لای کەسانی تر چەمکی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی مانای تر و بەربڵاوتری هەیە. خەباتی نافەرمانیی مەدەنی هەموو شێوەکانی نایاسایی بەرهەڵستکاریی ئاشتیخوازانە وەبەر دەگرێ. بەڵام تۆرێئۆ لە کتێبەکەیدا قامک لەسەر خاڵێکی یەکجار گرینگ دادەنێ و ئەویش ئەوەیە کە جەزا لە خۆیدا بنەمای خەباتی نافەرمانیی مەدەنی پێک دێنێ. ئەو پێی وایە ئەو کەسەی لەبەر بەرهەڵستکاری زیندانی دەکرێ، کردەوەکەی زۆر کاریگەرترە لەو کەسەی کە شێوەی بەرهەڵستکارییەکەی زیندانیی بەدوادا نایەت.

تۆرێئۆ پێی وابوو حکوومەت لە خۆیدا مەترسیدار نییە. مەترسی و کێشەکە لە هاوکاری و فەرمانبەریی هاوولاتییەکانی ژێر فەرمانی ئەو حکوومەتەدایە. هەروەها گاندیش ئاماژە بەوە دەکا کە دەستەڵاتی دەسەڵاتداران بەستراوەتەوە بە هاوکاری و فەرمانبەریی تەواوەتی هاوولاتییان. " ئەگەر تەنیا خەڵک تێگەیشتبان کە فەرمانبەریی یاسا ناڕەواکان کارێکی نامرۆڤانەیە، ئەوە کامە ملهوڕ و دیکتاتۆر هەیە نەیدەتوانی زوڵم و زۆر لەوان بکا".

لایەنێکی تری پاکژی و خاوێنیی بیری تۆرێئۆ ئەوە بوو، ئەو بەرهەڵستکارییەی کە ئەو لە دژی کردەوە ناهەقەکانی دەوڵەت ئاماژەی پێ دەکرد، پێش لە هەموو شتێک لە دژی خودی دەوڵەت نەبوو، بگرە لە دژی ئەو هاوولاتییانە بوو کە لە دەوڵەت و بڕیارەکانی دەوڵەت فەرمانبەرییان دەکرد. هەر بۆیە لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا گرینگترین دژبەر هاوولاتییانی سەر بۆ دەوڵەت نەویکەرن نەک دەوڵەت.

"قایمترین کۆڵەکەی ناهەقی" و "گرینگترین کۆسپ لە بەردەم ئاڵوگۆڕدا" ئەو

ئینسانانەن کە سەرەڕای ناڕازیبوون و دژبەری لەباری بیروڕاوە لەگەڵ دەوڵەت هێشتا فەرمانبەری دەکەن و لە بەردەم دەوڵەتدا سەر نەوی دەکەن. [تۆرێئۆ] لەو بڕوایەدا بوو، ئەگەر تەواوی ئەو کەسانەی کە لەباری بیرەوە لە دژی حکوومەت بوون، هاتبا و دژبەری و بەرهەڵستکارییەکەیان بخستابایەتە بواری کردەوەوە، ئەوە دەتوانرا پێش بە بەردەداری و شەڕ بگیردرێ.

بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە زۆربەی ئێمە فەرمانبەری دەکەین و بەرهەڵستکارییەکانمان پراکتیزە ناکەین. ڕاست هەر لێرەشدایە کە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی مانا دەدا. ئەگەر ئێمە بێین و ئاکامی نافەرمانی پەسند بکەین ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵکێکی زۆرتر بۆ پەسندنەکردن و لادان لە یاسا و بڕیارە ناهەقەکان هان بدرێن. لە نافەرمانیی مەدەنیدا ئەوە دەخرێتە ڕوو کە یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم وەدیهاتنی مافی یەکسان، ترس لە ئاکامە کەسییەکانی نافەرمانیی مەدەنییە.

## پێناسەی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی

نافەرمانیی مەدەنی وەک ترادیسیۆن دەگەڕێتەوە بۆ تۆرێئۆ و گاندی:

١- نافەرمانیی مەدەنی کردەوەیەکی کراوەی فەرمییە.

٢- کە لەسەر بنەمای بەکارنەهێنانی توندوتیژی دامەزراوە.

٣- کردەوەی نافەرمانیی مەدەنی، کردەوەیەکی نایاساییە کە لەودا یاسایەک، فەرمانێک یان بڕیارێک لەژێر پێ دەخرێ.

٤- ئامانج لە نافەرمانیی مەدەنی، ئامانجێکی گشتیی کۆمەڵگەیی یان کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییە.

٥- لە نافەرمانیی مەدەنیدا وەئەستۆگرتن و پەسندیی ئاکامە کەسییەکان یەکجار گرینگ و پڕ بایەخن.

مەدەنی یانێ هاووڵاتییەتی. لە ئەدەبیاتی بزووتنەوەی بەکارنەهێنانی توندوتیژیدا وشەی مەدەنی وەک دژ و پێچەوانەی توندوتیژی بەکار دەبرێ. ئەوانەی کە کردەوەی لەژێر پێنانی یاسا بەئەنجام دەگەیەنن لە هەمان کاتدا مۆدێرن و پێشکەوتوون یان بەواتایەکی تر ئینسانانە ڕێز لە دژبەرەرانی خۆیان دەگرن. دژبەر ئەو لایەنەی کردەوەکەی لە دژ ئەنجام دەدرێ لە هەمان کاتدا وەک لایەنی وتووێژ و گفتوگۆش چاوی لێ دەکرێ. ئەنجامدەرانی کردەوەی نافەرمانیی مەدەنی لەژێر ئاکامی کارەکەیان چ دەبێ با ببێ هەڵنایەن. نافەرمانیی مەدەنی ئەوە نییە کە لە تاریکاییی شەو کەڵک وەرگری و بۆ نموونە لەسەر بینای تاقیگەیەک کە ڕەنگە ئاژەڵی تێدا ئازار بدرێت، پەیامێکی شاراوە بنووسی.

ڕاستە نافەرمانی یانێ لەژێر پێنانی یاسایەک بەڵام لە هەمان کاتیشدا بریتییە لە فەرمانبەری لە یاسایەکی تر. لەم پێوەندییەدا نافەرمانیی مارتین لوتێرکین و بزووتنەوەی هاووڵاتییەتی لە باکوری ئەمەریکا لە دژی یاسا ڕەگەزپەرستانەکانی حکوومەتە هەرێمییەکان نموونەیەکی باشە. زۆرجار کردەوە نافەرمانییەکانی ئەوان

لە هەمـان کـاتدا بەمـانای جـێبـەجـێکردنی یاسـاکـانی حکوومـەتی نـاوەندی یان فیدراڵی ئەمەریکا بوو.

هەروەها بزووتنەوەی پلاگبیل Plogbill بزووتنەوەیەکی کریستیانییە کە لە ساڵی ١٩٨٠ لە ئەمەریکا دروست بووە. پلاگبیل وشـەیەکە لە ئینجیلەوە وەرگیراوە. دوای هەڵمـەت لـە دژی کـارگـەی چـەکسـازی لەلایـەن بزووتنەوەی پـلاگـبـیـل، لە کـاتی مـەحکەمـەکردنمـاندا ئەوەمان وەبـیر خسـتـەوە کە چەکی کارلگوسـتاف Carlgustaf بەو وڵاتانە فـرۆشـراوە کـە قـەڵاچۆ و کۆمـەڵکوژییـان تێدا ئەنجـام دراوە، هەر بۆیە ئەوە لە دژی یاسـا نێونەتـەوەییـەکان بووە. کەواتـە ئێمـە بەپێی پرەنسـیپـەکـانی نورێنبەرگ Nurnberg بۆمان هەبووە بەرهەڵستکاریی خۆمان نیشان بدەین. کاتێک کردەوەی قەڵاچۆ لە پانتاییەکی نێونەتەوەییدا ئەنجام دەدرێ ئەوە لە خۆیدا تاوانە ئەگەر هاووڵاتییـان لەو قانوونـە نەتەوەییە لە وڵاتی خۆیاندا فەرمـانبەری بکەن کە ڕێگە بۆ ئەو قەڵاچۆ لە (وڵاتی تردا) خۆش دەکا و کۆمەڵکوژی دەپارێزێ.

نافـەرمـانیی مـەدەنی هەردەم وەک کـردەوەیەکی سـیـاسی چاوی لێ دەکـرێ. کـردەوەیەک کـە لـە سـەرەوەی قـازانج و بەرژەوەندیی کـەسـیی ئەنجـامـدەرانەوە ڕادەوەستێ. ئامانج لە نافەرمانیی مەدەنی ئەوەیە کە هەڵەیەک لە کۆمەڵگەدا ڕاست بکرێتـەوە یان ببـێتـە هۆی چێکردنی بزووتنـەوەیەک بۆ پێکهـێنانی ئاڵوگـۆڕی بنچینەییی فرەتر. نافەرمانیی مەدەنی پێوەندیی بە ئایدۆلۆجیای چەپ و ڕاستەوە نییە و هەردووک باڵی ئایدۆلۆجی دەیکەن.

نافەرمانیی مەدەنی هەم تاک دەتوانێ بیکا و هەم کۆمەڵە و گرووپ. کۆمۆنەکانی هەرێمە نیمچە سەربەخۆکان لە سوێد کاتی خۆی بۆ پێکهێنانی ناوچەی ئازاد و دوور لە چەکی ناوکی لە دژی خودی دەوڵەتی سوێد و هەروەها لە کاتی بایکۆتەکان لە دژی ئەفریقای باشـوور لە سـەردەمی ئاپارتایددا لە خـەباتی مـەدەنی کـەڵکیان وەرگـرتووە. دەوڵەتەکـانی ئەندام لە یەکـەتیی ئەورووپادا لـە نافـەرمـانیی مـەدەنی لە دژی یەکەتیی ئەورووپا کەڵک وەردەگرن.

نێوەڕۆک و مـانای وشـەکانی وەک "گـوێ پێنەدانی مـەدەنی"، "پشـتگوێخسـتنی هاووڵاتییانە" و "فـەرمانبەری لە ویژدان" زۆر نزیکی نافـەرمـانیی مەدەنییە. وشـەی "فەرمانبەریی پیرۆز یان خوایی" لەلایەن کۆمـەڵە مەزهەبییەکانەوە بەکار دەبرێ. لە

ماوەیەکی دوور و درێژدا "بەرهەڵستکاریی مەدەنی" هاومانا بوو لەگەڵ نافەرمانیی مەدەنی. بەڵام ئیمڕۆکە لە نافەرمانیی مەدەنیدا زیاتر لە کاتی شەڕ و بەرهەڵستکاری لە دژی داگیرکەریدا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ و بەکار دەبرێ.

مەسەلەیەکی باڵکێش لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا ئەوەیە بەشێک لەو باوەڕەدان کە هەموو چەشنە خەباتێکی ناچەکداری دەکرێ وەک نافەرمانیی مەدەنی پێناسە بکرێ. بۆ خەباتگێڕێکی ئاشتیخوازی وەک تۆرێئۆ بەکارنەهێنانی توندوتیژی بنەمای خەباتی نافەرمانیی مەدەنی پێک دەهێنا. لە سەرەتاوە گاندی چەمکی "بەرهەڵستکاریی پاسیڤ" کە هەتا ڕادەیەک هەمان مانای "بەرهەڵستکاری ناتوندوتیژی" دەدا، بەکار دەبرد. ئیمڕۆکە بەکارهێنانی وشەی پاسیڤ زۆر خەڵکییانە (پپولار) نییە، چونکە زۆرجار مانای هەڵە و بەپێچەوانەی لە پێوەندیی جۆراوجۆردا لێ دەکرێ.

بەرهەڵستکاری یانێ نافەرمانی یان خۆبواردن. بەرهەڵستکاری لە خۆیدا وشەیەکی بەربڵاوە کە دەکرێ هەر لە بەرهەڵستکاریی چەکدارییەوە هەتا ئەوە منداڵێک لە خواردنەکەی مان دەگرێ و بەرهەڵستکاری دەکا، مانا بدا و بەکار ببرێ. کەس ناڵێ بەرهەڵستکاری هەموو کاتێک و "لە هەموو شێوەیەکدا" باشە. بەرهەڵستکاری دەتوانێ ڕووخێنەریش بێ. تەنانەت نافەرمانیی مەدەنی و بەکارنەهێنانی توندوتیژیش پێویست ناکا هەموو کاتێک پۆزەتیڤ بێت.

**هەڵمەتی ڕاستەوخۆ:**

هەڵمەتی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نافەرمانیی مەدەنی جیاوازیی هەیە. هەڵمەتی ڕاستەوخۆ هەوڵێکە کە لەودا [هەڵمەتبەر] دەیەوێ ڕاستەوخۆ مەبەست و ئامانجی هەڵمەتەکەی وەدی بێنێ. بەپێچەوانە لە نافەرمانیی مەدەنیدا، بۆ گەیشتن بەبڕیارێکی نوێ، فەرمانبەران بۆ نافەرمانی هان دەدرێن. بەتەواوەتی لە جێگەی خۆیدایە بگوترێ کە نافەرمانیی مەدەنی هەرگاڤ و هەموو کاتێک باشترین شێوەی خەبات نییە. بەکورتی و سانایی دەکرێ بگوترێ نافەرمانیی مەدەنی شێوازێکی بەرهەڵستکارییە کە لە هەڵکەوتە و شوێنی مێژوویی تایبەت بەخۆیدا بۆ گەیشتن بەهێندێک ئامانجی تایبەتی کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هەر بۆیە هێندێک جار هەڵمەتی ڕاستەوخۆ دەکرێ شێوازێکی بەرهەڵستکاریی باشتر لە نافەرمانیی

مـەدەنی بێت. هێندێک جاریش دەکرێ ئەم دوو شـێوازی خەباتە تێکەڵ بەیەکتری بکرێ و پێکەوە کەڵکیان لێ وەربگیردرێ.

لە هەڵمـەتی ڕاستەوخـۆدا، ئامانج لە خـۆیدا دەبێتـە ئامراز. یانێ ڕاست ئەو شـتە دەکرێ، کە مرۆڤ ئامانجیەتی و دەیەوێ بیکا. کاتێک بزووتنەوەی ئاشـتی لە سـاڵی ١٩٨٣دا، لێبڕاوانە لە دژی فرۆشتن و ناردنە دەرەوەی چەک خەباتی دەست پێ کرد، ئێـمە کۆمـەڵێکی ناڕێکوپێکی لە دەوری یەکـتری کۆبووەوەی خـەباتگێـڕی ڕێگەی ئاشتی بووین کە توانیمان پێش بەچوونی پاپۆڕێکی چەک بگرین. بەهۆی ئەوەی کە توانیمان پاپۆڕێکی چەک هەڵگر بۆ ماوەی سـەعاتێک ڕابگرین دەمانویست ئامانجی خۆمان ئاشکرا بکەین یانێ ڕاوەستانی ناردنی چەک بۆ دەرەوە.

هەروەها هێندێک جار لە هەڵمەتی ڕاستـەوخۆدا مـەبەست ئەوە دەبێ کە هەر لە کاتی هەڵمـەتەکەدا، ئامـانج وەدی بێت. ئەو بێ مـاڵ و حـاڵانەی کـە دەست بەسـەر خـانوویەکدا دەگرن، دەیانەوێ ڕاسـتـەوخۆ ئامـانجـەکەیان کە پەیداکردنی شـوێنی ژیانە وەدی بێنن. سـروشـتـییـە کـە وەدیـهێنانی [ڕاسـتـەوخـۆی] ئامـانج، بایەخـێکی سـیـمـبـۆلیکی گـەورەتری هەیە لەوە کـە کـۆمـەڵێک تـەنیـا بـەشـێـوەیەکی کـاتی گەیشتوونەتە ئامانجەکەیان.

هەر بـۆیە کـردەوە [بەرهـەڵسـتکاریـیـەکـان] تەنیـا لەبـەرئەوەی لە خــەونێکی ناڕیالیـسـتـی دەچن، ناکـرێ فـڕێ بدرێن. کـردنەوەی کـۆمـپـانیـایەکی چکۆڵە، نموونەیەکی تری هەڵمەتی ڕاستەوخۆیە. لەو کۆمپانیادا دەکرێ نەزمێکی ئابووریی جیهانی لە پانتاییەکی بەرتەسکدا دروست بکرێ کە لەودا ڕاستەوخۆ شتومەک لە شەریکە چکۆڵە و خەڵکییەکانی جیهانی سێیەم بکڕدرێ و لە ڕۆئاوا بفرۆشرێ.

زۆربەی هەڵمەتە ڕاستـەوخۆکان لەبەرئەوەی شـوێن لەسـەر بڕیاردەران و هی تر دادەنێن، دەتوانن لە خـۆیاندا وەک هەڵمـەتی ناڕاسـتــەوخـۆ و خـاوەن بایـەخی سـیـمـبـۆلیک چاویان لێ بکرێ. زۆرجـاران مـەبەسـتی سـەرەکی لە ئەنجـامـدانی هەڵمـەتی ناڕاسـتـەوخـۆ ئەو ئاکامـە بەهێزەیە کە دواتر و بەشـێوەی ناڕاسـتـەوخـۆ وەدی دێ. لەم ڕووەوە هەڵمـەتبەران لە هەڵمـەتی ڕاستـەوخۆدا هەرچی پێویست بێ دەیکەن و خـۆیان نـابوێرن هەتا بگەنە ئەو ئاکـامــە ناڕاسـتــەوخـۆیەی کـە ئەوان چاوەڕێی دەکەن.

لە هـەڵمـــەتە ســـیـــمـــبـــۆلیکەکـــاندا دەرگـــەی ئەوە دانـاخـــرێ کـــە وزە و تـوانا سیمبۆلیکەکان وەکار نەخرێن. کۆمەڵەیەکی ژنان بەناوی سیدس ئاف هاوپ Seeds of Hope دەیانویست باڵەفڕەی هاو Haw کە بەوڵاتی ئەندەنووسیا فرۆشرابوو، لە کار بخـەن. گرفـتی ئەوان لەوەدا بوو کە ئامـرازی پێویسـتیـان بۆ بێ کـەڵککردنی چەکێکی وا پڕ مەترسی کە بەو زووانە قـەرار بوو بەهۆی ئەو باڵەفڕەوە بنێردرێ و دواتر لە ئەنـدەنووسـیـا کـەڵکی لێ وەربگیـردرێ لە هـەوێڵدا نەبوو، هـەر بۆیە ئەوان بەهۆی چەکوشـەوە چەکەکە نا، بگرە خـودی باڵەفـڕەی هـەڵگری چەکـەکەیان لە کار خـسـت. ئەوان بەم کـارەیان دەیانویست بسـەلمێنن کـە پێـشـیـان بەئەنجـامـدانی کردەوەیەکی توندوتیژی گرتووە.

ژمـارەیەک گرووپی سـەر بەبزووتنەوەی پـلاگبـیل پێشنیـازی ئەوەیان کردبوو کە دەکرێ چەکێکی لە کار نەخراو لە شوێنێک دابنرێ هەتا کەسـانی تر ناچار بن کە بۆ خـۆیان چـەکـەکـە بێ کـەڵک و لە کـار بخـەن. چـونکە ئەگـەر وا نەکـرێ ئەوە هـاووڵاتییـانی تر وا دەزانن کە دەبێ هـەموو کاتێک گرووپێکی وەک پلاگبیل دەبێ بێ و ئەو کارانە بکا و ئەرکی لەو بابەتەوە وەئەستۆ بگرن.

لە کـۆتای دەیەی نەوەدەکـاندا لە سـوێد ناکـۆکـیـیـەک کـەوتە نێـوان ئەوانەی کـە لایەنگری بەکارهێنانی هـەڵمـەتی ڕاستەوخۆی فیـزیکی بوون و ئەوانەی کە لایەنگری نافەرمـانیی مەدەنی ناڕاستـەوخۆ بوون. هـەمـان گفتوگۆ و ناکۆکیش هـەروەها لەنێو [خـەباتگێڕانی نافـەرمـانیی مەدەنی] لە شـوێنەکـانی تری ئەوروپا دەبینرێ. دووەمین گـرووپی ژنان لەنێـو بزووتنەوەی پـلاگـبـیلـی ئەوروپایی بـەناوی " ئاخـرەکـەی ژیان هـەڵبـژێرە" لەو باوەڕەدا بوون کـە هـەوڵی "بەرهـەڵستکاری کـاریگـەری فیزیکی" دەبێتە هۆی پێشبڕکێی هێزەکان لەنێو یەکتریدا. شـتێک کە دواتر بوو بەهۆی ڕەوینەوە و دوورەپەرێزیی گرووپگەلێکی گەورە لەنێو بزووتنەوەی خـەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا. چونکە بەکارنەهێنانی توندوتیژی وەک دیاردەیەکی تایبەت بە ئێلیت لێی دەڕواندرا. هـەر بۆیە ئەوان هـەوڵی ئەوەیان دەدا کە لە هەڵمەتەکانیاندا بەلایەنی کەمەوە داماڵین هەڵبـژێرن لەبەرئەوەی تووشی بەلایـەنی کەمـەوە سـزاش بن. ئەوان پێـیـان وابوو بەو شێوەیە دەکرێ خەڵکانێکی زۆرتر لە هەڵمەتەکاندا بەشداری بکەن.

لێـرەدا وا دێتـە پێش چاو کە گـرووپی "ئـاخـرەکەی ژیـان هـەڵبـژێرە" و گـرووپی

سیدس ئاف هاوپ دوو ستراتیجی جیاواز و دژبەیەکیان هەڵبژاردووە. بەڵام من لەو بڕوایەدام کە ئەوان هەردووک یەک ستراتیجیی وەکیەکیان هەڵبژاردووە. ئەوان هەردووک بیریان لەو پەیامە کردووەتەوە کە بەهۆی هەڵمەتەکانیانەوە ویستوویانە بیگەیەنن. ئەوان هەردووک شێوازێکیان لە هەڵمەت هەڵبژاردووە کە لەودا توانیویانە زۆرترین هێز بۆ گەیاندنی ڕاست ئەو پەیامەی کە ویستوویانە بیگەیەنن، وەکار بێنن. هەردوولایان بیریان لە لانی زۆری باری سیمبۆلیکی هەڵمەتەکان کردووەتەوە. لە ڕاستیدا هیچ کام لەو گرووپانە بەتەواوەتی لەوە دڵنیا نەبوون کە ئەوان بەهۆی هەڵمەتە فیزیکییەکانیانەوە گرفتەکان چارەسەر بکەن. هەر بۆیە بەزۆری هەڵمەتەکان ئاکامی ڕووەو دەرەوەیان هەبوو.

مەترسییەک کە لە ئاکامی بەرهەڵستکاریی کاریگەری فیزیکییەوە دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە هێندێک جار دەبێتە هۆی پەشیمانی لە ئاکامی شکان و بەئامانج نەگەیشتن. بەرهەمەکەشی ڕەنگە بەرهەڵستکارییەکی تێکشکاوی ناپێویست و نابەجێ بۆ نموونە لە دژی پۆلیس بێت. ئەمە لە خۆیدا ڕووی خەبات و بەرهەڵستکارییەکە ناشیرین و بریندار دەکا.

هەڵمەتی ڕاستەوخۆی ناتوندوتیژی کە دەیەوێ لەباری فیزیکییەوە پێش بەکردەوەیەک بگرێ لە هێندێک هەلومەرجی مێژوویی تایبەتدا دەتوانرێ کەڵکی لێ وەربگیردرێ. ئەگەر هاتو بزووتنەوەیەک ئەوەندە بەهێز بوو کە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی لە هەڵمەتەکانیدا توانییان بەشداری بکەن، ئەوە گومان هەیە کە دەوڵەت بیەوێ بەهۆی هێزەکانیەوە بەربەرەکانێی لەگەڵ بکا. هەر بۆیە ڕەنگە دەوڵەت لە باتیی بەکارهێنانی هێز ڕێگەی گفتوگۆ و وتووێژ هەڵبژێرێ. بۆ ئەوەی لە هەڵمەتێکی ڕاستەوخۆدا بتوانرێ بۆ نموونە پێش بە ناردنە دەرەوەی چەک بگیردرێ، ڕەنگە پێویست بێ کە بە هەزاران کەس لە هەڵمەتی کاریگەری فیزیکیی ڕاستەوخۆدا بەشداری بکەن. لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە خەڵکێکی زۆر لە هەڵمەتەکاندا بەشداری دەکەن ئەوە هەڵمەتبەران دەتوانن هەروەک سەندیکایەکی کرێکاری لە کاتی مانگرتندا لەگەڵ دەوڵەت وتووێژ بکەن. هەر بۆیە لە کاتی کەمبوونی ژمارەی بەشداراندا، ئامانج لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ئەوەیە کە بەرهەڵستکاریەک وەجووڵە بخرێ کە ئامانجەکەی لە بنەڕەتدا پێکهێنانی دیالۆگ لەگەڵ لایەنی دژبەرە.

**ئەخلاقی ڕێگە:**

لە هەوڵێکی تووشی شکانهاتوو بۆ چوونە نێو گۆڕەپانی حزبە سیاسییەکان لە سەردەمی جەوانیمدا بۆم دەرکەوت کە چۆن کێشمانکێشی نێوان ڕاستی و شیان نەماوە و بەجۆرێک سڕدراوەتەوە. ئەوەی کە شیانی هەیە، لە هەمان کاتیشدا بووەتە ڕاستی. لە ڕاستیدا ڕیالیزم ڕۆڵی ئەخلاقیی دەگێڕا. دەستەڵاتی ڕیالیزم ڕوویەکی ئەوتیۆپی هەیە کە ئیمڕۆ ئینسانەکان و بایەخەکان دەکاتە قوربانی بۆ ئەو ئامانجەی کە سبەی و لە دواڕۆژدا نیازیەتی و دەیەوێ پێی بگا.

لەژێر ئەم ناو و پرەنسیپەدا مەسەلەی دامالینی چەکی ناوکی خۆی حەشار داوە. کۆمۆنیستەکان لە یەکەتیی سۆڤیەتدا دیکتاتۆرییەکیان بۆ خۆیان قووت کردەوە، لە پێناوی ئەوەی کە گۆیا ئازادی وەدەست دەخەن. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یۆگسلاوی و عێراقی بۆمباران کرد گۆیا پێش بەتوندوتیژی دەگرن. لێرە لە ماڵە خۆمان لە سوێد دەوڵەت لە چاکبژی دادەشکێنێ گۆیا بەو نیازەی چاکبژی بەرەو باشی ببا.

هەوڵدانی دوور لە توندوتیژی ڕاست بە پێچەوانەی ئەو پرەنسیپەی سەرەوەیە. ئەخلاق و هەلومەرجی ژیانی ئێمە لێک گرێ دراون و لێک جیا نین. هارمۆنی نێوان ئەم پێوەندییە لە خۆیدا بێ کێشە و بێ پێچەڵپێچی نییە. بەڵام هەرچی بێت لە خۆیدا پێوەندییەکە. بەرهەڵستکاری لە خۆیدا لەسەر بنەمای ئەو پێوەندییە دوولایەنەیە دامەزراوە. هەر بۆیە دەبێ لە نافەرمانیی مەدەنی وەک دیالۆگی نێوان دوو بابەت بڕوانین. کامە شت ڕاستە و کامە شت بەپێچەوانە هەڵەیە، کامە شت شیانی هەیە و کامە شت شیانی نییە و ناگونجێت.

کردەوەکانی ئێمە نیشاندەری شتە شیان و گونجاوەکانن. کاتێک هاوکارێک هەڵدەستێ و پێش بەسووکایەتی پێکردنی کەسێک بەکەسێکی تر دەگرێ یان ئەوە لە بەڕێوەبردنی بڕیار و فەرمانێکی ڕووخێنەر خۆ دەبوێرێ ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە کردەوەکانی ئەو هاوکارە لە خۆیاندا و لەو وەختانەدا گونجاون و شیانی ئەنجامدانیان هەیە. ئێمە هەموو کاتێک دەتوانین بەبێ بیرکردنەوەی قووڵ و هەر لە ڕووی هەستەوە بیرێک یان دژایەتیکردنێک کە ناڕیالیستین و شیانی جێبەجێکردنیان نییە، تورِ بدەین. بەڵام لە خەباتی بەکارنەهێنانی توندوتیژیدا

ئامانج و ئامراز لێک گرێ دراون و لێک جیا ناکرێنەوە. بەشێک لە ئامانج هەر لە کاتی جێبەجێکردنی هەڵمەتدا وەدی دێت و ئەمەش شتێک نییە کە بەبێ ئەنجامدراوی بەجێ بهێڵدرێ. لێرەدایە کە چوارچێوەیەک بۆ شتە شیان و گونجاوەکان پێک دەهێنرێت. ئەمە وەک پەیژەیەک وایە کە هەر جارێک بەرەو سەرەوەتر زیاتر هەڵدەکشێی و هەنگاو بەسەر پلیکانی نوێتردا دەنێی، پاش ماوەیەک دەبینی کە هەڵکشان بەسەر پەیژەکەدا هاسان بووەتەوە.

کەس شک و گومانی لەوە نییە کە ئەوە حکوومەتە کە دەبێ پێش بەبڵاوبوونەوەی دەرکەوتەی ژاراوی بگرێ. بەڵام کاتێک تێکۆشەرانی ژینگەپارێز لە دانیمارک و ئەمەریکا دەستپێشخەری دەکەن و بۆ خۆیان دەیانەوێ پێش بەدەرکەوتەی ژاراوی بگرن ئەوە بێگومان دیتنەکانی هەتا ئێستا لەسەر ئەوە کە کامە شت شیانی هەیە و ئاکتۆر و بکەرەکان لەم پێوەندییەدا کێن، دەگۆڕدرێ.

بەڵام ئێمە هەموو ئیمکان و شیانەکان تاقی ناکەینەوە. ئێمە ڕێگە هەڵدەبژێرین. تێگەیشتنی ئێمە لەسەر ئەوە کە کامە شت ڕاست و دروستە یارمەتیمان دەدا کە کامە پەیژە هەڵبژێرین کە بتوانین بەسەریدا هەڵکشێین.

فەرمانبەری لە یاسا بکە و ماڵ و سەرمایە وێران و تێک مەدە، دوو پرەنسیپی ئەخلاقین لە کولتووری ئێمەدا. کاتێک تێکۆشەرانی ژینگەپارێز بەشێوەیەکی کراوە، مەکینەیەک کە خەریکی تێکدانی سرووشتە تێکومەکان دەدەن و هەروەها یاساش ئەو تێکدانەی سروشت دەپارێزێ ئەوە ئێمە بەرەورووی پرەنسیپەکان دەبینەوە. لێرەدایە کە ئێمە ئەو ئیمکانەمان وەدەست دەکەوێ کە تێگەیشتنەکانی خۆمان لەسەر ئەوە کامە شت هەڵە و کامە شت ڕاستە قووڵ بکەینەوە.

**پەیژەی ئەخلاق :**

نافەرمانیی مەدەنی شیانەکان نیشان دەدا، وێڕای ئەوە هاوکات پرسی کردەوەی چاک دەخاتە ڕۆژەڤەوە. ئێمە دەکرێ باز بەسەر هەڵمەتەکاندا بدەین و لە بیریان بکەین. بەڵام هەر کاتێک دەچینە پێشێ و تووشی ئاستەنگ و بەربەستەکان دەبین، دەبینین کە پەیژەیەک هەیە. دەتوانین لەوانەی سەردەمانێک بەم ڕێگەیەدا ڕۆیشتوون، پرسیار بکەین کە ئاخۆ ئەمە پەیژەیەکی باشە و بەرەو کوێمان دەبا. ئەوان ڕەنگە دوودڵ بن و لە چوون بەو ڕێگەیەدا ئاگەدارمان بکەنەوە.

بۆ ئەوەی دیالۆگ و گفتوگۆ پێک بهێندرێ و لایەنی دژبەر بێدەنگی نەگرێتە بەر، گـانـدی ڕێگەیـەکی لە کـردەوەدا هەڵدەبژارد کـە دەکـرێ بەپـەیژەیەکی بچـوێنی. کـۆمـپـانیـا یان هەڵمـەتێک دەکـرا بـە دیالۆگ و وتووێژ دەست پـێ بکا و وردە وردە بکێـشرێتـە بـەرهـەڵسـتکاری، بـایکۆت و خـۆبواردن، هـاوکـارینەکردن و مـل بەبڕیار نەدان و نافەرمانی مـەدەنی. ئەگەر هاتبا ئەمانە کاریگەر نـەبوونایە ئەوە هەڵمەتبەر بۆ خـۆی لە قـەراخ دەوڵـەتەوە دەسـتی دەکرد بەهەڵسـووڕاندنـی کـاروبار و هـەروەها دامەزراندنی ئەنیستیتۆ ئەلتەرناتیڤەکان واتە ئەنیستیتۆی تر لە قـەراخ ئەنیستیتۆ دەوڵەتییەکان.

لە ڕێپـێـوانـە بەناوبانگەکـەی گـانـدی ناسـراو بە "ڕێپـێـوانـی خـوێ"، کـاتێک هیندییـەکان بەمەبەسـتی لەژێر پـێ خسـتنی یاسا کۆلۆنییـەکانی ئینگلیز بۆ خۆیان دەسـتـیـان کـرد بە هەڵێنجـێنانـی خـوێ لە دەریـا، ڕۆژنامـەوانـێک لە گـانـدی پرسـی ئەگەر هـاتو حکوومەت دژکردەوەیەکی لە بەرانبەر هەڵمەتەکەی ئێوەدا نیشان نەدا، چ دەکـەن؟ گـانـدیش وەڵامی دایەوە ئەودەم منیش ناچار دەبم، خـەباتەکـە توندتر بکەم. دژکردەوە نیشـاندانی لایەنی دژبەر لە شێوەی گرتن و ڕاونانی خـەباتگێڕاندا لە خۆیدا دەبێتە بەشێکی پێویست و جیانەکراوە لە خەبات.

ئەمـە لە خـۆیدا چ پێوەندییەکی بەلایەنی دژبەرەوە کە دیوی ڕاسـتـییـانـەی خـۆی بەپێـشـاندانی دژکـردەوەکانی نیـشـان دەدا، نییـە وەک گـرووپە ئـامـاڵ گریلاکـانی شـارەکـان بانگەشـەی بۆ دەکـەن. بگرە لایەنی دژبەر بـەکردەوەکـانی تەنـیـا دەیەوێ شـوێن و هـەڵکـەوتەی خـۆی بەهەڵمـەتبـەر بسـەلمێنێ. هـەر بۆیەشـە هـەمـوو کـۆمـەڵگە بەفەرمانبەر و هـاووڵاتییانییەوە لە دیالۆگ و گفتوگۆوە تێوە دەگلێن.

دیالۆگ و گـفـتـوگـۆ هـەر بەوەوە ڕانـاوەسـتێ و بێـدەنگ ناکـرێ کـە خـەبات لە قـۆناخـێکدا ڕاوەسـتێ یان لـە بیـر بکرێ. بـگرە دیالۆگ دەتـوانرێ بەهـۆی هـەڵە و کەمـوکووڕییـە دژبەیەکەکانەوە ڕاوەستێندرێ. تەنیا هـەڵمـەتبەرە بەهـێز و وریاکانن کە دەتوانن بەپەیژەی خەباتدا بەهەنگاوی گەورە گەورەوە سەرکەون. ئەگەر هـاتو لە هـەوڵەوە پەلە کرا، ئەوە شیانەکان بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ لە بەین دەچن.

لە هـەمـان کاتدا ئەگەر ئاسـتەنگ و تەنگوچەڵەمە دەخرێتە بەر ئینسـانەکان زۆر کەم پێوەندیی بەوەوە هەیە کە خـەبات زووتر لە وەختـی خـۆی توندتر دەکرێ. بگرە

هەڵمەتە خراپەکان دەکرێ نیشانەی ئەوە بن کە هەڵمەتبەران بەشێوەی پێویست و گونجاو، هەوڵی پێوەندی و گفتوگۆیان نەداوە.

ئەمە لە هەمان کاتدا نابێ بەو مانایەش بێ ئەگەر هەڵمەتێک لە خۆیدا نەبووەتە هۆی پێکهێنانی دیالۆگ و گفتوگۆ ئەوە ئیتر هەڵمەتەکە لە بنەڕەتدا خراپ بووە. لایەنی دژبەر دەتوانێ وەک تاکتیک دیالۆگ و گفتوگۆکەی ڕابگرێ. ئەمە لە خۆیدا شیانی ئەوە فرەتر دەکا، کە گرووپە بەرهەڵستکارەکان لەگەڵ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگە دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ پێک بێنن. ئەم پێشوەچوونە لە ڕاستیدا زۆر سروشتییە. کاتێک لایەنی دژبەر دەبینێ کە بەهۆی ڕاگرتنی دیالۆگ و گفتوگۆوە بەشێک لە کاریگەریی خۆی لە دەست داوە و لە ڕاستیدا بۆ خۆی زەرەرمەند بووە ئەوە شانسی ئەوە کە دیالۆگێکی بە بەرهەمتر و بەکەڵکتر لە جاری پێشووتر، جارێکی تر وەگڕ بکەوێ، فرەتر دەبێ. هەر بۆیە بێدەنگیی لایەنی دژبەر لە خۆیدا دەتوانێ وەک شیانێک کە دیالۆگێکی بەهێزتر وەگڕ بخا، چاوی لێ بکرێ.

لە ڕاستیدا ڕەنگە هێندێک جار ئەو خەباتی نافەرمانییە مەدەنییەی دەبێتە هۆی سزای دوور و درێژ کەمتر گۆنگەڵ هەڵخێنانەتر بێ هەتا ئەو شێوە خەباتەی کە دەبێتە هۆی سزای دەمکورت. ئەمەش ڕەنگە دوو هۆکاری هەبێ: لەو هەڵمەتانەدا کە مەترسییەکان بۆ هەڵمەتبەران چکۆڵەترن ئەوە هەڵمەتبەران بەشێوەیەکی بەرفرە پێشوازیی لێ دەکەن. لەو هەڵمەتانەی کە گەورەترن و هەروەها سزای گەورەشیان بەدواوەیە، هەڵسوکەوت و دژکردەوەی داوودەزگاکان لەلایەن ژمارەیەکی زۆرترەوە دەبرێتە ژێر پرسیار. بنەما بۆ ئەم مەسەلەیەش ئەوەیە کە کردەوەی گرووپە هەڵمەتبەرەکان وەک کردەوەیەکی بەجێ و دروستی بیر لێکراوە و ئەخلاقی چاوی لێ دەکرێ.

بەبێ بیرکردنەوەیەکی قووڵ من پێم وابوو هەڵمەتە یاساییەکان کەمتر لە هەڵمەتە نایاساییەکان گۆنگەڵ هەڵخرێنتر بن. بەڵام ئەمە هەموو کاتێک وا نییە. من بۆ خۆم ئەندامی کۆمەڵەی ئاشتیی سوێدیم. هەروەها لە هەمان کاتیشدا ئەندامی بزووتنەوەی پلاگبیلم. کۆمەڵەی ئاشتیی سوێدی لەم ساڵانەی دواییدا بێجگە لە خۆبواردن لە ئەنجامدانی ئەرکی چوونە سەربازی هەوڵ دەدا لە ئەنجامدانی هەڵمەتە نایاساییەکان خۆ ببوێرێ. بزووتنەوەی پلاگبیلیش بەهەمان

شـێوە فـرەتر لە ئامـرازە یاسـاییـیـەکـان کەڵـک وەردەگرێ بەڵام لە هـەمـان کـاتدا خەباتی نافەرمـانیی مەدەنی بەشێکی گرینگ و جیانەکراوە لە جۆری خـەباتەکەمان پێک دێنێ.

کاتێک بەڕێوەبـەرایەتی بووفورش Bofors کارگـەی چەکسـازیی سوێدی لە سـاڵی ١٩٩٦دا هـەوڵی دا لەگـەڵ بزووتنەوەی پلاگبیل گفتوگۆ بکا داوای ئەوەیان کرد کـە ئەوان نایانەوێ کـۆمـەڵەی ئاشـتـیی سـوێدی لە گـفـتـوگـۆکـانـدا بەشـداری بکەن. لەبەرئەوەی مـن بۆ خـۆم ئەندامی (کـۆمـەڵەی ئاشـتـیی سـوێدی) بووم، ئەم داوایەی بووفورشم بۆ بوو بەپرسیار و دەمویست بزانم بۆچی. کەسێک لەلایەن بووفورشەوە گوتی کـە کۆمـەڵەی ئاشـتـیی سـوێدی جێی مـتـمـانـە نـین. ئەم شـتـە دەکـرێ چەند خـوێندنەوەی جیـاوازی لـێ بکرێ. خـوێندنـەوەیەک دەکرێ ئەوە بێ کـە بزووتنەوەی پلاگـبـیل لە خـۆیدا مـەترسـیـیـەک بۆ سـەر بووفـورش نـیـیـە بەڵام ئاشکراکـردن و لەقـاودانی چەکفرۆشـتنەکانی بووفـورش لـەلایەن کـۆمـەڵەی ئاشـتی سـوێدییـەوە بۆ خـۆی مــەترسـیـیـەکـە بۆ سـەر بووفـورش. ئەوەکـە بزووتنەوەی پـلاگـبـیل چەکـە درووســتـکراوەکــانـی بووفــورش دەشکێنی و لـە کــاریان دەخــا ڕەنگە بەڕادەی لەقاودانەکانی کۆمەڵەی ئاشتیی سوێدی بۆ ئەوان جێی مەترسی نەبێ.

من پێم وایە لە بـاتیی ئەو هۆکـارەی سـەرەوە، خـۆبواردنی بووفـورش لە گفـتوگۆ لەگەڵ کـۆمـەڵەی ئاشـتی دەگەڕێتـەوە بۆ ئەوە کە هێندێک جار لەلایـەن ژمـارەیەک نوێنەرانی کۆمەڵـەی ئاشتیی سوێدییەوە بەشـێوەیەکی کراوە و فەرمی بووفـورشیان لە ڕادەبەدەر داوەتە بەر هـێرشی توند و تاوانبـارکردن. ئەو کەسـانە بەتایبـەتی لە کـاتی سکانداڵ و ئـابڕووچوونی بەرتیلدانی بووفـورش لە هـیندسـتـان دەیانـویست کەڵکی سیاسی لەو ئابڕووچوونە وەربگرن.

کـارگـەیەکی تری چەک هـەمـان شـتی گوتووە. ئەو کـاتەی کە باڵەفـڕەیەکی یاس (Jas یاس باڵەفـڕەیەکی شـەڕکـەرە کـە لەلایەن شـەریکـەی سـابی SAAB سـوێدی و چەند وڵاتی تری ئەوروپاییـیەوە درووست دەکرێ) لە ستۆکۆڵم کەوتە خوارەوە من لە لینشـــۆپینگ Linköping لە کــەمــپی دامــاڵینی چەکـدا خـــەریکی شکاندن و لەکارخستنی چەک بووم. هەر ئەوەمان زانی سەروگوێلاکی ماسمیدیا لە کەمپەکە وەدەر کەوت. ئەوان پرسـیاریان کرد: ئاخۆ ئێمە دەمانەوێ لەسـەر ڕووداوی کەوتنە

خوارەوەی باڵەفڕەکە بۆچوونەکانی خۆمان بڵێین. پرسیارەکەی ئەوان ئەوە بوو: ئاخۆ ئێستا هەلێکی باش نییە کە ئێمە وەک کۆمەڵەی ئاشتیی سوێدی کۆمەڵە هەڵمەتێک لە دژی "یاس" دەست پێ بکەین لە کاتێکدا پڕۆژەی "یاس" بەگشتی بەم ڕووداوە کەوتووەتە لێژی؟

ئێمە نەمانویست ئەمە بەدەرفەت بزانین و کەڵک لە ڕووداوەکە وەربگرین. ئێمە لە ڕوودانی ئەم تراجیدییە داخ و کەسەری خۆمان دەربڕی و تەنانەت بەنیشانەی هاودەردیکردن لەگەڵ باڵەفڕوان و بنەماڵەکەی هەتا ماوەیەک هەڵمەتی چەکداماڵینمان لە کەمپەکە وەدوا خست.

بەڵام ماسمیدیا هەر لەو کاتەدا چەند کەسێکیان لە کۆمەڵەی ئاشتیی سوێدی دیتەوە کە بەشێوەیەک سووکایەتی و بێزێزییان بە"ساب" و پڕۆژەی "یاس" کرد. من لە بیرمە کاتێک گوێم لەو قسانە بوو، هەستێکی ناخۆش دایگرتم. ئەوە لە کاتێکیشدا بوو کە من بۆ خۆم ماوەی چەند حەوتوویەک بوو کە لە هەڵمەتەکانی داماڵینی چەکدا لە دژی "یاس" بەشداریم دەکرد.

پۆلیسێک لە شاری لینشۆپینگەوە هاتە سەردانمان و لەلایەن هاوڕێ پۆلیسەکانی و هەروەها چەند بەرپرسێکی "ساب"ەوە پەیامێکی بۆ هێنابووین کە بریتی بوو لە دەسخۆشانە پێ گوتنمان سەبارەت بەوە کە ئێمە چۆن توانیومانە بەسەر ئەو هەلومەرجە دژوارەدا زاڵ بین و هەڵوێستی باش دەرببڕین. پۆلیسەکە گوتی: "ئێوە بەدژکردەوە و چۆنیەتیی هەڵوێستگرتنتان لە کاتی ئەو تراجیدییەدا توانیتان ڕێزێکی زۆری ئێمە بۆ لای خۆتان وەدەست بێنن".

ڕەنگە بەرهەڵستکارێکی توندئاژۆ و ڕادیکاڵ بڵێ جا من ڕێزی کەسانێک کە لە فابریکای چەکسازیدا کار دەکەن، بۆ چییە؟ ئەمە ڕاستە، ئێمە بیروڕای جیاوازمان هەیە بەڵام تێپەڕبوونی کاتیش نیشان دەدا کە کامەمان لەسەر مافە.

## ڕێگەی ئەخلاق:

خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بەو مانایە نییە کە خۆت لە سەرەوەی یاسا دابنێی. ئەمە ڕاستییەکە و ئەگەرچی یاساش لەژێر پێ دەخرێ بەڵام ئەو ڕاستییە لە بیر ناکرێ. بەشدارانی هەڵمەت لەژێر بەرپرسایەتیی کردەوەکانیان هەڵنایەن. هەر بۆیە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی کردەوەیەکی سیاسییە کە لە بەرانبەر یاسادا

ڕادەوەستێ و داوای مافێکی زێدەتر دەکا. کە داوای بایەخی بەرزترت لە یاسا کرد، بەو مانایە نییە کە هەردەم ڕاستییەکان تەنیا لەلای تۆیە. بگرە ئەمە لە خۆیدا تەنیا بنەمایەکە بۆ پێکهێنانی دیالۆگ و گفتوگۆ. هیواش ئەوەیە کە وردە وردە دیالۆگ و وتوویژ بکێشرێتە ڕێککەوتن. ئەمە زۆرجار لە مێژوودا ئەوەی بگەڕێتەوە سەر خەباتی نافەرمانیی مەدەنی سەرکەوتنی وەدەست هێناوە وەک نموونەی وەدەستهێنانی مافی مانگرتن و ئازادیی مەزهەبی.

هێندێک جار پێویستە خۆت لە سەرەوەی یاسا دابنێی. بەڵام لەو کاتەدا ئیتر نافەرمانی مەدەنی وەک شێوەی خەبات هەڵنەبژێردراوە بگرە شێوەیەکی تری خەبات کە لەگەڵ هەلومەرجدا باشتر گونجاوە، هەڵبژێردراوە. نموونەیەک لەم پێوەندییەدا شاردنەوەی پەنابەرێکە کە مەترسیی ڕاونان، گرتن و تەسلیمکردنەوەی خراوەتە بەر. لێرەدا دەبینرێ کە هەموو کاتێک ناتوانرێ لە شێوەی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی کەڵک وەرگیردرێ. حەشاردانی پەنابەرێک بەر لە هەموو شتێک کارێکی ئینسانییە. ئاکامە سیاسییەکانی ئەم کارە کاتێک دەردەکەوێ کە ئەو گرووپانەی پەنابەر دەشارنەوە پێش لە هەموو شتێک شیانی ئەوەیان هەبێ کە بەشێوەیەکی کراوە و ئاشکرا باسی کارەکەی خۆیان بکەن. هەر بۆیە لە هەلومەرجێکی ئاوادا هەتا کاتێک ئەو گرووپانەی پەنابەر حەشار دەدەن بەکراوەیی باسی کارەکانی خۆیان نەکەن، ناتوانرێ جۆری خەباتەکەیان ناوی خەباتی نافەرمانیی مەدەنیی لێ بنرێ.

ئەگەرچی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی خۆی لە سەرەوەی یاسا دانانێ بەشێوەیەکی گشتی کەس مافی لەژێر پێنانی یاساش بەخەباتگێڕانی نافەرمانیی مەدەنی نادا. تەنانەت هۆکاری زۆر هەیە بۆ ئەوەی بگوترێ خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لە خۆیدا هەڵەیە. یاسا لە خۆیدا وەک بەرهەمی بیر و هزرێکی زۆر و هێندێک جار وەک ئاکامی دیالۆگ لەگەڵ هاووڵاتییاندا چاوی لێ دەکرێ. ئەگەر یاسا وەک گوترا بەرهەمی بیر و هزرێکی فراوانی مرۆڤ بێ کە وایە لەژێر پێنانی ناتوانێ هەروا سووک و ئاسان بێت.

کەوایە ئەو شتە چییە، ئەو مافە بەئێمە دەدا یاسا لەژێر پێ بخەین؟

ئەگەر بڵێین مافی تاکە و تاک بۆی هەیە بە دوای ویژدانیدا بڕوا و ئەو شتەی

ویژدانی لێی ڕازییە، بیکا ئەوە ئەمە لە خۆیدا جێی گرفتە، ئەگەر بێتو ئەوە لە بەرچاو بگرین کە مەبەست لە خودی چەمکی ویژدان چییە. ئەگەر هاتو ویژدان وەک باوەڕی شەخسیی تاک ببینین ئەوە دەتوانرێ ئەمە بکرێتە پاڵپشت بۆ هەموو چەشنە کردەوەیەک.

هێنری دەیڤید تۆرێئۆ پێی وایە مافێک هەیە کە لە سەرەوەی یاسایە و هەموو کردەوەکانی مرۆڤیش کە لە بنچی ئەو مافەوە سەرچاوە دەگرێ لە بنەڕەتدا شۆڕشگێڕانەن. هەر مرۆڤێک لە بەرانبەر مرۆڤەکانی تردا مافێکی بنەڕەتی هەیە کە ئەو مافە، مافی ئینسان لە بەرانبەر ئینساندایە. هەر بۆیە ئێمە ئەو مافەمان نییە کە ئەو مافە لە ئینسانێکی تر زەوت بکەین. تۆرێئۆ لە کتێبی واڵدین -Wal den‏دا بێجگە لەوە، تەنانەت باسی مافی سروشت و مافی ئاژەڵیش دەکا.

تۆرێئۆ وەک بنەما شیانی ئەنجامدانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لە تێگەیشتنی ئێمەدا دەبەستێتەوە بەو شتەی کە لە ڕاستیدا ڕاستترین شتە. ئاکام لای تۆرێئۆ ئەوەیە کە ویژدان سەرچاوەی باوەڕی شەخسیی مرۆڤەکانە. ئەمە دەکرێ وەک تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر ئەوە کە چی ڕاست و چی هەڵەیە [لای تۆرێئۆ] بخوێندرێتەوە. تەنانەت تۆرێئۆ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەنجامدانی ئەو شتەی کە مرۆڤ پێی وایە ڕاستە وەک ئەرک دەکەوێتە سەرشانی مرۆڤ. من دەمەوێ لەسەر ئەم ڕستەیەی دوایی ڕابوەستم. دەزانین مافێکی گشتی کە ئەو مافەی بەئێمە دابێت، نافەرمانیی مەدەنی بکەین، بە ئێمە نەدراوە. بۆیە هێندێک جار وەک ئەرک دەکەوێتە سەرشانمان کە نافەرمانیی مەدەنی بکەین. چەوسانەوە و توندوتیژی دوو شتن کە دەبێ ڕاگیرێن. تەنانەت مەترسی بۆ سەر دیمۆکراسی یان مافی مرۆڤ بەرپرسایەتییەکی ئەخلاقی دەخاتە سەر شانی ئێمە کە بێدەنگ نەبین و بەرهەڵستکاریی بکەین.

لە ئۆگۆستیساڵی ١٩٩٨ گەورەقەشەکانی (ئوسقۆف) سوێد باسی نافەرمانیی مەدەنییان کرد. ئەوان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دەکرێ هێندێک جار نافەرمانیی مەدەنی شێوەیەکی گونجاوی خەبات بێت. " بەشێوەیەکی گشتی ناکرێ لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی پشتیوانی بێ ئەملا و ئەولا بکرێ بگرە دەبێ بەستراوە بەپێی هەلومەرجی جیاواز و شوێن هەتا شوێن هەڵسەنگێندرێ.

ژمارەیەک تێکۆشەری سوێدی چەند ساڵێک لەمەوبەر بانگەشەی ئەوەیان کرد کە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی هەموو کاتێک ڕاستە و لە جێی خۆیدایە. من ئەمە ناو دەنێم شێوەخواز "مێتۆدیسم". ئەوانەی کە لەو بڕوایەدان کە نافەرمانیی مەدەنی هەموو کاتێک دروستە، شێوە (مێتۆد) لە سەرەوەی ئاوات، خواست و پێویستییەکانی ئینسان دادەنێن.

نافەرمانیی مەدەنی هەر بەڕادەی کەمیی فەرمانبەری دەتوانێ لە خۆیدا دروست بێت. ڕاست هەروەک هەموو چەشنە کردەوەیەکی ئینسانی دەبێ نافەرمانیی مەدەنیش لە مەرجە ئەخلاقییەکانەوە سەرچاوە بگرێ و لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە هەڵسەنگێندرێ. ئاخۆ کەسێک بەهۆی نافەرمانیی مەدەنییەوە زەرەرمەند دەبێ یان نا؟

ئەخلاق شتێک نییە کە ئینسان بەتەنیا و لە ڕوانگەی خۆیەوە پێی بگا. ئەخلاق پێوەندیی بەکۆمەڵی ئینسانەکان و پێویستی ئەوانەوە هەیە. لە فەلسەفەدا ئەخلاق پێوەندیی بە بیر، لێکۆڵینەوە و لۆجیکەوە هەیە هەتا ئەوە کە پێوەندیی بە ئینسانەکان و شەرت و مەرجی ئەوان لە بەرانبەری یەکتریدا هەبێ. بەڵام ئێمە بەرپرسایەتیی ئەخلاقیمان لە بەرانبەر بیر و لۆجیکدا نییە بگرە بەرپرسایەتیمان وەک ئینسان لە بەرانبەر یەکتریدا هەیە.

بۆ کەسانێکی تر ئەخلاق پێوەندیی بە ڕووانین، مەبەست و هەموو ئەو شتانەی پێوەندی بە خودی خۆیانەوە هەیە، هەیە. بەڵام ئەخلاق بەر لە هەموو شتێک پێوەندیی بەوەوە هەیە کە ئێمە چۆن لەگەڵ یەکتری هەڵسوکەوت و مامەڵە دەکەین.

دراوسێیەکی من لە شەڕەکانی سێربستاندا بەشداریی کردبوو. لە شەڕەکاندا بۆی دەرکەوتبوو کە لایەنی دژبەری شەڕکەر لە شەڕەکاندا چەکی "بووفورش"ی سوێدیی بەکار هێناوە. من لەو باوەڕەدا نیم ئەوانەی کە کەوتوونەتە بەر تەقەی چەکی سوێدی هزر و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی ئێمەیان بەلاوە گرینگ بێت. پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ئێمە پاسیڤ و بێدەنگین لە کاتێکدا چەکەکان، فابریکەکانمان بەجێ دێڵن و بەرەو بەرەکانی شەڕ دەنێردرێن. ئێمە باش دەزانین کە ئەو چەکانە بەکار دەبرێن. کە کارئاسانی بۆ دەربڕینی دژکردەوە بکرێ لە خۆیدا کردەوەیە. لێرەدا ئەخلاق لە ئێمە دەخوازێ و ئەرکی ئینسانی دەکەوێتە سەر شانی ئێمە کە

جیاواز لەوە ئاخۆ کردەوەکانمان یاساین، نایاساین یان پاسیڤ و بێدەنگن، هەڵوێست وەربگرین.

گاندی دەیگوت ئەوەی ڕاستی بێت بێ ئەملا و ئەولاشە (موتڵەقە). بەڵام ئەوەشی گوتووە کە تێگەیشتنی ئێمە لە ڕاستی گۆڕانی بەسەردا دێت. کەس ناتوانێ تێگەیشتنی موتڵەقی لەسەر ڕاستی هەبێ. ویژدان لەژێر کاریگەری هەلومەرجە مێژووییەکان و ئەزموونە کەسییەکانی مرۆڤەوە دیاری دەکرێ. هەر بۆیە نافەرمانیی مەدەنی خوێندنەوەیەکی ئاسایی ئەخلاقی کۆمەڵگەیە. ئەم ئەخلاقە بەهۆی دیالۆگ و وتووێژ لەگەڵ بەرەی دژبەر و تێگەیشتنەکەی دواتر لە ماوەی مەحکەمەکردنێکدا پاش ئەنجامدانی کردەوەیەکی نافەرمانیی مەدەنی دەخرێتە بواری تاقیکردنەوە.

هەتا کاتێک بەرهەڵستکاری لە شێوەیەکی کراوە و فەرمیدا بەڕێوە دەچێ ئەوە خەڵکی تر هان دەدرێ کە لە دیالۆگ و گفتوگۆدا بەشداری بکەن. کراوەیی بنەمایە بۆ دیالۆگ و ڕێککەوتن. هەروەها لەلایەکی ترەوە بنەماشە بۆ ئەوەی لایەنی دژبەر بتوانێ لە کردەوەکانی من ڕەخنەی خۆی بگرێ. کراوەیی من ناچار دەکا کە بەرگری لە کردەوەکانم بکەم. شیانی ئەوە کە ڕەخنەت لێ بگیردرێ لە خۆیدا دەبێتە هۆی دروستبوونی دیوارێکی قایم لە دژی ئەخلاقێکی داخراوی سێکتاریستی. هەموو گرووپێکی بەرهەڵستکار دەبێ کراوە و ئاوەڵا بێ کە هەڵە دەکا و دەبێ پێ لە هەڵەکانی خۆشی بنێ.

کاریگەری نافەرمانیی مەدەنی وەک هاندانێکی ئەخلاقی نە تەنیا لەسەر دۆست و هەڤاڵانی تێکۆشەران بگرە لەسەر خەڵکی تریش ڕەنگدانەوەی هەیە. ئەمە وادەکا کە نافەرمانیی مەدەنی لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کە ڕەچاوی ئەخلاقی تێدا ناکرێ، یان بەواتایەکی تر لە ڕوانگەی گشتییەوە نادروستن، نەگونجێ.

بەڵام دیسان هەڵدەکەوێ و دەکرێ ئاماژە بەخەباتی نافەرمانیی مەدەنیی خراپیش بکرێ. کاتێک گرووپێکی بەرهەڵستکار بەهۆی کردەوەکانیانەوە شیان و دەرگەی دیالۆگ لەگەڵ لایەنی دژبەر دادەخەن ئەوە ئەوان بەم کردەوەیەیان زیاتر دەستەڵاتی دژبەر دەسەلمێنن. بەداخستنی دەرگەی دیالۆگ شیانی هاووڵاتییان بۆ تێگەیشتن لە کێشەکە و بۆ ئەوەی ئەوانیش بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر

هەڵمەتەکان دەرببڕن لە کەمی دەدا و ئەمەش لە خۆیدا دەبێتە هۆی پشتگیریی زیاتر لەلایەنی دژبەر.

لێرەدا ئێمە بازنەیەک دەبینین. لەم بازنەیەدا، نافەرمانیی مەدەنی بەدەوری هەمان ئەخلاق، هەمان شێواز و مێتۆد و هەمان ئامانج و ئامراز خول دەخواتەوە. ڕاستە هێندێک جار ناکۆکی و هەڵبەز و دابەز دەکەوێتە نێو بازنەکە، بەڵام پێکهاتەی نێو بازنەکە قەد لەیەک دانابڕدرێن و لەیەک جوێ نابنەوە.

**دیموکراسی وەک بنەما:**

خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بەزۆری لە ترادیسیۆنی لیبراڵییەوە سەرچاوەی گرتووە و پێش کەوتووە. هاووڵاتییان هەردەم لەگەڵ کێشەی دیلەمای وڵاتە مۆدێرن و دیموکراتەکاندا بەرەوڕوو بوون. لەم نێوەدا هەوڵ دراوە بەهۆی ئامرازە دیموکراتیکەکان، کەمایەتییەکان بپارێزرێن و ئیدەئالی بەرزی ئەوان کەمتر لەلایەن زۆرایەتییەوە پێشێل بکرێ.

دیموکراسییە ڕۆئاواییەکەی ئێمە لەگەڵ دوو دیلەمای بنچینەیی بەرەوڕووە:

یەکەم؛ هەژارەکان، بێ خانووبەرەکان، بێکارەکان و هەروەها ئەوانەی بەگشتی لەژێر تەوژمدان لە جیهانی ڕۆئاوادا لە کەمایەتیدان. هەر لەبەر ئەم لە کەمایەتیبوونەشیاندا ناتوانن لە ڕێگەی دەنگدانەوە بگەنە مافەکانی خۆیان.

دووەم؛ کردەوەکانی ئێمە کاریگەری لەسەر خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەی ئێمە دادەنێ کە لە ڕاستیدا ئەوانیش مافی دەنگدانیان نییە. ئەوانەی کە لەبەر بوونی نەزمی نایەکسانیی جیهانی لە برسان دەمرن یان ئەوانەی بەهۆی چەکەکانی ئێمەوە دەکوژرێن، هیچ مافێکی هەڵبژاردنیان نییە کە بتوانن شوێن لەسەر ئەو پرسانە دابنێن کە پێوەندیی بەوانەوە هەیە. ئەوان دوور و جیاواز لە ئێمە لەوبەری سەرتۆپی زەوی دەژین.

ئەگەر ئێمە ئەوانە لە بیر بکەین کە کردەوەکانی ئێمە کاریگەری لەسەریان دادەنێ ئەوە دیموکراسیمان بەدەستی خۆمان لە چاڵ ناوە. ئێمە لە سیستەمێکی گلۆبالدا دەژین کە ئینسانەکان لە یەکتری جوێ کراونەتەوە. دەکرێ ئەمە ناو بنێین ئاپارتایتی گلۆبال. ئاپارتایت لە زمانی ئەفریقایی، ئەفریقای باشوورەوە لەسەر

بنچـینـەی وشـــەی ئـاپارت apart یانـێ بەجـیـا و دوور لە یـەکـتـــری ژیانـکردن، سەرچاوەی گرتووە. ئێمەی سوێدی دەتوانین بۆ کوێی جیهانی سێیەم پێمان خۆش بێت سـەفـەر بکەین. بەڵام هەژارەکانی جیهـانی سێیەم بۆیان نییە پێ بنێنە نێو وڵاتەکەی ئێـمـە. لە ئەوروپادا تەنانەت گومـرکی بەرگری لە دژی شـتومـەکەکانی دەرەوەی یەکـەتیی ئەوروپا دانـدراوە. جـیـهـانـی سـێـیـەم بـۆی نـیـیـە بـێ و بەهـۆی شتومـەکە هـەرزانەکانی لەگەڵ ئێمە پێشبڕکێ بکا. ئەمـە تەنیا دوو نموونەی چکۆڵە بوو بۆ ئەوەی نیشـان بدرێ کـە چۆن ناسیـۆنالیزم و سـیسـتـەمـە ئابوورییـەکان، دیموکراسی چاڵ دەکەن.

تەنیـا لە دیموکـراسـیـیـەکانی ڕۆئـاوادا لە خـەباتی نافـەرمـانیی مـەدەنی کـەڵک وەرناگیـردرێ بەڵکو خـەڵک لە سـیسـتـەمـە دیکتـاتۆرییـەکـانی جـیـهـانی سـێـیـەم و حکوومـەتە سۆسـیالیسـتییە تاک حزبییـەکانیـشـدا بەشێـوەیەکی کراوە و فـەرمی و دوور لە توندوتیژیی یاساکان پێشێل دەکەن. سـەرەڕای مەترسیی زۆر وا وێ دەچێ زیاتر لـە وڵاتە دیکتـاتـۆرییـەکـان هەتا دیمـوکـراتیکەکـان لـە خـەباتی نافـەرمـانیی مــەدەنی کـەڵک وەربگیـردرێ. لەم پێـوەندییـەدا دەکـرێ هێندێک نموونەی وەک دیموکـراتیـزەکردنی وڵاتـانی ئۆروگـوای، شـیلی، ئەرجـەنتـین و سـەرکەوتنەکـانی بیرجیـاکـانی ئەوروپای ڕۆهـەڵات لە سـەردەمی دیکتـاتۆریی سۆڤیـەتیدا لە ڕێگای خەباتی نافەرمانیی مەدەنییەوە ناو بەرین.

دینامیکی شـێوازی خـەباتی نـافـەرمـانیی مـەدەنی لە خـۆیدا لە دیموکـراسـییـەوە سـەرچاوە دەگرێ و هـەر ئەویش بەبنەمـا دەگرێ بۆ پێکهێنانی دیالۆگ و گفتوگۆ. مەحکەمە بەلایەنی کەمەوە زەمانەتی ئەوە دەکا کە شیانێک بۆ دیالۆگ وەدی بێت. کەسـێک دەڵێ کردەوەکان ڕاسـتن و لـە جێی خـۆیان دان، کەسـێکی تر بەپێچـەوانە کردەوەکانی پێ هەڵەیە. هـەر پێکهێنانی ئەم دیالۆگەشـە کە خـەباتی نافـەرمـانیی مـەدەنی لە شـێوەکانی تری خـەبات وەک بایکۆت، مانگرتن و هـەڵمـەتی ڕاسـتـەوخـۆ جـوێ دەکـاتەوە. ئەم شـێوازانە لە خـۆیاندا زیاتر وەک ئامرازی تەوژم خـسـتنەسـەر چاویان لـێ دەکرێ. بەپـێـچـەوانە لایـەن و ڕووی ئەخـلاقی لە خـەباتی نافـەرمـانیی مـەدەنیـدا وەک بنـەمـا بۆ دیـالۆگ، نایەوێ دژبـەرەکـەی بەزۆر و لـەژێر تەوژمـدا بۆ دیالۆگ ڕاپێچ بکا.

ئەلێکساندر پێچزنیک Aleksander Peczenik پرۆفیسۆر لە مافناسیی گشتی لە زانکۆی لوند [سوێد] بەرهەمێکی پڕ بایەخی لەسەر فەلسەفەی ماف نووسیوە کە پێویستە خوێندکارەکانی مافی دەورەی پارێزەری و دادوەری وەک دەرس بیخوێننەوە. لەم کتێبەدا هاتووە کە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بەشێکە لە دەوڵەتی ماف و یاسا. یاسا کەموکووڕیی هەیە. هەر بۆیە قازییەک ناچارە لە ڕووی عەقڵانییەوە پشتیوانی لە حوکمێک بکا. هۆکارە قەزاییەکان بۆ دانی حوکمێک تەواو نین هەر بۆیە پێویستە بایەخە ئەخلاقییەکانیش لە بەرچاو بگیردرێن. لە مافپەروەری، پاراستنی یاسا و هەم خوێندنەوەشیان پێویستە بەلایەنی کەمەوە نۆرمە ئەخلاقییەکان ڕەچاو بکرێن.

هەروەها پێچزنیک ئاماژە بەوە دەکا کە ماف لە خۆیدا کارکردێکی ئەخلاقی یان ئەخلاق دروستکەرانەی هەیە. بەهەمان شێوە کە سزای تاوان کەمتر دەبێتەوە، هاوکات مەرجەکانی یاسای مافیش زۆرتر دەبن. من وای بۆ دەچم ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەوە لە خۆیدا بەو مانایەش دەبێ کە دینامیکێکی وا لە کارکردی یاسای ئەخلاق دروستکەرانەدا هەیە کە لە خۆیدا دەبێتە هۆی پەرەگرتنی زیاتری نافەرمانیی مەدەنی. ئەگەر هاتو خەڵک وشیارییان لەسەر ویژدان و ئەخلاقی خۆیان فرەتر بوو و کەمتر خۆیان بەخۆبواردن خەریک کرد، ئەوە کەموکووڕییەکانی یاساش زیاتر هەست پێ دەکەن. نافەرمانیی مەدەنییەکی ئەخلاقی بەهەمان شێوەش دەبێتە هۆی ئەوەی مافەکان زیاتر بچەسپێن و وردە وردە و لە داهاتووی دووریشدا فەرمانبەری لە یاسا پەرە بگرێ.

هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی کە هاووڵاتییان لە ژیانی ئاساییی خۆیاندا فەرمانبەری لە یاسا بکەن. "بەڵام لە باشترین دەوڵەتی یاساییی جیهانیشدا هاووڵاتییان لەباری ئەخلاقییەوە لەسەر شانیان نییە کە فەرمانبەری لە هەموو جۆرە یاسایەک بکەن. یاساکان بەهۆی ئینسانەکانەوە داندراون و هەر بۆیە ڕەنگە هێندێکیان هەڵە بن. کامە سیستەمی مافە، نەیانتوانیوە خۆی لە ڕەخنەگرتن بێ بەری بکا. "

پێچزنیک لە نێوان جۆرەکانی نافەرمانیدا جیاوازی دادەنێ. "نافەرمانیی بێدەنگ"، دەکرێ هەمان شت بێ کە من ناوم ناوە "تاوانی یاساییی نهێنی". پێچزنیک لێرەدا کێشەیەکی ئەخلاقی دەبینێ. " تاکێک بەتەنیا دەتوانێ خراپ لە

هۆکاری ئەخلاقیی بەرهەڵستکاریکردن تێ بگا. تەنیا لە هەلومەرجێکدا کە دژکردەوەکەی کراوە و فەرمی ببێت ئەو شیانەی بۆ دەرەخسێ کە زانیاریی جێی متمانە لە خەڵکەوە وەدەست بێنێ کە خەڵک چلۆن کردەوە نافەرمانییەکەی هەڵدەسەنگێنن". بەڵام پێچزنیک پێی وایە نافەرمانیی بێدەنگی تەنیا دەتوانێ لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا بەکار ببرێ.

بێجگە لەوە نافەرمانی دەکرێ لە وڵاتە دیموکراتیکەکاندا کراوە و فەرمی بێت. بنەما و چاوگی نافەرمانی دەبێ دوور لە زۆر و توندوتیژی بێت. بەپێی تێڕوانینەکانی پێچزنیک نافەرمانیی مەدەنی تەنیا کاتێک جێی پشتگیری و سەلماندنە کە ئاکامی فەرمانبەری لە یاسا خراپتر بێ لەو ئاکامە خراپانەی کە لە دوای ئەنجامدانی کردەوەیەکی نافەرمانیی مەدەنی وەدی دێن. من ئەم ڕوانگەیەی پێچزنیک ئاوا دەخوێنمەوە کە دەبێ نافەرمانیی مەدەنی تەنیا ئەو وەختانە بەکار ببرێ کە فەرمانبەریکردن لە یاسا دەبێتە کردەوە یان هەڵسوکەوتێکی نائەخلاقی. لێرەدایە کە من ڕوانگەکانی پێچزنیک نزیک بە باس و خواسەکانی نێو بزووتنەوەی پلاگبیل دەبینم.

بەپێی بۆچوونەکانی پێچزنیک ئەگەر بێتو مافە ئەخلاقییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ پێشێل بکرێن یان کاتێک تێکستی یاسایەک لەگەڵ یاسای بنچینەیی ناتەبایی هەبێ ئەوە هۆکاری ئەخلاقیی قایم هەن کە لە نافەرمانیی مەدەنی کەڵک وەربگیردرێ. هێندێک جار بە تێپەڕبوونی وەخت هۆکارەکان بۆ بەکارهێنانی نافەرمانیی مەدەنی ئەوەندە بەهێزن کە ئەو دەم نافەرمانیی مەدەنی تەنانەت دەبێتە ئەرکیش. "ئەگەر هاتو دەوڵەتی دیموکراتیکی ماف، بەشێوەیەکی بەردەوام (سیستەماتیک) و چوارچێوەی (ستروکتورییانە) کەوتە مەترسی تەنانەت هەر تاکێک لەباری ئەخلاقییەوە دەکەوێتە سەرشانی کە لە ڕێگەی نافەرمانیی مەدەنییەوە بەرگری لە مافە ئازاد و بنچینەییەکان بکا و هەروەها لە دژی کردەوەی فراوانی لەگەڵ ئەخلاق نەگونجانی داوودەزگا دەوڵەتییەکان هەڵوێست بگرێ.

لەبەر ئەوە هۆکاری باش بۆ پێڕەوی و فەرمانبەری لە یاسا هەیە هەر بۆیە نابێ لە کاتی ناپێویستدا لە نافەرمانیی مەدەنی کەڵک وەرگیردرێ. پێچزنیک بۆ

هەڵسەنگاندنی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دوو مەرجی بنەڕەتیی هەیە: یەکەم، کاتێک ئامانج لە ڕێگەیەکی یاساییەوە وەدی نایە. دووەم، دەبێ کاریگەرترین و لە هەمان کاتدا نەرمترین ئامرازی بەرهەڵستکاری هەڵبژێردرێ.

بەڵام کاریگەری چییە و هەتا چەندە مرۆڤ دەبێ لە چاوەڕوانیی وەدیهاتنی ئامانجدا لە داهاتوودا ڕاوەستێ؟ مەرجی بنەڕەتی بۆ بەرگری لەخۆکردن بۆ ئەوەیە کە کەسێک لە تاوانی ئەنجامدانی هەڵمەتێک قوتار بێ ئەوەیە کە ئەو کەسە لە ڕاستیدا بسەلمێنێ کە کردەوە نایاساییەکەی بۆ بەرگریکردن لە ژیان بووە. لێرەدا مەودایەکی ئەوتۆ بۆ ئەو کەسانە کە بەهۆی کردەوە ناڕاستەوخۆ ناکاریگەرییەکانیان و هەڵمەت و بزووتنەوە پەرەگرتووەکانیان تەنیا بەتەمای وەدیهاتنی ئامانج لە داهاتوودان، نامێنێتەوە. بزووتنەوەی سید ئاف هاوپ کە لە هەڵمەتەکەیاندا باڵەفڕەی هاوکی هەڵگری چەکیان بۆ ئەندەنووسیا لە کار خست بەهۆی ئەوەوە ئەم هەڵمەتەیان وەک بەرگری لە ژیان بەدادگە سەلماند، ئازاد کران.

بەڵام ئەلێکساندر پێچزنیک لەم پێوەندییەدا ڕێگە لە بەردەم شیانی تر دەکاتەوە و دەڵێ ئەنجامدانی نافەرمانیی مەدەنی تەنانەت وەک کردەوەیەکی سیاسی پێویستە ئەگەر بێتو ڕێگەی تر بۆ بەرهەڵستکاری لە هەوێڵدا نەمێنێ. کاتێک ڕێگەکان بەهۆی مۆنۆپۆلی بیر لە ماسمێدیا یان لاوازی و بێوازیی سیاسەتوانەکان لە گوێگرتن بۆ ڕەخنە و سکاڵای لایەنی تر، ڕێگەکان دەبەسترێن، ئەوە نافەرمانی مەدەنی دەتوانێ لەم پێوەندییەدا وەک زەنگێکی وەخەبەرهێنەرەوە کاریگەر بێت.

بەهەڵە تێکۆشانە دەرەوەیی پەرلەمانییەکان" و نافەرمانیی مەدەنی وەک هاوتا و هاومانا دیتراون. "دەرەوەیی پەرلەمانییەکان" ئەو کردەوە سیاسی و کۆمەلایەتییانەن کە شیانی وەدیهاتنی ئامانج لە ڕێگە و کەناڵی تێکۆشانی پەرلەمانەوە ناکرێ، بۆ نموونە وەک ئەوەی کاتێک ڕێکخستنە کڵێساییەکان لە باتیی داوودەزگای دەوڵەتی دەستپێشخەری دەکەن و بۆ خۆیان یارمەتیی بێ ماڵەکان دەدەن.

کێ دەڵێ نافەرمانیی مەدەنی دەبێ وەک تێکۆشانی دەرەوەی پەرلەمانی چاوی لێ بکرێ؟ نموونە بۆ تێکۆشانی نافەرمانیی مەدەنی ناوەوەیی پەرلەمانی ئەوەیە

کە کاتێک کۆمۆنەکان لە دژ و بەپێچەوانەی بڕیارەکانی پەرلەمان ناوچەکانی خۆیان وەک ناوچەی دوور لە چەکی ناوکی ڕادەگەیەنن یان ئەوە بۆ نموونە فەرمانداریی سانفرانسیسکۆ [لە ئەمەریکا] کارمەندەکانی بەشی کۆمەڵایەتیی شارەکەی هان دەدا کە پەنابەرەکان بە پۆلیسی پەنابەر نەناسێن و ناوی ئەوان بەپۆلیس نەدەن.

کاتێک فرەنسا چەکی ناوکیی لە دەریای ئارام تاقی کردەوە، کۆمۆنی شاری گوتەبۆرگ [لە سوێد] بەپێچەوانەی بڕیار و مافە پارێزراوەکانی دەوڵەت لە کڕینی شتومەکی فرەنسایی خۆی بوارد و بایکۆتی کرد. تەنانەت دەوڵەتە نەتەوەییەکان خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەکەن. هەموو دەوڵەتەکانی ئەندام لە یەکەتیی ئەورووپادا بەشێوەیەکی کراوە لە جێبەجێکردنی هێندێک یاسا خۆ دەبوێرن. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە خودی یەکەتیی ئەورووپا کردوویەتی، سوێد لەم نێوەدا لەنێو وڵاتانی تری ئەندامدا بەرچاوترە.

واژەیەکی تر کە لەم پێوەندییەدا باوە و بەکار دەبرێ، "کارکردن لە دەرەوەی سیستەمە". وەک ئەوە وایە کە بۆ شوێنێکی دوور لە سیستەم بار بکەی و هەتا دەکرێ لەوێ بژی. وەک ئەوە وایە بگوترێ کە خۆپێشاندان و بڵاوکردنەوەی تراکت و بڵاوکراوە کارێکە لە دەرەوەی سیستەم. خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ڕاست بەپێچەوانەی ئەو شتەیە. بەرهەڵستکاریی ڕاست لە ناوەڕاستی چاوگەی سیستەمی سیاسی، ئابووری و قەزاییدا ئەنجام دەدرێ. هەر ئەمەشە کە ڕەنگە نافەرمانیی مەدەنی وا بەهێز و کاریگەر کردبێ. نافەرمانیی مەدەنی تەنیا داوا و پاڕانەوە نییە بگرە ئەو بۆ خۆی دەچێتە نێو سیستەم و لەوێش سێبەرێکی ئەگەرچی کزیش بێ لەوێ دروست دەکا. نافەرمانیی مەدەنی سیستەم دادەچڵەکێنێ و ناچاری دەکا ڕێگەی نوێ هەڵبژێرێ.

### ناتوندوتیژی:

شەوێک خەوم لێ نەدەکەوت و لەگەڵ خۆمدا کەوتمە بیرکردنەوە کە ئەگەر هاتو کەس نافەرمانی نەکا، ئەی ئەودەم فەرمانبەری چی لێ دێت و چلۆن دێتە پێش چاو؟ هەرچی بیرم کردەوە، ئەنجامی ئەتۆم دەست نەکەوت. چونکە لە حاڵەتێکی ئاوادا ئەو کات چەمکێکمان بەناوی فەرمانبەری نەدەبوو. مادام کەس نافەرمانی

نەکا ئیتر فەرمانبەری وەک چەمک مانای نامێنێ. ئەگەر فەرمانبەرییەک هەیە، دەبێ وای دابنێن کە ئەو فەرمانبەرییە، دڵخوازانەیە و هیچ چەشنە زۆر و پاڵەپەستۆیەکی لە پشتەوە نییە. دەنا ئیتر ئەوە نابێتە فەرمانبەری و دەبێتە زۆر و ناچارکردن. ئەگەر هاتو کەسێک لەباری فیزیکی یان سایکۆلۆجییەوە بەزۆر ناچار بەفەرمانبەری کرا، ئەوە ئیتر فەرمانبەری نییە بگرە نافەرمانییە.

ئێمە ناتوانین بەمنداڵێک کە قیژواژ و قولەفڕکێ دەکا و لە ناچاریدا لێ دەگەڕێن چ دەکا با بیکا، بڵێین نافەرمانی دەکا. یان ئەوە ناتوانین بەکەسێکیش کە بەهۆی حاڵەتی تایبەتی سایکۆلۆجی "ناچاری بیر" خۆبەخۆ دژکردەوەیەک لەخۆ نیشان دەدا، بڵێین نافەرمانی دەکا. بۆ ئەوەی لە بنەڕەتدا فەرمانبەری هەبێ دەبێ نافەرمانییش وەک ڕێگەیەکی ئازادی هەڵبژاردن شیانی هەبێ. نافەرمانی لە خۆیدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ فەرمانبەری هەیە. یەک لەوان بۆ ئەوی تریان دانانەوێنێ بگرە ئەم دووانە هەموو کاتێک لە خەبات لە دژی یەکتریدان. بەکورتی نافەرمانی بنەمایە بۆ فەرمانبەری.

بەهەمان شێوەش ناتوندوتیژی هەموو کاتێک ئەو جۆرە پێوەندییەی لەگەڵ توندوتیژی هەیە. ناتوندوتیژی لە خۆیدا بەرەوڕووبوونەوەیە. هەر بۆیە ناکرێ و بێ مانایە کە بەکردەوەی وەک تراکت بڵاوکردنەوە و خۆپێشاندانی ئارام بگوترێ ناتوندوتیژی. بەڵام ئەگەر هاتو لە خۆپێشاندانێکدا توندوتیژی بەکار برا ئەوە ئەودەم ناتوندوتیژی وەک چەمک مانا دەدا.

گاندی چەمکی "ساتیاگراها"ی satyagraha بۆ تەواوکردن و پڕمانادانی ناتوندوتیژی بەکار دەبرد. "ساتیا" satya یانێ ڕاستی و لە وشەی "سات" sat وە وەرگیراوە کە ئەویش لە خۆیدا مانای بوون دەدا. "ئاگراها" agraha یانێ قایمگرتن. گاندی "ئاگراها"ی وەک وشەی هاومانای هێز بەکار دەبرد. کەواتە "ساتیاگراها" یانێ هێزی ڕاستی.

کۆمپانیا یان هەڵمەتێکی ساتیاگراهایانە ئەوەیە و بەو شێوەیە پێناسە دەکرێ کە گرووپێکی بەرهەڵستکار هەتا ڕاستی وەدەست نەهێنی و بەقایمی نەیگرێ ئەوە دەست لە بەرهەڵستکاری هەڵناگرێ. ئەمە لەخۆیدا نزیک بەپێچەوانەی ئەوەیە کە زۆر لە تێکۆشەران لە ڕۆئاوا دەیکەن. لێرە بەبێ ئەوەی ئامانج وەدەست هاتبێ،

تێکۆشەران لەسەر ئەم پرس بۆ سەر ئەو پرس و لەسەر ئەم هەڵمەت بۆ سەر ئەو هەڵمەت بازبازێن دەکەن. چەمکی ساتیاگراهایای گاندی دەتوانێ زۆر باش بەشێک لە هۆکاری پشتەوەی بەئامانج نەگەیشتنی بزووتنەوە بەرهەڵستکارییەکانی ئیمڕۆ ڕوون بکاتەوە. زۆرجار بەرهەڵستکاری لە نیوەی ڕێگە بەر لەوەی بگا بەئامانجی دیاریکراو، لە خۆیدا هەڵدەوەشێتەوە. ئەمە لە خۆیدا دەبێتە هۆی ناهومێدی و کشانەوەی تێکۆشەرەکان لە گۆڕەپانی خەبات. ئەوانەش کە لە بزووتنەوەکاندا دەمێننەوە، لە ترسی بەئامانج نەگەیشتن و تێکشکان، تێکۆشانەکانیان ڕوو لە کەمی دەدا.

لەبەرئەوەی ڕاستی بەتەواوەتی لای کەس نییە، بەهەمان شێوەش ڕاستی بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژی وەدەر ناکەوێ. ساتیاگراهایا بەمانای لەسەرەخۆیی و سیمپاتییە. لەسەرەخۆبوون و هێوری لە خۆیدا بەمانای زەجر و نارەحەتی وەکۆڵگرتنە. هەر بۆیە بەپێی بۆچوونەکانی گاندی نافەرمانیی مەدەنی بەشێکی پێویست و گرینگە لە ساتیاگراهایا.

چەمکی ناتوندوتیژی لە سێ هەلومەرجدا بەکار دەبرێ. لە کاتی نافەرمانیی مەدەنیدا لەو کاتەدا شیانی گیران و زیندانیکردن هەیە، لە کاتێکدا تێکۆشەرێک بۆ بەرگریکردن لە خۆی و لە بەرانبەر توندوتیژیدا ئەو لە ناتوندوتیژی کەڵک وەردەگرێ و هەروەها لە نێوەوەی ڕێکخراوەکەی خۆیدا بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی.

ناتوندوتیژی بەشێوەیەکی ئاسایی یانێ بەبێ توندوتیژی یان خەبات لە دژی توندوتیژی. کاتێک بەر لە هەڵمەت یان هەر کردەوەیەکی بەرهەڵستکاری دەگوترێ کردەوەکان ناتوندوتیژین، ئەمە لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوە کە هەم پۆلیس و هەم بەشدارانی هەڵمەت هەست بەئارامی و دوور لە شڵەژان بکەن. بەپێچەوانەش کردەوەی توندوتیژی شوێنەواری ڕووخێنەری فیزیکی و سایکۆلۆجی بەدواوە دەبێ و شتێکە کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی شڵەژان و پانیک. هەڵاتن و قیڕان و دەنگ بەرزکردنەوە لە کاتی خۆپێشاندانادا ئەو نموونانەن کە دەکرێ ببنە هۆکار بۆ پرۆڤۆکاسیۆن و خۆتێوەگلاندانی پۆلیس.

توندوتیژی لەنێو بزووتنەوەی ناتوندوتیژیدا بەو مانایەیە کە کەسێک لەباری

فیـزیکی و سـایکۆلۆجـیـیـەوە بریندار یان زەرەرمـەند دەکـرێ و ئـەو کـەسـە بۆ سـارێژبوونەوە قۆناغێکی سـەختی بەسـەردا تێ دەپەڕێ. وەک مـرۆڤ ڕەنگە دژوار بێ کە بەتـەواوەتی لە توندوتیژی بـەدوور بین. کـاتێک ئێمـە بۆ دامـاڵینی تۆپەکانی هـاوبیـتـی بووفـورش کـە لـە ڕێگەی ئاسـنەوە دەگـوازرانەوە، بـەقـەتار چووینە کریستینەهامن Kristinehamn. چوونی ئێمـە لە ڕێگەی قـەتارەوە و کـڕینـی بلیتی قـەتار لە خـۆیدا بەو مـانایە بوو کە ئێمـە بووبووینە یارمـەتیدەرێکی مـاڵی بۆ ئەو شـەریکە قـەتارەی کـە لە هـەمـان کـاتدا چەکـەکـانی بووفـورشی دەگـواسـتـەوە و بەجـۆرێک بەشـدار بوو لە کڕین و گـواسـتنەوەی چەکوچۆڵدا. ئێمـە بەو کـارەمـان، ناڕاسـتـەوخـۆ لە سـەرکـوتی ئینسـانەکـان لە هیند و پاکسـتـان کـە تۆپەکـانی بۆ دەگوازرایەوە بەشداریمان کرد.

هـەر بۆیە بـەکـارهێنـانی وشـەی ناتوندوتیـژی لە خـۆیدا دەبـێ مـانایەکی نوێی لە پێـوەندی لەگـەڵ خـەبات لـە دژی توندوتیـژیدا لـێ بکرێ. بەرهـەڵسـتکاری هـەمـوو کاتێک دەبێ لە دوو بەرەدا ئەنجام بدرێ. بەرەی یەکەم خەباتێکی سیاسییە لە دژی نایەکـسـانی لە کـۆمـەڵگەدا و بـەرەی دووەم خـەباتێکە لە دژی توندوتیـژی خـۆی. سـەرچاوەی بەرەی دووەم لـە خـۆیدا دەگـەڕێتـەوە بۆ ڕوانینی ڕەخنەگـرانەی فیمینیستەکان لە دژی ترادیسیۆنی خەباتی ناتوندوتیژی لە ساڵەکانی حەفتادا. بزووتنەوەی ژنان بەرهـەڵسـتکاری وەک خـەباتێکی هاوبەش و یەکگرتوو دیت کـە هـاوکـات دەبووایە وەک خـەباتێکی نێـوەخـۆیی لەنێـو خـودی بزووتنـەوە بەرهەڵستکارییەکانیش بەڕێوە چووبایە.

## بۆچی ناتوندوتیژی؟

لە نەوەدەکان بەدواوە بـەکاربردنی توندوتیژی لـە کاتی خۆپێشاندانەکاندا فرەتر بووە. من لـەو بڕوایەدام ئەمـە لەبـەر ئەوە بووە کـە خـۆپێـشـاندانـە یاسـاییـیـەکـان وەپشـتگوێ خـراون. توندوتیـژی بـەکـار دەبردرێ بۆ ئەوەی تین و گـوڕی زیاتر بەهەڵمـەتەکان بدرێ. ئەم پرۆڤۆکاسیۆنانە دەکرێ وەک جۆرە شـانۆیەک ببیندرێن کە لەودا هـەوڵ دەدرێ بەهەر شـێوەیەک کە دەگونجێ، ئامانجەکان بپێکرێن. بەهەر شـێوەیەک هـەبووە، خـەریکە بیـروڕای سـیـاسـیی گـشـتی لـە دژی ئەو جـۆرە خۆپێشاندانانە هـەڵبگەڕێتـەوە. ئەو جۆرە خۆپێشـاندانانە لـە خۆیاندا دەبنە دژی

سیاسەت و تێیاندا ئەو شیانانەی کە ڕەنگە ببنە هۆی دانی بڕیاری هاوبەش لەکیس دەچن.

بۆ ئەوەی لە خەباتدا، توندوتیژی بەکار نەبرێ، دوو هۆکاری بنەڕەتی هەیە؛ یەکەم کردەوە و دووەم ئەخلاق. گاندی و لێکۆڵەرەوەی بەرهەڵستکاری باکوری ئەمەریکا گین شارپ هەردوو لەو بڕوایەدان کە خەباتی ناتوندوتیژی لە خەباتی تێکەڵ بەتوندوتیژی کاریگەرترە. توندوتیژی، توندوتیژی بەدوادا دێ بەڵام ناتوندوتیژی بەپێچەوانەی ئەمەیە. ڕاستە تەنانەت لە خەبات و بەرهەڵستکاریی مەدەنیدا مرۆڤەکان ژیانیان لەدەست دەدەن بەڵام قوربانییەکان لە خەباتی تێکەڵ بە توندوتیژیدا هەردەم فرەترە. هێندێک کەس زۆر بە تێڕادیتوویییەوە دەڵێن کە خەباتی ناتوندوتیژی ئیمڕۆ کاریگەرترین شێوازی خەباتە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. ئەوانەی کەوا دەڵێن ڕەنگە خەباتی گەریلایی و چەکداری لە شوێنەکانی تری جیهان بسەلمێنن و هەروەها ئەوەش بڵێن کە بەکارهێنانی توندوتیژیی چەکداری لە دژی هێرشی بێگانە بۆ سەر وڵاتەکەمان ڕەوایە.

دەکرێ لە ڕوانگەی ئەخلاقیشەوە یان وێڕای ئەخلاق وەک بنەماگرتن لایەنگری لە خەباتی ناتوندوتیژی بکرێ. ئەگەر هاتو ئەوەمان لا پەسند بێ کە ئینسان بایەخی بێ کۆتاییی هەیە ئەوە هاوکات دەبێ ئەوەمان پەسند بێ کە هەر تاقە مرۆڤێک هەروەک دوو یان هەزار مرۆڤی تر پێکەوە بایەخی بێ کۆتایی و جۆراوجۆری هەیە. زۆر کەسی تر هەن کە بەپێچەوانەی ئەمە بیر دەکەنەوە. دوو کەس بایەخیان لە تاقە کەسێک فرەترە و هەر بۆیە دەکرێ کەسێک بکرێتە قوربانی بۆ ئەوەی دوو کەس ڕزگاریان ببێ. هەر بۆیە لێرەدا بنەما و شەرتی بنەڕەتی ئەوەیە کە بایەخەکانی کەسێک بێ کۆتایی نین بگرە لە چوارچێوەدان. ئەو کەسانە لەو ڕووەوە کە بایەخەکانی تاک لە چوارچێوەیەکی بەرتەسککراودا دادەنێن، هەر لەو ڕوانگەشەوە دەڵێن دەکرێ تاقەکەس لەبەر بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بکرێتە قوربانی.

ئەوانەی کە دەڵێن بایەخەکانی ئینسان بێ کۆتایین، لەو بڕوایەدان کە هەموو کات جێگرەوە یان ئەلتەرناتیف بۆ توندوتیژی هەیە. لە جیهانێکی پێچەڵپێچدا شیانی هەڵبژاردنی زۆر و زەبەن و بێ کۆتا هەیە. لە نێوان ژیان و مردندا یەک

هەڵبـژاردن لە خۆیدا لـە گریمانە دەچێ. لـەو گریمانەدا کـە لە نێوان ئـەوەدا نەنکە پیـرە یـان سـەربازێکی دوژمن، یەک بکوژرێ، یەک هەڵبـژێرین، شـتـێک لەسـەر کۆمەڵگەی ئیمڕۆی ئێمە بەدەستەوە نادا.

کەسـانی تر هـەن دەڵێن ئێمـە هـەمـوو کاتێک ناتوانین ئەرکـە ئەخلاقـییـەکـانی خۆمـان جێبەجێ بکەین. لە بارودۆخێکی زۆر دژوار و کاتاستـرۆفدا ئێمە دەتوانین تەنیـا ئەوانە ڕزگار بکەین کە ڕزگارکـردنیـان لە چوارچێـوەی هێز و دەسـتـەڵاتی ئێمەدایە. لەباری ئەخلاقییەوە دروست نییە کە نەمانتوانی خەڵکی تر ڕزگار بکەین و بەجێمان هێشتن. لە دیتنێکی لەو شێوەیەدا ئەخلاق و تێگەیشتین لێک دەهاڵێن. پیـاوان و ژنانـی ئاگـرکـوژێنەوە پـاش هـەر ڕووداوێک بۆ ئـەوەی خـۆیان زۆر ویژدان ئازاردیتوو نەبین، کۆبوونەوەیان بۆ دەکرێ و بەقسەکردن هێور دەکرێنەوە.

لە کردەوەدا ئێمە ڕۆژانە بایەخی کەسانی تر کەم دەبینین. هێندێک جار گوێ بۆ ویست و داخـوازی هاوکـاریی خـەڵکانی تـر ناگـرین. مـن پێم وایە پێـویسـتم بەتێگەیشـتنێکی هـەرچەند ڕواڵەتیش لەم نێـوەدا بێ، هەیە. بۆ نموونـە من زۆرجار دەچم بۆ سینەما. من دەتوانم کاتی چوونە سینەمام بۆ ڕزگارکردنی کەسێک لە برسییەتی یان کەسێک کە توندوتیژی هەڕەشەی لێ دەکات، تەرخان بکەم. ئێمە لە جیهانێکی پێچەڵپێچدا دەژین. ئێمە ناتوانین بەتەنیا هەموو گرفتەکان چارەسەر بکەین. من لەو بڕوایەدام ئـەرکـە ئەخـلاقـیـیـەکـان زیاتر وەک گـرووپ و کـۆمـەڵگە دەکـەوێتـە سـەرشـانی ئێمـە هەتا وەک تاک. بەڵام لە هەمـان کاتدا وەک تاک ئەو ئەرکە ئەخلاقییەمان دەکەوێتە سەرشان کە ئەو هاوبەشییە لەنێو ئینسانەکاندا بەهۆی کـۆڕ، کـۆمـەڵ و ڕێکخـراو دروسـتکردنەوەوە، پێک بێنین و ئـەرکـە ئەخلاقییەکانی خۆمان لە کردەوەدا جێبەجێ بکەین. ناتوندوتیژی نەبەستراوە بەهۆکارە پراکتیک و ئەخلاقییەکان، بگرە بنەمایە بۆ خەباتی نافەرمانیی مەدەنی. لەبەر ئەوە هەڵمەتەکان و کارکرد و ئاکامی ئەوان دەبێ لە چوارچێوەی ئەخلاقدا جێ بگرن، دەبێ باوەڕ و متمانە دروست بکرێ. ئەگەر هاتو دەستەی بەرهەڵستکار لە هەڵمەتەکانی تردا توندوتیژیی بەکار هێنا، ئەوە متمانەی سەرەوە دروست نابێ.

بەشی دووەم

# هاوبەشییەتی لە بەرهەڵستکاری؛ لەسەر ئامادەکاری

## کێشه و هاوکاری

له بەرەبەری خۆئامادەکردن بۆ هەڵمەتێک بەردەوام ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆرم هەبووە. له زۆر بزووتنەوەی جۆراوجۆردا ئەزموونم هەیە. من و هەڤاڵانم بەهەزاران جار تووشی هەڵە و کەموکووڕی بووین. بەپێی ئەزموونەکانی من پێویستی ئینسانە نوێیەکان و کۆمەڵە نوێیەکان، جیاواز بوون لەوەی کە من بۆ خۆم چاوەڕێم دەکرد. بەڵام هەر کۆمەڵەیەک بۆ خۆی دەتوانێ تۆڕێکی تایبەتی وا له ئەزموونەکان پێکەوە بنێ کە هەڵە و تێکشکانەکان ڕابگرێ. هێندێک جار تۆڕەکە وا قایم خۆ دەگرێ کە هەڵمەتە نافەرمانییەکان دەتوانن سەرکەون. بەهەمان شێوەش هێندێک جار وەک پێمان سەلمێندرا نەمانتوانیوە پێکەوە له هەڵمەتێکدا سەربکەوین.

له گەلاڵەڕێژی هەڵمەتێکی بەرهەڵستکاریدا، له ڕاستیدا خۆئامادەکردن کاتێکی کەمی هەڵمەتەکە دەگرێ. خۆئامادەکردن بۆ هەڵمەتیش ئەوەیە کە بەسەر ترسدا سەرکەوی و پشتگیریی دروست بکەیت. هەروەها خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین ناکۆکییەکانی نێو گرووپەکەمان و له دەرەوەی گرووپ و ناکۆکی لەگەڵ ڕێکخراو و ئەنیستیتۆی تر، چارەسەر بکەین. بەرهەڵستکاری له خۆیدا یانێ هەم چارەسەری کێشەی نێو خودی گرووپ و هەم دەرەوەی گرووپ یانێ کۆمەڵگە بەگشتی.

بۆ ئەوەی بتوانم وێنەیەک لەم پێوەندییەدا وەک نموونە بێنمەوە، زۆر خێرا باسی گرووپی پلاگبیلی ناسراو بە "نان نەک بۆمبا" دەکەم کە چۆن خۆیانیان بۆ داماڵینی چەکی تریدەنت سیستەم له ئینگلیز Tridentsystem یانێ سیستەمی چەکی ناوکیی بەریتانیای گەورە [The UK nuclear weapons system] ئامادە کرد.

ئانیکا سپالدە دەسپێشخەریی کرد و ئێمەی بۆ کۆبوونەوەیەک له دیسەمبەری ١٩٩٧دا بانگهێشتن کرد. پێشنیازی ئانیکا ئەوە بوو کە ئێمە هەڵمەتێک له ئینگلتەرا ئەنجام بدەین و هەڵمەتەکەش ئەوە دەبێ کە هێندێک بەشی تریدەنت

سیستەم لە کار بخەین. گەلاڵەکەش ئەوە بوو کە لە ئۆگۆستی ساڵی داهاتوودا هەڵمەتەکە دەست پێ دەکرا و هەتا ساڵی ٢٠٠٠ هەر چوار بەلەمی هەڵگری تریدەنت بێ کەڵک دەکران. ئێمە وامان لێکدایەوە کە سەرجەم بیست ڕۆژمان بۆ خۆ ئامادەکردن دەوێ. ئێمە نەمانەدەویست خۆمان تێکەڵ بەپرۆسێسێکی درێژخایەن بکەین بگرە هەڵمەتێکی بە پەلە و کتوپڕمان دەویست. هەر بۆیە ئێمە بڕیارمان دا کە هەڵمەتەکەمان لە مانگی مەیدا دەست پێ بکەین. یەکەم دانیشتنمان لە ماڵی ئانیکادا بوو. لە ماوەی یەک دوو جار پشووی حەوتووانەدا توانیمان وردە وردە یەکتری بناسین. هەروەها لەو ماوەیەدا باسی ئەوەشمان کرد کە چیمان پێویستە و چی دەتوانین بکەین و چی ناتوانین بکەین.

من بۆ خۆم نەمدەویست کە ئەمجارەش بگیردرێم و بکەومە زیندانەوە، هەر بۆیە منیان وەک ئەندامی پشتگری دانا. ئەو چوار کەسەکەی تریش حازر بوون کە کاری لەکارخستن و داماڵینی بەلەمی تریدەنت سیستەم بەئەنجام بگەیەنن. لە کۆبوونەوەیەکی تر کە لە مانگی ژووئەن(حوزەیران)ی هەمان ساڵدا گیرا، پیاوێک لەنێو گرووپەکەدا گوتی کە ئەو ناوێرێ لە هەڵمەتی پلاگبیلدا لە ئینگلتەرا بەشداری بکا. هەر بۆیە ئەو خۆی لە گرووپەکە کشاندەوە.

لە مانگی ژووئەندا پشوویەکی پێویستمان وەرگرت و لە کارەکانی پلاگبیل ماڵئاواییمان کرد. دوای پشووی هاوین لە ماڵی ئانبریتدا جارێکی تر کۆ بووینەوە. لە یەکێک لەو شەوانەدا، چەند خزمێکی ئانبریت بەمیوانی بۆ لای هاتن. هەڵمەتەکەمان لەگەڵ خزمەکانی ئانبریت باس کرد و داوامان لێ کردن ئەوانیش بۆچوونەکانی خۆیان دەرببڕن و باسی ئەوە بکەن کە چ جۆرە پشتگیرییەک لەو پێوەندییەدا پێویستە. ئێمە تەنانەت ڕۆژێکمان تەرخان کرد کە لەگەڵ کەسانی پشتگیری کە لە دەرەوەی بزووتنەوەی پلاگبیل بوون و بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاریان دەکرد، کۆ بووینەوە و گوێبیستی قسەکانی ئەوانیش بووین. یەکێک لە کەسەکان بەرپرسیاری کاروباری سیاسی بوو و یەکیش بەرپرسی پشتگیری شەخسی. چەند ڕۆژ دواتر سەفەرێکمان بۆ ئینگلتەرا کرد.

ئێمە تەنیا بە نیوە و ناتەواوی دەمانزانی بەلەمە ژێر دەریاییەکان لە کوێن. هەر بۆیە کەسگەلی پشتگیری لە ئینگلتەرا سەرقاڵی ئەوە بوون کە لێکۆڵینەوە لەسەر

شوێنی هەڵکەوتنی ئەوانمان بۆ بکەن. لە ماوەی سەفەرەکەی ئینگلتەرادا هەوڵمان دا دیسان زیاتر لەسەر خۆمان قسە بکەین، لەسەر گرووپەکەمان کە چۆن کارەکانی ڕادەپەڕاند و هەروەها لەسەر ئەوە بۆمبای ئەتۆم چۆن کاریگەری لەسەر هەلومەرجی ژیانی هەژاران دادەنا. پاش مانگێک گرووپەکە کەم کەم هەستی کرد کە ئیتر ئامادەی ئەوەی پەیدا کردووە کە بچێتە نێو ژێر دەریاییەک لە Barrow باراو.

ئەم کورتە بەسەرهاتەی گرووپی پلاگبیلی نان نەک بۆمبا نیشان دەدا کە ئامادەکارییەکان لەسەر بنەمایەکی لەرزۆک و ناڕوون داندرابوو هەتا هەبوونی هێز و ئەزموون. ئامادەکارییەکان لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا بە زۆری بەدەوری پێکەوەنانی "گرووپی دۆستایەتی"، ئامادەکاریی خودی هەڵمەتەکە و لە هەوێڵ خستنی زانیاری خول دەخواتەوە. پێکەوەنان و دروستکردنی گرووپێکی بەرهەڵستکاری لە خۆیدا یانێ شکاندنی تەنیایی و داخراویی سیاسەت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەمانای وەپێشخستنی ڕەخنە و ڕاوەستان و خەباتکردنی بەکۆمەڵ و هەرەوەزییە. سەربەخۆ بیرکردنەوە، هاوبەشی و هەرەوەزیی بنەماکانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی پێک دێن. لە گرووپی پلاگبیلی نان نەک بۆمبادا ئێمە چەند جارێک ڕەخنەی یەکتریمان کرد. بێگومان، ئەگەر ئەم جۆرە ڕەخنەگرتنە نەبێ ئەوە سەرلێشێواوی و تووڕەیی لە ماوەی لە زیندانبووندا بینگی مرۆڤ دەگرێ.

یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی پلاگبیل بەناوی فیل بەریگان Phil Ber-rigan دەڵێ؛ بەرهەڵستکاری لە هاوبەشییەتی و هەرەوەزی سەرچاوە دەگرێ. ئەم هاوبەشییە پێک هێنراوە، لە خۆیدا هەلومەرجێکی هارمۆنیی تێکەڵ نییە بگرە لە نێوەڕۆکەکەیدا هاوکاری و کێشە و دووبەرەکیی لێک هاڵاون. هاوبەشییەتی لە خۆیدا دەکرێ وەک کێشەیەک لەنێو بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستکاریدا چاوی لێ بکرێ.

مەترسیی ئەوە هەیە کە بزووتنەوە بەرەو لای هۆمۆژنی و وەکیەکی زیاتری بڕوا. بەشداران وردە وردە وەک یەک بیر دەکەنەوە. لە خراپترین حاڵەتدا هاوبەشییەتی دەتوانێ ببێتە هۆی گوێڕایەڵی تەواو لە گرووپ و پاشان تەریککەوتنەوە لە خەڵکی

تر. گوتنی وەک : "باوەڕ مەکە کە تۆ بۆ خۆت شتێک بیت" لەنێو گرووپدا دەبێتە باو.

ئەگەر ئێمە نەهێڵین تایبەتبوون و جیاوازی لەنێو گرووپدا هەبێ ئەوە هاوبەشییەتی بۆ خۆی دەبێتە زیندانێک. هەم هاوکاری و هەم کێشە و دووبەرەکی لە ئاستی جیاوازدا لە نێوان گرووپەکان یان تاکەکان یان لە نێوان تاکێک و گرووپێک دێنە گۆڕێ. لە گرووپی پلاگبیلی نان نەک بۆمبا، ئێمە لەنێو خۆماندا کێشە و دووبەرەکیمان هەبوو بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ گرووپگەلی تر لە نێوەوە و دەرەوەی بزووتنەوەی پلاگبیل کێشەمان هەبوو. کەسێک هەبوو کێشەیەکی زۆر قـــووڵی لەگـــــەڵ باوک یان دایکی لێ پەیدا بوو. بۆ ئەوەی لە دژی دیاردەی بیرکردنەوەی "ئێمە" و "ئێوە" خەباتی نێوەخۆیی بکرێ، زۆر گرینگە کە جیاوازیی قووڵ نەکەوێتە نێوان هاوکاری و کێشە و ئەو دووانە لێک دوور نەکەونەوە. هاوکاری و کێشە لە هەموو پێوەندییەکانی ئێمەدا دەبێ زۆریان مەودا لە نێواندا نەبێ. هاوکاری لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا لە کۆمەڵگە بنەمایە بۆ خەبات لە دژی دژبەرێکی بەدەستەڵات.

گاندی لەم بارەوە ڕوانگەیەکی تری زۆر سەرنجڕاکێشی هەیە. بەرهەڵستکاری ئەوە دەخوازێ کە پشتگیری دژبەر بکرێ، ڕاست لەو کاتەدا تووشی کێشە و ئاڵۆزی بووە. ئەم پشتگیرییە وردە وردە ڕەنگە بکێشرێتە هاوکاریش لەلای کەسگەلێک لەنێو دژبەردا لە هەمان کاتدا کە خەبات و بەرهەڵستکاری بەردەوامە. زۆر سروشتیە کە ئەو پشتگیرییە لە کەسانێک دەکرێ کە لە بەرەی دژبەردا نوێنەرایەتیی جۆرێک دژایەتی لەنێو خودی دژبەردا دەکەن. دانیال ئێلسبەرگ Dan-iel Ellsberg کە لە دەیەی شەستەکاندا ڕاوێژکاری سەرکۆماری ئەمەریکا بوو لە ماوەی شەڕی ڤێتنامدا ژمارەیەک بەڵگەی نهێنیی ناسراو بە "کاغەزگەلی پێنتاگۆن" چاپ کرد. ئەو بەڵگانە تاکتیکی وەحشییانەی نیزامی ئەمەریکای لە ڤێتنام ئاشکرا کرد. هەر بۆیە ناوبراو درایە مەحکەمە. لەو کاتەدا بزووتنەوەی ئاشتی پشتگیریی بەهێزی خۆی لە ئێلسبەرگ ڕاگەیاند. ئێستا پاش بیست ساڵ ئێلسبەرگ بەهۆی شایەتیدانی لە مەحکەمەکاندا، هاوکاریی بزووتنەوەی پلاگبیل دەکا.

ئێـمـە لەنێـو بزووتنەوەی پلاگـبـیلدا لەلایەن زۆر دادوەر و تەنـانـەت وەزیری دادی پێشـووی ئەمـەریکا رامـسـی کـلارک Ramsy Clark هاوکـاریمان دەکرێ. ئەم جـۆرە هاوکـارییـانە لە خـۆیاندا گـەیشـتـوونەتە شـونێـک کە ژمـارەیـەک لەو دادەوەرانە بۆ خـۆیان ڕاسـتـەوخـۆ لە هەڵمـەتەکـانی خـەباتی نافـەرمـانیی مـەدەنیـدا بـەشـدارییـان کردووە.

لە ئینگلتەرا ژمارەیەک ئەندامی پەرلەمان پشتگیریی خۆیان لە گرووپی پلاگبیلی نان نـەک بۆمــبـا و هـەروەهـا گـرووپی پلاگـبـیلی دژی تیـریدەنت سـیـسـتـەم و هەڵمـەتەکـەی سـاڵی ٢٠٠٠ دەربڕی. لە سـوێددا لەنێو بزووتنەوە جـەماوەرییـەکاندا پێ لەسـەر داکۆکبوون دادەگیرێ. تەنانـەت هەوڵی ئەوە دەدرێ کە وا نیشـان بدرێ هاوەدەنگیـیـەکی قـایم لە نێوان ئـەوان و دەوڵەت و هـاووڵاتیـیـانی تردا لە گـۆڕێدایە. ئەوان لەو باوەڕەدان کـە وێنەیەکی بەم شـێـوە نیـشـاندانە دەبێـتـە هۆی بەهـێـزی و قـایمی. بزووتنـەوە پشـتگیری و ئاشـتیـخـوازەکـانی [سـوێد] هێنـدێک جـار ئەوەندە لەلایەن دەوڵەتـەوە پشـتگیـرییـان دەکرێ کـە ئەوان بەجـۆرێک نـاچار دەمـێنن کـە لە کێشـە و بیروڕا جیـاوازەکانیـان کە لە ڕاسـتیدا لە نێـوان ئەوان و دەوڵەتدا هـەن، کەمڕەنگتر نیـشـان بدەن یان هێندێک جار بێدەنگی هەڵبـژێرن. ئەمـە لە خـۆیدا بۆ کۆمـەڵگە جێگەی مـەترسـییـە. ئەگـەر بێـتو جیـاوازییـەکان لە بزووتنەوەیەک یان لە کـــۆمـــەڵگـەیـەکـــدا بـە ڕوونی نـەخـــرێنـە بـەرچاو ئـەوە هـەردووک لـە بزووتـن و بەرەوپێشچوون دەکەون.

ئەوانەی هـەوڵ دەدەن قـسـەکانی خـۆیان لەگـەڵ یان بەدوای بیـر و بۆچـوونەکـانی دژبەردا بگـونجـێنن، ئەوە وێنەیەکی درۆینـە لە وشـیـاری پێـشـان دەدەن کـە گـۆیا هـەمـوو کـەسـەکان لەگـەڵ یەکـتری کۆکن. بەڵام خـەڵک ورده ورده ئەمـە دەبینێ و لە هـەڵوێست و کاریگەری ئەوان کەمتر دەبێتەوە.

### فەرمانی و ترس

چ پێـویسـتـە بکرێ بۆ ئەوەی ئاسـتـەنگ بخـرێتـە سـەر شـەریکەیەک کە ژینگە ژاراوی دەکا یان چەک و چۆڵ دەنێرێتە دەرەوە؟

بەشـدارانی کۆرسـەکە لە پێشـدا، وڕ و هـاج، زەق لێمـیان ڕوانی. بەڵام لە مـاوەی چەند خولەکێکدا گەڵاڵەیەکی حازریان پێشکێش کرد. لە ڕاسـتیدا بۆ ڕاوەسـتاندن

و پێشگرتن بەئەنجامدانی کردەوەیەک پێویست ناکا ژمارەیەکی زۆر کرێکاری بەشی پێوەندی و تەلەفۆنخانە، ڕاگوێستن و هاتوچۆ، نامەبەر و فەرمانبەریی بانک نافەرمانی بکەن. هەتا کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر پێچەڵپێچتر بێت ئەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی فرەتر پێویستی بەهاوکاری و هاودەنگیی بەشە جیاجیاکانی هەیە. بەهۆی ئەوەی ئابووری زیاتر نێونەتەوەییتر بووە، ئەوە ئەو پێویستی بەیەکتر بوونە بەتایبەتی لە نێوان دەوڵەت و شەریکەکاندا زیادی کردووە.

ئەمە لە خۆیدا پێشوەچوونێکی ئیدەئالی بۆ ئەوانەی کە لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا کەڵک وەردەگرن، پێک هێناوە. بۆ پێشگرتن بەکردەوەی ڕووخێنەر، ئەوە پشتگوێخستن و نەکردنی هاوکاری لە خۆیدا ئامرازێکی زۆر کاریگەرە. بەڵام ئەمە هەر واش ئاسان نییە. کێشەکە لەوەدایە کە ئێمە لە ڕاستیدا فەرمانبەری دەکەین. فەرمانبەری لە هەناوی ئێمەدا، ریشەی داکوتاوە.

کۆمەڵناسی کلاسیک، ماکس ویبر، خۆبەدەستەوەدانێکی ئازادانەی لەلای مرۆڤ سەلماندووە. حاکمان زۆرجار وەک دەستەڵاتدارانی خاوەن لیگیتیمە چاویان لێ دەکرێ. پشتگیرییەکانی ئێمە لە حاکمان یان ئەوەتا لە کەسایەتیی کاریزماییی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ یان لە هەستی خۆ بە ئەرکدار زانین و بەدواداچوونی ئێمە بۆ ئەوان. هەروەها فەرمانبەری دەکرێ لە باوەڕی ئێمە بەترادیسیۆنی بێ کۆتاییەوە سەرچاوەی گرتبێ: "ئەمە هەر وابووە، کەوایە دەبێ ڕاست بێ و هەر واش دەبێ... " سروشتییە کە فەرمانبەریی ئێمە، هۆکاری عەقڵ و بیرکردنەوەی لە پشتەوە بێت: ئێمە ئێستا نەزمێکی باشمان هەیە. من نامەوێ ئەمە بخەمە مەترسی و لەمەی ئێستا خراپتر ببێ. "

بەڵام لە کۆمەڵگەدا کەسگەلێکی تر هەن کە زۆر بەتوندی لە دژی پێوەندییە جیاوازەکانن. ئەوەی کە لە سوێددا هەتا ڕادەیەک سەیروسەمەرەیە ئەوەیە تەواوی ئەوانەی کە بەرهەڵستکاری دەکەن و دژ دەردەکەون لە هەمان کاتیشدا فەرمانبەری هەڵدەبژێرن. بەلایەنی کەمەوە من بۆ ئەم فەرمانبەریی توندئاژۆییە کۆمەڵگەییە هۆکارێکم پێ شک دێ: ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە ژیان بە زۆری بەپێشمەرجەکانەوە بەستراوەتەوە. هەر بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین بزانین و بیحەسبێنین کە کردەوەکانمان چ کاریگەرییەک لەسەر ڕەوتی ژیانمان دادەنێن. بە

کورتی و بەسانایی ئێمە لە ئاکام و کارکردێک کە نافەرمانی بەدوای خۆیدا دێنێ، دەترسێین. ئەمەش وادەکا کە ئێمە باوەڕمان بەخۆمان نەبێ و لەرزۆک بین. ئامادەکارییەکان لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا بەو مانایەیە کە ئێمە بۆ ئەوەی بەسەر ترسەکانماندا زاڵ بین و فەرمانبەری بشکێنین دەبێ یەکتری هان بدەین و هاوکاریی یەکتری بکەین.

## گرووپی دۆستان

بودیستە نونا و مونکاکان کە لە ژاپۆنەوە هاتوون، ڕێوڕەسمی بودایی خۆیان هەتا نوێژی شێوان درێژە دەدەن. گرووپێکی قەشەی کاتۆلیکی، بەدوای ئەواندا دەست بەڕێوڕەسمی کریستیانیی خۆیان دەکەن. گرووپێکی تر کە تەنیا لە دایک و باوکان پێک هاتووە، لەبارەی ئەوەی، بۆ ئەوان یاسایان لەژێر پێ خستووە، قسە و باس دەکەن و پاشان وێنەی منداڵان بەتەیمانەکەی دەوری خۆیانەوە هەڵدەواسن. لە هەمان کاتدا گرووپێکی "دۆستانی ژنان" لە باڵەفڕگەدا، جادەی نیشتنەوەی باڵەفڕەیەکی سەربازییان بەربەست کردووە. گرووپێکی تری ژنان خەریکی چاندنی دارن. ئەو گرووپە دۆستانەی منی تێدا بووم، بەر لەوەی قۆڵبەست بکرێن، لە بیرەوەریی قوربانییانی شەڕدا کۆڕێکی بێدەنگیمان پێک هێنابوو.

ئەوە یەکەم جار بوو من لە هەڵمەتێکدا بەشداری بکەم کە لەودا زیاتر لە هەزار کەس بەشداری بکا. ئەوان هەر کامە سەر بەگرووپی جیاوازیی گرووپی دۆستان بوون. هەر کامە لە بەشداران لەلایەن گرووپی دۆستانی خۆیەوە بەگەلاڵەیەکی تایبەتییەوە، بەشدارییان کردبوو. ئەم نوێ دیتنەوەیە، کڤالیتی و چۆنیەتیی هەڵمەتەکەی بەهۆی بەشداریی گرووپی دۆستان کە کارەکانیان لە چاو هەڵمەتە بەرفرە و قەرەباڵخەکانی نەریتی، نوێ بوو، بەتەواوی گۆڕیبوو. پێشتر من هەستم بەو جیاوازییە بەرچاوە نەکردبوو ئەگەر بێ و ئەمە لەگەڵ ئەو هەڵمەتە کۆنانە بەراورد بکەم کە لەلایەن چەند ڕێکخەرێکەوە، بەڕێوە دەچوون.

گاندی گوتوویەتی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژی بەبێ ئازایەتی و نەترسی شیانی نییە. بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەرکی خەباتکارانەمان بەئەنجام بگەیەنین دەبێ بەسەر ترس لە ماڵ و پارە، شەرەف، بنەماڵە، خزم، دەوڵەت و بریندار بوون یان مردندا سەربکەوین و خۆمان لە ترس ڕزگار بکەین. بۆ گەیشتن بەمەش بەپێی

قسەی گاندی پێویستمان بە هێزی فیزیکی نییە. تاکێک هەروەک ملیۆنێک دەتوانێ بەرهەڵستکاری بکا. ژن و پیاو بەبێ جیاوازی دەتوانن بەشداری بکەن. تەنیا شتێک کە بۆ گەیشتن بەمە پێویستە زاڵبوونی سایکۆلۆجیی بەسەر خۆدایە. ئەم نەترسی و ئازایەتییە دەتوانرێ پێکبێ ئەگەر مرۆڤ بەتەواوەتی تێ بگا کە ڕاستی و ناتوندوتیژی چ مانایەک دەدەن.

مارتین لوترکین لەژێر کاریگەری گاندیدا بوو. بۆچوونەکەی لوترکین، ئەوەیە کە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لە خۆیدا یانێ دەروون خاوێنکردنەوە. دەرمان و چارەسەری گاندی و لوترکین بۆ بەزاندنی ترس ئەوەیە کە دەبێ مرۆڤ لە پێشدا لەباری ڕۆحییەوە خۆی ئامادە بکا. ئەم ترادیسیۆنەی پاش گاندی و لوترکین لە چەند لاوە و بەرە و چەند لا پێشوەچوونی بەخۆیەوە دیوە. لەنێو گرووپە مەزهەبییەکاندا "ناتوندوتیژیی بەهێزی ڕۆحی" پەرەی گرتووە. لەلای گرووپگەلی گەنجان "بەرهەڵستکاری کاریگەر و بەجێ" پێشوەچوونی دیوە. ئەوانەی کە چەند جار دەستبەسەر کرابوون و گیرابوون لەبەرئەوەی دەیانزانی کە چ شتێک لە کاتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکاندا ڕوو دەدا، ئەوە جارەکانی تر و لە داهاتوودا کاتێکی زۆریان بۆ ئامادەکاری تەرخان نەدەکرد.

ئەم جۆرە تێڕوانینە لەلایەن فیمینیستەکان و هەروەها گرووپگەلی نێو بزووتنەوەی پلاگبیل کەوتووەتە بەر ڕەخنە و گازندە. ڕەخنەکەش ئەوەیە کە گاندی و لوترکین تێڕوانینێکی زۆر ئیلیتگرایانە و تاکیەتییانەی لەسەر خۆئامادەکاری بەر لە هەڵمەتەکاندا هەبووە. ئەمەش وا دەکا کە دەبێ مرۆڤ خاوەنی ورەیەکی یەکجار بەرز بێ کە بتوانێ خەباتی لە شێوازی گاندی و لوترکین بکا. بەشێک لە بزووتنەوەی پلاگبیل دژی ئەمەیە و ئەوانیش ئەو کەسانەن کە خۆیان زۆر ئازا و بەباوەڕ نازانن کە بتوانن بەو جۆرە خەبات بکەن و ئەوان پێیان وایە دەبێ شێوازی خەبات ئەوەندە ئاسان بێ کە هەموو کەس بتوانێ بیکا.

هەر بۆیە لە باتیی هێزی تاکیەتیی ڕۆحی وەک ئەلتەرناتیف باس لە پشتگیریی دوولایەنە دەکرێ. هاوبەشییەتی یەکەمین و باشترین ئامرازە بۆ سەرکەوتن بەسەر ترسدا. ئەگەر بێتو ئێمە بتوانین لە گرووپگەلی چکۆڵەدا متمانە و ئاسایش دابین بکەین ئەوە ترسی کەسی نامێنێ و تاک دەتوانێ بەسەر ترسدا زاڵ بێ. هەر بۆیە

هاوبەشییەتی بەردی بناخەیە لە بەرهەڵستکاریدا.

لە هەڵمەتێکی گەورە لە دژی وزەی ناوکی سیبرۆک Seabrook لە نیو هامپشیر New Hampshir لە ساڵی ١٩٧٦، بۆ یەکەم جار لە پاش شەڕی نێوەخۆیی ئیسپانیا، بیری "گرووپگەلی دۆستان" بەکار بردرا. پێشتر لە دەیەی سییەکاندا لەلایەن بزووتنەوەی ئانارشیستی ئیسپانیاوە گرووپگەلێک بەناوی grupos de afin-idad گرووپگەلی دۆستان پێک هاتبوو. ئاکامی ئەم نوێکارییە (ڕێنێسانسە) لە دەیەی حەفتاکاندا لە سەرەوەی چاوەڕوانییەکان بوو. ئەزموونەکان هەر زوو بە ئەمەریکادا بڵاو بوونەوە. بەهۆی پەرەگرتنی بەربڵاوی بزووتنەوەی دژی وزەی ناوکی لە کۆتایی دەیەی حەفتاکاندا، ئەزموونی گرووپگەلی دۆستان گەیشتە نێو بزووتنەوەی ناتوندوتیژی دژی وزەی ناوکی لە ئەڵمانیا و لەوێشەوە دواتر بەهۆی بزووتنەوەی ژنان و ئاشتیخوازان لە سەرەتای دەیەی هەشتاکاندا بەهەموو ئەورووپادا بڵاو بووەوە.

من بۆ خۆم لە نێوان خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لە قۆناخی پێش سیبرۆک جیاوازی دادەنێم. بەکورتی دەکرێ بگوترێ کە گرووپگەلی دۆستان، شۆڕشیان لە بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری ناتوندوتیژیدا پێک هێنا. پێشتر زۆرتر گرینگیی بەهەبوونی ڕێبەری کاریزمایی دەدرا، بۆ ئەوەی کە هەڵمەتەکان بەشێوەیەکی جیاواز سەرکەوتن وەدەست بێنن. بەڵام لەلای "گرووپگەلی دۆستان" هەموو کەسێک دەتوانێ لە گەڵاڵەڕێژیی هەڵمەتەکاندا بەشداری بکا، لە پرۆسەی بڕیارداندا و پاشان جێبەجێکردنیدا دەستی هەبێ. ئەمە بەو مانایەیە کە بەهۆی گرووپگەلی دۆستان دیموکراسی لەنێو بزووتنەوەی ناتوندوتیژیدا قایم بووە.

گرووپێکی دۆستان، گرووپێکی هەڵمەتبەرە کە لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا بەشداری دەکا. هەر گرووپێک لە سێ هەتا پازدە کەس پێک هاتووە. هێندێک جار قازانج لەوەدایە کە ئەندامانی گرووپەکە کەمتر بن. لە یەکەم گرووپی دۆستان کەمن لە شاری ئوپسالا (سوێد) لە ساڵی ١٩٨٢ تێدا بەشداریم کرد، سێ کەس بەشدار بوون.

ئافینیدادی afinidad ئیسپانیایی یان ئەفینیتی affinity ئینگلیزی لە وشەی لاتینی ئافینیس affinis کە بەمانای پێکەوەبوون یان ئالیکاریی یەکتریکردنە

سـەرچاوەی گـرتووە. ئەم وشـەیە بۆ کـاتێک کـە دوو بەڵەم لە پەنای یەکـتـریدا هەڵکەوتوون، بەکـار دەبرێ. کـە گـرووپگەلی ئەفـینیـتی وەرگـێـڕدراوەتە سـەر گـرووپگەلی دۆسـتـان ڕێککەوتێکی باش نییـە. زۆر کـەس وا تێ گـەیشـتـووە کـە ئەندامـانی ئەم گرووپگەلە لەگەڵ یەکتری دۆستن یان دەبنە دۆست. ئەمـە لە خۆیدا ئەو تێگەیشـتنە خـراپەی دروست کـردووە کـە هێندێک کـەس بەهۆی ئەوەوە کـە زەحـمـەت بووە دۆسـتـایەتیـیـان لەگـەڵدا پێکبێ، تووشی هیـوابڕاوی هـاتوون. گرووپگەلی ئەفینیتی بەمـانای دۆستایەتی دروستکردن نییـە بگرە بەمـانای ئەوەیە ئەندامـانی ئەو گـرووپە شـتـێکی هاوبەشـیـان پێکەوە هەیە. بۆ ئەوەی هـەڵەی لەو چەشنەی سـەرەوە دووپات نەبێتەوە، چەمکی جێگرەوەی وەک "گـرووپی هـەڵمـەت" و "گـرووپی بـناخـە"ش لە باتیی گـرووپگەلی دۆسـتـان بەکـار دەبرێ. نـاوی گـرووپی هەڵمـەت لەو گـرووپانەوە هاتووە کـە بەشـێـوەی ترادیسـیـۆنی هەڵمـەتەکـە لەلایەن ئەندامانی گرووپ بە شێوەی نۆرە بەڕێوە دەچێ. ناوی گرووپی بناخە لە گرووپگەلە تیـۆلۆگـە کـاتۆلیکە ڕزگـاریخـوازەکـانەوە لەنێـو هەژارەکـانی ئەمـەریکای لاتینـدا سەرچاوەی گرتووە کە لە ڕاستیدا هیچ پێوەندی بە بەرهەڵستکارییەوە نییە.

هێندێک جار گرووپگەلی دۆستان بۆ بەئەنجام گەیاندنی هەڵمـەتێک چێ دەکرێن و پـاش تێـپـەڕبـوونی سـزای زینـدانیـی هـەڵمــەتبــەران، ئەوە گــرووپـەکــەش هەڵدەوەشـێـتـەوە. بەڵام گـرووپگەلێکی دۆسـتـانی تریش هـەن کە هـەڵمـەتەکـەیان درێژخایەنە و ئەندامـانی گرووپ بەشـێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام هەڵمـەتەکانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی درێژە دەدەن.

یەکێک لە هەرە گرینگترین ئەرکەکانی گرووپگەلی دۆسـتان ئەوەیە کە یارمـەتیی تێکۆشـەرانی تر بدەن هەتا گـرووپی نوێ چێ بکـرێ. گرووپێکی دۆسـتـان لە خۆیدا وەک گرووپێکی بەستراوە نییە بگرە پردێکە بۆ نێو کۆمـەڵگەی باشتر. گـرووپگەلی دۆسـتـان نابێ زنجیری بەسـتـراوەییی خۆیان بە یەکـتـرییەوە بپـچـڕێن چونکە لەو دەمــەدا ئیـتـر مـەترسی بۆ سـەر چێکردنی گـرووپگەلی نوێ دروست دەبێ. بەو شـێوەیە خـەڵک لە قـەراخەوە دەخرێ یان ئەوە جـارێکی تر دەکەونەوە سەر تەگەری گەڕان و پێشوەچوون. خەباتی نافەرمـانیی مەدەنی هەر وا ئاسان نییە و بۆ ئەوەی هەڵەکـانی ڕابردوو دووپات نەکـرێنەوە، پشـتگیـرییـەکی لە ڕادەبەدەری تێکۆشـەرە کۆنەکان پێویستە.

## گرووپگەلی دۆستان یان هەڵمەتی ڕێبەریکراو

ئەگەر هەڵمەتەکانی گرووپگەلی دۆستان لەگەڵ هەڵمەتی تاک یان هەڵمەتی بەکۆمەڵی ڕێبەریکراو بەراورد بکەین، ئەوە هەڵمەتەکانی گرووپگەلی دۆستان زۆر لایەنی باش و پۆزەتیڤی هەیە. لایەنە باشەکان بریتین لە دیموکراسی، کەڵک وەرگرتنی بەربڵاو لە ئەزموونەکان، پشوودرێژی و ڕاکێشانی پشتگیری. هەروەها لایەنی باشی تری گرووپگەلی دۆستان ئەوەیە کە متمانە دروست دەکرێ و هەوڵ دەدرێ مەترسیی بەکارهێنانی توندوتیژی و گۆنگەڵ کەم بکرێتەوە.

گرینگ ئەوەیە دیموکراسی زیاتر پەرە بگرێ. گرووپگەلی دۆستان لە بڕیارەکاندا سەربەخۆی تەواویان هەیە و بەرپرسایەتیی هەموو بەشەکانی هەڵمەتەکان وەئەستۆ دەگرن. هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە هەڵمەتی گرووپگەلی دۆستان لەو گرووپانە کە هەڵمەتەکانیان لە لایەن ڕێبەرانیانەوە پلانی بۆ دادەندرێ، بەتەواوەتی جیاواز بێ. لەلای گرووپگەلی دۆستان بۆ دانی بڕیارەکان کاتکوژی ناکرێ و کاتێکی زۆر بەخەسار نادرێ. بەشدارانی هەڵمەت لە گرووپگەلی دۆستاندا بەتایبەتی لە کاتی هەلومەرجە چاوەڕواننەکراوەکاندا هەر زوو دەتوانن کۆ ببنەوە.

لایەنێکی تری پۆزەتیڤی گرووپگەلی دۆستان ئەوەیە کە بەهۆی ئەنجامدانی هەڵمەتی نوێ بەردەوام جۆرێک بەردەوامی لە کارەکانیاندا دەبیندرێ. لە پاش هەڵمەتێکی گەورە بۆ بەربەستکردنی چەکی ناوکی لە هەمارێک لە ساڵی ١٩٨٣ گرووپگەلێکی زۆرتر لەنێو گرووپگەلی دۆستان خوازیاری بەردەوامیی هەڵمەتەکە بوون. ئێمە گەلاڵەی هەڵمەتێکی درێژخایەنی دە ڕۆژەمان داڕشت. هەموو ڕۆژێک گرووپێک یان چەند گرووپگەلێک لەنێو گرووپگەلی دۆستان بە نۆرە لە هەڵمەتەکەدا بەشدارییان دەکرد. لەو گرووپەی کە منی تێدا بووم، ویستمان هەڵمەتەکە بەهەموو ئەورووپاوە ببەستینەوە لەبەر ئەوە خەریک بوو مووشەکەکانی چەکی ناوکی لە هەمارەکانیانەوە بۆ دەرەوە ڕادەگوێزران. یەکێک لە ئەندامانی گرووپەکەمان هەڵپەڕکێی فۆلکلۆریی یۆنانی دەزانی. ئێمەش هەڵمەتێکمان لە شێوە هەڵپەڕکێی یۆنانی لە شوێنی نیشتنەوەی باڵەفڕەکان لە باڵەفڕگەی سەربازی وەڕێ خست.

ڕێ تێچووە کە گرووپێکی هەزار کەسی لە درێژەدانی هەڵمەتێکدا تاقەتی فرەتری هەیە هەتا گرووپێکی ڕێبەریکراوی چکۆڵەی چەند کەسی. لە شاری

لینشـۆپینگ [سـوید] لە مـاوەی سێ هاوینی سـاڵەکانی ١٩٩٢، ١٩٩٣ و ١٩٩٥دا، سێ کەمپـەینی چەکداماڵین ڕێک خرا. ئەو کۆمپانیانە بەشێوەیەک ڕێک خرابوون کە فابریکای یاس دەڕووخێندرا و لە جێگەی ئۆردووگای پەنابەر، شوێنی گەمەی منداڵان و شـوێنی کـشـتوکـاڵی سـاز دەکـران. گـەلاڵەی کـەمـپـینەکـان بەهۆی گـرووپگەلی دۆسـتـان و ئەو گـرووپانەی ترەوە کـە پێکەوە هاوکـارییـان دەکـرد، داڕێژرا. لە کەمپـەینی یەکەمدا هـەموو گرووپـەکان بەسـەر گرووپگەلی دۆسـتـاندا دابەش نەکـرابوون. ئـەمـەش وای کـرد لە کـاتێکدا دوو سـەد کـەس بۆ بەئەنجـام گـەیاندنی هـەڵمـەتەکە لە کـەمپـەکـە حـازر بوون تەنیـا ژمـارەیەکی کەم زیاتر لە هەمووان شەکەت و ماندووتر بن. لە کەمپەینی دووەم و سێیەمدا هەموو گرووپەکان بەسـەر گـرووپگەلی دۆسـتـان و گـرووپگەلی بناخـە دابەش بوون و هـەمـوو کـەسێک ئەرکێکی کەوتە سـەرشان. ئەمـەش بەتایبـەتی لە کەمپـەینی سێیـەمـدا بوو بەهۆی هاوکاری و هـاوئاهەنگیی فـرەتر لەگەڵ یەکتر و هـەر بۆیە هەمـوو گـرووپەکان وەک یەک کارەکانیان ڕاپەڕاند و کەسانێک لە ڕادەبەدەر ماندوو نەبوون.

لایەنێکی تری بـاشی گـرووپگەلی دۆسـتــان ئەوەیە کـە ئـەزمــوونی چۆنیــەتیی گـەلاڵەڕێژی هـەڵمـەتـەکـان زۆرتر بڵاو دەبێـتـەوە. ئـەمـەش دەبێـتـە هۆی ئەوەی کـە مـەترسـیی کزبوونـی بزووتنەوە بەهۆی ڕێبـەری مـاندوو لەنێـو بچێ و ئەزمـوونەکـان گیـانێکی نوێ وەبەر بزووتنـەوە بدەن. نموونەیەکی بەرچـاو لەم پێوەندییـەدا ئەوەیە کـە لە پاش پێکران و کـوژرانی مـارتین لوترکین، ژمـارەیەک لە گـرووپگەلی نێـو بزووتنەوەی مـافی هـاوولاتییـەتی [لە ئـەمـەریکا] بۆ مـاوەیەکی کورت مـات و بێدەنگ بوون.

لێرەدا دەردەکەوێ کە خـاڵێکی بەهێزی دژی ئیلیتی لەنێو گرووپگەلی دۆسـتـاندا هـەیە. لای ئـەوان ئەو شـیـانە هـەیە کـە پشـتگیـری و هـاوئـاهەنگیـیـەکی وا لەنێـو تێکۆشـەرانی گرووپگەلی دۆسـتـاندا دروست دەکرێ کە ئەوان ئـەو توانایەیان هەیە کـە درێژە بەهەڵمـەتەکـانیـان بدەن، هەڵمـەتی فـرەتر ئەنجـام بدەن و تەنانەت بەرهەڵستکاریش زیاتر پەرە پێ بدەن.

لایەنێکی باشـی گرووپگەلی دۆستان کە هـەر زوو لە بیر دەکرێ ئەوەیە کە شیانی تێوەگلانی ئـاژاوەچی و گۆنگەڵ هەڵخڕێنەر لەنێو دەچێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لای

ئەوان، دەبێ هەر بەشداربوویەک ئەندامی یەکێک لە گرووپگەلی دۆستان بێ هەتا ناسیاوییەکی تەواو لە نێوان هەموو بەشدارانی هەڵمەتدا دروست ببێ.

لەلای گرووپگەلی دۆستان زۆر ئاساییە ئەگەر هاتو کەسێک خەتە گشتییەکانی خەباتی ناتوندوتیژیی پەسند نەکرد و لە کردەوەدا بەکاری نەهێنا ئەوە داوای لێ بکرێ کە ئەوان بەجێ بێڵێ. ئەگەر هاتو سەرەڕای ئەمەش ئەو کەسە لە هەڵمەتەکاندا بەشداریی کرد ئەوە گرووپگەلی دۆستان ڕاستەوخۆ پێش بەو کەسە دەگرن. هەموو گرووپگەلی دۆستان لەسەریانە پێش لە ئەنجامدانی هەڵمەتێک، گەڵاڵەی هەڵمەتەکانیان بۆ ئەندامانی گرووپ بنێرن. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەترسیی ئەنجامدانی هەڵمەتی خراپ، زۆر دابەزێ.

ئەرکی وەک ئەوەیە کە دەبێ هەموو ئەندامانی گرووپگەلی دۆستان لە هەڵمەتێکدا بەشداری بکەن دەبێتە هۆی جێکەوتنی متمانە هەم لەلای ئەندامانی گرووپ و هەم لەلای پۆلیسش. تەنیا کەموکورتییەکی چکۆڵە لە هەڵقەیەکدا بەسە بۆ ئەوەی زنجیرێک سەرتاپا خراپ ببێ. هەر بۆیە گرینگە بەوردی بیر لە گەڵاڵەی هەڵمەتەکان بکرێتەوە. ئەوانەی کە هەڵمەتەکانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی گەڵاڵەڕێژی دەکەن دەبێ ئەوەندە وریا بن کە هەموو هەڵقەکانی زنجیرەکە بخەنە بەر سەرنج هەتا زنجیرەکە بتوانێ لێکهاڵانی خۆی بپارێزێ.

ژمارەیەک گرفت و سەختییش لەلای گرووپگەلی دۆستان هەیە. یەکێک لەو گرفتانە ئەوەیە کە تێکۆشەران ناتوانن بەشێوەیەکی کاتی لە هەڵمەتەکاندا بەشداری بکەن. لە گرووپگەلی دۆستاندا ئەرکی قورستر دەکەوێتە سەرشانی ئەندامان و بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکانەش کاتێکی زۆریان دەوێ کە بۆیان تەرخان بکرێ. زۆر ساناترە کە تەنیا گوێڕایەڵی ڕێبەر یان گەڵاڵەداڕێژەرێک بکەی هەتا ئەوە بۆ خۆت لەگەڵ بی و لە گەڵاڵەڕێژی و ئەرکەکانی تردا بەشداری بکەی. هەر بۆیە ئەو کەسانەی لە گرووپگەلی دۆستاندا بەشداری دەکەن دەبێ کاتێکی زۆری خۆیان بۆ هەڵمەتەکان تەرخان بکەن.

گرفتێکی تری گرووپگەلی دۆستان ئەوەیە کە ئەوان کێشەکان ئاوەڵا و ئاشکرا دەکەن. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئەندامانی گرووپگەلی دۆستان لە پرۆسێسی بڕیاردانەکاندا بەشداری دەکەن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە دیموکراسی لە

خـۆیدا کـێـشـەکـان دەخـاتـە ڕوو و ئاشکرایان دەکـا بـەڵام بـەپێـچـەوانـەوە لەو ڕێکخراوانەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕێبەری دەکرێن کێشەکان دەشاردرێنەوە.

گرفتێکی تر ئەوەیە کە لە گرووپگەلی دۆستاندا هەموو جارێک شیانی ئەوە نییە کـە تێکۆشـەران کـار و ئـەرکی جـۆراوجـۆر ئەنجـام بدەن. هەر بۆیە زۆرجـار بەرهەڵستکاری شێـوەیەکی وەکـیـەکی و درێژخـایەن دەگـرێتـە خۆ کـە لە خـۆیدا ناخۆشـە. ئەمەش وا دەکا کە تێکۆشەران هەست بەڕاحەتی نەکەن و هەردەم دەبێ ئاگایان لە ئەرک و کاری ئەم و ئەو بێ.

## ئەرکەکان لە گرووپگەلی دۆستاندا

لە گـرووپێکی دۆسـتـانـدا ئەرکـەکان بەسـەر هەمـوو ئەندامـانی گـرووپدا دابەش دەکـرێ. نیـوەی گـرووپـەکـە خـۆی بـۆ ئەوە دادەنێ کـە دەسـتـبـەسـەر بکرێن یان بگیـردرێن و نیـوەکـەی تری گـرووپ وەک کـەسـانی پشـتگیـری لە هەڵمـەتەکـاندا بەشداری دەکـەن. لە وڵاتی سـوێددا خـودی وشـەی کەسـی پشـتگر کـەوتووەتە ژێر پرسیار. لە نیو گرووپی پلاگبیلی نان لە باتیی بۆمبا بەو کەسانە کە بەجۆرێک لە قـەراخـەوە کـار دەکەن پێـیـان دەگـوترێ کـەسـانی هەڵمـەت بەهێـزکـەر لە کـاتی پێـویسـتـدا. ئـەمـە لە خـۆیدا ئەو ڕوانگەیەی کـە پێی وابوو ئـەوانەی چەکـوشـیـان دەوەشـاند، ئەرکە قورسەکانیـان بەئەنجام دەگەیاند، لەنێو بزووتنەوەی پلاگبیلدا گـۆڕی. هەڵمـەتێکی پلاگـبـیل بۆ خـۆی لە چەند هەڵمـەت پێک هـاتووە. ژمـارەیەک چەکوش دەوەشـێنن، کەسـانی تر ڕاهـێنانی خـەباتی نافـەرمـانیی مـەدەنی دەبینن، ژمـارەیـەک لەگـەڵ ڕۆژنامـەکـان پێـوەندی دەگـرن و ژمـارەیەکی تریش نـامـەی ئەلیکترۆنی بۆ ئەم و بۆ ئەو دەنێرن.

ئەوانەی کە پشـتگیری گیراوەکـان دەکەن و توانای زیاتری وەرگرتنی ئاکامی کـارەکـەیان هەبێ، دەتوانرێ ناویان بنرێ کـەسـانی پشـتگری و ئەوانـەش کـە لە قەراخەوە زیاتر بەشێوەی سیاسی لە هەڵمەتەکاندا بەشداری دەکەن و ڕاستەوخۆ لە هەڵمـەتەکـاندا بەشـداری ناکـەن، ناویان بنرێ هەڵمـەت بەهێـزکـەر لە کـاتی پێویستدا. زۆرجار کەسانی پشتگری و کەسانی هەڵمەت بەهێزکەر لەو ئەندامانەی گیراون و کات لە زینداندا بەسەر دەبەن فرەتر چالاکترن. کاتێک من بۆ خۆم بەر لەوە یەکەم جار لە هەڵمـەتی نافەرمـانیی مـەدەنیدا بەشداری بکەم، بەپێچەوانەی

ئەمەی سەرەوە بیرم دەکردەوە.

کەسانی پشتگری و کەسانی هەڵمەت بەهێزکەر بۆ خۆیان دەکرێ بەسەر چەند گرووپی وەک گرووپی ئاشتیپارێزان، هەڵمەتپارێزان، پێوەندیگرەکان، پەیامنێرانی سیاسی و ئەوانەی بەکردەوە یارمەتیی هەڵمەتبەران دەدەن، دابەش بکرێن. هیچ کامە لەو گرووپە ناوبراوانە مەترسیی گرتنیان لە پێش نییە. گرووپی پلاگبیلی نان نەک بۆمبا گرووپی جۆراوجۆری تایبەتی پشتگری و قەراخیان رێک خستووە. ستیفێن Stephen لە ئینگلتەرا و رۆلف Rolf لە سوێد پێوەندییان بە رێکخراوی جۆراوجۆرەوە گرت. ماری Marie پێوەندی لەگەڵ میدیای لە ئەستۆ بوو. هاراڵد Harald پێوەندیی کەسی لەگەڵ خزم و کەسوکارەکان خرابووە سەرشان. ئەیلێن کرایگ Eilen Craig، ژان Jan و تریش Trisch بەرپرسی ئەوە بوون کە پێوەندی لەگەڵ سێ گرتیگەی سوێددا بگرن.

ژمارەیەک لە پێوەندیگرەکان لە شوێنی هەڵمەتەکەی باراو Barrowدا بەشدار بوون، ئەوانی تر لە ژێرزەوینێکدا لەگەڵ فاکس، تەلەفۆن و کۆمپیوتەرەکەیان خەریکی کارکردن بوون.

کاراییەکی گرینگی پشتگیری، پێوەندیگرەکانن. ئەوان دەبنە هەڵقەی نێوان گرووپگەلی دۆستانی جۆراوجۆر، تەلەفۆن بۆ بنەماڵە و دۆستانی گیراوەکان دەکەن، پێوەندی بە پارێزەر و دادوەرەوە دەگرن، لەگەڵ پۆلیس وتووێژ دەکەن، پێوەندی بە میدیاوە دەگرن و بۆ چاوپێکەوتنی میدیای حازری دەکەن و هەروەها بۆ وەدەستخستنی پشتگیری پێوەندی بەرێکخراوەکانی ترەوە دەکەن.

ئەرکێکی تری گرووپی پشتگیری ئەرکی وەخۆگرتنە. ئەوان وەدووی ئۆتۆمۆبێلەکانی پۆلیس دەکەون یان لە بەردەرکەی پۆلیسخانە چاوەڕوانی دەکەن کە ئەگەر هاتو هەڤاڵێک ئازاد کرا، وەخۆی بگرن. شتێک کە گرووپی وەخۆگرتن پێویستە بیری لێ بکاتەوە ئەوەیە کە پۆلیسەکان هەموو جارێک نزیکترین پۆلیسخانە یان ئەو پۆلیسخانەیەی جارەکانی پێشووتر گرووپگەلی پشتگری لەوێ چاوەڕێیان کردووە، بۆ دەستبەسەرگرتن کەڵکی لێ وەرناگرن. چەند هەڤاڵێک لە کاتی ئەنجامدانی هەڵمەتێکدا لە ئەڵمانیا دەستبەسەر کران. ئەو چەند هەڤاڵە وێڕای چەند سەد کەسێکی تر بۆ شارێکی تر ڕاگوێزران و لەو شارە ئازاد کران.

بەم شـێـوەیە پـۆلیس ویسـتـبـووی هەڤـالان ئـەوەندە دوور بخـاتەوە کـە نەتوانن بگەڕێنەوە سەر هەڵمەتەکان و درێژە بەئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆیان بدەن. بەلام گرووپگەلی پشتگری بەدرێژای ڕێگای ڕاگوێزرانـی هەڤالان وەدووی پۆلیس کەوتن و ئاخرەکەی توانییان ئەو هەڤالانە بەهەمان ڕێگەدا بگەڕێننەوە سەر هەڵمەتەکان.

ئەرکێکی گرینگی تری گرووپی پشتگیری هاوکاری بەکردەوەیە لە کاتی گرتن و دەستبەسەرکردنی هەڤالاندا. گرووپی پشتگیری دەتوانێ جلوبەرگی زیادی، دەوا و دەرمان، خواردن و کتێب کۆ بکاتەوە و بۆ هەڤالانی دەستبەسەرکراو بنێرێ.

### پارێزەرانی ئاشتی [لە کاتی هەڵمەتەکاندا]

گـرووپی پارێزەرانی ئاشـتی وەک ئەرک دەکـەوێتـە سـەر شـانیان کـە هێـمنی و هێـوری لـە کـاتی هـەڵمـەتێکدا بپـارێزن. لە ئەفـریقـای باشـووردا، کـە ئـەزمـوونی بەکـارهێنانی پارێزەرانی ئاشـتی زۆرە لە باتیی پارێزەرانـی ئاشـتی لە تێـرمـێک بەناوی مـارشـال marshalls کـەڵک وەردەگیـردرێ. لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٨٨دا لە هەڵمەتێکدا لە وڵاتی شیلی من وەک چاودێر بەسەر ئەشکەنجەدا بەشداریم کرد. لە ناکاو مـینیبـووسـێکی پۆلیسم دی کـە خـۆی کرد بەنێـو ئەو تێکۆشـەرانـەدا کە لە هەڵـمـەتەکـەدا وەک نیـشـانـەی ناڕەزایەتی دەربڕین دانیشـتـبـوون. ئەم هەڵـمـەتەی پۆلیس ئەوەندە کتوپڕ بوو کە من دەرفەتم نەبوو لەگەڵ لێخوڕی مینیبووسەکە قسە بکەم، هـەر بۆیە کـەسـێک کـە لە ڕاسـتـیـدا ڕۆڵی پـشـتگریی وەک ئـەرک خـرابووە سـەرشـانی بەپەلە ڕۆڵی پارێزەری ئاشـتـیی وەئەسـتۆ گـرت و لە قـەراخـەوە خـۆی هەڵواسی بە مینیبووسەکەوە، پێوەندی لەگەڵ پۆلیسی لێخوڕی باسەکە گرت. ئەم دژکردەوە بەپەلـەیە بوو بەهـۆی ئەوەی کـە پۆلیـسـەکـە هێور ببێـتـەوە و مـاشـینەکـە بەرەودوا بگەڕێنێتەوە.

ئەوانـەی کـە بۆ یەکـەم جـار لە سـەرەتای دەیەی هـەشـتـاکـاندا دەسـتـەکـانی پارێزەرانی ئاشـتـیـان دامـەزراند گرووپێک بوون بەناوی Livemore Action Group لە کالیفـۆرنیا. پـارێزەرانی ئاشـتی قـۆڵیـان بە پەڕۆیەک دەبـەست و بەو شـێوەیە لە کاتی هەڵمەتەکاندا خـۆیان نیشانە دەکرد و پاشان لەگەڵ پۆلیس قسەیان دەکرد کـە ئـەوان کـێن و کـامـە ئەرکـیـان لە ئەسـتـۆیە. هەر بـۆیە پۆلیس لە گـرتن و قۆڵبەستکردنی ئەوان خۆی دەپاراست. هەر پارێزەرێکی ئاشـتی دەبێ دەورەیەکی

تایبـەت ببینێ و بتـوانێ لە کـاتی پێویسـتـدا چاودێر یان پۆلیسـی هەڵەشـە هێور بکاتەوە و لە هەمـان کـاتـدا پێش بەگـێـچـەڵ و گـۆنگەڵی چەپگەلی توندئاژۆ کـە دەیانەوێ لە هەڵمەتەکاندا شەڕ و پێکدادان هەڵایسێنن، بگرێ.

بەڵام هەر پـارێزەرێکی ئاشـتی دەبێ خـۆی بۆ هەلومـەرجی چاوەڕواننەکـراویش ئامـادە بکا. یەکەم جـار کـە من بۆ خـۆم ڕۆڵی پارێزگاری ئاشـتیم لە ئەسـتـۆ خـرا، دیتم کۆمـەڵێک گەنجی لە قەراخ وەسـتـاو و چاولێکەر بەرەو لای ئێمە دەیانقیڕاند و هەرا و هەنگامـەیان دەکرد. مـن داوام لێ کـردن کـە دەمـەوێ قسـەیان لەگەڵ بکەم. بەبێ ئەوەی لە پێـشـدا بەوە دەسـت پێ بکـەم کـە من بۆ خـۆم چۆنم بیـر دەکـردەوە بەهێنانە گـۆڕی چەند پرسـیـارێک داوام لێ کـردن کـە کـەمـێک لەسـەر خـۆیان و هەڵمـەتەکـەی ئێـمـە بیـر بکەنەوە و پاشـان هەڵوێسـت وەربگرن. پاش دیالـۆگـێک لەگەڵیان وایان لێ هات کە تەنانەت پشتگری لە هەڵمەتەکەی ئێمە بکەن.

لە مـاوەی دامـاڵینی چەک لە کـەمـپی لینـشـۆپینگ [سـوێد] کـۆرسـێکی پارێزەری ئاشـتـیـمـان بۆ هەمـوو بەشـدارانی هەڵمـەتـەکـە کـردەوە. بەڵام لە هـەمـان کـاتدا کۆمیتـەیەکی ئاسـایشـیشـمـان بەناوی بڕێک گاڵتەجاڕی سێکۆ Säko دامەزراند. (ناوی گـاڵتـەجـاڕی لەبەر ئەوە بوو دەزگـای سـیـخـوڕی و ئاسـایشـی سـوێد ناوی "سێپۆ" Säpo یە. یانێ ناوی سێکۆ لەسەر کێشی سێپۆ داندراوە). ئەو کۆمیتـەیە دەورەیەکی چڕتریان لەسەر چۆنیەتیی پارێزگاری ئاسایشی کەمپەکە دی.

لە کـاتی ئەنجامـدانی هەڵمـەتی گەورەتردا گرووپگەلی دۆسـتـان ئەرکی پارێزەری ئاشـتی لەنێـو خـۆیاندا لە شـێـوازی جـیـاجـیـادا دابـەش دەکـەن. ژمـارەیەک لە پارێزەرانی ئاشـتی ئەرکی هێورکردنەوەی پـۆلیس و چاولێکەری هەڵەشـە وەئەسـتـۆ دەگرن و ژمارەیەکیش لە نێوەخۆی هـەڵمەتبـەراندا هـەوڵ دەدەن کـەسگەلێک ئاژاوە یان گۆنگەلێک نەنێنەوە و هەڵمەتەکان بەلاڕێدا نەبەن.

چەند مـانگێک بەر لە دەسپێکردنی هەڵمـەتی چەکدامـاڵین لە کـەمـپی لینشـۆپینگ پارێزەرانـی ئاشـتـی پێـوەندیان بەپۆلیـسـەوە گـرت و هـەر ئـەم پێـوەندییـانەش بوو بەهۆی پێکهێنانی هێندێک ڕێککەوتن لە نێوان پـۆلیس و هەڵمـەتبـەراندا سـەبارەت بەدژکـردەوەی چاوەڕوانکراوی پۆلیس. کـاتێک یەکـەمین هەڵمـەتی چـەکدامـاڵینی کـەمـپ دەسـتـی پێ کـرد ژمـارەیەک پـۆلیس پرسـیـاریان کـرد ئەرێ ئەوە شـوێنی

قاوەخواردنەوەکەتان لە کوێیە؟ ئەوان پێشتر دەیانزانی کە ئێمە پێمان گوتبوون بەر لەوەی بمانگرن ئەوە داوەتی قاوە و شیرینیی خواردنتان دەکەین. بەشێکی بەرچاو لە پۆلیسەکان ئەو تێگەیشتنەیان لا دروست بوو کە تێکۆشەرانی خەباتی ناتوندوتیژی و مەدەنی چۆن هەڵسوکەوت دەکەن و جیاوازیی ئەوان لەگەڵ تێکۆشەرانی توندئاژۆ و هەڵەشە چییە. پۆلیسەکان فێر بوون و لێی ڕاهاتن، تێ بگەن کە پارێزەرانی ئاشتی کامە کارکردی گرینگیان هەیە.

لە پاش هەر هەڵمەتێک کە ئەنجام دەدرا توانرا باوەڕ بەیەکتری بەهۆی ڕێزی دوولایەنەی نێوانمان لە یەکتری بەهێز ببێ. پۆلیسێک بۆ منی گێڕایەوە کە بەتێپەڕبوونی کات زیاتر باوەڕی بە قسەکانمان دەکرد. ئەمە وای کردبوو کە ئەو پۆلیسە شیمانەی باشتری پێشهاتەکانی بکردبایە هەتا هەڤاڵە دوورِدونگەکانی تری. پارێزەرانی ئاشتی لە کەمپەکە وەک ئامانج بۆ خۆیان دیاری کردبوو کە هەر کامەیان جۆرێک پێوەندیی کەسیی لەگەڵ ئەو پۆلیسانە کە خەریکن تێکۆشەرێک بگرن، دابمەرزێنن. تەنانەت لەگەڵ نزیکترین فەرمانبەریی دەوروبەریش هەمان پێوەندی دابمەرزێنن. ئەم هەموو پێوەندییانە بەر لە ئەنجامدانی هەڵمەتەکان یان لە ماوەی ئەنجامدانی هەڵمەتەکاندا پێکهێندران.

لە ڕاستیدا هەموو ئەم پێوەندییانە بۆ ئەوەیە کە جۆرێک دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ دژبەردا دابمەزرێندرێ. لە هەمان کاتیشدا ئەوە ڕاستە کە کارکردی ئەو پێوەندییانە ئەوە دەبێ کە بۆ پۆلیسەکان زۆر زەحمەت دەبێ کە لە دژی کەسانێک کە لە هەوایەکی هێمن و هێوردا پێوەندی و دانوستاندنیان هەبووە توندوتیژیی زۆر و زەبەن بەکار ببەن. لە بارودۆخێکی ئاوادا کە پارێزەرانی ئاشتی و تێکۆشەرەکانی تر هەمان کەس نین لە ڕاستیدا گرینگییەکی ئەوتۆی نییە.

پارێزەرانی ئاشتی تەنیا بەرپرسایەتیی خودی هەڵمەتەکانیان لە ئەستۆ نییە، ئاسایشی کەمپی چەکداماڵین ئەوەی دەخواست کە دوو کەس لەلایەکی کەمپەکە و دوو کەسی تر لەلایەکەی تری کەمپەکە کێشک بگرن. کاتێک دەیان گەنجی ئاژاوەچی دەیانویست هەرا و بەزم هەڵخرێنن ئەوە یەکێک لە کێشکگرەکان هەوڵی هێورکردنەوەیانی دەدا و کێشکگرەکەی تر گرووپێکی تری ئاگەدار دەکردەوە کە بەهانایەوە بێن و هەوڵی ئارامکردنەوەی گەنجەکان بدەن. من بۆ خۆم چەند

چرکەیەک دوای ئاگەداربوونەوە ڕۆیشتم و بەهۆی گرووپێکی گەورەترەوە توانیمان دیوارێک لە نێوان گەنجەکان و تێکۆشەرەکان چێ بکەین هەتا نەهێڵین ئاژاوە تەشەنە بکاتە نێو تێکۆشەرانی تر و بەو شێوەیە شەڕی ئەوان لە خۆمان دوور بخەینەوە. ئێمە وەک گرووپی پاشەکەوت ئەرکمان بۆ دیاری کرابوو ئەگەر هاتو ئەوانەی پێش ئێمە نەیانتوانی گەنجەکان هێور بکەنەوە ئەوە ئەو کات ئێمە بەهانایانەوە بچین. ئێمە لە نێوەڕاستی کەمپەکە ترۆمبێلێکمان ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی ئەگەر هاتو شەڕ و ئاژاوە کێشرایە نێو کەمپەکە ئەوە ئەو دایک و باوکە تێکۆشەرانەی منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، بەخۆیان و منداڵەکانیانەوە بەو ترۆمبێلە لە کەمپەکە دوور بخەینەوە. هەتا پۆلیس گەیشتە جێ، گرووپی یەکەم توانی گەنجەکان هێور بکاتەوە.

## چۆن خۆئامادەکاری بۆ هەڵمەتێک دەکرێ؟

یەکەم کۆبوونەوەی من لەنێو گرووپی پلاگبیلدا لە کلێسایەکی کۆن و داڕووخاو لە گەڕەکێکی ڕەشنشین و بەلاوەیی شاری نیویۆرکدا بەسترا. من پێشتر ژمارەیەک تێکۆشەری بزووتنەوەی پلاگبیلم لە شەوەداوەتێکدا لە پاش لەکارخستنی سەرە بۆمبێک B-52 ناسیبوو. ئەوانەی کە لەو شەوەداوەتەدا ناسیبوومن، هیچ کامەیان بەشداریی کۆبوونەوەکە نەبوون. ئەوان لە بنکەیەکی پۆلیس لەو نزیکانە دەسبەسەر کرابوون. بەڵام بەشێکی بەرچاوی تر لە تێکۆشەرانی پلاگبیل لە کۆبوونەوەکەدا حازر بوون. کۆبوونەوە یان داوەتەکەمان یەکجار قەرەباڵغ بوو و من بەزۆر خۆم ترنجاندبووە نێو خەڵکەکەوە و لە شوێنێکدا پەنام گرتبوو. لەوێ کەوتمە نێو باسێکەوە کە لەودا تەنیا باسی هەڵە و کەموکوورییەکانی بزووتنەوەی پلاگبیل دەکرا. من بۆ خۆم هیچ شتێکم لەسەر بزووتنەوەکە نەدەزانی. بەڵام لە باسەکەدا برە شتێکم بەکەم و کورتی بۆ ڕوون بووەوە.

دوای ئەو شەوەداوەتە، شەوێ خەوم لێ نەکەوت و هەر لە بیرکردنەوەدا بووم. ئاخرەکەی من بڕیاری خۆم دا. بەیەکێک لەو کەسانەوە کە لە باسەکانی دوێنێ شەوێدا لە هەمووان زیاتر ڕەخنەی توندی گرتبوو، پێوەندیم گرت. ئەو ژنێک بوو کە لێکۆڵینەوەی پێش لە گەلالەڕێژیی داماڵینی باڵەفڕەیەکی شەڕی دارشتبوو. من پرسیارم لێ کرد ئەگەر بێتو ئەوان پێویستیان بەکەسێکی سوێدی لە بەرەبەری

هەڵمەتی داهاتوودا، بکەوێ، ئەوە من ئامادەم. پاش دوو مانگ بانگهێشتنێکم بۆ نیویۆرک پێ گەیشت. ئێمە گرووپێکمان بەناوی Pershing Plowshares پێک هێنا. چوار مانگ دواتر ئێمە هێندێک بەشی ڕۆکێتی Pershing IIمان لەکار خست.

من بۆ خۆم بزووتنەوەی پلاگبیلم بەداماڵینی چەک و پاشان وەک ئاکامی ئەو کارەش کێشانی سزای تاوانی چەند ساڵەی چەکداماڵین لە زینداندا، دەبەستەوە. بەڵام ئێستا بەو ئاکامە گەیشتووم کە گەورەترین کۆمەک یان ئەرکی بزووتنەوە، ئامادەکاریی پێش لە هەڵمەتە.

لەم بەشەی کتێبەکەدا کە لەسەر خۆئامادەکردنی پێش هەڵمەتە من بزووتنەوەی پلاگبیل وەک نموونەیەک باس دەکەم. من لەو بڕوایەدام ئەزموونی پلاگبیل دەتوانێ لەلایەن بزووتنەوەکانی تریشەوە بەکار ببرێ و سودمەند بێت.

هەڵمەتێکی پلاگبیلی تەنیا هەڵمەتی چەکداماڵین نییە، بگرە:

– بەهۆی قسە و باس و دیالۆگی نێوان خۆمانەوە، پێش لە هەموو شتێک خۆمان لە ترس دادەماڵین.

– ئێمە هەروەها ئەو بەست و بەندانانەی کە خۆمان بۆ خۆمان ساز کردووە و هەر بەو هۆیە ناتوانین مەترسییە کەسییەکان وەئەستۆ بگرین، لە خۆمان دادەماڵین.

– ئێمە هەروەها هەوڵ دەدەین، پێش لە هەموو شتێک، توندوتیژی و سەرکوت لەنێو گرووپی خۆماندا نەهێڵین و لە خۆمانی داماڵین.

– ئامانجی ئاخر و [سەرەکیشمان] ئەوەیە کە کۆمەڵگە لە توندوتیژی، ترس و دوڕدونگی داماڵین.

ئەم داماڵینە پێوەندیی بەوەپێشخستنی کەسیی مرۆڤ یان ئەوەی ئینسان ببێتە خاوەنی جۆرێک هێوری، تەنیا هەست نییە. بگرە ئاکامەکەی لای مرۆڤ بەستراوە بە کات، دەبێتە جۆرێک شڵەژانی. ئێمە تەنیا لەبەرئەوەی نەترس و بوێر بین بەسەر ترسدا زاڵ نابین بگرە تەنیا ورەی ئەوە وەردەگرین کە خەباتی نافەرمانی بکەین. ترس هەر لە جێگەی خۆی دەمێنێ. ئێمە هەروەها بەرهەڵستکاریی زۆر و داسەپاندن لە نێوخۆی گرووپدا بۆ ئەوە ناکەین کە دووبەرەکی و ناکۆکییەکان ون ببن. بەڵام تەنیا لەبەر ئەوە لەگەڵیان مامەڵە دەکرێ کە دیموکراسیی هەبێ و بپارێزرێ.

بنەمای ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ ترادیسیۆنی نێو کلۆستێری کاتولیک. لە نێوەڕاستی دەیەی شەستەکاندا نونا، جێسویت و تراپیستە مونکا توندئاژۆکان لە دژی شەڕی ڤێتنام لە پرۆتێست و ناڕازی دەربڕینەوە بۆ بەرهەڵستکاریکردن هەنگاوێکیان بەرەو پێشەوەنا. ئەوە بوو ئەوان هەروەک پێشتر هەموو کات کردبوویان "هەنگاوێکیان بەرەو دنیای دەرەوە هەڵهێنا".

ئەم ترادیسیۆنە دواتر وەپێش خرا. لە دەیەی حەفتاکاندا کۆمەڵەی زیندووی ئەتلانتیکی، ئەتلانتیک لایف کۆمونیتی Atlsntic Life Community کە تۆڕێکە لە چەند گرووپی بەرهەڵستکاری دامەزرا. لەنێو ئەم تۆڕەدا بوو کە لە ساڵی ١٩٨٠ بزووتنەوەی پلاگبیل لەدایک بوو. لە ڕاستیدا بزووتنەوەی پلاگبیل نەوەی ئەو تێکەڵییە بوو کە لە دەیەی شەستەکاندا لە نێوان گرووپە مەزهەبییە کاتۆلیکەکان و بزووتنەوە توندئاژۆیە سیاسییە ئەمەریکاییەکاندا پێک هات. من وشەی ئەمەریکایی لەبەر ئەوە بەکار دەبەم چونکە ئەو تێکەڵییە تەنیا لەگەڵ بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی ئەمەریکای باکور نەبوو بگرە لەگەڵ بزووتنەوە و بەرهەڵەستکاری لە ئەمەریکای لاتینیش گرێ درابوو. زۆر کەسی [نێو بزووتنەوەی پلاگبیل] ئەزموونیان لە خەباتی ئەمەریکای لاتین هەبوو. هەر گرووپێکی پلاگبیل بۆ خۆی سەربەخۆی تەواوی هەیە و لە ڕامان و ئەزموونەکانی، خۆی پێ دەگەینێ و خۆی بەرەوپێش دەبا. لەنێو گرووپەکانی پلاگبیلدا ترادیسیۆنی جیاجیا کە بەکشانەوە نێودێر کراون، پێک هاتوون. لە سوێددا کەمپی نوێی هیوا و بەرهەڵستکاری Hopp & Motstnd، لە ئەوروپا هیوا و بەرگری Resistance & Hope و لە ئەمەریکاش کۆمەڵەی زیندووی ئەتلانتیکی Atlsntic Life Community پێ دەگوترێ. ئەم کەمپانە بەهۆی بیر و داهێنانی نوێیەوە لە پێشوەچووندان. ئەزموونی ئەم گرووپانە دەتوانێ یارمەتیدەری گرووپگەلی نوێ بێت. بەڵام هەر گرووپێکی پلاگبیلی بەجۆرێک خۆی بەتەواوی بەترادیسیۆنێکەوە نابەستێتەوە و بەشێوەیەک بەشێکی ترادیسیۆنە باوەکانی نێو بزووتنەوە وەپشتگوێ دەخا.

ئامانج لای گرووپێکی پلاگبیلی ئەوەیە کە بەرهەڵستکارییەکی هاوبەش پێک بێنێ. شێواز ئەوەیە کە ڕامان لەسەر تێکستێک دەکرێ. تێکستەکان دەتوانن لە ڕۆمانێک، شیعرێک یان نووسراوەیەکی تیۆری وەرگیرابن. لەو یەکەم گرووپەی پلاگبیل Pershing Plowshares کە منی تێوە چووم وەک ئەرک خرایە ئەستۆی تود

Tod کە لەسەر ترس تێکستێک ئامادە بکات. ئەو لە پێشدا هێندێک بەشی لە بیرەوەرییەکانی ئان فرانکس Anne Franks خوێندەوە. ئان فرانکس لە هۆڵەندا خۆی شاردبووەوە. بەڵام ئاخرەکەی لەلایەن سەربازەکانەوە دیترایەوە و کوژرا. دواتر بیرەوەرییەکانی ئان فرانکس لەلایەن باوکییەوە چاپ کرا. پاش ئەوەی تێکستەکە بەدەنگی بەرز خوێندرایەوە چەند خولەکێک بێدەنگ بووین و لە ترسی ئان فرانکس ڕاماین. پاشان هەر کامە لە ئێمە بەجیا باسی بیروڕامان و ترسی خۆمان کرد. پاشان هەموومان بیر و بۆچوونی خۆمان بەیان کرد ئەوجار باس و دیالۆگی نێوانمان دەستی پێ کرد

ئەم شێوازی بەرز خوێندنەوەیە، بێدەنگی، دەربڕینی بیر و بۆچوون و ڕامان بەنۆرە لەلایەن زۆربەی گرووپگەلی پلاگبیلەوە بەکار دەبرێ. پرسیار ئەوەیە کە تێکستەکە هەتا چەندە لەگەڵ کێشەی ئێمە و کۆمەڵگەکەمان یەک دەگرێتەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە تێکستەکان جارێکی تر دەخوێندرێنەوە یان دووبارە دەخوێندرێنەوە یان لێک دەدرێنەوە. هەروەها بە هەمان شێوەش گرینگە کە تێکستەکە بخرێتە بەر ڕەخنە و لە زۆر بارەوە بەپێی ئەزموونە جیاوازەکان ڕەخنە و گازندەی ئاراستە بکرێ.

لە گرووپی Pershing Plowshares پێش لە هەر هەڵمەتێک دوو یان سێ ڕۆژ یەکتریمان دەدی و باس و خواسمان دەکرد. لە گرووپەکانی تردا بۆ ماوەی سێ هەتا چوار ڕۆژ یەکتریمان دەدی. لە ماوەی ئەوەی بە ناوی کشانەوە ناودێر کراوە، ئێمە ئەو هەلەمان وەدەست دەکەوت کە باسی شەش هەتا حەوت بابەت بکەین. هەر گرووپێک پێویستی بەپێنج هەتا دە جار کشانەوە دەبێ بەر لەوەی بتوانێ ئامادەگیی ئەنجامدانی هەڵمەتێکی هەبێت. لە سوێددا ئێمە یەک دوو هەڵمەتی درێژخایەنی وامان هەبووە کە ماوەی کشانەوە نزیک بەساڵێکی خایاندووە هەتا هەڵمەتەکان دەستیان پێ کردووە. لەم ساڵانەی دواییدا تێندێنسێکی وادەبیندرێ کە ماوەی ئامادەکارییەکان کەمتر کراونەتەوە.

زۆربەی گرووپەکانی نێو بزووتنەوەی پلاگبیل لە باتیی ئەوەی کاتێکی یەکجار زۆر بۆ بەرنامەڕێژیی ورد و کۆبوونەوەی دوور و درێژ تەرخان بکەن شێوازی کشانەوە ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا هەڵدەبژێرن. کشانەوە برێتییە لە

کشانەوە بۆ کردەوە و ڕامان و تێ فکرین لەو کردەوەوەی کە بەتەمایە بێتە ئەنجامدان. بۆ گرووپێکی بەرهەڵستکاری کشانەوە بەو مانایەیە کە پێویستیی کەسی، پێویستیی گرووپ و پێویستیی زوڵم لێکراوان هاوکات و پێکەوە لە بەرچاو بگیردرێ و کێشەکە لە تەواوەتیی خۆیدا ببیندرێ. لە ڕاستیدا ئێمە ئیندیڤیدوالیزم و کۆلێکتیڤیتیزم تێکەڵ بەیەکتری دەکەین.

ئامادەکاری سێ کارکرد یان فۆنکسیۆنی سەرەکیی هەیە:

١- پێکهێنانی بەرهەڵستکارییەکی هاوبەش و دەکارهێنانی هاوبەشیەتی.

٢- بەرەوپێشبردن و پێگەیاندنی هەڵمەتی ناتوندوتیژی.

٣- پێکهێنانی هەڵمەتێک لە شێوازی هەڵمەتی پلاگبیل.

هەمــوو ئەمــانە لە مــاوەی ئامــادەکــاریدا هاوکــات و پێکەوە ئەنجــام دەدرێن و سروشتییە ناکرێ یەکێک لەوانی تر دابــڕێ یان لە بیر بکرێ. پێکهێنانی بەرهەڵستکاریی هاوبەش هەتا ڕادەیەک بەو مانایەیە کە هەڵمەتبەران باشتر یەکتری بناسن و هاوکاری و هاوئاهەنگییەکی جێگەی ڕەزامەندی لە نێوان ئەواندا پێک بێت. لە باس و خواسەکاندا کە ئێمە تێگەیشتنی خۆمان لەسەر یاساکان، هەلومەرجی سیاسی، میلیتاریزم، بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری، میدیا، فیمینیزم، دیموکراسی، خەباتی نافەرمانیی مەدەنی، توندوتیژی، ڤاندالیزم (لەنێوبردنی ماڵ و موڵک)، سەرکوت، دۆمینانس و سەرەڕۆیی نێو گرووپ قووڵتر دەکەینەوە.

ئێمە هەروەها هەوڵ دەدەین کێشە فەلسەفییەکان باس بکەین: ئەخلاق لەسەر چ بنەمایەک دامەزراوە؟ ئاخۆ ئێمە ئەو مافەمان هەیە یاسا لەژێر پێ بخەین؟ خەباتی ناتوندوتیژی، کامە بەرپرسایەتی و ئاکامی ئەخلاقی دەخاتە سەرشانمان؟

بێجگە لەو تێکستانەی دەیخوێنین، سروشتییە کە هەر جارێک گفتوگۆکانی پێشووترمان باس و خواسی تر بەدوای خۆیاندا دێنن. لەبەر ئەوە لە ئامادەکاریدا ئەزموونەکان دەبنە هۆی تێڕامانی نوێ، ئەوە ئامادەکاری لە خۆیدا دەبێتە هۆی پێشوەچوونی بەرهەڵستکاری. هەر گرووپێکی پلاگبیلی بۆ خۆی بەشێک لە کاری خۆی بۆ لێکۆڵینەوە تەرخان دەکا و ئەمەش لە خۆیدا بۆ هەموو گرووپە بەرهەڵستکارییەکانی تر جێگەی بایەخ و کەڵک لێوەرگرتنە. ئەمە لە خۆیدا لەو

ئامانج و مەبەستەی گاندی دەچێ کە لە هەڵمەتەکانیدا دەیویست پێی بگا. گاندی لەو بڕوایەدا بوو کە خەباتی ناتوندوتیژی یانێ ئەزموون و گەڕان بەدوای ڕاستیدا. ئەگەر بێتو هەموو هەڵمەتێک بەوردی بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە و نرخاندن ئەوە ناتوندوتیژی بۆ خۆی دەبێتە شێوازێک لە زانست. ئامادەکاری تێکەڵ بەتێفکرانی قووڵ و پاشنرخاندنی هەر هەڵمەتێک پێکەوە و وێکڕا بووەتە هۆی ئەوە کە ڕەنگە پرۆسێسی پلاگبیلی یەکێک لە قووڵترین پەروەردەکان لە بواری خەباتی نافەرمانیی مەدەنی و چارەسەری کێشە لە جیهانی ڕۆئاوا بێت. بۆ منێک کە هەر لەساڵی ١٩٨٤وە لە گرووپەکانی پلاگبیل کار دەکەم، جێی سەرسووڕمانە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەگەڵ هەر هەڵمەتێکی نوێدا شتی نوێ فێر دەبم. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە لە بزووتنەوەی پلاگبیلدا بەتێڕامان لە تێکستەکان و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی کەسیی بەشداران گرینگی دەدرێ. گفتوگۆ و دیالۆگ دەگەیەندرێتە جیلی نوێ. خەباتی ناتوندوتیژی خەباتێک نییە کە تەنیا جارێک فێری بی و ئیتر بەس بێت. پێبەندی بەترادیسیۆن و ناردنی بۆ جیلی نوێ لە هەمان کاتدا بەو مانایەیە کە ترادیسیۆنەکەش بۆ خۆی گۆڕانی بەسەردا دێت. من قەد هەستم بەوە نەکردووە کە شتی دووپاتکراوە دەکەم و هەموو جارێک هەستم بەشتێکی نوێ کردووە. ئێمە هەوڵ دەدەین تێگەیشتنمان لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی زیاتر و زیاتر قووڵ بکەینەوە.

ئەگەرچی ئێمە وەختێکی زۆر بۆ گەلاڵەڕێژیی هەڵمەتەکان تەرخان ناکەین بەڵام لای ئێمە بزووتنەوەی پلاگبیل پەیامی هەڵمەت، هۆکاری ئەنجامدانی هەڵمەت، نیشانە و سیمبۆلەکانی هەڵمەتمان بۆ گرینگە. ئەوەی ئێمە گرینگیی پێ دەدەین شتێکە کە پێی دەگوترێ قورسایی لەسەر هەڵمەت. قورسایی لەسەر هەڵمەت یانێ ئەوە کە ئێمە قورساییی کارەکەمان بخەینە سەر ئەو بەشە لە هەڵمەتەکە کە لە هەموو بەشێکی تری هەڵمەتەکە گرینگ و پێویستترە و هەروەها ئەو ئامرازانەش کە لە هەمووان کاریگەرترن. ئەمە بەو مانایەیە کە ئێمە ئەو ئیمکان و شیانە بەرتەسکەی کە هەمانە تەنیا لە پرسە گرینگەکاندا دەکار دەخەین و وزەی خۆمان لەسەر هەموو پرسێک و هەموو هەڵمەتێک بەفیڕۆ نادەین. قورسایی لەسەردانان هەروەها بەمانای خۆوریاکردنەوەی فرەترە. ئاخۆ هەڵمەتەکە ڕوونە و لێڵیی تێدا نییە؟ ئاخۆ پەیامی هەڵمەت لە ڕاستیدا کاریگەرییەکی هەیە؟ لایەنی دژبەر و

وەرگری هەڵمەتەکە کێن و ئاخۆ ئامانجی هەڵمەت وەدی دێت؟

لە مـاوەی خـۆئامـادەکـردن لە پێش هـەڵمـەتەکـاندا هەمـوو پرسـە سـیـاسـی و فـەلسـەفـیـیـەکـانی وەک ترس، مـەترسـی و ڕیسـک، ئاسـایش، پشـتـیـوانی، تەریک کەوتنەوە، گـرتن و حـەپسکردن، مـەحکەمـە و سـزا، ئاسـایشـی ئێـمـە و ئەوانی تر، بنەماڵە و دۆستان دەکەونە بەرباس و خواسی ورد.

ئێمـە باسـی شیانی ڕێگەکانی ئاڵوگۆڕ و گۆڕان لە داهاتوودا دەکەین. دەسـتمان بە کامـانە میـدیا بۆ پێکهێنانی دیالۆگ و گفتـوگۆ لەگەڵ لایەنی دژبەر و لایـەنەکانی تر لە کۆمـەڵگەدا ڕادەگا؟ لە کامە ڕێگەوە پـەیامی هـەڵمـەتەکەمان بۆ نێو کۆمـەڵگە دەگـوێزرێتـەوە؟ نموونەی ئامـرازەکـان لـەم پێـوەندییـەدا بـرێتـیـیـە لە مـەحکەمـە، پێـوەندییـە کـەسـیـیـەکـان لەگـەڵ کـارگـێـڕ و بڕیاردەران، نـامـە، کـلاس و دانانی سیـمینار. ڕەنگە گرینگترین کار بۆ گەیشتن بەئامانجی چەکداماڵین ئەوە بێت کە هـەوڵ بدرێ گرووپی بەرهـەڵسـتکاری نوێ دابمەزرێ. خـاڵێکی گرینـگ لە بزووتنەوەدا [پلاگـبـیـل] ئەوەیە کـە ئەرکی چەکـدامـاڵین دەکـەوێتـە ئەسـتـۆی هـاوولاتـیـیـان لە کـۆمــەڵگەدا. نـاکـرێ ئەو ئەرکـە بخـرێتـە سـەرشـانی کـارگـێـڕ و بـڕیاردەران لە کۆمەڵگەدا.

وەک بنەمـا گـرینگە بۆ ئەوەی گـرووپە نوێیـەکـان بتـوانن دەسـتـبـەکـار ببن و بۆ خـۆیان بتـوانن ئەرکەکانیـان لە داهاتوودا جێبـەجێ بکەن لە سـەرەتاوە کـەسـانی بەئەزمـوون و تەجـرووبـەدیتـوی نێـو بزووتنەوەیان لەگـەڵ بێت. لە گرووپی Pershing Plowshares ژمارەیەک تێکۆشەری کۆن و بەئەزموون بەر لەوەی هەڵمەتەکان دەست پێ بکەن، شـوێنی هـەڵمـەتەکـەیان بەجـێ دەهێشت. بۆ ئەو تێکۆشـەرانەی کـە دواتر دەکەوتنە زیندان، گرینگ بوو هاوبەشییەتییەکی خۆیی پێک بێنن.

هـاوکـات لەگەڵ خـۆئامـادەکارییـەکانی "کشـانەوە" پێـوەندی لەگـەڵ شـەریکەکـان و سـەندیکای کـرێکاران دادەمـەزرێ. گـرووپی Pershing Plowshares پێـوەنـدیی بە کلێسـا و گروپە ناوچـەییـە ئاشـتیـخـوازەکان دەگرت. لە کـەمپی چـەکدامـاڵینی شــاری لینشــۆپینگدا بەر لـە دەســتـپـێکردنی هـەڵمــەت پێـوەنـدیمان بە پۆلیس، شـەریکەی سـاب، سـەندیکای کرێکاران و ڕێکخـراوە ناوچەییـیـەکـانی ترەوە گرت. هـاوکـات ژمـارەیەکی زۆر کـۆبوونـەوە لە نێـوان ئێـمـە و پۆلیس بەسـتـرا و نوێنەری

پێـوەندی گـرتن لە نێـوان کـۆبـوونەوەکـانـدا زوو زوو بەتەلەفـۆن لەگـەڵ یەکـتـری دەپەیڤین.

هەم لە Pershing Plowshares و هەم لە کەمپی چەکداماڵینی شاری لینشۆپینگدا سیناریۆی ئەو کێشە و نەهاتانەی کە ڕەنگە لە ماوەی هەڵمەتەکەدا هاتبانە گۆڕێ دەمـانـنـووسـی و لە شـێـوە شـانـۆیەکدا هەر لەنێـو خـۆمـاندا پێـشـکـێـشـمـان دەکرد. شانۆکان یان لەسەر گرتن و لێپرسینەوە یان لەسەر کار و ئەرکی پاسـەوانەکان لە هەڵمـەتەکـەدا بوون. بەهـۆی خـۆئامـادەکردن بـۆ هـەلـومـەرجـی چاوەڕواننـەکراو و لە پێشدا پێشـاندانی سیناریۆی نـەهـات و کێشـەکـان دەکرێ پێش لە ڕووداو پێش بە هەڵسوکەوت و هەلومەرجی گۆنگەڵهەڵخڕێنانە لە داهاتوودا بگیردرێ.

سـروشـتـییـە خـۆئامـادەکردن و ئەوەی پێی دەگـوترێ کشـانـەوە هەمـوو کـاتێک هەموو شـتێک نییـە کە شتی وەک داوەت، گەمە، بیرەوەری، هەڵپـەڕکێ و گۆرانی لە بیـر بکرێن. ئەمـانیش هەروەک بـاس و خواس لـە بەرەبەری هەڵمـەتەکاندا گرینگن. من ئەم باسە دێڵمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر بۆ خۆی زیاتر تێ بفکرێ و بتوانێ بیرێکی نوێ لەم بوارەدا بخوڵقێنێ.

### کێشەکان لە ماوەی خۆئامادەکردندا

ئێمە لە ماوەی سـاڵانێکی دوور و درێژدا تووشـی هەڵەی زۆر هـاتین و لە پێـوەندی لەگەڵ کـەسـانی پشـتگیریدا کێشـەمـان دیتنەوە. لـە سـەرەتادا ئەو کـەسـانە وەک کەسـانـی پشتگیری دیاری دەکران کە ڕاسـتـەوخـۆ نەیاندەوێرا لە هەڵمـەتەکاندا بەشـداری بکەن. کـاری پشـتگیـری وەک شـیـانێک بـۆ تاقـیکردنـەوەی خـەبـاتی نافـەرمـانیی مـەدەنی چاوی لێ دەکرا. بەڵام ئەمـە لە خـۆیدا شـێوە هیـرارشـییـەکی نزمی پێک هێنابوو. ئەوانەی هەڵمەتەکانیان بەئەنجام دەگەیاند زیاتر دەکەوتنە بەر سـەرنج و کەسانی پشـتگیری هەسـتیـان دەکرد بایەخـی ئەوتۆیان پـێ نادرێ و نزم چاویان لـێ دەکرێ. هەروەهـا کەسـانی پشـتگیـری لە مـانای چوونە زیندان و ئەو پێویسـتییـەی بەندییـەکان هەیانبـوو بـێ ئاگا بـوون. جیـاوازیی نێوان تێکۆشـەرانی هەڵمەتبەر و کەسانی پشتگیری بۆ هەردوولا زیاندەر و زەرەرمەند بوو.

زۆرجـار هـەڵدەکـەوت کـە کــەسـانی پـشـتـگیـری لە پاش کـۆتایی پـێـهـاتنی هەڵمەتەکان، گرووپەکانیان بەجێ دەهـێشت. ئەمەش وای دەکرد کە تێکۆشەران لە

ماوەی لە زیندان مانەوە و مەحکەمەدا بەتەنیا دەمانەوە. هێندێک جار کەسانی پشتگیری نوێ کۆ دەکرانەوە. بەڵام تێکۆشەرەکانی نێو زیندان خۆیان وەک لەبیرکراو و تەریک خراوە دەهاتە پێش چاو. هێندێک لە گرووپەکان لەگەڵ یەکتری رێککەوتننامەیان دەنووسی. بەیەکتری بەڵێنی ئەوەیان دەدا هەتا کۆتاییی هەڵمەتەکان یانبە لایەنی کەمەوە هەتا تەواوبوونی ماوەی سزا و مانەوە لە زینداندا پشتگیریی یەکتری بکەن و دەست لە یەکتری هەڵنەگرن.

جەو ویلسۆن Jo Wilson لە گرووپی سیدس ئۆف هەوپ Seeds of Hope دەگێڕێتەوە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە گرووپەکەی ئەودا لە پاش ئەوە دادگەیەک لە لیڤەرپووڵ لە ناکاو چوار کەس لە ژنە تێکۆشەرەکانی ئازاد کرد، داوایان کرد گرووپی پلاگبیل هەڵوەشێتەوە. ئەو بۆ خۆی نەیدەویست گرووپەکە هەڵوەشێتەوە بەڵام لەبەر بۆچوونی زۆربەی ئەندامان بەهەڵوەشانەوەی گرووپەکە ڕازی بوو و مافی ڤیتۆی خۆی بەکار نەهێنا.

پاشان ئەو بۆ خۆی هەستی بەوە کردبوو کە سەختترین کات، لە دوای ئازادبوون لە زیندان، دەست پێ دەکا. هەر بۆیە ئەو لە سەروبەندی دوای زینداندا لە هەموو وەختێکی تر زیاتر پێویستی بەپشتگیری هەبووە.

یەکێکی تر لە ئەندامانی ئەو گرووپە کە وەک کەسی پشتگیری دیاری کرابوو لەبەر ئەو ئەرکەی خرابووە سەرشانی لە گرووپی پلاگبیلدا کەوتە بەر نیتکە و ناتۆرە لێدان. ئەو لە پاش ئەوەی گرووپەکە لێک هەڵوەشایەوە، "سزا"ی خۆی وەرگرت.

هەڵکەوتووە کە کەسانی پشتگیریی گیراون، بۆ نموونە لە سوێددا کەسانی پشتگیری بەتاوانی هاوکاریکردنی چەکداماڵینی ڤیگەنپلان Viggenplan لە سوتەنس Sotens ساڵێک زیندانی کران.

هەموو ئەم کێشانە بوونە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی پلاگبیل لە ئەمەریکا هەوڵ بدا کە کەسانی پشتگیری لەنێو تێکۆشەرە کۆن و بەتایبەتی بەئەزموونەکانی نێو ڕیزەکانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا کۆ بکاتەوە. ئەزموونی پێشووتری ئەوان دەتوانێ لە دژی پێکهاتنی هیرارشی نزم لەنێو گرووپەکاندا سوودمەند بێ و هەروەها هاوکات ئەوان ئاسانتر دەتوانن خۆیان لە جێگەی بەندییەک دابنێن و

هەلومەرجی نێو زیندان دەرک بکەن.

لە سوێددا گرووپی پلاگبیلی نان نەک بۆمبا هەمان شێوازی بزووتنەوەی پلاگبیلیان لە ئەمەریکا بەکار هێنا. ئەوان بەزۆری کەسانی پشتگیریان لەنێو تێکۆشەرە کۆنەکاندا هەڵبژاردووە. گیراوە تێکۆشەرەکانی نێو زیندانیش بەڵێنیان بەیەکتری داوە کە هەتا ساڵێک دوای ئازادبوونیان لە دەرد و چەرمەسەری یەکتری بپرسن و ئاگایان لە یەکتری بێت.

زۆر گرینگە کەسانێکی تر بێجگە لە تێکۆشەرەکان هەبن کە مرۆڤ باسی ترس، توورەیی، دڵەخورپە و نیگەرانیی خۆی بکا. هەر تێکۆشەرێکی نێو گرووپی نان نەک بۆمبا لە پلاگبیل بێجگە لە گرووپەکەی خۆی کەسێکی تری لەلاوە وەک پشتگیریی کەسی هەبوو، ئەو کەسانە ئەندامانی خودی گرووپگەلی پلاگبیل نەبوون. بەو شێوەیە ئەو کەسانە دەیانتوانی ئەو لارەسەنگییە ڕاست بکەنەوە کە خودی گرووپەکە نەیدەتوانی بیکا. تێکۆشەرەکان هاورێ لەگەڵ یارمەتیی پشتگیرییە کەسییەکاندا دەیانتوانی بەخۆیاندا و بەبڕیارەکانی گرووپدا بچنەوە، ئەگەر پێویستی کرد، تەنانەت لە دژی کردەوەکانی گرووپ یارمەتی وەربگرن. پشتگیرییە کەسییەکان هەروەها بەڵێنی بێدەنگ مانەوەیان دەدا. بەو شێوەیە و بەهۆی بەڵێنی بێدەنگ مانەوە تێکۆشەرەکان دەیانتوانی بێزاری و توورەییی خۆیان دەرببڕن بەبێ ئەوەی مەترسیی ئەوە هەبێ کە ئەو گلەیی و گازندانە لە ماوەی هەڵمەتەکاندا زیان بە پاشماوەی گرووپەکە بگەیەنێ.

لەلای هەموو گرووپەکان چ ئەوانەی لە پەرلەماندان، چ ئەوانەی لە شوێنی کار یان لەنێو دۆست و هەڤاڵاندان، تێندێنسی پێکهێنانی "بەڵێ گوتنی بەکۆمەڵیان" هەیە. کەس نایەوێ بەهۆی لەژێر پرسیار خستن پرۆژەیەکی باشی هاوبەش، بخاتە مەترسییەوە. بەڵام هێندێک جار گرووپێک سەرەڕای هەبوونی کەسانی لێزان و بەئەزموون ڕەنگە بڕیارێکی شێتانە و نەزانانەش بدا. هەر بۆیە ئەرکێکی زۆر گرینگی کەسانی پشتگیریی کەسی ئەوە دەبێ لاری و چەوتیی خودی گرووپ لە کاتی هەڵمەتەکاندا ڕاست بکەنەوە، هەتا بەو شێوە هەل بۆ کەسانی بێلایەن و لە دەرەوە بوو بڕەخسێ کە هەڵمەتەکان بخەنە بەر ڕەخنە.

گرووپگەلی پلاگبیلی هەوڵی زۆریان داوە کە ئامرازی پێویست بدۆزنەوە هەتا

بتـوانـن کـێـشـە و لاری و چـەوتـیـیـەکـانـی نێـو گـرووپەکـان دەربخـەن. یەکـێک لە ئامـرازەکان کـە هـەر لە کـۆتاییی دەیەی هـەشـتـاکانەوە بەکار دەبرێ پێی دەگوترێ "گـەڕ" یان "بـازنە ڕەخنە" پێش لە دەسـپـێکی هەڵمـەتەکان. کارکردی بـازنە ڕەخنە ئـەوەیە کـاتێک لە پـاش کـۆتاییی هـەڵمـەت و ئـەو دەمـەی هـەڵمـەتبـەران لە زیـندانە جـۆراوجـۆرەکاندا لێک دابڕاون و تووڕەییـیەکـانیـان لە هـەڵچـووندان، دادەبەزێنێ. لە بازنە ڕەخنەدا باسی وەک چاودێریی سـەرکوت و هێورکردنەوەی تەنگژە دەکرێ بۆ ئەوە لە بەلارێدا چوون یان هـەڵچوونی زیادە لە ڕادەی هـەڵمەت پێشگیری بکرێ.

بەر لـە دەسـپـێکـی هـەڵمــەت هـێـز و توانـاییی هـەر تـێکـۆشــەرێک بۆ بـەئەنجـام گەیاندنی هـەڵمەت بەجیا دەخرێتە ژێر پرسیار. بۆ دڵنیاییی تەواو هـەر تێکۆشـەرێک بە نۆرە هـەوڵ دەدا ئـەوی تر لە ئەنجـامدانـی هـەڵمـەتەکە پـەژیوان بکاتەوە. ئامـانج ئەوەیە ڕێگەیەک لە دەرەوەی گرووپ ببـیندرێتـەوە. کاتێک گـرووپێک لە مـاوەیەکی کــورتدا و ئـەویش بەتـوندی خــەریکی خــۆڕێکخــستن بـۆ هـەڵمــەتـە، هـاوبـەشـی و هـەرەوەزایەتییـەکی وا بەهێز پێک دێ کە بۆی زەحمەت دەبێ هـەروا ئـاسـان دەستی لێ بەربدا. ئێمە وەک گرووپێکی پلاگبیل لە بەرەبەری هـەڵمەتی ئێف ئێف ڤی FFV لە ئسکیلستونا Eskilstun [سـوێد] بازنەی پـەژیوانبوونەوەمـان پێک هـێنا، ئەمە بوو بەهـۆی ئەوەی یەکـێک لە بەشـداران پەژیوان ببـێتـەوە بەڵام دیسـان هـەمـوو جـارێک لە کـاتی دەورەی "کشـانەوە"دا دیسـان دەگـەڕایەوە و ئـامـادەییی خـۆی بۆ هـەڵمەتەکە دەردەبڕی.

لەلای زۆربەی گرووپەکان لە بەرەبەری هـەڵمـەتەکاندا بەلایەنی کـەمـەوە یەک دوو بەشـــداربوویەک لـە بەئەنجــام گــەیاندنی هــەڵمـــەتەکــاندا تووشـی دوودڵـی دەبن و ڕادەوەسـتن هـەتا دواتر لە کاتێکی لەبارتردا دڵنیا بن.

لەنێو کێشـەکاندایە کـە هاوبـەشییەتی وەپێش دەچێ. بەڵام بۆ ئەوەی بگەین بـەمە پێویسـتە بـەڕادەی پێویست پشتگیری و مـتمـانە لەنێـو گرووپدا هـەبێت. بۆ ئەوەی بتـوانین هـەم ڕەخنەی کـارسـازانە بگرین و هـەم وەربگرین پێـویسـتە شـێـوەیەک لە مـتـمـانە لە گـرووپدا هـەبێت. لە ڕاسـتـیدا بـەبێ مـتـمـانە، سـەخت دەبێ کە باس و مـوناقـشـەیەکی ڕەخنـەگرانە بێـتە گـۆڕێ. هـەبوونی باس و مـوناقشـەی ڕەخنەگرانە بەنۆرەی خـۆی پێـویسـتـیـیـەکی گـرینگە بۆ ئەوەی بەرهـەڵسـتکاری لە سـۆنگەی

ئەزموون و تێڕامانەکان وەپێش بکەوێ.

بەڵام کێشەکان هەر لە نێوەخۆی گرووپ ڕوو نادەن و بگرە لە دەرەوەی گرووپیش کێشەکان سەرهەڵدەدەن. ئەو گرووپە پلاگبیلەی کە هەڵمەتی چەکدامالینی نارنجۆکهاوێژەکانی لە ئیسکیلستونا بەئەنجام گەیاند ترادیسیۆنێکی لە پاش خۆی بەجێ هێشت کە هەم گرووپەکانی نێو سوێد و هەم ئەورووپاش وەشوێنی کەوتن. ئێمە لەگەڵ خزم و کەسی تێکۆشەرەکان چاوپێکەوتنمان ساز کرد. هەر بەم هۆیەوە لە نیگەرانی و بیرکردنەوەی منداڵ، ژن یان مێرد یان دایک و باوکی تێکۆشەرەکان لە بەرەبەری هەڵمەتەکاندا ئاگەدار بووین. لەنێو گرووپدا بیرمان لە زۆر شێوازی جیاواز کردەوە کە چۆن بتوانین دوولایەنە لەو پێوەندییەدا هەم یارمەتیی گرووپ و هەم یارمەتیی خزمی تێکۆشەرانی نێو گرووپ بدەین.

لێکۆڵەری کێشە Stellan Vinthagen ستێلان ڤینتهەیگێن لە لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجڕاکێشدا کێشەکانی لە بەرەبەری خۆئامادەکردندا لەنێو گرووپە جیاجیاکانی نێو بزووتنەوەی پلاگبیلدا خستووەتە بەر لێکۆڵینەوە. ناوبراو باسی ئەو کێشە و زەحمەتییە تایبەتییانە دەکا لە کاتێکدا تێکۆشەرانی ژن و پیاو لە بەرەبەری هەڵمەتەکاندا هۆگر و خۆشەویستی یەکتری دەبن. بەپێی لێکۆڵینەوەکە وا هەڵکەوتووە کە دڵدارەکان لە بەراورد لەگەڵ تێکۆشەرانی تردا پشتگیریی زیاتری یەکترییان کردووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە کەسانێک خۆیان بەتەریک ماوە بزانن یان هیچ نەبێ هەست بکەن کەمتر پشتگیری کراون.

لەلایەکی ترەوە کاتێک دڵدارەکان لە یەکتری جوێ بوونەتەوە و لێک هەڵبڕاون ئەوە بووەتە هۆی ئەوەش کە خودی گرووپەکەیان لێک هەڵوەشێتەوە و لە یەکتری داببڕێن. یان ئەوە زەحمەت بووە کە دوو دڵدارەکە بەسانایی یەکتری ببینن. جیابوونەوەی دوو دڵدار لە یەکتری تاقەت و وزەی گرووپێک بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکا و هیچ دووریش نییە تەنانەت هەموو گرووپەکەش بەرەو هەڵدێر ببا. ئەمە دەکرێ زۆر ئاکامی خراپتریشی هەبێ ئەگەر بێتو جیابوونەوەکە لە ماوەی لە زیندانبووندا ڕوو بدا. شیمانەی ئەوە هەیە کە تێکۆشەرانی نێو زیندان بەبێ پشتگیری بمێننەوە.

کێشـەی لەو بابەتەی دڵدارەکان دەکرێ بەو شێوەیە چارەسـەر بکرێ کە یەک یان هەردوو دڵدارەکە گرووپەکە بەجێ بێڵن یان ئەوە لەگەڵ تێکەڵ بوون و گوێسـتنەوە بۆ لای یەکـــتـــری هەتا کـــۆتاییی هەڵمـــەتەکـــە ڕاوەسـتن. هـەر بەو هـۆیە ئاماژەپێکراوانەی سـەرەوە ژمارەیەکی بەرچاوی گرووپگەلی دۆسـتـان لە هێنان و داوەتکردنی جووتە دڵداران بۆ نێو ڕیزەکانیان دوودڵ بوون و خۆیان بواردووە.

سـتـێـلان ڤـینتـهـەیگێن لە لێکۆڵینەوەکـەیدا ژمـارەیەک کـێـشـەی تری وەک هۆمۆژێنیتی و "خەت و نیشان وەک یەکی" دێنێتە بەرباس. جۆرە زمانێکی تایبەتی یان وەکـیـەک بیـرکـردنەوە ڕەنگە ببـێـتـە هـۆی داخـسـتنی دەرگـە بەسـەر هـاتنی ئەندامانی نوێدا. هاتنی هاوبیران و هاوزمانان بەگەرمییەوە پێشوازیی لێ دەکرێ و لەلایەکی ترەوە وەرگرتنی ئەندامانی نوێی بیر جیا تەنگوچەڵەمەی دەخرێتە سەر. هەروەها ڤینتـهـەیگێن باسی کێشـەی تر وەک ئەوەی چۆن هاوبەشـیـیـەتی هێندێک جار بەتەواوی باڵ بەسەر گرووپگەلی دۆسـتاندا دەگرێ، دەکا. گرووپێکی دۆسـتان لە خـۆیدا گـرووپێکی هـەڵمـەتبـەرە. لەبەرئـەوەی ئێـمـە لە بەرەبەری هەڵمـەتدا پێویسـتییەکی یەکجار زۆرمان بە پشتگیریی یەکتری هەیە، هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی هـەتا ڕادەیەک ئـامـانجی هەڵمـەت لە بیـر بکرێ. لە خـراپتـرین حـاڵەتدا هاوبەشـیـیـەتی دەتوانێ ببێتە هۆی پێکهێنانی جۆرێک سـەرەڕۆیی و دیکتاتۆری لەنێو گرووپدا. ئەم دیاردەیە دەکرێ لەگەڵ ئەوەی کە پێی دەگوترێ هەموو شتێک هەر گرووپە و بۆ گرووپە بۆ نموونە لە گرووپێکی شانۆ، موزیک یان کۆمەڵێک کە کاری هەمیشەیی و دایمی پێکەوە دەکەن، ڕوو دەدا، لە گرووپگەلی دۆستانیشدا وەک ئاکامی هاوبەشییەتیی چروپڕ بێتە گۆڕێ.

### کۆکردنەوەی زانیاری

من لە ساڵەکانی ١٩٩٠ و ١٩٩١دا لە دوو هەڵمەت لە دژی کارگەی دەوڵەتی ئێف ئێف ڤی چەکسازی لە شاری ئێسکلیسـتونا (سـوێد) بەشداریم کرد. نیوەی ئەو چەکە نارنجۆکهاوێژانەی کە بە نارنجۆکهاوێژی کارل گوستاڤ بەناوبانگن و لەو کارگەیە چێ دەکرێن، بۆ دەرەوەی سـوێد دەنێـردرێن. ئێمە لە سـەرەتادا تەنانەت نەماندەزانی کە نارنجۆکهاوێژەکان لە کوێ چێ دەکران. ئێمە لەسـەر ئەو بەڵگە فەرمییانەی کە لە هەوێڵدا بوون، لێکۆڵینەوەیەکمان ئەنجام دا. ئێمە زانیارییەکی

یەکجار زۆرمان لە دوو توێی ڕاپۆرتی چاوپێکەوتنەکان، حسێب و کتێبی ساڵانە، داوای ئیزن پێدان و نەخشەکان کۆ کردەوە. بۆ ئەوەی لەسەر خاوەنداریەتی و قازانجی کارگەکە زانیاریمان بێتە دەست پێوەندیمان بە داوودەزگای دەوڵەتی گرت و هەروەها لە کتێبخانەکاندا وە دووی زانیاریی زیاتر کەوتین. کاتالۆگی تەلەفۆنەکان لەم پێوەندییەدا یەکجار پڕ بایەخ بوون. هەر بەهۆی کاتالۆگەکانەوە زانیاریمان لەسەر بەشە جیاجیاکانی کارگەکە و بەرپرسان کۆ کردەوە و پێوەندیی ڕاستەوخۆی تەلەفۆنیمان دەست پێ کرد. ناوەندی ئاڵووێری تەلەفۆن خزمەتێکی زۆر باشی کردین.

چەند کەسێکمان شەوانە دەچوون و بەدەوری کارگەکەی ئێف ئێف ڤیدا دەسووڕانەوە، هەتا بۆمان دەربکەوێ لە ڕێگەی خوێندنەوەی تابلۆکان و ڕوانین بەنێو پەنجەرەکانی کارگەکەدا چ جۆر زانیارییەکمان وەچنگ دەکەوێ. لە هەوەڵەوە هێچ تێ نەدەگەیشتین. بەو حاڵەشەوە هەموو شتێکمان بەوردی دەنووسی بەڵکوو دواتر بتوانین بەکاریان بێنین. ئێمە لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە هەنووکەییانەی وەدەستمان دەکەوت، نەخشەمان لەسەر کاغەز دەکێشا. لەسەر قوفڵ و تەیمانی دەوری کارگەکە لێکۆڵینەوەمان کرد. یەکێک لە ئەندامانی گرووپ بۆی دەرکەوت کە ئالارم (زەنگی مەترسی) کارگەکە پێشتر لە کار کەوتووە و کار ناکات. زانیمان بەهۆی بەردەفڕکێی منداڵانەوە شووشەیەکی زۆری پەنجەرەی کارگەکە شکابوو. دوو کەس لە هەڤاڵەکانمان بە ڕۆژ چوون و بەدەوری کارگەدا سووڕانەوە هەتا زانیاری لەسەر کاتی کرانەوە و داخستن، بارکردن و ڕاگوێستن کۆ بکەنەوە. بەهۆی زانیارییەکانەوە هەر زوو بۆمان دەرکەوت چەکەکان لە کوێن و لە چ شوێنێک هەمار کراون.

لەم پێوەندییەدا دیلەماکە ئەوەیە کە خودی لێکۆڵینەوەکە بەنهێنی دەکرێ و ئەمەش وەک پرەنسیپ لەگەڵ بنەمای خەباتی نافەرمانیی مەدەنی کە خەباتی فەرمی و ئاشکرایە ناگونجێ. ئەم نهێنیبوونە دەتوانێ نامتمانەبوون لەلای دژبەر پێک بهێنێ. ژمارەیەک لە خەباتکارانی نێو ڕیزەکانی ئێمە وایان پێ باش بووە کە هەر زوو پاش کۆتای هەڵمەتەکەکان، لێکۆڵینەوە نهێنییەکان ئاشکرا بکەن.

ڕێکخراوێکی سوێدی لە ساڵی ١٩٩٨دا شێوازێکی نوێی لێکۆڵینەوەی هەڵبژارد.

ئێمە لە باراو Barrow بە ڕۆژ دەچووینە سەر سەکۆی تریدێنت و لەوێ چەک پشکنینێکی هاووڵاتییانەمان medborgerligt vapeninspektion ئەنجام دەدا. بیرەکە لە هەوەڵەوە لەلایەن چەکپشکێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کە چاودێریی ئەوەیان دەکرد کە دەوڵەتی عێراق چەکی کۆمەڵکوژی چێ نەکات، هاتووە. چەکپشکێنەرانی ئێمەش ئامانجیان ئەوە بوو کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکەن بە چ ڕێگەیەکدا بەلەمی هەڵگری چەکی ناوکیی تریدێنت لە کار بخەن.

لێکۆڵینەوەی شتە نەگۆڕەکان ساناترە. تەنیا ئەوە نەبێ کە هێوری و لەسەرەخۆییی فرەتری دەوێ. کات دەبێتە هۆی ئەوەی هەر بەشەی لە جێگەی خۆی جێگە بگرێ. گرووپەکان کاتێک دەکەونە پەلە و شڵەژان کە بیانەوێ لێکۆڵینەوە لەسەر شتە گەڕۆکەکان بکەن. ئێمە کاتێک لە دەیەی هەشتاکاندا لە سوێد ویستمان سەرەتاکانی بزووتنەوەی پلاگبیل دابمەرزێنین، دوو گرووپی یەکەممان هەڵمەتەکانیان بۆ سەر ڕاگوێزرانی چەک تەرخان کرد. گونیلا ئوکربەری Gunila kerberg و ئاندێرش گریپ Anders Grip دەیانویست کێشە بخەنە سەر ڕاگوێزرانی تۆپە دوورهاوێژەکانی بووفورش کە لە سوێدەوە بۆ هیندستان دەنێردران. کاتێک هەڵمەتەکەمان دەست پێ کرد بۆمان دەرکەوت کە تۆپەکان لە ڕێگەی قەتارەوە دەگوێزرێنەوە بۆ شاری ئودەڤالا Uddevalla و لەوێوە باری بەلەمە هیندییەکان دەکران. بەڵام ئێمە لە گرووپەکەماندا لە هەوەڵەوە بەتەواوی لامان ڕوون نەبوو کە قەتاری تۆپە دوورهاوێژە هەڵگرەکان لە کامە ڕێگەوە خۆی دەگەیەنێتە شاری ئودەڤالا. پاشان هەر زوو بۆمان دەرکەوت کە قەتارە بارەبەرەکانی خودی چەکسازیی بووفورش ئەو ڕاگوێستنەیان هەتا شاری کریستینەهامن Kristinehamn وەئەستۆ دەگرت و لەوێوە ڕایەڵەی قەتاری دەوڵەتی ئێس جی (SJ) هەتا شاری کارلستاد Karlstad پاشماوەی ڕاگوێستنەکەی بەئەنجام دەگەیاند.

ئەو کەسانەی لە نزیک ڕێگەی ئاسن دەژیان بۆیان باس کردین کە قەتارە چەکهەڵگرەکان لە چ کاتێکدا هاتوچۆیان دەکرد و هەروەها لە چ وەختێکدا خەتەکانی ڕێگەی ئاسن هاڵووێر دەکران. لەوەش گرینگتر هەر ئەوان دەیانزانی کامە کاتیش قەتارەکان هاتوچۆ و ئاڵووێر ناکرێن. بۆمان دەرکەوت کە تۆپە دوورهاوێژەکان ئەوەندە گەورە بوون کە نەدەگونجا بەهەموو ڕێگەیەکی ئاسندا

ڕابگوێزرێن. هەر لە سۆنگەی ئەم زانیارییانەوە بۆمان دەرکەوت کە کامە ڕێگە شیانی ئەوەی هەیە کە تۆپەکانی بەسەردا ڕابگوێزرێ. ئێمە کە ڕۆڵی کەسانی پشتگیریمان لە ئەستۆ بوو ئەو ئەرکەمان خرایە سەر شان کە بەدرێژای ڕێگەکاندا هاتوچۆ بکەین و ئەو ڕێگەیانەی کە تۆپەکانی بەسەردا ڕادەگوێزران، دەستنیشان بکەین.

بەڵام ڕۆژی پێنجشەمە ١٦ی فێبرایەر یەکێک لە کرێکارەکانی کەشتییە بارەبەرەکان تەلەفۆنی کرد و گێڕایەوە کە تۆپەکان باری بەلەمەکانی هیندی کراون و ئەوە خەریکە بەرەو هیندستان ڕابگوێزرێن. وەک ئەوەی لە ئاوێکی ساردمان هەڵکێشن هەموو جۆش و خرۆشی نێو گرووپی پلاگبیل بەجارێک دامرکایەوە و کار و هەڵسوکەوتی چەند حەوتوومان بەختوخۆڕایی بەفیڕۆ چوو. هەموو دەیانویست بگەڕێنەوە ماڵێ. هەنریک فریکبەری ئەو بەرپرسایەتییەی وەئەستۆی خۆی گرت کە بەر لەوەی ئەندامانی گرووپ بڵاوەی لێ بکەن، ئەو ڕاستی و دروستیی هەواڵەکە بۆ جارێکی تر پشتڕاست بکاتەوە. بەپەلە هەنریک خۆی گەیاندە ئێزگەی قەتاری کریستینەهامن و لەوێ گۆیا نوقڵ لە کیوسکی نێو ئێزگەکە دەکڕێ قەتارە بارەبەرەکانی خستبووە ژێر چاودێری. بەسەرسوڕمانەوە پێنج تۆپی دوورهاوێژی ٧٧ی لەنێو پێنج واگندا دیتبوو. هەر بەپەلە هەنریک گەڕابووەوە لای هاوڕێیانی و ئەوەی دیتبووی بەپەلە گێڕابوویەوە. بەڵام لە پێشدا هەموو پێیان وابوو هەنریک گاڵتە دەکا. پاش ئەوەی لە قسەکانی هەنرێک دڵنیا دەبن، لە ماوەیەکی کورتدا گرووپەکە کۆ دەبێتەوە و بریاری بەپەلەی چوون بۆ لای تۆپە دوورهاوێژەکان دەدەن.

دواتر بەماشێنە کۆنەکەی گونیلا ئۆکربەری بەرەو ئێزگەی قەتار وەڕێ دەکەون. دوای ئەوەی جارێک ڕێگەی ئاڵووێری ئەو ڕێگەی ئاسنەی کە واگنی تۆپە دوورهاوێژەکانی لەسەر ڕاگیرابوو کە هەر لە نزیک ئێزگەی قەتار هەڵکەوتبوو لێ هەڵە دەبێ ئاخرەکەی شوێنی ئاڵووێری ڕێگەکە دەبیننەوە و بەبێ ئەوەی کەسێک بتوانێ پێشیان بگرێ یەکێک لە تۆپەکان دەشکێنن.

بزووتنەوەی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی هەتا دێ هەم بۆ کۆکردنەوەی ڕاستەوخۆی زانیاری و هەم بۆ دیتنەوەی ئەو کەسانەی شارەزاییی زیاتریان هەیە،

فرەتر پێویستیان بەئینتەرنێت دەکەوێ. هەروەها تۆرێکی تایبەت بەتێکۆشەرانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بەناوی کۆمەڵەی پێشکەوتنخوازانی ڕایەڵەی پێوەندی Association for Proggrssive Communication لەسەر ئینتەرنێت هەیە. ئەوانەی کە لە سەرەتا دەستیان پێ کرد گرووپێک بوون بەناوی نێتی ئاشتی PeaceNet لە ئەمەریکا و نێتی سەوز Green Net لە ئینگلتەرا. لە سوێددا تۆرێک بەناوی نێتی باکور Nordnet هەیە. لەم دواییانە بیستومە کە بەسەدان تێکۆشەر لە هەموو کەل و قوژبنێکی جیهان لەو تۆڕانەدا چالاکییان هەیە. لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا ئەگەر پێویستیم بەزانیارییەک هەبووە ئەوە لە ڕێگەی نامەنووسین یان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پرسیارم کردووە و لەولاشەوە هەر پاش چەند ڕۆژێک دواتر وەڵامم دراوەتەوە.

کاتێک دەمانەوێ لێکۆڵینەوە لەسەر داوودەزگایەک بکەین لە ڕێگەی تەلەفۆنکردن یان نامەنووسین بۆ بەشی تایبەتی ئەو داوودەزگایە، داوای زانیاری دەکەین. لە سەرەتای ساڵەکانی هەشتادا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری من بۆ خۆم سەردانی ڕاستەوخۆی پشکێنەرانی تایبەتی چەکوچۆڵم کردووە. لەو شوێنانە مرۆڤ دەتوانێ داوای ڕاپۆرتی ڕۆژانە، نامە، پۆستی ئەلیکترۆنی، فاکس و بەڵگەی تر بکا. کاتێک ژمارەیەک دۆست سەردانی دەزگای ئاسایشی پۆلیسیان کردبوو لە ڕێگای ڕاپۆرتی ڕۆژانەی ئەو دەزگایەوە بۆیان دەرکەوتبوو کە چۆن ئیدارەی پەنابەران بەشێوەیەکی سیستیماتیک داوای زانیاری لەسەر پەنابەران لە دەزگای ئاسایشی پۆلیس کردبوو. لە سۆنگەی هەمان ڕاپۆرتی ڕۆژانەوە دۆستان داوایان لە ئاسایشی پۆلیس کردبوو کە دەیانەوێ چاویان بە بەڵگە فەرمی و نهێنییەکانی تایبەت بەپەنابەران بکەوێ. ئەگەر ئاسایشی پۆلیس خۆی لە نیشاندانی بەڵگەکان بواردبایە ئەوە ئەوان مافی شکاتکردنیان هەبوو. لە زۆربەی وڵاتاندا بۆ داوودەزگاکان دیاری کراوە هەموو جارێک سەرلەنوێ لێکۆڵینەوە لەسەر بەڵگە نهێنییەکان بکرێ ئەگەر هاتو پێویست بوو ئەوە داخوازێک لەو پێوەندییەدا بەرز بکرێتەوە.

هەموو ئۆرگانیزاسیۆنێکی گەورەی سیاسی کار بۆ ئەوە دەکا و هەوڵی ئەوە دەدا کە زانیاری بۆ نموونە لەسەر ژینگە، لەسەر کێشەی کەمئەندامان و جیهانی سێیەم کۆ بکاتەوە. پێشتر دەستڕاگەیشتن بەزانیاری زۆر سەخت بوو هەر بۆیە

کۆکردنەوەی زانیاری کێشەیەکی هەرە گەورە بوو. بەڵام ئێستا تەنانەت تاکەکان و گرووپە چکۆڵە ناوچەییەکان زۆر ئاسان دەتوانن زانیاریی زۆر پڕ بایەخ وەهەوێڵ بخەن. هەر بۆیە کۆکردنەوەی زانیاری ئەو قورساییەی جارانی نەماوە و بەشێکی زۆر لە کاری گرووپگەلی دۆستان بەخۆیەوە سەرقاڵ ناکا.

### ئاسایش و بوونە داردەستی بەرەی دژبەر

لەم ماوەیەدا لەلایەن تێکۆشەرێکی نێو بزووتنەوەی پلاگبیل لە ئەڵمان نامەیەکی ئەلیکترۆنیم پێ گەیشت. ئەو لە ڕۆژنامەیەکی تایبەت بەژینگە کە لە بەلجیکا دەردەچوو خوێندبوویەوە، تێکۆشەرێک لەسەر ژمارەیەک گرووپگەلی ژینگەپارێز بەقازانج و بەرژەوەندیی چەند شەریکەیەک سیخوڕیی کردووە. پێوەندیی بە ژمارەیەک شەریکەوە گرتووە و خۆی لێیان نزیک کردووەتەوە. تێکۆشەرەکە یەکێک لە ئەندامە ناسراوەکانی گرووپی بەرهەڵستکاری ماف "هیوا و بەرگری" Hope & Resistance ئەورووپا بوو.

ئەو نووسیبووی: "من لەگەڵ شتی وادا ڕانەهاتووم". "ئێمە چ بکەین؟" من وەڵامم دایەوە و نووسیم کە گرووپی هیوا و بەرگری گرووپێکی فەرمییە، ئەو تێکۆشەرەش وەک هەموو کەسێکی تر بۆی هەیە تێیدا تێکۆشانی هەبێ.

من بۆ خۆم پێشتر ئەزموونی تاڵم لەسەر دەستنیشانکردنی تێکۆشەران وەک نێردراوانی بەرەی دژبەر هەبووە. ژمارەیەکی زۆر لە باشترین هاوڕێیانی خۆم وەک نێردراوانی بەرەی دژبەر دەستنیشان کراون. بەڵام دواتر دەرکەوتووە کە ئەو درۆودەلەسانە هیچ بنەمایەکیان نەبووە. ئەگەر هاتو کەسێکت بەڕادەی پێویست نەناسی ئەوە سروشتییە کە مرۆڤ زیاتر لێی دووڕدونگ بێت. لە هێندێک وڵاتی ئەورووپاییدا ژمارەیەک تێکۆشەر کە لە بنەوە کاریان بۆ دژبەر کردووە، ئاشکرا کراون. لە هۆڵەندا گرووپێکی پلاگبیلی بەتەواوی لێک هەڵوەشا، کاتێک دەرکەوت کە یەکێک لە ئەندامەکانیان داردەستی بەرەی دژبەر بووە. لەبەر ئەوە کێشەی هەبوونی کەسانی داردەست جارجار و زۆر بەکەمی دێتە گۆڕێ هەرکە دەنگۆی واش هاتە گۆڕێ هەر زوو وەک گیاکەڵە پەل دەهاوێژێ و بەهەموو لایەکدا بڵاو دەبێتەوە. دەنگۆی هەبوونی کەسانی داردەست زۆرجاران خەساری زۆرتر لە گرووپەکان دەدا هەتا ئەو کاتە بەدەگمەنانەی کە داردەست و سیخوڕەکان لە

ڕاستیدا هەن و دەبیندرێنەوە و پاشان ئاشکرا دەکرێن.

داستانی زۆر و زەبەنم لەسەر درووستکردنی داردەست و سیخوڕیی پۆلیس لەنێو گرووپگەلە هەڵمەتبەرەکانی سوێددا بیستووە. هەر ئەوە لە سەرەتای دەیەی حەفتاکاندا سیخوڕەکانی پۆلیس لەنێو بزووتنەوەی فەلەستین لە سوێددا ئاشکرا کران بەو مانایە نییە کە ئێستاش پۆلیس هەروەک جاران لە داردەست و سیخوڕە نێردراوەکان بۆ نێو بزووتنەوەکان کەڵک وەردەگرێ. جارێک زۆر لێبڕاوانە داوام لە تێکۆشەرێک کرد کە نموونەیەک لەسەر دەنگۆی هەبوونی ئەو داردەست و سیخوڕانەی کە ئەو باسی دەکا، بێنێتەوە. ئەویش وەک نموونە ناوی ڕۆژنامەوانێکی هێنا کە گۆیا لەگەڵ پۆلیسی ئاسایشی هاوکاری دەکا. منیش پرسیارم لێ کرد باشە ئاخۆ تۆ بەڵگەیەکت هەیە کە ئەمە بسەلمێنێ، ئەویش وەڵامی دایەوە کە جارێک ئەو ڕۆژنامەنووسە دەچێتە کتێبفرۆشییەک کە سەر بە ئانارشیستەکان بووە، هەر زوو پاش ئەوە ڕۆژنامەنووسەکە لە کتێبفرۆشییەکە دەچێتە دەرێ پۆلیس دێن و کتێبخانەکە دەپشکنن. ئەم جۆرە دووڕدونگی و لێ وەشککەوتنانە، بێ متمانەیی هەم لە بەرانبەر خۆمان و هەم کەسانی دەرەوەی خۆمان چێ دەکا و زەربە لە باوەڕ و متمانەی گرووپ دەدا.

گرووپی Orlandos Freeze وەک گرووپی پشتگیریی هەڵمەتی پلاگبیلی Pershing Plowshares لە ساڵی ١٩٨٤دا کاریان دەکرد. ئەو گرووپە بەلایەنی کەمەوە سێ جار تووشی کەسانی داردەست و نفووزی بوو. بروک گاگنۆن دوو لەوانی ئاشکرا کرد. ئەو نامەیەکی کراوەی بۆ پۆلیس نووسی و داوایانی لێ کرد ئەگەر دەیانەوێ شتێک لەو بارەوە بزانن، باشتر و ئاسانترە و بەقازانجی هەموو لایەکە کە پۆلیس تەلەفۆن بۆ ئەو بکەن.

هەر لەو کاتەدا گرووپی Orlandos Freeze بەهۆی کەسانی داردەستەوە دووجار تووشی دەستتێوەردانی پۆلیس بوو، من یەکێک لە داردەستەکانم هەر پاش کۆتاییی هەڵمەتەکەمان دی. ئەو لە شوێنی هەڵمەتەکەدا پرس و ڕاگۆڕینەوەیەکی کورتی لەگەڵ من هەبوو. ئەو پرسیاری لە من کرد ئاخۆ من پێشتر بەداردەست و سیخوڕبوونی ئەوم زانیوە.

ئاخرین جار کە داردەست و سیخوڕێک ئاشکرا بکرێ کاتێک بوو کە

تێکۆشـەرێک بەهـۆی ئەوەوە کـە گـۆیا سـزاکـەی لـە مـەحکەمـەدا کـەم دەبێـتـەوە هاوکاریـی پۆلیسی کردبوو، پۆلیس بەڵێنی دابوو کە ئەگەر هاوکارییان بکات ئەوە لە سـووککردنی سـزاکـەیدا یارمـەتیی دەدەن. بەڵام پاش ئەوەی تێکۆشـەرەکـە هاوکاریی پۆلیس دەکا، پۆلیس لەژێر بەڵێنەکەی دەردەچێ و یارمەتیی ئەو نادەن. ئەمـە دەبێتـە هـۆی ئەوە کە تێکۆشـەرەکە خـۆی وەک هەڵخەڵەتێندراو ببـینێ و لە نامەیەکی سەرئاواڵەدا بەشێوەیەکی ورد، داستانی سیخوڕبوونەکەی خۆی و لەژێر بەڵێن دەرچوونی پۆلیس لە ڕۆژنامەکاندا بۆ خەڵک ئاشکرا دەکا.

لە ئەمـەریکا ڕێکخراوی ئێف بی ئای هەتا ڕادەیـەک لە داردەست و سـیخـوڕی ئاشکرا کـەڵک وەردەگـرێ. ئەمـەش لـەبەرئەوەیە کـە گـرووپەکـان ئەوە بزانن کـە کـارەکانیـان لە ژێر چاودێریدایە و ئەوان بـەشـێـوەیەک ئاگـایان لە خـۆیان بێ کـە سنوورە دیاریکراوەکان نەبەزێن. شـێوازێکی کاریگەر بۆ ئەوە گـرووپێک دامـاو و ئیفلیج بکرێ ئـەوەیە کە دەنگۆی هـەبوونی سـیخـوڕ و داردەست لەو گرووپەدا بڵاو دەکرێتەوە. لەوەش کاریگەرتر ئەوەیە کە بڵاو بکرێتەوە کە داردەست و سـیخـوڕ لە گرووپێکدا ئاشکرا کراوە و بەخەڵک ناسێندراوە.

ئەو گرووپە ئاشتییەی لە سیراکۆس Syracuse کە من لە ماوەی ساڵێکدا کارم تێدا دەکرد لە کاتی سـەرکۆماری کارتێردا توانییـان زۆر بەڵگە لەسـەر خۆیان کە ڕێکخـراوی ئێف بی ئای لەسـەر ئەوانـی کـۆ کـردبووەوە، بێننە دەرێ و ئاشکرای بکەن. ڕەیگان دواتر ئەم شیانەی ڕاوەستاند. بەڵگەکانی ئێف بی ئای بە قـەرای دەسنووسی ئەم کتێبەی من ئەستوور بوون. ئەوان ناوە ناوە سیخوڕەکانی خۆیان لەنێو گرووپەکەی ئێمە خزاندبوو. ژمارەیەک لە هاوڕێیانی من دەیانگوت کە ئەوان بەشێک لەو سیخوڕانە دەناسن.

ئەمە وای کرد ئەگەر هاتبا کەسێک برێک سەیروسـەمەرە هاتبایەتە پێش چاو ئەوە هەر زوو مـۆرکی سـیخـوڕیی پێوە دەچەسپا. ئەگەر هـاتو کەسێکی بێ تاوان مۆرکی سیخوڕیی لەنێو گرووپدا لێ درا، ئەوە بۆ ئەو کەسە زەحمەت دەبێ کە وەک ڕابردوو درێژە بەتێکۆشانەکانی بدا.

بەشێکی زۆر لە ئێمە لەنێو گرووپی ئاشتیی سیراکۆس چارەسەرییەکەمان بۆ کێشەی سیخوڕی هەم بۆ ئەوانەی کە سیخوڕیی ڕاستی بوون و هەم بۆ ئەوانەش

کە تەنیا دەنگۆی سیخوڕبوونیان لە دوو کەوتبوو، دیتەوە. چارەسەرەکەش ئەوە بوو کە هەموو شتەکان ڕوون و ئاشکرا باس بکرێن.

ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی گرووپ بەباشیان زانی کە ئێمە لەو بارەوە بەلێزانی و وریاییـیـەوە لە کێـشـەکـە نزیک ببینەوە. ئەوان پێـیـان وابوو کـە ئێـمـە دەبێ بەپارێزەوە لەو بارەوە هەم لەنێو خۆمان و هەم لە دەرەوەی خۆمان بدوێین.

ئەم دوو جۆرە تێڕوانین و بیرکردنەوەیە ئێمەی بەسەر دوو گرووپی جیادا دابەش کرد. کراوەیی و شەفافییەت مەرجی بنەڕەتی دیموکراسییە. بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین هەڵوێستی دروست بگرین ئەوە دەبێ دەستمان بەهەموو زانیارییە پێویستەکان بگات.

لە بەڕێوەبەرییەکدا کە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە ئەندامان زانیارییەکانیان لە هەوێڵدایە و زۆربە لێی بێبەشن ئەوە بەپێی بنەماکانی دیموکراسی ئەو بەڕێوەبەرییە دیموکراتیک نییە. پرۆسێسی دیموکراسی کاتێک لەنێو گرووپێکدا قایم و خۆگر دەبێ کە ئەندامانی ئەو گرووپە هەموو زانیارییەکانیان لە هەوێڵدا بێ و هەر لە سۆنگەی ئەو زانیارییانەشەوە، بڕیارەکان بدرێن. هەر لەبەر ئەمەشە کە ڕێکخراوێکی نهێنی ناتوانێ پێبەندی دینامیکی عەقڵانی و دیموکراتیک بێت. بۆیەش ڕێکخراوێکی ئاوا ناتوانێ گەشە بکات و کۆمەک و پشتگیریی بەرین بۆ خۆی پەیدا بکا.

هەتا پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایش زیاتر لەسەر بزووتنەوەیەک بزانن ئەوە لە بەرژەوەندیی ئەو بزووتنەوەدایە. چونکە متمانە هەم لای ئەوان و هەم لای ئەندامانی بزووتنە زیاتر دەبێ. نابەجێیە، کۆڵێک درۆ و بوختان لەسەر کار و کردەوەی بزووتنەوەیەک بەختوخۆڕایی بڵاو بکرێتەوە. باشترە، چاودێرانی کۆمەڵگە لە کار و کردەوەکان ئاگادار بن هەتا ئەوە درۆودەلەسە بڵاو بکرێتەوە.

بەیانییەک تازە لە خەو هەستابووم، زەنگی دەرکە لێی دا. دوو کەس هەر لە تەمەنی مندا لە پشتەوەی دەرکەکە وەستابوون. پاش ئەوەی داوای لێبووردنیان کرد خۆیان ناساند، لەلایەن دەزگای ئاسایشی پۆلیسەوە هاتبوون. پرسیاریان کرد بۆیان هەیە بێنە ژوورێ. بڕێک قاوەم سواند و لێم نا.

باسی ئەوەیان کرد کە ئەوان وەک جیلێکی تازە لەنێو پۆلیسدا دەیانەوێ لەگەڵ

ئەو کەسانەی کە خراونەتە ژێر چاودێریی پۆلیسەوە، دیالۆگێک ساز بکەن. بەڵام ئەوان نەیاندەزانی دژکردەوەی من چۆن دەبوو، ئەوانم وەردەگرت یان وەدەریانم دەنا؟

– گوتم نا. بۆ دەرتان بکەم؟ ئێمە دەمانەوێ کە ئێوە هەرچی زیاتر لەسەر ئێمە بزانن. من ئەوەم بۆیان ڕوون کردەوە کە کراوەیی ئێمە دەتوانێ شک و گومان و ترسەکان بڕەوێنێتەوە.

دوو سەعاتی تەواو پێکەوە باس و گفتوگۆمان کرد. من ژمارە تەلەفۆنی ئەندامانی بەشی پێوەندیی و کەسانی پێویستم لەنێو بزووتنەوەی پلاگبیلدا بەوان دا. پاشان لە ماوەی چەند مانگێکدا ئەوان پێوەندییان بەو کەسانەوە گرتبوو.

کراوەیی بەرپەرچی سێکتاریسم و نهێنیکاری دەداتەوە. شک و گومان تەنیا یارمەتیی دژبەرانی بزووتنەوە دەدا و لە کردەوەدا تەنیا ئەوان قازانج دەکەن. پاشان ڕوون نییە ئەوانەی کە پێ لەسەر کاری نهێنی و بەورییایی کارکردن دەگرن، بۆ خۆیان سیخوڕ نەبن.

لەبەرئەوەی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لەسەر بنەمای کراوەیی دامەزراوە، من لێرەدا هەوڵی ئەوە نادەم باسی ئەوە بکەم کە چۆن خۆمان لە چاودێری بپارێزین. لە جێی ئەوە دەتوانم بێژم کە کراوەیی بۆ خۆی هەوڵی چەواشەکردن و بەلاڕێدابردنی بزووتنەوە لە ڕێگەی تێخزاندنی سیخوڕەوە بێ کەڵک دەکات. تێکۆشەران زیاتر پێویستیان بەڕەخنە لەخۆگرتن هەیە هەتا داپۆشین و نهێنیکاری.

بەشی سێیەم

# زمانی بەرهەڵستکاری لەسەر شێوازە جیاجیاکانی هەڵمەت

## زمانی بزووتنەوە

## لەسەر شێوازە جیاجیاکانی هەڵمەت کردەوە

من زۆر درەنگ تێ گەیشتم کە هەڵمەت "ئاکشن" لە زمانەکانی تردا بەمانای کردەوە دێت. لە زمانی سویدیدا وشەی ئاکشن یانێ کردەوەیەکی فەرمیی سیاسی کە لەلایەن هاووڵاتییانەوە دێتە ئەنجامدان. یان ئەوە بەمانای "هەڵمەتێکی نهێنی"Undercover operation دێت کە سیخوڕگەلی گومانلێکراو پێی هەڵدەستن.

من پێشتر ڕێزم بۆ ئەم وشەیە هەبوو. ئاکشن شتێک بوو کە کەسانی تر دەیانکرد. من نەمدەکرد. کاتێک ئینگلیزی فێر بووم، ئیتر وشەی ئاکشن ئەو ڕێزەی لای من نەما. ئەمە شتێکی باش بوو. "کردەوەکان" ئەو شتانەن کە مرۆڤ هەموو کاتێک ئەنجامیان دەدا.

هەتا ئەو کاتە ئینسان لە کەنداوێکی چۆڵ و هۆڵ نەژی ئەوە ناتوانێ بەشداریی سیاسەت نەبێ. ئێمە کار دەکەین، مەسرەف دەکەین و بەم شێوەیە چەرخی کۆمەڵگە وەگڕ دەکەوێ. ئەگەر بێتو ئینسان بێدەنگ بێت، ئیتر ئەو بێدەنگییە فەرمانبەرانە یان پاسیڤ و بێلایەنانە بێت، جیاوازییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نییە، ئەم بێدەنگییانەش لە خۆیاندا کردەوەن. ئەگەر لە ڕۆخی بەحرێک دانیشتووی و بەپێش چاوتەوە کەسێک دەبینی کە خەریکە لە بەحرەکەدا بخنکێ و تۆش دەستەوەستان وەستاوی وەک ئەوە وایە دەوڵەتی سوێد چەکەکانی بۆ دەرەوە دەنێرێ و ئەتۆش بێدەنگی.

کردەوە سیاسییەکان ئەو کردەوانەن کە مرۆڤ ڕۆژانە لەگەڵی بەرەوڕوویە. ئێمە چ دەکڕین، لە کوێ دەژین و بۆ کوێ سەفەر دەکەین هەموویان لە ڕاستیدا کردەوەی فرەنەتەوەیی سیاسین. ئەو کردەوانە لەسەر ئینسانەکان بەچواردەوری ئێمەدا شوێن دادەنێن. زۆر بەداخەوە زۆرجار ئاکامی سیاسیی کردەوە ڕۆژانەکانی ئێمە ئەوەیە کە دەستەڵاتی دەستەڵاتداران و ناعەدالەتییەکان قایمتر

دەبێت. لەبەر ئەوە هیچ سیستەمێک بەتەواوەتی ڕێکوپێک نییە و کۆمەڵگە لە ڕاستیدا بەهۆی هاوکاری و هاوئاهەنگیی ڕۆژانەی هاووڵاتییانەوە سوڕ دەخوا و بەرەوپێش دەچێ، هەر بۆیە دەبووا نافەرمانیی مەدەنیش وەک کردەوەیەکی ئاسایی ڕۆژانە چاوی لێ بکرابایە.

یەکێک لە ئامانجەکانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ئەوەیە کە ئێمە ئیتر ڕێزمان بۆ ئاکشن نەبێ. سیاسەت ئەوە نییە کە کەسانی تر لە کات و وەختە تایبەتییەکاندا دەیکەن. بگرە سیاسەت لە کردەوە ڕۆژانەیییەکانی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێ.

بەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبە لەسەر شێوازە جیاجیاکانی هەڵمەتە و باسی ئەوە دەکرێ کە چۆن هەڵمەتێک لە کردەوەدا بەئەنجام دەگەیەندرێ. بێجگە لەوە شێوازە جۆراوجۆرەکانی هەڵمەت شی دەکرێنەوە، باسی ئەوەش دەکرێ کە هەڵمەت لەلایەن چ کەسانێک و لە دژی کێ و بۆچی دێتە ئەنجامدان.

## هەڵمەتی پلاگبیلی

بزووتنەوەی پلاگبیل بەوە دەناسرێ، بزووتنەوەیەکە بۆ چەکداماڵین خەبات دەکا و خەڵکی تریش هان دەدا کە هەمان کار بکەن. وەک سەرچاوە بۆ هەڵمەتی پلاگبیلی باسی ژمارەیەک " پێشگۆ"ی جوولەکە کە ڕەنگە سەد ساڵ پێش لە زاین ژیابن، دەکرێ. ئەوان کەسانێک بوون کە بەهۆی خوێندنەوە و لێکدانەوەی ڕاستییەکان پێشگوتن یان پێشدیتنی ئەوەیان دەکرد کە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بەرەو کوێ دەچوون. ئەوان بەهۆی هەڵمەت و خوڵقاندنی کارەسات و زۆرجار تەنانەت کارەساتی بێزراو و قێزەون هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بڵێن بەچ شێوەیەک ڕەوتی ڕووداوەکان دەتوانرێ جارێکی تر بخرێنەوە ژێر کۆنترۆڵ و سەر ڕێگەی ڕاست. ئەوان وەک ڕەخنەگرانی کۆمەڵگە دەناسران کە هەم لە خەڵک و هەمیش لە دەستەڵات نارازی بوون. ئەوان لایەنگرییان لە ماف دەکرد و لە دژی مافخوراوی و ناعەدالەتی خەباتیان دەکرد. هەر بۆیە بەشێوەیەکی سیستماتیک لەلایەن دەستەڵاتەوە دەگیردران و لەدارە دران یان ئەوەی لەلایەن خەڵکەوە سزا دەدران. ئیمرۆ گرووپگەلی ئاشتی و بزووتنەوە پشتگیرەکان هەمان ئەرکیان خستووەتە سەرشانی خۆیان.

کەسێکی پێشگۆ پێویست ناکا کەسێکی مەزهەبی بێت. لەبەر ئەوە بزووتنەوەی پلاگبیل شوێندانەریترادیسیۆنی کریستیانیی پێوە دیارە زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە بزووتنەوەیەکی تایبەتی کریستیانییە. ئەمە هەڵەیە. لەو یەکەم گرووپەی Persh-ing Plowshares کە من لە ساڵی ١٩٨٤دا تێدا ئەندام بووم کەسێکی بەباوەڕی جوولەکە و کەسێکی تری بوودیستیشی تێدا بوو. لە گرووپەکانی تری پلاگبیلیدا کەسی ئاتێئیست، ئاگنۆستیک "زانای نکوولێکەر" و کەسانی هێدنینگ "بێ دین"ی تێدایە.

هەروەها بزووتنەوەی پلاگبیل لەباری سیاسیشەوە یەکجار بەربڵاوە. یەکەم سوێدییەک کە لە هەڵمەتی پلاگبیلیدا لە پانتاییی ئەورووپادا بەشداریی کردبێ کەسێک بوو کە ئەندامی گەنجانی پارتی لیبراڵ بوو. هەروەها ئانبریت ستێرنفێلد ژنە ئەندامی پارتی ژینگەی سوێد لە هەڵمەتی پلاگبیلدا بەشداریی کردووە. لە ئاڵمان و ئینگلتەرادا ئەندامانی کۆمۆنەکان لە پارتی سۆسیال دیموکراتەکان لە هەڵمەتەکانی چەکداماڵینی پلاگبیلدا بەشدارییان کردووە. یەکێک لە بەشدارانی هەڵمەتی چەکداماڵینی پلاگبیل لە شاری لینشۆپینگی سوێد دواتر لەلایەن پارتی ژینگەوە بوو بەئەندامی پەرلەمانی سوێد. ژمارەیەک لە ئەندامانی پلاگبیل لەباری سیاسییەوە خۆیان وەک ئاناراشیست و سیندیکالیست دەناسێنن.

بزووتنەوەی پلاگبیل وەک بنەما بۆ ئاشتی و مافی وەکیەکیخوازی پشت بەحەوت خاڵی سەرەکی دەبەستێ و لە هەڵمەتەکانیدا بەهۆی سیمبۆلە جۆراوجۆرەکانەوە هەوڵی وەدیهاتنیان دەدا:

١- چەکداماڵین

زۆربەی گرووپەکانی پلاگبیل تەنیا بەشێک یان چەند بەشێک لە بەشە جۆراوجۆرەکانی چەکەکان دادەماڵن و داماڵینی بەشەکانی تر لێ دەگەڕێن بۆ ئەوەی خەڵکی تر دایماڵن. مەبەست ئەوەیە کە کاری چەکداماڵین تەنیا کاری تێکۆشەران نییە و بگرە هەر کەسێک لە ئاستی خۆیەوە ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشان کە کاری چەکداماڵین وەئەستۆ بگرێ. سنووردارکردنی چەکداماڵین لە خۆیدا سیمبۆلێکە کە نیشان دەدا "ئێمە بەتەنیا ناتوانین ئەرکی چەکداماڵین بەئەنجام بگەیەنین. یارمەتیی تۆش پێویستە".

٢- خولّقاندن
هەڵمەتەکان نابێ ڕووخێنەر بن بگرە دەبێ سازکەرانە و هیواگەیێن بن. هەر بۆیە بۆ نموونە لە شکاندنی چەکوچۆڵدا لە چەکوشی ئاسایی دارتاشی کەڵک وەردەگیردرێ. ئێمە هەروەها ئەو سیمبۆلانە بەکار دەبەین کە مانا بەژیان و مانەوە دەدەن نەک ئەوە مردن و ڕووخان بەدوای خۆیاندا دێنن. لە هەڵمەتی شکاندنی تۆپی بووفورش لە کریستینەهامن [سوێد] تێکۆشەرانی ئێمە گوڵە گەنمیان وەک سیمبول لەگەڵ خۆ بردبوو هەروەها لە پاش هەڵمەتەکەش شیرینیی سێملا [شیرینییەکی سوێدییە] خواردبوو.
٣- نابێ لە توندوتیژی کەڵک وەرگیرێ.
٤- نابێ فێری ئەوەش بین کە لە دژی یەکتری توندوتیژی بەکار ببەین.
٥- نابێ خۆمان بۆ شەڕ ئامادە بکەین. ناتوندوتیژی دەبێ بنەما بێت لە هەموو هەڵمەتێکی پلاگبیلیدا. هیچ کامە لە ئێمە ناتوانێ بە تێڕادیتوویی تەواوە وەبڵێ کە من لە توندوتیژی بێبەریم. هەر بۆیە پێویستە کە ئێمە چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵ هەوڵ بدەین کۆمەڵگە لە توندوتیژی دامالّین.
٦- هەموو کەسێک پێویستە ئیمکاناتی ژیانی بۆ دابین بکرێت. ئاشتی بەو مانایە کە پێویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بەڕادەی پێویست دابین بکرێ. یەکسانی و ئاشتی بەبێ یەکتری نابن و دوو بەدوو تەواوکەری یەکترین.
٧- هەموو مرۆڤێک دەبێ ڕێزی ئینسانەکانی دەوروبەری بگرێ و مرۆڤەکان خەمخۆری یەکتری بن.

لە بەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە لە کاتی خەبات و تێکۆشاندا لە دژی توندوتیژیدا بێگومان هەموو ئامانجی هەڵمەتێکی پلاگبیلی یان تەواوی ئەو سیمبۆلانەی دەکار دەبرێن، ناپێکی بەڵکوو پێویستە هەوڵی لەوە زیاتریش بدرێ. هەموو هەڵمەتێک ڕەنگە کتێبێکی تایبەت بەخۆی پێویست بێت کە وێنەیەکی گشتی لە خاڵە ڕەچاوکراوەکان پێشان بدا. بزووتنەوەی پلاگبیل هێندێک جار کتێبی تایبەت بەهەڵمەتەکان چاپ و بڵاو دەکەنەوە لەبەر ئەوە تەنانەت کەسانی دەرەوەی بزووتنەوەش وەک قازییەکان، دادوەرەکان، کرێکارەکان، نیزامییەکان بتوانن

بەشـدار بن و هەڵوێست و ئامـانجـەکـانی بزووتنـەوە بخـەنە بەرباس و تیـشکی شیکردنەوە. تەنانەت هێندێک جاریش بزووتنەوە فیلـم و شانۆ هەر بۆ ئەو مەبەستە چێ دەکا.

بەڵام گـرینگترین ڕێگەکـانی پەرەپێـدانی دیالۆگ و گـفـتوگـۆ لەگـەڵ کـەسـانی دەرەوەی بزووتنەوە بـرێتـیـە لە کـۆبوونـەوەی کـەسی، گفـتوگـۆ و داوەتکردن و لێ گێڕانەوە لە کاتی هەڵمەتەکانی چەکداماڵیندا.

## چەکداماڵین

یەکێک لە باسە گـۆنگەڵهەڵخرێنەکانی پێوەندیدار بەبزووتنەوەی پلاگبـیلەوە، باسی لە کارخستن و تێکدانی چەکوچۆڵە. زۆر هۆکار هەن کە بزووتنەوەی پلاگبیل کاری چـەکداماڵین و ئاکامی ئەو کارە دەخاتە پێش هەمـوو ئەرکەکـانی ترەوە و لەو پێناوەدا خەبات دەکا.

تێکۆشانی پشـتگیری (سۆلیداریتـی)، ئاشتی و ژینگە بەدەوری ئەو کێشـەگەلەدا خول دەخـۆن کـە پێوەندییـان بـە کاری باش و چۆنیـەتی بـەباشـترین شـێوە کەڵک وەرگرتن لە شیانەکان هەیە. پرەنسیپێکی کاپیتالیستی لەمەڕ خاوەنداریەتی هەیە کـە ئەو کـێشـەگەلەی لە لایەنێکی فـەرمی و گشـتـیـەوە بەرەو لایەنێکی کـەسی و چوارچێـوەی مـاڵ ڕاگـوێسـتـووە. مـافی بەشـداریکردن لە هەڵوێست و بڕیارە سیاسییەکاندا و دیموکراسـی لەگەڵ کێشەی خاوەنداریەتی جێگۆڕکێی پێ کراوە.

ئەم جـۆرە بیرکردنەوەیە لە خـۆیدا دەگاتـە ئەوپەڕی بیری شـێتانە کاتێک قسـە لەسـەر خـاوەنداریەتی و بەرهەمـهـێنانی چەکوچۆڵ بـکرێ. مـافی خـاوەنداریـەتیی کـەسـیی ـ چەک ـ دەکـەوێتـە سـەرووی مـافی ئەو کـەسـانەی کـە بـەهـۆی چەکـەوە زەرەرمـەند دەبن و بەو شـێوە مـافی ئەوان پێشێل دەکرێ. تەنانەت خـاوەنداریـیـەتی دەوڵەتی لە چوارچێوەی گشتی دەچێتـە دەرێ و وەک مافی خـاوەنداریەتیی کـەسی مـــامـــەڵەی لەگـــەڵدا دەکـــرێ. بڕیـارە دیموکـــراتیکەکـــان تەنیـــا پێـــوەندییـــان بەچوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ کاروبارێک هەیە و ئیتر چۆنیـەتیی کەڵک وەرگرتن لە شیـانەکان لە ئەسـتـۆی دەوڵەت نامـێنێ و وەئەسـتـۆی ئەنیسـتـیتـۆ و شـەریکە وەشوێن قازانج کەوتووەکانەوە دەکەوێ.

ئەلیزابێت ماکلایستێر Elizabeth McAlister لە گرووپی گریفیس پلۆشار -Grif

fiss Plowshares له ماوەی مەحکەمەکەیدا هەوڵی دا پێش ئەوە مەحکەمە پێشی پێ بگرێ، ئەوە بسەلمێنێ کە چۆن لە کۆمەڵگەی ڕۆئاوادا دیاردەی چەک کاراکتەرێکی پیرۆز و خوای بەخۆیە گرتووە. ئەم خاوەنداریەتییە ڕووخێنەر و لە هەمان کاتدا پیرۆزە ئەوەندە دەبردرێتە سەرێ کە لە سەرەوەی ئینسانیش دادەنرێ. ئەمە بەڕوونی دەردەکەوێ ئەگەر بێتو سەرنج بدرێتە ئەوەی کە چۆن شەریکەکانی چەکسازی ناوی پیرۆزی وەک Kristi Kropp و Treenigheten لە چەکەکانیان دەنێن. بێجگە لەمە، ئێمە ئیزن بەخۆمان دەدەین کە هەر ئەم کەرەستە پڕ مەترسیدارانەی دروستکراوی خودی مرۆڤ، ژیان و مان و نەمانمان بۆ دیاری بکەن. بایەخی خاوەنداریەتی دەکەوێتە سەرووی بایەخە ئینسانییەکان.

کاتێک ژمارەیەک ژن و پیاوی ناشارەزا بە چەکوشەکانیانەوە هەڵدەکوتنە سەر پیرۆزترین چەک و لە کاری دەخەن. ئیتر نە ئەو چەکە شایانی پەرەستنە و نە کەڵکی بەکارهێنانیشی دەمێنێ. ئەمە بەو مانایە نییە ئەگەر هاتو چەند چەکوچۆڵێک لە کار خران ئیتر کۆمەڵگەیەکی باشتر بنیات دەنرێ. بگرە لەکارخستنی چەکێک پرۆسێسێکی خوڵقێنەرانە و بەپلانە کە تەنیا لەکارخستنی کەرەستەیە کە دەبێتە هۆی کوشتن وماڵوێرانیی کەسانی تر. هەر لەو شوێنەدا چەکەکە لەکار دەخرێ پەیامێکی شادیهێنەری سیمبۆلیکیش دەنێردرێ کە لە باتیی چەک دەکرێ شتی تری سوودمەند ساز بکرێ.

## بەربەستکردن

بەیانییان کە لە خەو هەڵدەستم، نانی بەیانی حازر دەکەم و ڕۆژنامەی بەیانییان دەخوێنمەوە، زۆرجار چاوم بە وتارێک لەسەر خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەکەوێ. هەموو جارێک تووشی سەرسوڕمان دەبم کە نووسینەکە پێوەندی بە خەباتی بەربەستکردن یان "پێشگرتن" هەیە.

لە شیلی ئەندامانی سێباستیان ئاسێڤێدۆ Sebastian Acevedo ڕێگەی بنکەکانی پۆلیس کە لەواندا خەڵکی تێدا ئەشکەنجە دەکرێ، بەربەست دەکەن. خاوەن بەلەمە چکۆڵەکان لە ئوسترالیا ڕێگەی کەشتییەکانی هەڵگری چەکی ناوکی بۆ لەنگەرخستن لە بەندەرەکان بەربەست دەکەن. لە ئەڵمان گرووپێک لە دایکان و منداڵان ڕێگەی هاتوچۆی Pershing II-bas بەربەست دەکەن. مەلاوانان پێش

بەبارکـردنی زبڵی وزەی ناوکی دەگـرن. خـەڵکانێک [لە سـوێد] لە ناوچەکـانی سـوندسڤاڵ و بوهویسلـەن و هەروەها لە وڵاتی نێپاڵ باوەش بەدارەکاندا دەکەن و ناهێڵن شەریکەکان بیانبڕنەوە و سروشت تێک بدەن. کەمئەندامانی سەر چەرخ، ڕێگەی هاتوچۆی ئەو قاوەخانە و چێشتخانانە بەربەست دەکەن کە هەلومەرجی پێـداچوونـە ژوورەوەی کـەمـئـەندامـانیـان ڕەچاو نـەکـردووە. خـەڵکانێک ڕێگەی هاتوچۆی ماشینەکان بۆ نێو ناوەندی شارەکان بەربەست دەکەن. نۆ هەزار کەس لە ئەڵمان ڕێگەی قەتاری بارەبەری زبڵی وزەی ناوکی بەربەست دەکەن.

هەوڵێکی داهێنەرانە کە بتوانرێ ئەم جۆرە خەباتە شێوازی نوێ بەخۆ بگرێ، لە گۆڕێدایە. بەڵام بەداخەوە خودی خەباتی بەربەستکردن لە بنەڕەتدا تەنگوچەڵەمەی گەورەی لە بەردەمدایە. هەرکە باس هاتە سەر شێوازی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ئەوە جۆری خەباتی بەربەستکردن دێتە ڕۆژەڤەوە. لە هێندێک هەلومەرجی تایبەتیدا خەباتی بەربەستکردن دەتوانێ زۆر کاریگەر بێ. بەڵام لە وڵاتانی باکوری ئەوروپادا داوودەزگاکان زۆرجار هەوڵ دەدەن دەنگدانەوەی خەباتی بەربەستکردن کەمڕەنگ نیشان بدەن. سزای پارەدانێکی کەم کە بەربەستکەران دەبێ بیدەن دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیاتر ڕوو لەم شێوازە خەباتە بکرێ. هەرکە داوودەزگاکەلی دەوڵەتی، شانەکانیان هەڵتەکێن ئەوە خەباتی بەربەستکردن شوێندانەرییەکی ئەوتۆ نابێ. لە باتیی ئەوە ئەم خەباتە بکرێتە ڕێگەی کرانەوەی دیالۆگ ئەوە ئاکامەکەی دەبێتە بێدەنگی.

چیرۆکی ئەوە کە خەباتی بەربەستکردن لە بەراورد لەگەڵ شێوازەکانی تری خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا لەباری سیمبۆلیکەوە بایەخی کەمە، دەبێتە هۆی هەڵایسانی کێشەگەلی بێ بڕانەوە. کە دەست لە قۆڵی یەکتری بکەی یان بەزنجیرێک یەکتری ببەستییەوە ئەوە تەنیا ماوەی بەربەست کردن چەند خولەکێکی تر، ڕەنگە ڕۆژێک یان دوو ڕۆژی تر درێژ بکاتەو،ە ئەویش ئەگەر هاتو بەلایەنی کەمەوە هەزار کەسێک بەشداریی بەربەستکردن بن.

خوبەستنەوەشیان بەزنجیر گۆڕانی هەڵوێست و کردەوە لە کاتی پێویستدا لە گرووپگەلی دۆستان دەگرێ. لە کاتی ڕووداوی چاوەڕواننەکراودا ئەگەر واهاتە پێش کە بەربەستکردن دەبێ بە زووترین کات کۆتایی پێ بێت ئەوە ئاکامی

مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە. ڕەنگە کەسێک نەخۆش بێ کە دەبێ هەر زوو ڕێگەی بۆ چۆڵ بکرێ. بەڵام بەربەستکردن ئەم هەلە بۆ نەخۆشەکە نالوێنێ. لە هێندێک وڵاتدا کاتێک پۆلیس لە باتۆنگ، تۆپی ئاوڕشتن یان بۆمبی فرمێسکهاوێژ کەڵک وەردەگرێ، ئەگەر بێتو ئەو کەسە کلیلی زنجیرەکەی پێیە هەڵبێ ئەوە مەترسیی گەورە بۆ سەر بەربەستکەرەکانی تر دێتە پێشێ. بێجگە لەمە خەباتی بەربەستکردن لە خۆیدا شێوازێکی سەخت و هێندێک جار پڕ مەترسیی خەباتی نافەرمانیی مەدەنییە.

### تەنگوچەڵەمەکان دەتوانن ئەمانە بن:

پێش هەموو شتێک بەربەستکردنی فیزیکی بەهۆی مرۆڤەوە دەتوانێ ببێتە هۆی ناڕەحەتی و تووڕەییی کەسانی تر. کە خەڵکێک ناچار بکرێ بۆ تێپەڕبوون بەسەر لاشەی کەسانی تردا بەزۆر باز بدەن لە خۆیدا کێشەیەکی گەورەی ئەخلاقییە. لێرەدا بەربەستکردن دەبێتە هۆی داخران و بەربەستکردنی دیالۆگ و گفتوگۆ ڕاست لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پێویستە دیالۆگیان لەگەڵ بکرێ.

لە ماوەی سێ کەمپەکەی چەکداماڵینی شاری لینشۆپینگ [سوێد] بڕیار درا لە دژی فابریکای یاس نە شێوازی بەربەستکردن و نە پرۆتێستە و خۆپێشاندان ئەنجام نەدرێن. ئێمە ئەرکێکمان کەوتبووە سەرشان و کارێکمان دەست پێ کردبوو کە دەبووا جێبەجێمان کردبا، ئەو کەسانەش کە ئەم کارەی ئێمەیان لا پەسند نەبوو دەیانتوانی هەم پێشمان بگرن و هەم ناڕازیبوونی خۆیان پێشان بدەن. لە ڕاستیدا ئێمە ڕۆڵ و نەخشەکانمان گۆڕی. ئەوە ئێمە نەبووین کە بەربەستمان بەکار دێنا، بگرە ئەو کەسانە کە لە دژمان بوون دەبووا بەکاریان بهێنابا. بەربەستکردن و ناڕازیی ئەنجامدان لەو بوارەدا نێگەتیڤن کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی خەڵکانێک دەبینەوە. ئێمە ڕووبەڕوو و دژی کەس نەبووین بگرە لایەنگری چەکداماڵین بووین.

لە ماوەی ئەنجامدانی ئەو هەڵمەتانەدا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بۆمان دەرکەوت کە زۆر ئاسانە لەگەڵ کارمەندانی فابریکای یاسدا گفتوگۆ بکەین. ئێمە قەد دروشممان بەدەنگی بەرز نەدا. ئێمە دروشم و پلاکارتمان لە دژی ئەوان بەرز نەکردەوە. ئێمە قەد ڕێگەی کاری ئەوانمان بەربەست نەکرد. بەربەستکردن ڕەنگە

ببایەتە هۆی دروستبوونی ڕق و قین لە یەکتری هەم لای ئێمە و هەم لای ئەوان.

لەو هەڵمەتە بەربەستکردنانەدا کە من بۆ خۆم تێدا بەشداریم کردووە، تووشی کێشەی زۆر بووین وەک: ئاخۆ ئێمە دەبووا ڕێگەی ئەوانەش کە دەیانویست لەو بینا یان بنکە سەربازییە کە بەربەست کرابوو، بێنە دەرێ، بەربەست بکەین؟ ئاخۆ ئەگەر کەسانێک لە شوێنێک ڕابگری و نەهێڵی جووڵە بکەن، لە خۆیدا ئەنجامدانی توندوتیژی نییە ئەگەرچی بەربەستکردن زیاتر لایەنی سایکۆلۆجیی هەیە هەتا باری فیزیکی؟ ڕێگە بەکامانە بدرێ وەژوور بکەون، ماشینی فریاکەوتن، پاسی قوتابیی هەڵگر و ئەوانەی کە بەهیچ جۆرێک پێوەندییان بەکێشەکەوە نییە؟

بەربەستکردنی ماشین یەکێک لە پێچەڵپێچترین و هەروەها پڕ مەترسیدارترین شێوەی خەباتی نافەرمانیی مەدەنییە. لێخوڕ لەبەر نەناسراوی لەنێو ماشینەکەیدا دەکرێ خۆی بدا بەنێو زنجیرەی ئینسانی بەربەستکردندا و خەڵک لەت و پار بکا. لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٨٧دا قەتارێکی بارەبەر کە چەکی بۆ ئەمەریکای ناوەندی لێ بار کرابوو، خۆیدا بەسەر براین ویلسۆندا Brian Willson و بەسەریدا تێ پەڕی. لێخوڕەکە قەتارەکەی هێواش نەکردبووەوە وەک جارەکانی تر کردبووی. بەشدارانی تری هەڵمەتەکە فریا کەوتبوون خۆیان لەسەر هێڵی ئاسنەکە فڕێ بدەن بەڵام براین ویلسۆن فریا نەکەوتبوو. ناوبرا و نەمرد بەڵام هەردوو لاقەکانی لەدەست دا. سەرەڕای ئەم کارەساتە، هەڵمەتەکە زیاتر بووە هۆی پتەوتربوونی باوەڕی براین ویلسۆن بەخەباتی ناتوندوتیژی. ئەو پێی وایە ئەم شۆڕشە هێندێک جار نرخی گەورەی دەوێ کە دەبێ بیدەین. هەر بۆیە ئەو کەسانی تری هان دەدا کە بەسەر ترس و دڵەخورپەکانیاندا زاڵ بن. کارەساتی وەبەرکەوتنی براین ویلسۆن بوو بەهۆی ئەوەی کە خەڵکێکی زۆرتر لە هەڵمەتەکانی نونبێرگ لە ئێستگەی California Naval Weapons Station بەشداری بکەن.

کێشەی گەورەی ئەخلاقی لێرەدا ئەوەیە کە ئاخۆ لە هەلومەرجێکی ئاوادا بەربەستن هەڵگیرێ و ڕێگەی هاتووچۆ ئاواڵە بکرێ یان نا؟ ئەگەر هاتو گرووپێکی دۆستان بڕیاریان دا کە دەست لە بەربەستکردن هەڵبگرن ئەوە دەبێ پێش لە هەموو شتێک لەوە دڵنیا بن کە تێکڕای گرووپەکە لە کاتی دیاریکراودا شوێنەکە بەجێ دێڵن. ئەگەر هاتو تاقە کەسێکیش شوێنەکە بەجێ بێڵێ ئەوە لێخوڕی

ماشینەکە هەلومەرجەکە بەهەڵە لێک دەداتەوە و لەلایەن خۆیەوە وابیر دەکاتەوە ئەگەر هاتو ئەو ماشینەکەی ئاژووت ئەوە پاشماوەی بەربەستکەرانی تریش ڕێگەکە چۆڵ دەکەن.

دۆستێک بۆی گێڕامەوە لە هەڵمەتێکی بەربەستی ڕێگەدا کاتێک ماشینەکان وەڕێ کەوتن لە ناکاو زانیم کە لە چەقی ڕێگەکەدا بەتاقی تەنیا ماومەتەوە و هەڤالان هەموو هەلاتوون. لە هەلومەرجی وادا یان ئەوەیە دەبێ هەموو پێکەوە ڕێگە چۆڵ بکەن یان کەس بە تەنیا نابێ بیکا. بەلام کێشەکە لێرەدایە ئاخۆ گرووپێک دەتوانێ دڵنیا بێ کە هەموو ئەندامانی گرووپ دەتوانن هاوکات ڕێگەکە چۆڵ بکەن؟ ئەگەر هاتو لە کاتێکی وادا گرووپێک توانیی بەتەواوی لە خۆی دڵنیا بێ، کێ دەزانێ لە هەمان کاتدا گرووپێکی تر لە هەمان هەڵمەتدا بڕیاری نەدابێ کە بەشێوەیەکی تر بجووڵێنەوە؟

بەجێهێشتنی لە ناکاوی هەڵمەتی بەربەستی ڕێگە هەڵبژاردنێکی باش نییە. هەڵمەتبەرانی بەربەستی ڕێگە دەبێ دژبەرەکەیان دڵنیا بکەن کە ئەوان شوێنی هەڵمەتەکەیان بەجێ ناهێڵن. ئەمە لە خۆیدا ئەوە دەخوازێ کە تەنانەت هەڵمەتبەران ئەگەر هاتو ماشینیشیان بەسەردا پەڕاندن، هەڵنەیەن. یان ئەوەتا نابێ بەشداریی هەڵمەتی ئەوتۆ بکەن. دەتوانرێ بەهۆی بەربەستکردنی فیزیکی (دانانی بەرد و بلۆک) ڕێگە یان گفتگۆی پێشوەخت لەگەڵ دژبەر لە مەترسیی ماشین پەڕاندن بەسەر بەربەستکەرانی ڕێگادا پێشگیری بکرێ.

ئەگەر هاتو بەربەستکردنێک بەشێوەیەکی فرەباش ئۆرگانیزە بکرێ ڕەنگە کارایی خۆی هەبێ. بەلام جۆری هەڵمەتی بەربەستکردن لە خۆیدا ئەوەندە زەحمەتە کە نابێ لە پلەی یەکەمدا وەک شێوازێکی باشی خەباتی نافەرمانی مەدەنی هەڵبژێردرێ. هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێ کرا خەباتی بەربەستکردن لە ولاتانی باکوری ئەوروپادا بێ کاریگەرە و بەهێند ناگیردرێ. خەباتی بەربەستکردن لە خۆیدا زیاتر وەک جۆرێک خۆپێشاندان دەچێ هەتا وەک شێوەیەک لە شێوازەکانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی. ئەمە وادەکا کە بەربەستکردن ئەو کاریگەرییەی کە لەنێو کولتووری ئەڵمان و ئەمەریکادا هەیەتی لە باکوری ئەوروپا نەیبێ. شێوازێکی تری هەڵمەت کە لە بەربەستکردن نزیکە شێوازی خەباتی "داگیرکردن یان دەستبەسەردا گرتنە".

## دەستبەسەرداگرتن

دەستبەسەرداگرتن بەو مانایەیە کە گرووپێکی دۆستان خۆی بەشوێنێکدا دەدا و دەستی بەسەردا دەگرێ کە لەو شوێنە کاروبارێکی ڕووخێنەر لە ڕۆژەڤدایە. یەکێک لە گەورەترین دەستبەسەرداگرتنی ئاشتیخوازانە لە سەحرای نێڤادا هاتە ئەنجامدان کە لەوێدا تاقیکردنەوەی بۆمبی ناوکی دەکرا. لە ماوەی دە ڕۆژدا لە نێوان یازدە هەتا بیستی مارسی ١٩٨٨ بەلایەنی کەمەوە ٢٠٦٥ کەس لە دەستبەسەرداگرەکان، دەستبەسەر کران. قسەی ئەوە هەیە کە دوو ئەوەندەی هەژماری ئاماژەپێکرا و خەڵک گیراون. لە ئەمەریکای لاتین و باشووری ئەفریقا بێ ماڵ و بێ زەوییەکان دەست بەسەر زەویدا دەگرن. یان خانووبەرەی تێدا دەکەن یان کشتوکاڵی تێدا دەکەن. لە ماوەیەکی کورتی چەند ڕۆژەدا بەهەزاران فەقیر و هەژار بارگە و بنەیان لە شوێنێک دەخەن و داگیری دەکەن. لە هەلومەرجی وادا هەژارەکان دەستپێشخەری دەکەن و شوێنەکە بەجێ ناهێڵن هەتا داوودەزگا دەوڵەتییەکان شوێنێکی تر بۆ ئەوان دەبیننەوە. بەم شێوەیە خەبات درێژەی دەبێ.

دەستبەسەرداگرتن شێوەیەکی زوو گۆڕدراوی ڕێکخستنە. ئەمە بەو مانایەیە کە بەپێی ئەوە کامە گرفتی وەک پێشگرتن و گیرانی دەستبەسەرداگرەکان بێتە گۆڕێ خەباتەکەش شوێن یان کاتەکەی دەگۆڕدرێ.

یەکێک لە هەڵە زۆر دووپاتکراوەکان لە خەباتی دەستبەسەرداگرتندا ئەوەیە کە لە ڕاستیدا نێوەڕۆک و مانای دەستبەسەرداگرتن ڕەچاو ناکرێ. ئەگەر هاتو دەستبەسەرداگرتن تەنیا دەستبەسەرداگرتن بێت و هیچی تر ئەوە لە ڕاستیدا ئەم جۆرە خەباتە زۆر بێمانایە و تەنیا ژانەسەرەی بەدواوە دەبێ. ئەگەر هاتو دەستبەسەرداگرتن بەجۆرێک لەگەڵ شانۆ، شیعر خوێندنەوە و کاری کولتووریی تر تێکەڵ بکرێ ئەوە لێرەدایە کە وەک سیمبۆلێک مانا دەدا و دەتوانێ کاریگەر بێت. بۆ نموونە لە سوێددا تێکۆشەرانی ئاشتی بەهۆی هاوکاریی جووتیارەکانەوە دەچن ئەو پارچە زەوییەی کە تاقیکاریی چەک ئاژووتنی تێدا دەکرێ، دەچێن و دەیکەنە زەویی بایەر. یان ئەوە لە ئینگلتەرا، ژنان بەهۆی دەوا و دەرمانی خۆجوانکردنەوە، سیمبۆلەکانی ژیانیان لەسەر دیواری سەربازخانەیەک نەخش کردبوو.

هەڵەیەکی تر لە خەباتی دەستبەسەرداگرتندا ئەوەیە کە وەختی هەڵمەت دیاری

ناکرێ. بۆ نموونە ژمارەیەک تێکۆشەر لە پەنای دەرگەی هۆڵی توربینی وزەی ناوکیی رینگهاڵس مانیان گرتبوو و گوتبوویان ئێرە بەجێ ناهێڵن هەتا کاری ئەم وزەی ناوکییە ڕانەگیرێ. کارمەندانی ئەوێش وەڵامیان دابووەوە. کەوایە فەرموون هەتا کاتێک پێتان خۆشە لێرە دانیشن. لای ئێوارە تێکۆشەرەکان شوێنەکەیان بەجێ هێشتبوو و ڕۆیشتبوون.

مرۆڤ هەموو کات لەوە بەتەواوی دڵنیا نییە کە ئاخۆ دەگیردرێ یان نا. هەڵمەتی دەستبەسەرداگرتن دەبێ بەشێوەیەک ڕێک بخرێ کە بتوانێ هەم لە کاتی گیران و هەم لە کاتی بەهێندنەگرتندا سەرکەوتن وەدەست بێنێ. شێوەیەک بۆ ئەوەی بگەین بەئامانج ئەوەیە کە دەبێ لە نێوان ئامانجی هەڵمەت و ئامانجی کۆتاییدا جیاوازی دابنێین. بۆ نموونە ئامانجی هەڵمەت دەتوانێ ئەوە بێ کە لە ماوەی دوو سەعاتدا لەنێو بینای وزەی ناوکیدا، دەزگایەکی [سیمبۆلیکی] وزەی با دروست بکرێ. ئامانجی کۆتاش ئەوەیە کە لە باتیی وزەی ناوکی جۆرەکانی تری وزە پەرەی پێ بدرێ و جێگەی وزەی ناوکی بگرێتەوە. ئەگەر لە هەڵمەتی رینگهاڵس وزەی با دروست بکرابایە، با پاسەوانانیش پێشیان بەم کارە بگرتبایە ئەوە کردەوەی ئەوان مانایەکی سیمبۆلیکی گرینگی دەبوو.

## هەڵمەتی کەمپ

شێوازێکی جێگەی سەرنج لە دەستبەسەرداگرتن کە لە دەیەکانی هەشتا و نەوەدا زۆر برەوی پەیدا کرد. هەڵمەتی لێدانی کەمپی کاتی بەرهەڵستکارییە. تێکۆشەرەکان لە کاتێکی دیاریکراودا لە پەنای ئەو شوێنەی کە لە دژی بەرهەڵستکاری دەکەن، کەمپ لێ دەدەن و لەوێ دەژین.

یەکێک لە کەمپە بەنێوبانگەکان، کەمپی ژنان لە بنکەی چەکی ناوکیی گرینهەم کامن Greenham Common بوو. لە پاش ئەو کەمپە دەتوانرێ سەدان کەمپی ئاشتیی تر لە بنکە سەربازییەکان لە کات و شوێنی جیاوازدا لە ئەورووپا و ئەمەریکا ناوببرێن.

لە دەیەی هەشتاکاندا لایەنگرانی ئاشتی لە ئەمەریکا بەڕادەیەک لە کردنەوەی کەمپەکاندا چوونە پێش کە پێیان وابوو ئەرکی هەموو گرووپەکانە کە لە کردنەوەی کەمپدا بەشداری بکەن. ئەمە وای کرد کە بیرۆکەی کەمپ لێدان لە ئەمەریکا زیاتر

سەقامگیرتر ببێ هەتا لە ئەوروپا. لە نێوەڕاستی دەیەی هەشتاکاندا کردنەوەی کەمپی دژی هالاواردنی ڕەگەزی (ئاپارتایت) لە دژی هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی سپیی ئەفریقای باشوور لە هەموو لایەک لە باکوری ئەمەریکادا دەستی پێ کرد.

لە سویددا هەوڵی ئێمە ئەوە بوو لە ماوەی کردنەوەی سێ کەمپی چەکداماڵیندا بیرۆکەی لێدانی کەمپ لەگەڵ هەڵمەتی پلاگبیلی تێکەڵ بکەین. ئەم بیرەی ئێمە بەشوێنەکانی تریشدا بڵاو بووەوە لە ئاگۆستی ١٩٩٨دا لە سکۆتلاند لە نزیک بنکەی تریدەن لە Faslane کەمپێکی پلاگبیل بە بەشداریی تێکۆشەرانی دوازدە وڵات کرایەوە.

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی لێدانی کەمپ ئەوەیە کە دیالۆگێکی بەردەوام و نەپچڕاو لە ماوەی کەمپدا لەگەڵ لایەنی دژ دەست پێ دەکرێ. ئەم شێوازی خەباتە وا دەکا کە بەرهەڵستکاری کاریگەریی خۆی دابنێ لە کاتێکدا بیرەکان زۆر لەیەک جیاوازن و پشتگیری قووڵ بۆ تێڕوانینی لایەنی دژ هەیە. نموونەیەک لەم پێوەندییەدا کەمپی گرووپی ژنانی ئاشتیخواز Womens Peace Encampment لە بنکەی Depot Senca Army لە ئەمەریکا بوو. کەمپەکە لە شوێنێکدا هەڵدرا کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو شوێنە لە بنکە سەربازییەکە کاریان دەکرد. بارودۆخێکی ئاڵۆز بوو. تەنانەت پۆلیس زانی کە پیاوێک بە تفەنگەکەیەوە وەدووی ژنەکان کەوتووە و بەتەمایە تەقەیان لێ بکا.

بەڵام بەتێپەڕبوونی کات ژنەکان توانییان هێندێک پێوەندی، لەوانە لەگەڵ ژمارەیەک کەس لەنێو بنکەکە ساز بکەن. کاتێک نیو ساڵ دوای ئەو ڕێککەوتە من لە هەڵمەتێکدا هەر لەو شوێنە بەشداریم کرد، بەباشی دیاربوو کە چۆن ئێمە بەبێ زەحمەت دەمانتوانی دیالۆگ لەگەڵ ئەو کەسانە بکەین کە پێشتر دژ بوون.

شێوازی لێدانی کەمپ دەتوانێ بەکار ببرێ تەنانەت ئەگەر مەزەندەی ئەوە بکرێ هەموو شارێک لە دژت ڕادەوەستێ. زۆر گرینگە کە لەم خەباتەدا ڕێز و حورمەت بۆ کەسانی دەوروبەر و نیشتەجێی شوێنی کەمپ دابنرێ. گرووپی Womens Peace Encampment گرفتی لەگەڵ ژمارەیەک ژندا هەبوو کە بە زانابوون گۆنگەڵیان لەنێو خەڵکی دەوروبەردا ساز دەکرد. هەر بۆیە گرووپەکە ناچار بوون دەورەیەکی پەروەردە بۆ ژنە تازەهاتووەکان کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ژمارەیان زیاتر

دەبوو، بکەنەوە. لە پەروەردەکەدا باسی وەک خەباتی نافەرمانیی مەدەنی، هۆمۆفۆبی (دژی هاوجنسگەرایی)، فیمینیسم و مێژووی ناوچە خرانە ڕۆژەڤەوە.

هەروەها کەمپەکە نامیلکەیەکی تایبەتی ڕێنوێنی لە پەنجا و دوو لاپەڕەدا لەژێر ناوی Women`s encampment for a future of Peace & Justice بڵاو کردەوە. هەر لەلایەن ئەم کەمپەوە کتێبێکی تایبەتی پەروەردە لە سەد لاپەڕەدا بڵاو کرایەوە.

## سەرپێچیی ویژدانی

نافەرمانیی مەدەنی دەبێ بەبیرکردنەوەی قووڵەوە بکرێ. هەڵمەتەکان لەلایەن ئەو هاووڵاتییانەوە بەئەنجام دەگەیەندرێن کە خوازیاری پێشخستنی دیموکراسین. هەر بۆیە نافەرمانیی مەدەنی وەک گوێپێنەدانی هاووڵاتییانە دەناسرێ. بەڵام پێویست ناکا تەنیا هاووڵاتییانی ئاسایی ئەرکی وەپێشخستنی دیموکراسی بخەنە ئەستۆی خۆیان. شێوازێک لە نافەرمانیی مەدەنی کە کەمتر دێتە ڕۆژەڤەوە، شێوازی سەرپێچیی ویژدانییە. ئەمە بەو مانایەیە کە کارمەندانێک لە ئەنجامدانی ئەو ئەرک و کارانە کە ڕەنگە لەگەڵ باوەڕ و ویژدانی ئەوان بکەوێتە ناتەبایی، خۆببوێرن. لە پەیماننامەی کاری هێندێک پیشەدا ئەو شیانە بەکارمەندان دراوە ئەگەر هاتو ویژدانی ئەوان بەپڕانی لەبەر کارەکەیان ئازاری دی، ئەوە لە ئەنجامدانی ئەو کارە خۆ ببوێرن.

ئەگەر هاتو سەرپێچیی ویژدانی بەباشی پلانی بۆ دابڕێژرێ ئەوە دەتوانێ هەروەک نافەرمانیی مەدەنی کاریگەر بێت. کاتێک من چووم لارش فالکێنبەری، لێخوڕی قەتار ببینم، خەریکی ڕەنگکردنی باندرۆل بوو. لارش لەلایەن چەند کرێکارێکی ئێزگەی قەتارەوە ئاگەدار کرابوو کە ئەو قەتارەی کە ئەو بۆ شەوێ لە ئێزگەی ئودەڤالاوە بۆ بەندەر لێی دەخوڕێ، تۆپەکانی بووفورشی لێ بار کراوە. ئەو من و چەند هەڤاڵێکی تری داوەتی سەر کارەکەی کرد. ئەو واگنەکانی هەڵگری چەکەکانی بەباشی بەقەتارەکەوە گرێ دا بەڵام لە لێخوڕینی خۆی بوارد و لە پێشەوەی قەتارەکە بۆی دانیشت.

سەرپێچیی ویژدانی سەرپێچییەکی کراوە لە فەرمانێک یان یاسایەکە. لەم پێوەندییەدا خۆبواردن لە چوونە سەربازی یان نەدانی زەکات زۆر بەنێوبانگن.

بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا سەرپێچیی ویژدانی لەلای هێندێک پیشەی تر بووەتە

شتێکی ئاسایی. له زستانی ساڵی ١٩٨٩ له نەرویج بەشێکی زۆر له کرێکارەکانی تەلەفۆنخانه له گرێدانی تەلەفۆن بۆ کۆنسولگەری ئەفریقای باشوور خۆیان بوارد. ئەوان لەلایەن سەندیکای کرێکاریی هەرێمەکەیان و هەروەها لەلایەن سەندیکای تەلەفۆن و کۆمپیوتەری شاری ئۆسلۆ پشتگیرییان لێ کرا.

له گوتەبۆرگ (سوێد) کرێکارەکانی بەندەر له بارکردنی چەکوچۆڵ خۆیان بوارد. ئەوانیش بەهەمان شێوه لەلایەن سەندیکای کرێکارانی بەندەر پشتگیرییان لێ کرا. هەر دیسان له گوتەبۆرگ پۆلیسێکی بەرپرس، له ناردنەوەی پەنابەرێک که حوکمی دەرکرانی دەرچووبوو، خۆی بوارد لەبەر ئەوه ئەو پێی وابوو دەبووا پەنابەرەکه مافی پەنابەریی پێ بدرابایه.

ئەوەی که لەم نێوەدا زۆر بالکێشه ئەوەیه که هەتا دێ و زۆرتر سەندیکاکان پشتگیری له سەرپێچیی ویژدانی کرێکارەکان دەکەن. ئەگەر هاتو سەندیکاکان پشتگیری له سەرپێچیی ویژدان نەکەن ئەوه بەداخەوه لەو کاتەدا لایەنی کرێکارەکان بەردەدەن و دەکەونه پاڵ شەریکەکان.

هێندێک له سەندیکاکان کۆرسی تایبەت بەسەرپێچیی ویژدان بۆ ئەندامانی خۆیان دەکەنەوه. زانکۆکانی تایبەت به پەروەردەی کۆمەڵایەتی و شوێنه پەروەردە ئازادەکانیش کۆرسی لەو بابەته بۆ خوازیاران ڕێک دەخەن.

سەرپێچی له ویژدان نابێ لەگەڵ دەرچوونی بەدزی لەژێر کار و ئەرکی پێ سپێردراو تێکەڵاو بکرێ. سەرپێچی هەموو کاتێک دەبێ ئاشکرا و کراوه بێت. کراوەیی دەبێته هۆی ئەوەی کردەوەیەک که له بنەڕەتدا ئەخلاقی و کەسییه، ببێته کردەوەیەکی سیاسی.

گۆڕینی کار لەلایەن کەسێکەوه لەبەر ئەوەی کارەکه ویژدانی ئەو کەسه ئازار دەدا دیسان نابێ لەگەڵ سەرپێچیی ویژدانی تێکەڵاو بکرێ. ڕەنگه لای هێندێک کەس گۆڕینی کار باشترین ئەلتەرناتیڤ بێت. بەڵام ئامانج له سەرپێچیی ویژدانی ئەوەیه که له ئەنجامدانی کارێک که هەڵەیه و ڕاست نییه خۆ ببوێردرێ یان ئەوەی پێش بەکاروبارێک لابەلا بگیردرێ. ئەمه بەو مانایەیه که سەرپێچیی ویژدانی تەنیا له شوێنی کاردا بەرێوه دەچێ.

سەرپێچیی ویژدانی ئاشکرا ئەگەر هاتو بەشێوەیەکی پان و بەرین بەکار برا

ئەوە دەتوانێ شێوازێکی زۆر کاریگەر بێت بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگەیەکی بەرابەر و یەکسان. هەموو نابەرابەرییەکان لە شوێنە جیاجیاکانی کاردا دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانبەریی فەرمانبەران. زۆر ئاسایی نییە کە زوڵم و زۆر بە شێوەیەکی ئێدەئال بکرێت. هەر بۆیە یەکێک لە ئامانجە گەورەکان لە نافەرمانیی مەدەنیدا ئەوەیە کە پەرە بەسەرپێچیی ویژدانی بدرێ. بۆ ئەوەی سەرپێچیی ویژدانی لە شوێنی کار بەڕێوە بچێ، پێویستە پێوەندیی باش لەگەڵ هاوکاراندا دابمەرزێ. دامەرزاندنی ئەم پێوەندییەش پێویستە هەم پێش و هەم پاش هەڵمەتی سەرپێچیی ویژدانی دابمەرزێ. ئەگەر هاتو ئەم پێوەندییە پشتگوێ بخرێ ئەوە لە خراپترین حاڵەتدا دیالۆگی نافەرمانیی مەدەنی لەگەڵ هاوکارندا تووشی زەحمەتی و تەنگوچەڵەمە دەبێ.

### خۆبواردن لە چوونە سەربازی

یەکێک لە شێوە ئاساییەکانی سەرپێچیی ویژدانی خۆبواردن لە چوونە سەربازییە. بەداخەوە زۆربەی خۆبواردوان لە چوونە سەربازیی ئەم سەرپێچییە لە بێدەنگیدا دەکەن. کاری سەرپێچەیکەری ئەوان دەتوانێ زۆر کەسی تر بۆ ئەم کارە هان بدا ئەگەر هاتبا و ئەوان بەرگەی ناردن بۆ چوونە سەربازی بنێرنە مەحکەمەکان یان ئەوەی کتێبی ڕێنوێنیی خۆبواردن لە چوونە سەربازی لەنێو سەربازەکان لە کاتی خزمەتکردندا بڵاو بکەنەوە. لە سکۆنە (سوێد) کۆمەڵێک، گرووپێکی دۆستانیان دامەزراند. کاتێک یەکێک لەوان بۆ چوونە سەربازی بانگهێشتن بکرابا ئەوە تێکڕای کۆمەڵەکە دەچوونە سەربازخانە و بەم شێوەیە نیشانیان دەدا کە خۆبواردن لە چوونە سەربازی ئەرکێکی بەکۆمەڵە هەم بۆ ژنان و هەم بۆ پیاوان. هەروەها تێکۆشانی ئەم گرووپە دەبووە هۆی پشتگیرییەکی قایم لە نەچوونە سەربازی و چێکردنی پێوەندی لەگەڵ سەربازەکانی تر.

خۆبواردن لە چوونە سەربازی دەکرێ بەزۆر شێوەی جۆراوجۆر بێتە ئەنجامدان. ژمارەیەک ئەو فۆرمەی کە لە سەربازخانەوە بۆیان دێ پڕ ناکەنەوە. هێندێک لە ناونووسکردنی پێشوەختی خۆیان بۆ سەربازی خۆ دەبوێرن. هێندێکیش بێدەنگی دەپارێزن هەتا کاتێک لە سەربازخانەوە بەدوایاندا دەنێرن. ژمارەیەکیش پێشوەخت نامەیەک بۆ سەربازخانە دەنێرن و بەنووسراوە ڕادەگەیەنن کە ئەوان

لەبەر هێندێک هۆکاری پرەنسیپی ناتوانن هاوکاری لەگەڵ ئەرتەشدا بکەن و ببن بەسەرباز.

کەسێک بەناوی ماگنوس ئێکلوند لە جانیوەری ١٩٩٢دا بانگهێشتنی سەربازی بۆ قشوونی ئەندازیارانی ئەرتەش لە بودن (سوێد) کرا. کاتێک کە چەکێکی AK4 بەناوبراو دەدرێ ئەویش کڵاوە ئاسنینە سەربازییەکی سەروژێر دادەنێ و بەهۆی چەکوشێکەوە چەکەکە لە کار دەخا. دواتر ماگنوس گیرایەوە؛ من دەمویست وەک سەرباز خۆم چەک بکەم. یانێ خۆم لە توندوتیژی دامالم. ئەو لەسەر ئەم هەڵمەتە پلاگبیلیەی چوار مانگ زیندانی کرا. ئەوە یەکەم جار بوو کە سەربازێک هەڵمەتی پلاگبیلی لەو چەشنە ئەنجام بدا.

مەحکەمە فۆرمێکی گرینگە بۆ ئەوەی کێشەی نەچوونە سەربازی شی بکرێتەوە. ماگنوس ئێکلوند و ئەو گرووپە دۆستانەی کە ئەو کاری تێدا دەکرد بانگهێشتنی ئەو کەسانەی کە بەتەما بوون لە چوونە سەربازی خۆببوێرن بۆ دانیشتن و گوێگرتن لە مەحکەمە کرد. ئەوان لە گوێگرتن لە بەرگرینامەی ماگنوس و هەروەها شاهیدەکان دەیانتوانی زیاتر لە کێشەکە نزیک ببنەوە. دەکرێ بگوترێ کە مەحکەمەکەی ماگنوس بوو بە فۆرومێک بۆ زیاتر تێگەیشتن لە خۆبواردن لە چوونە سەربازی.

## ئەرێ لە پێکردنی پێڵاوی دارین جۆرێک سابوتاژە؟

سابوتاژ لە وشەی فرەنسایی سابوت کە مانای کەوشی دارین دەدا سەرچاوەی گرتووە. سەدەیەک لەمەوبەر سابوتەکان بەو کرێکارە فرەنساییە دەگوترا کە لە کاتی کارکردندا وا شل و شەوێق، بێ موبالات و تەمبەڵ دەکەوتنە پێش چاو کە وەک ئەوە وابوو کەوشی دارینیان لە پێدایە. ئەو سەردەمە، وشەکە لە باتیی چەمکێکی سیاسی تەنیا جنێو و وشەیەکی سووک بوو. دواتر وشەکە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە زمانی ڕۆژانەدا بەکار برا. پاشان سابوتاژ بەوە دەگوترا کە خاوەن کارگەکان بەزانابوون شتومەکەکانیان وەک چۆن وابوو ساز نەدەکرد و مەوادی بێ کەڵکیان تێدا بەکار دەبرد. یان ئەوەی کرێکارەکان بەپێچەوانەی بڕیاری خاوەن فابریکاکان مەوادی باشیان لە شتومەکەکاندا بەکار دەبرد سەرەڕای ئەوە ئەو شتومەکانە بۆ جوتێرە هەژارەکان ساز دەکران.

دواتر وای لێ هات کە سابوتاژ مانای تێکدان و خراپکردن بەخۆوە بگرێ. داستانێکی تر لە پێوەندی لەگەڵ وشەی سابوتاژدا ئەوەیە؛ لە ڕاستیدا وشەی سابوتاژ لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کرێکارەکان ژمارەیەک کەوشی دارینەیان فڕێ داوەتە نێو مەکینەی فابریکایەک. ئیمڕۆکە سابوتاژ لەگەڵ هەڵمەتی بۆمبهاوێژی گرێ دەدرێ. لەبەر ئەوەش هەڵمەتی وا بەهیچ شێوەیەک لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا جێگەی نابێتەوە ئەوە من لەم کتێبەدا باسی دەکەم، مانا و لێکدانەوەی سابوتاژ لە ڕابردوودایە.

نووسەری پڕکاری سوێدی ئالبێرت یەنسێن Albert Jensen لەو ماوەیەدا کە سەرنووسیاری ڕۆژنامەی سیندیکالیستی ئاربێتارەن "کرێکار" بوو، زنجیرە وتارێکی لەسەر سابوتاژ نووسیوە. یەکێک لە بەنێوبانگترین وتارەکان لەو زنجیرە نووسینەدا وتارێکە کە لەودا باسی ئەوە دەکرێ کە لە ساڵی ١٩١٢دا لەلایەن گەنجانی حزبی سۆسیالیستەوە پێشنیاز کرا کە لەسەر ئەوە "سابوتاژ چییە؟"، لێکۆڵینەوەیەک بکرێ. لەو وتارەدا ناوبراو دەنووسێ بۆ یەکەم جار کرێکارەکانی وەک پۆل دێلێسالێ Paul Delesalle و ئێمیل پوژێ Emil Pouget بوون کە چەمکی سابوتاژیان هێنایە نێو یەکەتیی سەندیکاکانی نەتەوەییی فرەنسا. پوژێ پێی وابوو سابوتاژ کردەوەیەکە کە لەودا کرێکار بەزانابوونە هەوڵی زیادکردنی هەقدەست دەدا. "کاری خراپ بۆ هەقدەستی خراپ". ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە "خاوەنکار باش بزانێ کە ئاکامی کەمیی هەقدەست شوێنی ڕاستەوخۆ لەسەر سەرمایەکەی دادەنێ". بیرەکە ئەوە دەبێ کە کرێکارەکان گوێڕایەڵی باشی بەرپرسەکانیان دەبن یان ئابووریی کارگە دەخوێنن و لەو سۆنگەیەوە فێری ئەوە دەبن کە هێزی کار لە خۆیدا شتومەکە. ئەمەش بەهێوری دەبێتە هۆی ڕووناکایی.

– ئەها، نرخی باش، شتومەکی باشی دەوێ. ئەگەر پارەی کەم دەدرێ ئەوە شتومەکی کەم وەردەگیردرێ. لەبەر ئەوە من هەقدەستێکی باشم پێ نادرێ دەبێ کارێک بکەم کە هێزی کاری کەم وەکار بخەم و شتومەکی خراپ وەبەرهەم بێنم.

سابوتاژ لەنێو بزووتنەوەی کرێکاریدا بەشێوەیەکی سەرەکی دوو خوێندنەوەی لێ کرا. یەکەم، شتومەکی خراپ وەبەرهەمهێنان. دووەم کەمکردنەوەی قازانجی فابریکا لە بەرانبەر هەقدەستی کەمدا. بەرهەمهێنانی شتومەکی خراپ زۆرجار

زەرەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مەسرەفکەران. هەروەها ئەو کرێکارانەی شتومەکی خراپ وەبەرهەم دێنن، دیتنەوەیان ئاسانە. هەر بۆیە ئالبێرت یەنسێن سابوتاژ وەک شێوازێکی گونجاوی خەبات دانانێ. چونکە ئامانج لە سابوتاژ ئەوە نییە کە زەربە لە مشتەری یان مەسرەفکەر بکەوێ بگرە مەبەست ئەوەیە قازانجی خاوەنکار بکەوێتە ژێر تەوژم.

بەپێچەوانە کەمکردنەوەی مەودای کار وەک شێوازێکی کاریگەر ڕەچاو کرا. قازانجی ئەم شێوازە لە بەرانبەر مانگرتندا ئەوە بوو کە لە ماوەی وتووێژ لەگەڵ خاوەنکاردا کرێکارەکان هەقدەستی خۆیان وەردەگرت. چونکە لە کاتی مانگرتنی دوور و درێژدا کرێکارەکان و بنەماڵەکانیان تووشی گرفتی زۆر گەورە دەهاتن. وەک دەرکەوت سابوتاژ شێوازێک لە خەباتی کرێکاری بوو کە لە شوێنی کاردا بەکار دەهات. ئامانج ئەوە بوو کە قازانجی کارگە بگەیەننە لانی کەم. هەروەها دەکرا لە سابوتاژ لە کاتی مانگرتندا بۆ ئەوە ژمارەیەک کرێکار مانگرتنەکە نەشکێنن، کەڵک وەرگیرێ. بۆ ئەمەش پێویست بوو کە ئەوان لە بەشە گرینگەکانی کارگە دوور بخرێنەوە.

ئالبێرت یەنسێن زۆر بە لەخۆڕادیتووییەوە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە سابوتاژ کردەوەیەکی بەپەلە و خۆبەخۆ یان لە ڕووی قین و تووڕەیی و تێکەڵاو لەگەڵ هەست نییە. بگرە سابوتاژ کردەوەیەکە کە بەبیرکردنەوە و پلانەوە دەکرێ. بەپێی یەنسێن هاوکات لەگەڵ سابوتاژدا دەبێ لەگەڵ خاوەنکار وتووێژ و گفتوگۆ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتننامە دەستپێبکرێ. ئەگەر هاتو خاوەنکار نەچووە ژێر باری وتووێژ و گفتوگۆ ئەوە ئامانج لە سابوتاژ ئەوەیە کە لایەنی سێیەم یانێ شتومەککڕ بخرێتە نێو کێشەکەوە و وادار بکرێ مل بۆ وتووێژ ڕابکێشێ. بەپێی بۆچوونەکانی ئالبێرت یەنسێن سابوتاژ شیانێکی زۆر دەدا بەکرێکارەکان کە قازانجی کارگە دابەزێنن.

بەڵام ئەو پێی وابوو کە سابوتاژ دەبێ بە ئینتیلیجینسیاوە ئەنجام بدرێ. خراپکاری و بەرهەمهێنانی شتومەکی خراپ بەتەنیا دەتوانێ بیروڕای گشتی لە دژی کرێکارە سابوتاژەکان هەڵگەڕێنێتەوە. بەتایبەت سابوتاژ کاتێک دەتوانێ باشترین ئاکامی هەبێ کە بەشێوەیەکی یاسایی بەڕێوە بچێ. هەر ئەمەش دەبێتە

هۆی ئەوەی کە زۆر بەزەحمەت بتوانرێ کرێکارە بەرهەڵستکارەکان سزا بدرێن.

ئالبێرت یەنسێن لەو بڕوایەدا بوو ئەوانەی کە لە دژی سابوتاژ ڕادەوەستن، هەمان پێوەری ئەخلاقی بورجوازی بەکار دەبەن. سابوتاژ لە جێی خۆیەتی و مافی سابوتاژکەرانە چونکە ئامانج لە سابوتاژ وەدەستهێنانی پێکهاتەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتییە، بەبێ ئەوەی ئامانج تەنیا شێواندن و خراپکاری بێ.

ئەمەش بەپێی تراديسيۆنی خەباتی ناتوندوتیژی هەڵەیە. چونکە ئامانج ناتوانێ پیرۆزی بدا بەهەموو چەشنە کەرەستەیەک. هەروەها ئەخلاقی بورجوازی تەنیا لەبەر ئەوە بورجوازییە ناکەوێتە ژێر ڕەخنە. ئەمە لە خۆیدا کلیشەیەکی سۆسیالیستییە. پرەنسیپە لیبرالّییەکان کە ئیمڕۆ لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک مافی مرۆڤ پەسند کراون هەم پێویستن و هەمیش باشن. بیری پاراستنی هەرێمی کەسییەتی لە خۆیدا پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ تراديسيۆنی بۆرجوای هەیە. ئەمەش ڕاست لەو بارەوە گرینگە کە ئیزن بەبینینێکی ئەخلاقی نادا کە کەرەستە بگەیەنێتە حاستی پیرۆزی. ئەم پرەنسیپانەش هەروەها دەبێ لە کاتی هەڵسەنگاندنی سابوتاژدا ڕەچاو بکرێن.

من بۆ خۆم لەو بڕوایەدا نیم کە بەکاربردنی سابوتاژ لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوادا شێوازێکی پەسند بێت. بیری بنەڕەتی لە سابوتاژدا ئەوەیە کە بتوانی لە قازانجی شوێنێک داشکێنی بەبێ ئەوەی بناسرێتەوە. ئەگەر هاتو کارێک بەدزی کرا ئەوە تەنیا سەلماندنی ڕەنج و ئازار و هەبوونی ترس لە سزای دژبەرە. سەرپێچییەکی کراوە شیانێکی زۆر دەدا کە ڕەنج و ئازار نەسەلمێندرێ و هاوکاتیش خەڵکێکی زۆرتر هان بدا کە هەمان کار بکەن. ڕەنگە سابوتاژ لە کۆمەڵگە بەسەختیی دیکتاتۆری لێدراوەکاندا کە لەواندا مەترسیی فرە هەیە و ئەنجامدانی خەباتێکی مەدەنیی ئۆرگانیزەکراو زەحمەتە، کاریگەر بێ.

## ئێکۆتاژ

مۆنکیرەنچینگ Monkeywrenching شێوازێکە لە سابوتاژ کە لە کۆتاییی حەفتاکاندا لە کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەمەریکا بوو بەباو. شێوەی ڕێزمانی ناویی وشەکە یانێ هاچەری فرەنسایی. گرووپە ژینگەپارێزەکانی وەک هەڵمەتی کۆمەڵایەتی ـ ئێکۆلۆجی Social- ekoligisk Aktion لە ستۆکهۆڵم ئامراز بۆ

لەکارخستنی ئەو مەکینانەی کە ژینگە تێک دەدەن بەکار دەبەن. ئێکۆ بەرگری یان ئێکۆتاژ (سابوتاژ بۆ پاراستنی ژینگە) وشەیەکە کە بەجۆرێک مانای هەمان وشەی سەرەوە دەدا.

لە ماوەیەکی دوور و درێژدا بزووتنەوەی بەرگری لە ژینگە سیخورەکانی تێ خزی. هەر ئەمەش بوو بەهۆی ئەوە کە لە کۆتاییی هەشتاکاندا ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرەکانی گیران. یەکێک لە گیراوەکان دەیڤ فورمان Dave Forman بوو کە یەکێک لە نووسەرانی کتێبی Monkeywrenching بوو. ئەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە شێوازی خەباتی ئەوان شێوازێکی دوور لە توندوتیژییە. ئەو چەمکی ناتوندوتیژی وەک چەمکێک کە مانای ناتوندوتیژیی ئینسانی یان ناتوندوتیژی لە دژی ژیانی ئینسانەکانی تر دەدا، بەکار دەبا.

مۆنکیرەنچینگ بەبۆچوونی دەیڤ شێوازێکی شۆڕشگێڕانە نییە. ئامانجی مۆنکیرەنچینگ ئەوە نییە کە سیستەمێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بڕووخێنێ. مۆنکیرەنچینگ بەشێوەیەکی زۆر سادە شێوازێکی ناتوندوتیژیی بەرگریکردن لە سروشتە و هیچی تر. شێوازەکە هەم شەرعیەتی ئەخلاقی و هەم شەرعیەتی قەزایی لە بەرگریکردن لە سروشتدا هەیە. یەکێکی تر لە نووسەرانی کتێبەکە کەسێکە بەناوی ئێدوارد ئەبی Edward Abbey کە دەنووسێ ئەگەر هاتو کەسێک ماڵەکەتی ڕووخان ئەوە تۆ هەم مافت هەیە و هەمیش وەک ئەرک دەکەوێتە سەرشانت کە پێشگری لەو کردەوەیە بگری. سرووشت ماڵی بەڕاستی ئێمەیە. هەر بۆیە کەس بۆی نییە تێکی بدا بگرە دەبێ بپارێزرێ.

تێکۆشەری بەرگری لە سروشت بەشێوەیەکی زۆر ورد ئامانج و وەخت دیاری دەکا. بەپێی بۆچوونی فورمان شێوازی بەرگری لە سروشت نابێ لە کاتی گفتوگۆ سیاسییە گرینگەکاندا بەکار ببرێ. هەروەها شێواندن و خراپکاری بەبێ بەرنامە کردەوەیەکە کە ئاکامی خراپ و بەپێچەوانەی لێ دەبێتەوە. فورمان پێی وایە کە خراپکاری لە خۆیدا پشتگیریی بیروڕای گشتی لەنێو دەبا.

بەرگری لە سروشت دەبێ لە کاتی نافەرمانیی مەدەنیدا خۆی لێ بپارێزرێ. چونکە ئەوە دەبێتە هۆی تێکدانی ئەو خەباتە ئاشکرایە کە خەریکە پەرە بگرێ. بەپێی فورمان بەرگری لە سروشت نابێ لەگەڵ شێوازی خەباتی نافەرمانیی

مەدەنیدا تێکەڵ بکرێ. ئەم دوو خەباتە هەم لە نێوەرۆک و هەم لە کردەوەدا لەیەک جیان. تێکۆشەرانی بەرگری لە ژینگە هەڵمەتەکانیان بەنهێنی ئەنجام دەدەن و لە باری قەزاییشەوە بەرپرسایەتیی کارەکەیان وەئەستۆ ناگرن.

لێرەدا با بزانین ئاخۆ ئەم نهێنیبوونە لە خۆیدا خاڵێکی لاوازی ئەو شێوازە خەباتەیە؟ هالێنباخ T O Hellenbach لەو بڕوایەدایە کە ئەم شێوازە کارێک دەکا کە تێکدانی سروشت لە خۆیدا بۆ سەر شەریکەکان قورس و گران بووەستێ. قازانجی شەریکەکان زۆر دادەبەزێ، کاتێک ناچار دەمێنن مەکینەکانیان چێ بکەنەوە یان ئەوە مەکینەی نوێ بکڕن. هەر ئەم دابەزینی قازانجە کارێک دەکا کە شەریکەکان لە وەگڕخستنی سەرمایەی زیاتر لە کاری سروشت تێکدەرانەدا خۆببوێرن.

ڕەنگە ئیدارەی بیمە دەرکەوتی مەکینە چێکراوەکان قەرەبوو بکاتەوە. بەڵام هەڵمەتی پەیتا پەیتا و تێکدانی مەکینەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەرکەوتی خودی بیمەکردن بچێتە سەرێ. هەروەها دەرکەوتەی پاسەوان و ئاسایشی شەریکەکانیش بەهەمان شێوە دەچێتە سەرێ. هالێنباخ لە قسەکانی زیاد دەکا و دەڵێ هەڵمەتی مۆنکیرەنچینگی بەرگری لە سروشت دەبێتە هۆی ئەوە شەریکەکانی قەراخ و ئەو شەریکانەی بەجۆرێک تێکەڵ بە پرۆژەکانی تێکدانی سروشت دەبن، لەو جۆرە پرۆژانە بکشێنەوە و نەوێرن ئالیکاریی شەریکە تایبەتییەکانی سروشت تێکدەر بکەن.

بەرگری لە سروشت لە باکوری ئەمەریکا هەروەک سوێد پێش لە هەموو شتێک شێوە خەباتێکی ئابوورییە. هەر ئەمەش خاڵی لاوازی ئەم شێوە خەباتەیە. ئامانج دەبێ ئەوەندە کاری هەرەوەزیی بەربڵاوی بۆ بکرێ هەتا وەدی بێت. ئەگەر هەڵمەتەکان بەئامانجی خۆیان نەگەن ئەوە ئاکامێکی خراپ و بەپێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە. لە هەڵمەتی بەرگری لە سروشتدا کە تێکۆشەران بەنهێنی بەشداریی دەکەن و ناچنە ژێر بار و بەرپرسایەتیی کردەوەکەیان، ئەوە شیانی زۆر لە کۆمەڵگە لیبراڵییەکانی ئێمەدا بۆ دەسپێکردنی دیالۆگێکی پۆزەتیڤ و سازکەرانە و بەشداری و هاوکاریی بەربڵاوی هاوڵاتییان نایەتە گۆڕێ.

لە ڕوانگەی دیموکراسیشەوە ئێکۆتاژ دیسان جێگەی گرفتە لەبەرئەوەی

هەڵمەتەکان بەنهێنی ئەنجام دەدرێن و هاووڵاتییان ناتوانن هەڵمەتبەران بخەنە بەر ڕەخنە و گازندە.

هەڵمەتی ژینگە ـ کۆمەڵایەتی کە لە دژی پاکەتی دێنیس خەباتیان دەکرد بۆ ئەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکەن ئیزنیان بەچەند تێکۆشەرێک دابوو کە بەشێوەیەکی دڵخوازانە نوێنەرایەتیی هەڵمەتی گرووپی نهێنی بکەن. ئەوان چوونە ماسمیدیا و وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە. بەڵام پرسەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەوان دەیانتوانی نوێنەرایەتیی گرووپی هەڵمەتبەر بکەن. چونکە هیچ چەشنە ڕێککەوتننامەیەک لەو پێوەندییەدا لە هەویڵدا نەبوو. یان ئەوە کێ ئەوانی هەڵبژاردبوو؟ ئەم چەشنە کراوەییە لە خۆیدا بەتەواوەتی جێگەی متمانە نییە.

بێجگە لەمە دەکرێ دینامیکێکی وەک ئەوە لە بزووتنەوەی چەکداریدا دەبینرێ، لێرەش ببیندرێ. هەم گرووپە تیرۆریستییەکان و هەم کارە چەکدارییە ترادیسیۆنییەکان دابەشکردنێکی کاریی وایان تێدایە کە لە خۆیدا ئەخلاقی بەشداربووان لەنێو دەبا. ئەوانەی کە لە ماسمیدیادا خۆیان دەردەخەن زۆر بەکەمی بۆ خۆیان لە هەڵمەتە چەکدارییەکاندا بەشداری دەکەن و هەر بۆیەش ئەوانەی کە لە ڕاستیدا ڕاستەوخۆ بەشداریی شەڕەکان دەکەن بەشێوەیەکی کراوە نایەن و بەرپرسایەتیی کردەوەکانیان وەئەستۆ ناگرن. ئەم بەرپرسایەتیی دابەشکردنەی ئەخلاق دەبێتە هۆی ئەوە بەرپرسایەتیی کەسیی ئەخلاقی لە بەرانبەر کردەوەکاندا لاواز ببێ.

بەشی چوارەم

# دەنگی بەرهەڵستکاری لەسەر هەڵمەت

## دەنگی بەرهەڵستکاری لەسەر هەڵمەت

## هەڵمەتەکان لە دژی کێ بەڕێوە دەچن؟

"لە شەڕدا لە دژی دوژمن شەڕ دەکرێ، لە سیاسەتدا لەگەڵی ساچان دەکرێ. " ئەم وتەیە یارمەتیمان نادا نە لە شەڕ و نە لە سیاسەت تێ بگەین. بەڵام ڕەنگە کۆمەکمان بکا لە تووڕەیی پاسیفیستەکان لە چەمکی دوژمن تێ بگەین. گەلالەدارێژەری نیزامی پرۆسی، کارل ڤۆن کلاوسویتچ Carl von Clausewitz لە بەرهەمە کلاسیکییەکەی لەساڵی ١٨٣١ نووسی؛ شەڕ درێژەی سیاسەتە بەڵام بەهۆی ئامرازی ترەوە. ئەمە لە زۆر سیستەمی سیاسیدا ڕاستە. بەڵام پێویست ناکا ئەمە هەردەم وابێ. بەداخەوە وا وێ دەچێ لە سیستەمی ئێمەشدا وەڕاست گەڕێ. ناتوندوتیژی هەوڵێکە کە دەیەوێ کلاوسویتچ بسپێرێتە مێژووی بیر و لە بیری بکا. لەلایەکی ترەوە وا وێ دەچێ کە ئێمەش لە جێگەی ئەوە هەمان مامەڵە لەگەڵ ناتوندوتیژی بکەین. ئاشتیخواز دەبێتە پاسیفیست. بەڵام خەباتی ناتوندوتیژی شێوەیەکە لە کردەوە. خەباتی ناتوندوتیژی لە خۆیدا هەڵمەتە.

توندوتیژی و پاسیفیستی یان بێلایەنی دوو ڕووی هەمان کێشەن. کاتێک ئێمە پاسیف یان بێلایەنین ئەوە بەشێوەیەکی هەڵسووڕاوانە لە سەرکوتدا بەشداری دەکەین. ئێمە ڕەنج و کۆڵەمەرگی دەسەلمێنن. ئەگەرچی ئەوانەی لەو بەشە دەوڵەمەندەی جیهاندا بەشێوەیەکی هەڵسووڕاوانە لە دژی ناتوندوتیژی خەبات دەکەن، بەڵام دیسانەکە بەشداریی ئەو سەرکوتەن کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن بەشە دەوڵەمەندەکەی جیهان لە دژی بەشەکانی تری جیهاندا بەڕێوە دەچێ. بۆچی ئێمە بەشدارین چونکە ئێمە هەم بوونەوەرگەلی سیاسین و هەمیش کار و کردەوەکانمان شوێنەواری خۆیان دادەنێن و شتێکە کە ناتوانین تەنیا بەلایدا تێ پەڕین.

لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا دوژمن قەلاچۆ ناکرێ. بەڵام بەهەر جۆرێک بووە

هەڵمەتەکان لە دژی کەسانێک دەبەن. ئەوانەی لایەنی دژبەر کێن؟ لە ترادیسیۆنی خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا تێکۆشەران خۆیان لە ڕیزی دژبەردا دادەنێن. بەهیچ شێوەیەک ناکرێ سنوورێک لە نێوان "ئێمە" و "ئەوان"دا دابندرێ. خەباتی ئێمە نابێ تەنیا لەو ڕوانگەوە ببیندرێ کە خەباتێکە لەلایەن چەوساوەکانەوە لە دژی چەوسێنەران و نایەکسانی. هەروەها ناکرێ ئێمەش خۆمان وەک نوێنەرانی چەوساوان ببینین. خەباتی ئێمە هەرگاڤ خەباتێکە لە دژی خۆشمان.

بەشداریی ئێمە لە سەرکوت و چەوسانەوەدا بەهیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە ئێمە هەموومان وەک یەک بەشدارین. ناکرێ ئێمە وەک یەک لەو ڕووداوانەدا بەشدار بین کە دەقەومن. بەڵام ئەمە لە هەمان کاتدا بەو مانایە نییە کە ئێمە لەژێر بەرپرسایەتییەکان دەربچین و خۆمان بەبەشدار نەزانین. ئێمە تەنانەت لە بەرانبەر جووڵان و کردەوەی ئەوانی تردا بەرپرسایەتیمان دەکەوێتە ئەستۆ.

ئەو کاتەی تێ بگەین خەبات تەنیا مەسەلەیەکی کەسی نییە ئەوە ئەو دەمەیە کە خەباتەکەمان شێوەیەکی سیاسی بەخۆیەوە دەگرێ. بەرپرسایەتیی ئێمە ئەوەیە کە پێش بە توندوتیژی و نایەکسانی بگرین. ئەمە هەڵەیە کە باوەڕەکە ئەوە بێ، تەنیا لەبەر ئەوە من لە دژی چەکی ناوکی هەڵمەتێکم ئەنجام داوە و هەر لەسەر ئەوەش کەوتوومەتە زیندان ئەوە ئیتر من ئەرکی خۆم بەجێ گەیاندووە و تەواو. نا، میلیتاریزم هەروەک جاران هەیە و بەردەوامە، ئەرکی منیش ئەوەیە هەروەک جاران لە دژی خەبات بکەم.

گرووپە جیاوازەکان، شیانی جیاوازیان هەیە. هەڵمەتەکان دەبێ بەشێوەیەک ڕێک بخرێن کە شیانەکان وەدی بێن و بگەنە ئەنجام. بەڵام پێش لە هەموو شتێک ئێمە دەبێ بزانین لەگەڵ کێ دیالۆگ دەکەین؟ کێن ئەوانەی هەڵمەتەکانیان لە دژ ئەنجام دەدرێ؟ ئەو کەسانە من ناویان دەنێم لایەنی گفتوگۆ یان لایەنی دژ.

- یەکەم بەشی هەرە گەورە لەلایەنی دژ، مەسەرەفکەران و هاووڵاتییانی زەکاتبدەرن. یانێ خۆمانین. فەرمانبەریی ئێمە بنەمایە بۆ دەستەڵات لە کۆمەڵگەکانی ڕۆئاوادا.
- بە زۆری ئەو کرێکار و فەرمانبەرانە دەکەونە لایەنی دژ کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداریی کاروبارێک دەکەن کە هەڵمەتەکان بەرەوڕووی

کاروبارەکەی ئەوان دەبێتەوە.

– ئەوانەی کە فەرمان و بڕیارەکان لە سەرەوە وەردەگرن و جێبەجێی دەکەن.

– هەروەها کەسانێک هەن کە کارکردی پاراستن و کۆنترۆڵیان هەیە. ئەو کەسانە بریتین لە دۆستان، خزمان، هاوکار، خاوەنکار، پۆلیس، دادوەر، حاکم، پارێزەر و هەروەها خۆمان کە لەبەر خۆپاراستن و لە دژی ویستی خۆمان دەبینە هۆی کێشە و ئازار.

هەر هەڵمەتێک پێویست ناکا، هاوکات لە دژی هەر چوار گرووپی سەرەوە بێت. ڕەنگە لایەنی دیالۆگ لە هەڵمەتێکدا زەکاتبەدەرەکان بن و لە هەڵمەتێکی تردا یاسادانەرەکان بن. لایەنی دژ بەشێوەیەکی گشتی لە دوو شێوەدا خۆ دەنوێنێ: وەکارخستنی هەموو پێداویستییەکان بۆ وەگڕخستنی کاروبارێک و هەروەها کۆنترۆڵکردنی ئەو کەسانە کە ڕەنگە ببنە هۆی کێشە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی کاروبارەکاندا. ئەمە لە خۆیدا کارکردێکی یەکجار زۆر پاراستن و کۆنترۆڵکەرانەی هەیە.

خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لەسەر بنەمای پێکهێنانی شیانی هاوکاری بەکردەوە لە ڕاوەستاندنی سەرکوت و وەدیهاتنی یەکسانی دامەزراوە. بۆ ئەوەی هاوکاریی بێتە پێشێ دەبێ دیالۆگ هەبێ. من دەمەوێ لە بەشی داهاتوودا باسی ئەوە بکەم کە چۆن خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ڕێگەیەکە بۆ پێکهێنانی دیالۆگ و هاوکاری.

## کەمپەینی بەرهەڵستکاری

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، لە ڕاستیدا هەڵمەتێک تەنیا لەژێر پێنانی یاسا نییە و بگرە زۆر لەوە زیاترە. ئامادەکارییەکان و کارگەلی پاش هەڵمەت لە کاتی مەحکەمە و هەروەها دەسپێکی هەڵمەتێکی تازە هەموو تێکڕا پێکهاتەی تەواوەتیی هەڵمەتێک پێک دێنن. ئێمە هەروەها دەکرێ لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی خوێندنەوەیەکی زۆر بەربلاومان هەبێ و ئەم خەباتە لە تەواوەتی خۆیدا ببینین.

زۆر هەڵمەت پێکەوە دەتوانن کەمپەینێک پێک بێنن. لە کەمپەینێکی بەرهەڵستکاریدا هەم هەڵمەتی لەژێر پێنانی یاسا و هەم هەڵمەتی یاسایی هەیە.

هەر هەڵمەتێکی نوێ دەتوانێ کاریگەریی هەڵمەتەکانی پێش خۆی قایمتر بکا. دەتوانرێ بگوترێ بەهۆی بەردەوامیی خەبات و ئەنجامدانی هەڵمەتی نوێ، هەڵمەتە کۆنەکان زیندوو دەبنەوە و باشتر شوێندانەر دەبن. هەڵمەتی تاک و تەریککراو کاریگەرییەکی وای نییە هەر بۆیە هەڵمەتە کۆنەکان دەبنە هۆی کاریگەربوونی هەڵمەتە نوێیەکان و بەپێچەوانە. یەک لەسەر یەک دابنێی تەنیا نابێتە دوو، بگرە زیاتر. بەداخەوە هەر ئەمە دەکرێ مانای پێچەوانەش بدا. یانێ هەڵمەتێکی خراپ دەتوانێ شوێندانەری هەڵمەتە پێشوو و داهاتووەکان لە بەین بەرێ.

دیارە هەموو کات ژمارەی هەڵمەتەکان نین کە کاریگەری کەمپەینێک دیاری دەکەن. ورەبەرزی و پێبەندیی ئەخلاقی لە هەر هەڵمەتێکدا نەخشی چارەنووسسازی لەسەر ئاکامی کەمپینێک هەیە.

گاندی ئەوەمان نیشان دەدا کە چۆن کەمپەینێک پلە پلە وەسەر بخرێ بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی لەدەست نەدا. من دەمەوێ ئەوەی لێ زیاد بکەم کە بوونی یەکەم پلەکان بەجۆرێک لە درێژاییی هەر کەمپەینێکدا پێویستن. لە هەر قۆناخێکی کەمپەیندا پێویستە ئەو شیانە هەبێ کە بەشدارانی نوێ زۆرتر و گەرموگورتر بەشداری بکەن. ڕەنگە هێندێک لە جۆرەکانی هەڵمەتی ئیمرۆیی هەمان کاریگەری سیاسیی ڕابردوویان نەبێ. بەڵام لە کەمپەینەکاندا، گرینگتر لە کاریگەری ڕاستەوخۆی سیاسی کە چاوەڕوان دەکرێ بەو زووانە وەدی بێت، ئەوەیە کە کەمپینەکان لە درێژخایەندا شوێندانەریان لەسەر فەرمانبەریی هاووڵاتییان هەبێت.

هەروەها ئەمەش بەو مانایە نییە کە لەو هەڵمەتانەی کە هەڵمەتبەران لانی زۆری سزا وەردەگرن، کاریگەری زۆرتری هەبێ. ئەمە لە خۆیدا شوێنی دوولایەنەی ورەبەرزی و سەرکەوتن بەسەر ترس و دڵەخورپەی سزا لەلایەک و هەروەها ئەو دیالۆگەی کە لە درێژاییی هەڵمەتەکاندا چێ دەکرێ لەلایەکی ترەوە ڕادەی کاریگەری هەڵمەتەکان دیاری دەکەن.

پەیامی بەرهەڵستکاری پێویستی بە فۆمێک هەیە کە لەودا ڕەخنە و لەژێر پرسیارخستن بکرێتە بنەما، دەنا لە نەبوونی ئەو فۆمەدا ئاژیتاسیۆن و پڕوپاگەندە

باڵ بەسەر هەڵمەتەکاندا دەکشێنێ. بۆ نموونە لە کاتی نانی شێوان یان جێژن و شایی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ لایەنی دژ و هاووڵاتییان دابمەرزێ. ئەم پێوەندییانە دەبنە بنەما بۆ ئەوەی وتووێژ و گفتوگۆ دەست پێ بکرێ. لە دەسپێکی کەمپەیندا دەکرێ پێوەندییەکی دۆستانە لە نێوان لایەنە جیاوازەکاندا پێک بهێندرێ. هەر ئەم پێوەندییە دۆستانە دەکرێ لە داهاتوودا بکێشرێتە هاوکاریی یەکتری کردن. یەکەم هەڵمەت تەنیا دەسپێکێکە بۆ کردنەوەی دیالۆگ و گفتوگۆ. ئامانجی کەمپەینێک ئەوەیە کە دیالۆگ و گفتوگۆ دابمەزرێ و بگاتە ئاکام.

### نیشانە و سیمبۆلەکان

هەر دیالۆگێک بەزمانی هاوبەشی خۆی دەوێ. لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا ئەم زمانە بریتییە لە کۆمەڵە نیشانە و سیمبۆلێک. وشەی سیمبۆل وشەیەکی یۆنانیی کۆنە و مانای عەلامەت و نیشانە دەدا. پۆل ریکۆر Paul Ricoeur فەیلەسووفی فەرەنسایی پێناسەیەکی برێک جیاوازتری لە یۆنانییە کۆنەکان لە سیمبۆل هەیە. بەپێی بۆچوونی پۆل، سیمبۆل مانایەکی دوولایەنەی هەیە، مانایەکی ڕاستەوخۆ و مانایەکی ناڕاستەوخۆ. مانای ناڕاستەوخۆ کە تەنیا لەگەڵ هاتنی مانای یەکەم یان ڕاستەوخۆدا مانا دەدا. سیمبۆل بۆ خۆی بەتەنیا نییە. بگرە هەردەم نیشانەی شتێکی ترە. سەرەڕای ئەمە سیمبۆل تەنیا نیشانە نییە کە شتێکی تر نیشان بدا بگرە بۆ خۆشی نیشانەیەکە کە خۆی، خۆی نیشان دەدا.

کردەوەیەکی سیمبۆلیک پەیامێکی لەگەڵە کە لە ڕاستیدا لە سەرەوەی خودی کردەوەکەوە ڕادەوەستێ. بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵمەتێکی ڕاستەوخۆشە. زۆر کەس بەهەڵە کردەوەگەلی سیمبۆلیکی و هەڵمەتە ڕاستەوخۆکان وەک دژی یەکتری دەبینن. هەر سیمبۆلێک بۆ ئەوەی وەک سیمبۆل بژمێردرێ دەبێ خوێندنەوەی لێ بکرێ. هەر هەڵمەتێکی ڕاستەوخۆ کە مانا و مەبەستێکی هەبێ ئەوە لە خۆیدا کردەوەیەکی سیمبۆلیکە. ئەگەر وا نەبێ ئەوە نە مانا دەدا و نە نێوەڕۆکی هەیە. هەڵمەتێکی واش زۆر بەڕوونی دیارە کە هیچ پەیامێکی لەگەڵ نییە.

دەکرێ وا بیر بکرێتەوە کە هەڵمەتێک هیچ چەشنە پەیامێکی پێ نییە. لە هەلوومەرجێکی وادا خەباتیش هاوکات لەگەڵ کۆتایی هەڵمەت کۆتایی پێ دێت. بەهەمان شێوەش هیچ هۆکارێک نابیندرێ کە کەسانی تر بۆ خەبات و

بەرهەڵستکاری هان بدرێن. بەڵام هەڵمەتێکی لەو شێوەیە تەنیا شێوازێکی بیرکردنەوەیە و هیچی تر. ئەگەرچی هەڵمەتەکان بەئاکامی خۆشیان بگەن بەڵام پەیامێکیان لەگەڵە کە دوورتر لە ئامانج و ئاکامی هەڵمەت بەولاوەتر دەڕوا. ئەگەر هاتو هەڵمەتێک لە خۆیدا کاریگەر بوو ئەوە بایەخی سیمبۆلیکی هەڵمەتەکەش بەهەمان شێوە بەهێز و قایم دەبێ.

سیمبۆلەکان لەسەر ئەو بنەمایە ڕاوەستاون کە مرۆڤەکان ڕووی تێ دەکەن بۆ ئەوە لە شتێک بگەن یان سەرلەنوێ ئەو شتە بناسنەوە. کەڵک وەرگرتن لە سیمبۆلەکان لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا ئەو مانایە دەدا کە لایەنی دژ بۆ بەشداری لە خەبات و بەرهەڵستکاریدا بانگهێشتن بکرێ. لە ڕاستیدا هەڵمەتەکان لە پاش کردەوەکانەوە پێک دەهێندرێن.

هەر کردەوەیەک دەتوانێ دوو تایبەتمەندی؛ یەکێک سیمبۆلیک و یەکیش ڕاستیی هەبێ. بێلایەنی (پاسیڤبوون) لە بەرانبەر نایەکسانیدا لە خۆیدا کردەوەیەکی سیمبۆلیکە. پەیامی پێ نەزاندراوی ئەم کردەوە ئاوایە: پاسیڤ بە! دەسەڵات بسەلمێنە، هاوکات بێلایەنی لە خۆیدا سەلماندنی دەسەڵاتی مرۆڤەکانی ترە.

تەنانەت جێگیرکردنی ماف و یەکسانی ـ بۆ نموونە لە وڵاتێکی جیهانی سێیەمدا کە دەیەوێ لە چنگی دەسەڵاتێکی گەورە ڕزگاری ببێ و بگا بەسەربەخۆیی ـ لە خۆیدا کردەوەیەکی سیمبۆلیکە. هەر شۆڕشێک پەیامێکی بۆ ئێمە لە شوێنەکانی تری جیهان پێیە کە لە خۆیدا پەیامەکە لە سەرەوەی ئامانجی گرووپە شۆڕشگێڕەکانەوە دەوەستێ. بایەخ و نێوەڕۆکی ئەو سیمبۆلانە تەنانەت وڵاتێک لە چنگی داگیرکەری زلهێزێک دەپارێزن. ئەو چەکە پێشکەوتووانەی کە ئیمڕۆ هەن ئەو شیانە بەزلهێزەکان دەدەن کامە وڵات لە جیهانی سێیەمدا پێیان خۆش بێ، تێک بشکێنن و بەچۆکی دابێنن. بەڵام توندوتیژیی لە ڕادەبەدەری زلهێزێک لە هەمان کاتدا ئەو مەترسییەی بەدواوەیە کە ئەو پشتگیرییەی کە لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەی پێویستییەتی وەرنەگرێ و خەڵک خۆی لێ دوور بخەنەوە. زلهێزێک لە کاتی داگیرکەری وڵاتێکی تردا پێویستی بە پشتگیریی خەڵکی خۆی هەیە. تیرۆر و ڕەشەکوژی بەهیچ شێوەیەک نابێ هەبێ. بۆ نموونە هەتا ڕادەیەک بایەخی سیمبۆلیک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیکاراگوادا بوو کە توانی پێش

بەداگیرکەری هەمەلایەنەی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا بگرێ.

وشـــەیەک کـە دەردەبڕدرێ لە خـۆیدا کـردەوەیە، هـەروەک کـردەوەکـە بە وشـە دەردەبڕدرێ و تێ دەگـــەیەندرێ. دروشـــــمـــــێکی بەناوبـانگ لە بزووتنـەوەی بەرهـەڵستکاریدا ئەوەیە کە دەگوترێ لە وشـەوە بگە بەکردەوە، ئەمە لە خۆیدا بەو مــانـایەیە کــە لە وشــەوە بچــۆ بـۆ وشــەیەکی تر یان لە کــردەوەیەکــەوە بچــۆ بۆ کـردەوەیەکی تر. خـاڵی جـێی سـەرنج لێرەدا ئـەوەیە کـە کـردەوەی نوێ لە خـۆیدا وەدیهاتنی ئەو شتەیە کە پێشـتر بە وشە دەربڕدراوە و سـەلمێندراوە. ئەم وەدیهاتنە دەتوانێ هەم سیمبۆلیک و هەمیش ڕاستی بێ. نموونەیەک لەم پێوەندییەدا ئەوەیە کە بـۆ نموونە ژمارەیەک هـاووڵاتی لە وڵاتی سـوێددا ئەو پەنابەرانە کـە مـەترسـیی دەرکـرانیـــان لە بەرە دەشــارنـەوە و پەنایان دەدەن لە جـێگەی ئەوەی هـەر تـەنیـا بەدەربڕین بڵێن کە ئەو پەنابەرانە دەبێ مافی پەنابەرییان پێ بدرێ. ئەمە لە خۆیدا هەم کردەوەیەکی سیمبۆلیک و هەم ڕاستییە لە کۆمەڵگەیەکی میواندۆستدا.

هەڵەیەک کە زۆرجـار لەنێـو بزووتنەوەی بەرهـەڵسـتکاریدا ڕوو دەدا ئـەوەیە کـە بایەخی ڕاسـتیی کردەوەیەک ڕوون و ئاشکرا نییە. لە دەسـپێکی کەمـپەینێکی نافـەرمانیدا هـەڵمـەتەکـان بەتەواوەتی وەک هەڵمـەتگەلی سـیـمبـۆلیک مامـەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ.

بایەخ لە هەڵمـەتێکدا ئەوەیە کە مـەحکەمـە و سزا پێکەوە هەڵگری پەیامـێکن. پەیامـەکـە لای گرین پیس دەکرێ ڕووی لە بـەڕێوەبەران بێ. " ئەم نموونـەی ئێمـە بکەنە ڕێنیشان و لە ژاراویکردنی دەریاکان خۆ ببوێرن" لەلای بزووتنەوەی پلاگبیل ڕووی پەیامـەکە لە هاووڵاتییانە. "ئێمە کاری چەکداماڵیمان دەست پێ کرد، تۆش درێژە بە کاری چەکداماڵین بدە"

کـە گرین پیس بتـوانێ پێش بەژاراویکردنـی دەریاکـان بـگرێ یان بزووتنەوەی پلاگبیل لە ڕاستیدا بتوانێ کاری چەکداماڵین بکا ئەوە لە بایەخی سـیـمبـۆلیکی هەڵمـەتەکان کەم نابێتەوە. بەپێچەوانە بایەخی سیـمبـۆلیکی ئەو کردەوانە زیاتر دەبێ کـاتێک کـە شـیـانی ڕاوەسـتـاندنی ژاراویکردنی دەریاکـان هـەیـە و هـەروەها مرۆڤە ئاساییەکان دەتوانن کاری چەکداماڵین ئەنجام بدەن.

لە ســـات و وەخـــتـــێکدا کـــە دروست نـازاندرێ لـە چ کـــاتێکدا دەقـــەومـێ

بەرهەڵستکارییەکی سیمبۆلیک شوێن و کاریگەرییەکی خۆی لە بەرهەڵستکاریدا دادەنێ. لە بەرهەڵستکارییەکی بەکۆمەڵدا کە ڕەنگە لەودا بەهەزاران کەس بەشداری بکەن هێزی پەیامی بەرهەڵستکاری زۆر لە هەڵمەتی تاک و تەریک بەهێزترە. ڕێپێوانی خوێی گاندی کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا یەکێک لە بەنێوبانگترین نموونەکانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنییە کە لەودا هێز و کەرەستەی داوودەزگا دەوڵەتییەکان نەیتوانی لە بەرانبەریدا خۆی بگرێ. بەسەدان هەزار هیندی خوێیان لە دەریا هەڵێنجا، لە کاتێکدا یاسای بەریتانیا (لە هیندستان) هەڵێنجانی خوێی قەدەغە کردبوو.

لە نافەرمانیی بەکۆمەڵدا کە لەودا بەهەزاران کەس بەشێوەیەکی بەردەوام بەشداری دەکەن، ڕەهەندێکی تری هەیە کە جیاوازە لە نافەرمانیی مەدەنی. ئێمە لە ڕۆژئاوا لەم شێوە بەرهەڵستکارییە بەکۆمەڵە لە سەردەمی ئاشتیدا ئەزموونێکی وامان نییە. نموونەکانی تری بەرهەڵستکاریی بەکۆمەڵ لە سەردەمی نوێدا بریتین لە بەرهەڵستکاریی بەکۆمەڵی فیلیپینییەکان لە فێبرایەری ١٩٨٦، چین لە مای ١٩٨٩ و هەروەها ڕووداوەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ کە زەحمەتە لەگەڵ ڕۆژئاوا گرێ بدرێن.

نموونەیەکی سەرکەوتووی کەمپەینی نافەرمانی کە هەر لەبەر بایەخی سیمبۆلیکییەکەی سەرکەوتنی وەدەس هێنا، خەبات بۆ کێوی شینە Kynnefjäll لە سوێد بوو. لە درێژای هەموو دەیەی هەشتاکاندا خەڵک بە شەو و ڕۆژ پاسەوانیان لە کێوی شینەدا بۆ ئەوە پێش بەتاقیکاری کونکردنی کێوەکە بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی ئوران بگرن. کاتێک پاسەوانەکان مەکینەی کونکەریان لە شوێنێکی کێوەکە بەدی دەکرد ئەوە تەلەفۆن بۆ کۆمەڵێک خەڵک دەکرا و خەڵکەکەش دەهاتن و دەستیان بەسەر مەکینەکەدا دەگرت. زۆر ئاشکرا بوو کە داوودەزگای دەوڵەتی بەو هێز و دەسەڵاتەوە هەیانبوو دەیانتوانی دیسان کێوەکە کون بکەن، ئەگەر هەموو خەڵکی دەوروبەریش بەشدارییان لە دەسبەسەرداگرتنی مەکینەکان کردبا. بەڵام ئاکامی ئەوە دەبوو کە حزبە دەسەڵاتدارەکان لەو ناوچە تووشی تێکشکانی سیاسیی گەورە دەهاتن. هەر بۆیە ئاخرەکەی بەناچاری لە کونکردنی کێوەکە و دەرهێنانی ئوران پەژیوان بوونەوە.

خەبات بۆ ئالتا Alta لە نەرویج نموونەیەکی ترە کە لەودا بەرهەڵستکارییەکە تووشی شکان هات لەبەر ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە بەشداران پێیان وابوو کە ئەوان بەشێوەیەکی فیزیکی دەتوانن پێش بەسازکردنی چۆمی ئالتا بگرن. زیاتر لە هەزار کەس بەشدارییان کرد. بەشێک لەوان بەزنجیری ئەستوور خۆیان بەستبوو بە بەردەکانەوە. ژمارەیەک زنجیریان بە باسکەکانیانەوە هاڵاندبوو و ژمارەیەکی تریش خۆیان پێکەوە بەستبووەوە بۆ ئەوەی پۆلیس بەئاسانی نەتوانێ زنجیرەکە بپچڕێنێ و ئەوان لەیەک دابڕێ. بەم شێوازگەلە ئەوان توانییان چەند سەعاتێک بەرگری بکەن بەڵام دواتر لەبەر کەمبوونی ژمارەی بەشداران تێک شکان.

پرۆفیسۆر توماس ماتینسێن Thomas Mathiesen کە بۆ خۆی یەکێک لە بەشدارانی خەبات بۆ ئالتا بوو لە باسێکدا بۆ پارێزەرانی دار (دار باوەشگرەکان) لە بوهویسلەن (سوێد) باسی ئەوەی کرد کە کاریگەری خەبات بۆ ئالتا زۆرتر دەبوو ئەگەر هاتبا و ئەوان بیانتوانیبایە خەڵکێکی زۆرتر کۆ بکەنەوە. ئەوان بەهەڵمەتێکی لەو چەشنە بەخەڵکێکی زۆرترەوە دەیانتوانی هێزی سەرباز و پۆلیسی حکوومەت ناچار بکەن کە شوێنەکە بەجێ بێڵن.

ئەو ڕێگەیەی کە لەم پێوەندییەدا پێشنیاز دەکرێ شێوازە خەباتێکە کە پێی دەگوترێ jiujitsu ژیوژیتسوی. لەم شێوە خەباتەدا هەوڵ دەدرێ هێزی لایەنی دژ لە دژی خۆی وەرگێڕدرێتەوە. لە نموونەی خەبات بۆ ئالتادا دەکرا خەڵکانی چالاکی پێشەوە لە باتیی جێگربوونیان لە شوێنی هەڵمەت لە مەحکەمە و شوێنی دەسبەسەربووندا درێژەیان بە چالاکیی خۆیان دابایە.

لێرەدا جێی خۆیەتی باسی ئەو سێ سیمبۆلە بکرێ کە کۆڵەکەی بنەڕەتی و هەرە گرینگی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی پێک دێنن:

– کردەوەی نافەرمانی بنەمای دەسەڵاتی لایەنی دژ کە لەسەر فەرمانی دامەزراوە، دەسڕێتەوە.
– لە دیالۆگێک کە لە ماوەی مەحکەمەدا دێتە گۆڕێ ئەخلاقی بەرهەڵستکاری و ئەخلاقی لایەنی دژ لە پێوەندی لەگەڵ ئەخلاقی پەسندکراوی گشتیدا دەخرێتە تاقیکردنەوەوە.
– سزای پاش مەحکەمە دەبێتە داخوازێکی ئەخلاقی بۆ هاندانی مرۆڤەکانی تر لە

پێناوی بەردەوامی و درێژەپێدانی بەرهەڵستکاری.

یەکێک لە نموونە ڕوونەکانی ڕەهەندی سیمبۆلیکی خەباتی ناتوندوتیژی بەربەستێکە کە خانەنشینکراوەکان لە دەرەوەی بنکەی پەرشینگی دوو Pershing II لە موتلانگێن Mutlangen لە ساڵی ١٩٨٧دا بەئەنجامیان گەیاند. ڕاست لە نێوەڕاستی بەربەستەکەدا ئەرتەش مانۆڕێکی گەورەی دەس پێ کرد. سەدان خانەنشینکراو وەشوێن مانۆڕەکە کەوتن. تێکۆشەری ئاشتیخوازی ئەڵمانیایی تینا ئوتێرمارک Tina Utermark گێڕایەوە کە شڵەژانی بەڕوونی بە سەربازەکانەوە دیاربوو. قەتارەی خانەنشینکراوەکان کە کەوتبوونە شوێنی قشوونی نهێنیی ناتۆ بوو بەهۆی دامەزراندنی باس و خواسێکی گەرم لە هەموو ئەڵماندا. کاتێک داوودەزگای دەوڵەتی ژمارەیەک خانەنشینکراویان دەسبەسەر کرد ئەوە زۆر کەسی تر خۆیان لە کێشەکەوە گلاند و هەتا هات بەرهەڵستکاری زیاتر پەرەی گرت.

هەر لە پەنای هەمان بنکە لە پایزی ساڵی ١٩٨٦ بەربەستێک بەهۆی بەرپاکردنی کۆنسێرتێکی موزیک بەڕێوە چوو. ئۆرکێستریکی سیمفۆنی بەهۆی لێدانی ئاهەنگی کلاسیک تایبەت بەئاشتی لە ماوەی ڕۆژێکی تەواودا پێشی بەکاروباری بنکە سەربازییەکە گرت. کاتێک داوودەزگا دەوڵەتییەکان لە گرتن و دەسبەسەرکردنی موزیکارەکان خۆیان بوارد. ئەوە لێدانی موزیک لە پەنای بنکەکە درێژەی پێ درا و حەوتووەکانی پاشتر موزیکی ڕێنسانس لێ درا و بەو شێوەیە بەربەستکردنی بنکەکە بەردەوام بوو. لە کۆتاییدا داوودەزگای دەوڵەتی ناچار بوون موزیکارەکان بگرن و بەو شێوەیە لە ڕاستیدا دیالۆگ لەگەڵ دەوڵەت دەست پێ بکرێ.

بەڵام تەنیا کردەوەی تێکۆشەران نییە کە بایەخی سیمبۆلیکی هەیە. کاتێک لایەنی دژ ئەو مرۆڤانەی کە هاودەنگیی ویژدانی لەگەڵ مرۆڤەکانی تر دەکەن، دەگرن، مەحکەمەیان دەکەن و سزایان دەدەن، ئەویش لە خۆیدا یارمەتییەکە لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا. لێرەدایە کە فەرمانی بەتەواوی دەکەوێتە ژێر پرسیار. پێوەندی و کاریگەریی دوولایەنەی نێوان کردەوەی گرووپگەلی هەڵمەتبەر و لایەنی دژ دەبێتە هۆی ئەوەی ئینسانەکانی تر هان بدا بەشێوەیەکی چالاکانە هەڵوێستی خۆیان دەرببڕن.

کـە تۆو بچـێنی هیچ چەشنە کـاریگەرییـەکی سـیـاسی نیـیـە. گـرتن و دەسبەسەرکردنی (بێ ئامانج) لە خۆیدا هیچ چەشنە بایەخێکی سیمبۆلیکی وای نیـیـە. بەڵام ئەو کـەسـەی لەبەر تۆوچاندن دەگـیـرێ ئەوە لە ڕاسـتـیـدا دەتوانێ بەرهەمی تۆوەکەی هەڵبگرێ.

ئەو سـیـمـبـۆلانەی لە خـەباتی نافـەرمـانیی مـەدەنیدا بـەکـار دەبرێن بـەبێ لە بەرچاوگرتنی خودی هەڵمەتەکان، خاوەنی مەبەست و ئامانجی تایبەت بەخۆیانن. لە هەڵمـەتی پـلاگبیلدا و لە کاتی چەکداماڵیندا، بۆ لە کارخستنی چەکەکان، لە چەکـوش وەک سـیـمـبـۆل کـەڵک وەردەگـیـردرێ. هەروەک چۆن چەکـوش لە مەحکەمەکاندا دەکار دەکرێ (لەبارەی بایەخی سیمبۆلیکەوە).

پاول ماگنۆ Paul Magno کەسێک کە من لە هەڵمەتی فلۆریدادا لەگەڵی بەشدار بووم، وێنەی منداڵانی بنەمـاڵە بێ خـانووبـەرەکـان لە شـارسـتـانەکـەی خـۆیدا بەچەکوشـەکەیەوە چەسپـاندبوو. ناوبراو ئەمـەی بۆ ئەوە کـردبوو کە ئەمـە ببـێتـە بەڵگە لەلای دادوەرەکان. مەبەستی پاول ئەوە بوو کە نیشان بدا ئەو پارەیەی کە بۆ چەککڕین و پڕچەککردن بەکـار دەبرێ، دەبووا بکرابایەتە خـەرجی ئەو منداڵە هەژار و بێ خانووبەرانە.

مـرۆڤ نابێ لە بەکـارهێنانی سـیـمـبـۆلی بەزەحـمـەت خوێنەرەوە خـۆ ببـوێرێ. سیمبۆلەکان دەبێ ببنە بنەما بۆ پێکهێنانی گفتوگۆ و باسوخواس. ئەوان دەبنە هۆی ئەوەی کـە گفـتوگـۆکان زیاتر قووڵتـر ببنەوە. بەپێـچەوانە لە بەکارهـێنانی سیمبۆلی ئاساندا، گفتوگۆکانیش سادە و سەرەپێیی دەبن.

تۆد کـاپلان Todd Kaplan پارەیەکی کـاغـەزی کـە جـوولـەکـەکـان لە گـەڕەکی جـوولەکـەنشـینی وارشـاوای پۆلاند (لەهـەسـتـان) لە سـەردەمی شـەڕی دووەمی جیهانیدا لە چاپیان دابوو، بە چەکوشەکەیەوە چەسپـاندبوو. پۆلاند داگیر کرا و جوولەکەکانیش جیل جیل بەرەو کەمپی جوقڕان ڕادەگوێزران. سەرەڕای تیرۆر و کوشتوبڕ، دانیشتوانی گەڕەکی جونشین درێژەیان بەژیانێکی پێشوەچووی خۆیان دەدا. تۆد کە خـۆی جـوو بوو. لە مـەحکەمـەدا شـایەتیی ئەوەی دا کە چۆن ئەو پارە کـاغـەزییـە بۆ ئەو نیـشـانە و سـیـمـبـۆلی هـیـوا و هـومـێدە. ئێـمـە دەبێ ژیانـێکی ئاسـاییمـان هـەبێ بەبێ ئەوەی مـەترسـیی قڕکردنمان وەبەر بنرێ. ئەوانەی وەختی

خۆی ئەو پارەیان چاپ کردبوو، تیرۆر پەکی نەخستبوون. هەر بەو شێوەیە ئێمەش نابێ تیرۆر پەکمان پێ بخا. لێمان گەڕێن با پێشان بدەین کە چۆن چۆنی دەمانەوێ بژین.

چەکوشەکەم بۆ من، نیشانە و سیمبۆلی میلیتاریزمی دوولایی پارادۆکسە. ڕۆکێتێکی پەرشینگی دوو Pershing II دەتوانێ شارە بەندەرییەکەی من گوتەبۆرگ (سوێد) وێران بکا. هیچ چەشنە چەکێک ناتوانێ پێش بەهێرشێکی وا بگرێ. بەڵام چەکوشە چکۆڵەکەی من شیانی هاوێشتنی ڕاست ئەم ڕۆکێتەی نەهێشتووە. ئەمە لە خۆیدا هێز نییە کە پێش بەپڕچەکی دەگرێ. ئێمە لە بێهێزترین کەرەستە بۆ چەکداماڵین کەڵک وەردەگرین. ئەمە شتێکە کە ڕەنگە وا بێتە پێش چاو کە شیانی نییە. بەڵام کردەوەی چەکداماڵین دەبێ بێتە ئەنجامدان. ئەو شتەی کە شیانی چەکداماڵین ڕێک دەخا کردەوەیەکە کە لە خۆیدا ناسک و ئاسان زەربە وێ کەوتووە. هەر ئەمەیە کە ڕاستەوخۆ لە دژی توندوتیژی، دەسەڵات و ویستی سازکردنی دیواری پاراستن ڕادەوەستێ.

لەم باسەدا ئەو ئاکامە وەردەگیردرێ کە چەکداری و پڕچەکی ناتوانێ بەبێ فەرمانی هاووڵاتییان درێژەی هەبێ. فەرمانی بە زۆری لە ترسی مرۆڤەکان لە نافەرمانیکردن، سەرچاوە دەگرێ. ئیمڕۆ ئامرازگەلێکی وا کە خەڵکێک لەبەر ئەوە حازرن ئاکامی نافەرمانیی خۆیان وەربگرن، کۆنترۆڵ بکا، لە هەوێڵدا نییە. ناسکی و زەربەدیتووی لە بەرانبەر وەرگرتنی ئاکامدا دەبێتە بنەما بۆ نەچوونە ژێر باری فەرمانبەری. هیچ ڕێگەیەکی تر نییە. هەر بۆیە ئەو شتەی کە شیان و ئیمکانی نییە لە ناچاریدا دەبێتە ئیمکان و شیان.

## کاریگەرییەتی یان گەڕان بەدوای ڕاستیدا

باس و خواسێکی سەرنجڕاکێش پێوەندیی بەوشەگەلی هۆکار و شوێندانەری لەنێو بزووتنەوەی پلاگبیلدا لە ئارادایە. ئاخۆ دەکرێ باس لە هەڵمەتە کاریگەرەکانی پلاگبیل بکرێ؟

کە مرۆڤ بیەوێ ڕادەی کاریگەریی هەڵمەتێک بپێوێ ئەوە دەکرێ ڕادەی ئاڵوگۆڕەکە بگەڕێنێتەوە بۆ میکانیکیی نێوان هۆکار و شوێندانەری "ئەگەر تۆ ئەم چەرخە بسووڕێنی ئەوە چەرخەکەی پەنای ئەویش دەسووڕێ". زۆر کەس لەنێو

بزووتنەوەی پلاگبیلدا لەو بڕوایەدان لەبەر ئەوە کۆمەڵگە لە خۆیدا زۆر پێچەڵپێچی تێدایە ئەوە هەروا ئاسان نییە کە کاریگەریی هەڵمەتێک تەنیا بەو شێوەیە کە باس کرا، ڕوون بکرێتەوە. کردەوەکانی ئێمە ئاوا بەشوێن یەکتریدا ڕیز نەکراون کە وەک تۆپی بیلیارد لە تۆپێک بدەی کە ئەویش لە تۆپێکی تر بدا. لە حاڵەتێکی وادا ئەوە ئێمە تۆپەکانمان وا ڕاست لە تۆپەکەی تر دەدا کە ئامانجی بپێکابایە و بمانتوانیبایە بەسەر لایەنی دژدا سەرکەوتن وەدەست بێنن.

خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەکرێ هیوایەک بێ بۆ هاندانی کەسانی تر. ئەوە ئیتر دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسانەی کە چۆن لەگەڵ هاندانەکە دەجوولێنەوە. ئەو نموونەیەی کە من پێشتر (لەسەر ئەو کرێکارانەی کە دەستیان لە کارکردن هەڵگرت لە بنکەی نیزامی پەرشینگی دوو لە فلۆریدا لە پاش هەڵمەتەکەی ئێمە لە پلاگبیل)، ئاماژەم پێ کرد وەبیری خۆت بێنەوە. ئێمە ناتوانین سەرکەوتنی ئەو هەڵمەتە تەنیا بۆ خۆمان بگەڕێنینەوە و لەبەر ئەوە بە خۆماندا هەڵبلێین. کاریگەریی هەڵمەتەکەی ئێمە تەنیا نەدەگەڕایەوە بۆ ئەنجامدەرانی هەڵمەت بگرە بۆ کەسانی تریش. ئەو کرێکارانە بڕیاریان دا کە ئیتر چەکی ناوکی وەبەرهەم نەهێنن. باوەڕ و متمانەی کەسانی تریش لەسەر پێویستبوونی وەبەرهەمهێنانی چەکی ناوکی ڕەنگە قایمتر بووبێ.

ئەمە لە خۆیدا بەو مانایە نییە کە هەموو کردەوەکان وەک یەک باشن یان وەک یەک بێ کەڵکن. هەموو کاتێک ئامانج ئەوەیە کە کارێکی ڕاست بێتە ئەنجامدان بدرێ. هەر بۆیە لە کاتی گەڕانمان بەدوای ڕاستیدا پرسیار لە خۆمان دەکەین چ شتێک پێویستە بۆ ئەوەی ئەو سەرکوتە هاوبەشەی هەژاران کە ئێمەشی تێیدا بەشدارین، کەم بکەینەوە. هەر ئەم ڕاستییە، کەسانی تر دواتر دەتوانن لە گەڕانەکانیاندا کەڵکی لێ وەرگرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە کردەوەکانی ئێمە بووبێتە هۆی دیتنەوەی ڕاستی لە هەمان کاتدا زۆر کەسی تر ڕەنگە نە تەنیا ئەو ڕاستییەیان پێ گرینگ نەبێ و لەگەڵی بێ تەفاوت بن بگرە بەشێوەیەکی چالاکانەش لە دژی ئەو شتەی کە ئێمە وەک ڕاستی تێی گەیشتووین، ڕاوەستن و بەربەرەکانێ بکەن.

هەر بۆیە زەحمەتە ئێمە پێشگۆییی کاریگەری بکەین. لەوە بەزەحمەتتریش دەبێ

کە ئەگەر بێتو ئێمە بمانەوێ تەنیا کاریگەریی هەڵمەتەکان دەربخەین. دیتنی ئاڵوگۆڕەکان ئاسانترە ئەگەر بێتو گرووپێک هەر لە دەسپێکەوە ئامانج و مەبەستی هەڵمەتەکەی دیاری کردبێ. ئەمە هەروەها مۆدێلێکی هۆکار- شوێندانەرییە. بەڵام مۆدێلێکە زۆرتر لە گەمەی شەترەنج دەچێ هەتا بیلیارد. هۆکارەکە لە پاش شوێندانەری لە داهاتوودا هەڵکەوتووە یانێ لە وەدیهاتنی ئامانجدا. بەپێچەوانە کە بتەوێ هۆکاری پشتەوەی مەبەست ببینییەوە ئەوە زۆر زەحمەتە. هەروەها زەحمەتە حسێبی ئەوە بکرێ کە چ ڕوو دەدا ئەگەر هاتو کەسانی تر پێش بەگرووپێک بگرن کە لە کردەوەدا دەیانەوێ گەڵاڵە و پلانەکەیان وەدی بێنن. بە یارمەتیی تیۆری گەمە و دەسەڵات ڕەنگە بکرێ حسێبی پێوەندیی نێوان هێزەکان و هەروەها پێشگۆییی بەردەوامی گەمەی دەسەڵات بکرێ. بەڵام ڕەنگە بەشێک لە گرووپەکە پلانەکەی بگۆڕێ. لە ناکاو ئەوان دەبینن کە ئامانجەکەیان وەدی نایە. لە هەلومەرجێکی وادا ئیتر ڕووداوەکان بە یارمەتیی ڕێسای گەمەوە ناتوانرێن ڕوون بکرێنەوە.

ئاڵوگۆڕەکان دەکرێ هێندێک جار لە سۆنگەی ستروکتۆرەکانی کۆمەڵگەدا پێشگۆیی بکرێن. یاسا ئابوورییەکان لە سیستەمی بازاڕی ئێمەدا دەبنە هۆی ئەوەی کە هەموو شەریکە کەسییەکان وەدووی لانی زۆری قازانج و پێشخستن بکەون. ئەگەر وانەبێ ئەوە دەوڵەمەندێک پارەکەی لەو شەریکەیە ناخاتە گەڕ. ئەوە بنەما ئابوورییەکانی ئێمەیە کە لەم پێوەندییەدا بڕیاردەر دەبن. سەرەڕای ئەوە مەسرەفکەرەکان دەتوانن شەریکەیەک ناچار بکەن کە ڕێوشوێنی ژینگە ڕەچاو بکەن بەڵام دیسان قازانجەکە شەریکەیەک هەڵدەسووڕێنێ.

ئەدی چ ڕوو دەدا کاتێک کە شەریکە یارمەتیدەرەکان (تەعاونییەکان)یان وەدووی قازانج نەکەوتووەکان لە کۆمەڵگەدا گرینگیی بەرچاویان هەیە؟ ڕەنگە ژمارەیەک لەو شەریکانە بەجۆرێک خۆیان لە وەدووکەوتنی قازانجدا ڕێک بخەن. بەڵام دواتر یاسا ئابوورییەکانی تر دەکەونە پێشەوە. ئیتر لەوە زیاتر ناکرێ هەڵسوکەوتی ئەو شەریکانە وەک شەریکەی وەدواکەوتنی لانی زۆری قازانج و پێشخستن ڕوون بکرێتەوە. کەوابوو سیستەمێکی نوێی ئابووری دێتە ڕۆژڤەوە کە ئیتر ناکرێ ناوی لێ بنرێ کاپیتالیزم.

ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بەوە نەبێ کە کۆمەڵگە وەک تەختەی گەمەی بیلیارد یان

شـەترەنجـە ئەوە زەحـمـەت دەبێ کـە بـاس لە تاکـتـیـک و سـتـراتیـجی بکرێ. تاکـتـیککارێـک بەبێـڕیزی جـێی مـتـمـانـەی پێکانی تۆپ لە گـەمـەی بیلیـاردا ئەوە دەسـتـەوەسـتـان دەمـێنێـتـەوە. چ پارمـەتییـەک بەڕاسـتی و بەرهـەقبـوون دەکرێ کە دواین تۆپ بەرەو کونی تەختـەی بیلیـارد خلۆر بکـرێتـەوە. لە کاتێکدا تۆپەکـانی تر ڕێگەیان بەربەست کردووە. تاکتیککارێک پێویستی بەمتمانە لە ڕێسـای گەمـەدا هەیە. ئەگـەر شـا کـرا بەقـوربانی سـەربازێک لە گـەمـەکـەدا ئەمـە بێـجگە لە سەرلێشێوان شتێکی تر نییە. تاکتیککارێک دەبێ دانە دانە سەربـازەکانی لایەنی دژ لە ڕێگە لادا و لەنێویان بەرێ. بۆ تاکتیککارێک دەبێ ئامانج خـودی ئامرازەکان بەپیـرۆزی ڕابگرێ. بەپێـچـەوانەی ئـەمـە ئەوە دەبێ تـاکـتـیککار مـەیدانی گـەمـە بەشکاوی و دۆڕاوی بەجێ بێڵێ.

– تاکتیککار دەڵێ؛ ئەگەر ئێمە ئێستا لە هەلومـەرجێکی باشدا نین ئەوە ڕەنگە لە وەختێکی لەباری تردا قـەرەبووی ئێستا بکەینەوە. ئەی ڕاسـتگۆیی چی بەسـەر هات؟ دەبێ لە گفـتوگۆدا ڕاستگۆیی بکرێتە بنەما. ئەگەر مرۆڤ لە گوتنی ئەو شـتـەی کـە ئەو پێی وایـە ڕاسـتـە، خـۆبـبـوێرێ ئەوە ناڕاسـتـگۆییـیـە و ئەمـەش تەنگوچەڵەمە دەخاتە پێش دیالۆگ.

– ئێستا لـە کاتێکدا داوودەزگاکان کۆمـەڵێک گرفت و کێشـەی تریان لە پێشـە و ناتوانن هـەمـوو کـەرەسـتـەکـانیـان لە دژمـان بەکـار بێنن، ئەوە کـاتێکی لەبارە بۆ ئەوەی ئێـمــەش هەڵمــەتەکـانمـان توندتر بکەین. ئـەوە ئیـتـر بەدڵنیـاییـیـەوە سـەردەکەوین. ئەمە قسەی هەمان تاکتیککارە بەڵام لە کاتێکی تردا.

بەڵام ڕێگەچارەکـە چییە، "مـات"بوون یان سـەرکـەوتن؟ هـەر گـەمـەیەک لە خـۆیدا پێبـەندی ژمـارەیەک ڕێسـایـە کە بەشێوەی تاکتیکی بۆ ئەوە لایەنی دژ ژێر بخـرێ، کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ.

خەباتی نافەرمانیی مەدەنی گەمەی دەسەڵات نییـە. بگرە دیالۆگێکە کـە دەگا بـە ڕێککەوتن و پێکەوەسـاچان. ئەگـەر هـاتو ڕێگەیەکی دوور لـە بەردەم ڕێگەچارەی هـاوبەش هەبوو ئەوە دەبێ لە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هێز و دەسـەڵات خۆببوێرێ. ئەگەر بەشێوەی تاکتیکی دەسەڵاتێک بێهێز بکەی ئەوە لە خۆیدا کردەوەکە دەبێتە هۆی پرچەکی، ترس و شک و گومان.

ستراتیجیکار بەنۆرەی خۆی ترس و دڵەخورپە ڕۆژانەییەکان لە بیر دەکا. بگرە دەیەوێ ڕێگەچارەکان لە داهاتووی دووردا لە ڕێگەی خەباتی پەرلەمانتاریسمی، شۆڕش، مانگرتنی گشتی، هەڵبژاردنی شێوە ژیانی ئێکۆلۆجییانە، بوونی ژمارەی زۆرتری ژنان لە سیاسەت یان هەر ئامانجێکی درێژخایەنی تر وەدی بێنێ.

ئەی ستراتیجیکار لەسەر زەبر و سەرکوتە هەنووکەییەکان چ دەڵێ؟ ڕەنگە "چارەسەری گەورە"، چارەسەری ڕاستییانە نەبێ. ئەدی ئەوە نییە، ئەمەی ئێستایی و نزیک و ئەوەی دوور پێوەندییان پێکەوە هەیە؟ کەوایە ئەو چارەسەرییە نزیک و هەنووکەییانە دەبێ هەروەک چارەسەرییە درێژخایەنەکان باش بن. بەرهەڵستکاری دەبێ مێژووی ئێمە لەگەڵ ئێستا و داهاتوو گرێ بدا. بەهۆی خەباتی بەکردەوە ئەوە هەم مێژوو و هەم داهاتوومان بۆ خۆمان دروست کردووە. کاروبار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی من لەگەڵ سیاسەتی جیهانی پێوەندیی هەیە.

### خەتە گشتییەکان لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا

هەلیکۆپتەرەکە بەهێوری بۆ سەر پردەکە دابەزی. لە ناکاو بەتوندی بەرز بووەوە. چەند دەورێک خولایەوە و پاشان لە چاوترووکاندنێکدا ون بوو. هەر زوو بەدوای ئەمەدا، یەکەم ماشێنی پۆلیس گەیشت، تەنیا پێراگەیشتم هەشت ماشێن و ئوتوبوسێک بژمێرم. دواتر سەرنجم بۆ لای سەگەکانی پۆلیس ڕاکێشرا. سەگەکان بەهێوری چاویان تێ بڕیوین و هەموومان وەک یەک لێمان دەڕوانین. لە پشتەوەی سەگەکان سی پۆلیسێک ڕاوەستاون. زۆربەیان کڵاوی سپیی تایبەت بە کاتی تێکهەڵچوونیان لە سەرە. ژمارەیەکی زۆریشیان باتۆنگەکانیان هەڵکێشاوە.

ئەمە دیمەنێکە لە پردی یوردفالسبرون Jordfallsbron لە ساڵی ١٩٨٣، خەڵک لەسەر پردەکە کۆ بووبوونەوە بۆ ئەوەی نەتوانرێ پردەکە بەرز بکرێتەوە، چونکە قەرار بوو بەلەمێکی دانیمارکی کۆ گۆیا هەڵگری چەکوچۆڵ بوو بەژێر پردەکەدا تێپەڕ ببێ.

ئەو پۆلیسانەی هاتبوون، پێشتر قەد لەگەڵ خەباتگێرانی نافەرمانیی مەدەنی تووشی تێکهەڵچوون نەبووبوون. دواتر هەر لە پاش ئەم هەڵمەتە لە دەیەی هەشتاکاندا بوو کە پۆلیس وردە وردە ئەزموونێکی فرەتری وەرگرت. هەموو ئەوانەی کە بەهەمان شێوە تووشی پۆلیسی ترساو دەبن، دەزانن یەکەم پێوەندیی

لەگەڵ ئەوان ئەوە دەبێ کە هێور بکرێنەوە و ئاسایشیان هەبێت. ئەوان نازانن خەریکە چ ڕوو بدا و هەر بۆیە ڕەنگە لە تێکۆشەرەکان زیاتر تووشی دڵەخورپە و شڵەژان ببن.

بەڵام ئەوانەش کە لە هەڵمەتێکدا بەشداری دەکەن پێویستیان بەهێندێک ئاسایش نە تەنیا لەلایەن پۆلیسەکانەوە بگرە لەلایەن خودی تێکۆشەرەکانی ترەوە هەیە. بەشداران ڕەنگە لە منداڵ، بەساڵداچووان، تێکۆشەرگەلی کۆن و بەئەزموون یان ئەوانەی بۆ یەکەم جار بەشداریی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەکەن، پێک هاتبن. من بۆ خۆم لە هەڵمەتێکدا کە نەزانم تێکۆشەرەکانی تر چۆن دژکردەوە لە خۆ نیشان دەدەن، دەترسم. من دەمەوێ هەست بەوە بکەم کە ئێمە متمانەمان بەیەکتری هەیە.

هەم بزووتنەوەی مافی هاووڵاتییەتی لە باکوری ئەمەریکا و هەم جووڵانەوەی سەربەخۆییخوازی هیندستان بۆ پێکهێنانی ئاسایش و هێمنی لە خەتە گشتییەکانی ناتوندوتیژی کەڵکیان وەرگرتووە. خەتە گشتییەکان فەرمی بوون و بۆ ئەوەش پێکهاتن کە لە یەکتری تێگەیشتنێک لە نێوان پۆلیسەکان و تێکۆشەرەکاندا دابمەزرێ. ئێستاشی لەگەڵ بێ زۆربەی ئەو خەتە گشتییانە بەکار دەبرێن و ژمارەیەکی نوێشیان لێ زیاد کراوە.

هەر خەتی گشتییەک لە خۆیدا ڕێککەوتننامەیەکە لەسەر چوارچێوەی هەڵمەتەکان لە نێوان ژمارەیەکی زۆر لە گرووپگەلی دۆستاندا. ئەگەر بەنێو کتێبگەلێک کە لەسەر هەڵمەت لە باکوری ئەمەریکا نووسراوە، چاوێک بخشێندرێ ئەوە ئەم خەتە گشتییە ناتوندوتیژییانەی خوارەوە هەتا ڕۆژی ئیمرۆش، ئاساین:

١- هەموو کەسێک بەچاوی ئەو ڕێز و ئەدەبەوە ببینە کە هەر کەسێک لە دۆستێکی نوێ چاوەڕێیەتی.

٢- لە توندوتیژیی فیزیکی و ڕۆحی کەڵک وەرمەگرە.

٣- لە چەکی گەرم یان هەر جۆرە چەکێکی تر یان ئامرازی خۆپاراستن لە دژی توندوتیژی کەڵک وەرمەگرە.

٤- ڕامەکە.

٥- لە نارکۆتیکا کەڵک وەرمەگرە.

٦- هەموو، تەنانەت کەسانی پشتگریش، دەبێ ئەندامی گرووپگەلی دۆستان بن.
٧- هەموو ئەندامان دەبێ پەروەردەی خەباتی دژی ناتوندوتیژی ببینن.

وا دێتە پێش چاو کە زۆربەی ئەو خاڵانەی سەرەوە ڕوون و ئاشکران. بەداخەوە هەموو کات وانییە. زۆرجار لە نێوەڕۆکی ئەو خاڵانەی پێشتر گرووپگەلی دۆستان لەسەری ڕێک کەوتوون، خوێندنەوەی جیاواز دەکرێ. بۆ نموونە باسێکی وا لەنێو بزووتنەوەی دژی توندوتیژی لە ئارادایە کە ئاخۆ دروشمدان و قیڕاندن دەکرێ وەک توندوتیژیی ڕۆحی بژمێردرێ. چونکە هەر چۆنێک بێت دروشم و قیڕاندن دەتوانێ هاندان و شڵەژان هەم لەلای لایەنی دژ و هەم لەلای خودی تێکۆشەرانی بەشداربوو پێک بێنێ. ئێستا لە قیڕاندنی بەکۆمەڵ خۆ دەبوێردرێ. لە باتیی ئەوە لە گفتوگۆ و گۆرانی کەڵک وەردەگیردرێ.

هەروەها ڕاکردن دەکرێ ببێتە هۆی هەڵچوونی ناپێویست و لە خراپترین هەلومەرجیشدا شڵەژان. بەهەمان شێوەش کەسانێک کە شوێنەواری ئەڵکۆڵیان هێشتا لەسەر ماوە ڕەنگە بەشێوەیەکی نابەجێ بجووڵێنەوە و ببنە هۆی تێکدانی بارودۆخ.

کێشەیەک کە ڕەنگە بەهۆی کەمتەرخەمی سەرەڕای ڕێککەوتنەکان بێتە گۆڕێ لە بیرکردنی بەجێهێشتنی چەقۆی باخەڵی لە ماڵەوەیە. هەر ئەمە دەکرێ ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی دەنگۆیەکی ناپێویست لەلایەن پۆلیس و ماسمێدیاوە.

بۆ نموونە دەگوترێ:

- ئەوان بەچەقۆ خۆیان چەکدار کردبوو.

شتێک کە دەتوانێ تەگەرە لە بەردەم هەموو تێکۆشانەکە دابنێ، ئەوەیە کە لایەنی دژ بۆ نموونە کەرەستەیەک یان شووشەیەک بکاتە بیانوو و وەک چەک چاو لەو شتانە بکا. لە هەڵمەتە پلاگبیلییەکاندا ئێمە لە چەکوش کەڵک وەردەگرین. کاتێک هەڵمەتی چەکدامالین کۆتاییی پێ دێ ئەوە ئێمە چەکوشەکان لەسەر عەرز دادەنێین بۆ ئەوە لەلایەن پۆلیس و پاسەوانەکانەوە گۆنگەڵمان بۆ نەنێردرێتەوە.

لە خۆپێشاندانە ئاساییەکان لە سوێد یان شوێنەکانی تری جیهاندا، ژمارەیەک خۆپێشاندەر خۆیان بەکەرەستەی پاراستنی وەک کڵاوی ئاسنین و دەستەسڕی تایبەت خۆیان باڵەفرە دەکەن. بەڵام خەباتی دژی توندوتیژی لە خۆیدا پشت

بەهێزێک دەبەستێ کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەربە دیتووییەوە کە لە ئاکامی کردەوەکاندا وەدی دێت. هەر بۆیە ئەو خۆتەیارکردنە بەئامرازی پێشکەوتوو جێگەیەکی ئەوتۆیان لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا نییە. لە هەمان کاتدا نکووڵی ناکرێ، بۆ نموونە ڕەنگە لەو وڵاتەنەدا کە دیکتاتۆری تێیاندا حوکم دەکا، مرۆڤ نەتوانێ ئاکامی کردەوەکانی هەرچی بێ، وەئەستۆ بگرێ. ئیتر لەو کاتانەدا شێوازی هەڵمەتەکان لە چوارچێوەی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەچنە دەرێ. لە جێگەی ئەوە لە ترسی کوشتن و ڕاونان، هەڵاتن هەڵدەبژێردرێ. لەبەر ئەوە خەباتی ناتوندوتیژی گرینگی بە قارەمان چێکەری و شەهیدپەروەری نادا ئەوە هەڵاتن دەبێتە ئەلتەرناتیڤێکی پێویست لە کاتی نافەرمانیی ئاشکرادا.

لەگەڵ ئەوەی لە کۆمەڵگە فرەتر ئازاد و لیبراڵەکاندا، (لە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتەنەدا کە دیکتاتۆری تێیاندا حوکم دەکا) ئاکامی خەبات ئەوەندە مەترسیدار نییە بەڵام دیسان گرینگە کە تێکۆشەران ئامادەیی تەواویان لەو پێوەندییەدا هەبێ. بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی هیندستان، لە پاش ژمارەیەک هەڵە و تێکشکان، ئاخرەکەی فێری ئەوە بوون کە ئەوان پێویستیان بە پەروەردەی خەباتی ناتوندوتیژی یان جۆرێک خۆئامادەکردن بەر لە هەڵمەتەکان هەیە. مەرجی پەروەردە ئێستاشی لەگەڵ بێ لە جێی خۆیەتی. هەموو جارێک و پاش هەر هەڵمەتێکی تێکشکاو و بەئامانج نەگەیشتوو، مەرجی پەروەردە زیاتر بەرز دەکرێتەوە.

لە پاش سەرکەوتنی گەورەی خەباتی بەکۆمەڵی گرووپگەلی دۆستان لە دژی بنکەی وزەی ناوکی سیبرۆک Seabrook لە ساڵی ١٩٧٦، ئەوە کە هەموو بەشدارانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەبێ گرووپگەلی دۆستان دابمەزرێنن، ئیمڕۆ وەک مەرجێکی پێویست دانراوە. ئەمە دەبێتە هۆی خاترجەمی و ئاسایش بۆ هەموو لایەنەکان. ئەگەر هاتو گرووپێک هەڵخلەسکی، هەردەم گرووپگەلی تر دەتوانن یارمەتی و کۆمەکی خۆیان لەو بوارەدا پێشکێش بەگرووپی زەربە وێکەوتوو بکەن.

هۆکارێک کە لە سوێددا لە بەردەم پێشوەچوونی سازبوونی گرووپگەلی دۆستان بەو شێوەیە لە وڵاتانی تری ڕۆژئاوادا هەیە، ڕێگر بووە، ئەوەیە کە بە بڕوای من،

ئێمە لێرە ئەو مەرجەمان بە گرینگ نەزانیوە. هێندێک جاریش تێندێنسێکی دژکردەوەیی بەرەودوایی وا هەیە کە گرینگی بەو جۆر هەڵمەتانە دەدرێ کە لەواندا ڕێبەری بەهێز ڕۆڵی هەرە مەزن دەگێڕن.

بێجگە لە حەوت خەتە گشتییەکان، ژمارەیەک خەتی تر هەن کە بەپێی شێوازی جیاوازی هەڵمەت بەکاربردنی ئەوانیش زۆر جار ئاساییە. یەکێک لەو خەتە گشتییانە ئەوەیە کە دەگوترێ: ماڵ و موڵک تێک مەدە.

کاتێک مرۆڤ لە تێکۆشانێکدا بەشداری دەکا دەبێ ئەوەشی لە بەرچاو بێ کە ئەو تێکۆشانەی ئەو نهێنی نییە و ئاشکرایە. هەموو ئەوانەی بە تەمان لە تێکۆشانێکدا بەشداری بکەن دەبێ ئەو شانسەیان پێ بدرێ کە بەر لەوەی بڕیار بدەن کە کامە کردەوە ئەنجام بدەن، بزانن کە گرووپگەلی دۆستانی تر لە هەمان تێکۆشاندا، بەتەمای چین و چ دەکەن. ئەمە لە خۆیدا مەرجێکە بۆ جێبەجێکردنی دیمۆکراسی و دەبێ وەک خەتێکی گشتی بەتایبەت لە هەڵمەتە بەرفراوانەکاندا هەبێ و هەموو لایەک پەسندی بکەن.

هێندێک کەس لەو باوەڕەدان کە بەرپرسایەتیی کردەوەکانی ئەوان تەنیا دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان. هەر بۆیە کەسی تر پێویست ناکا هیچ جۆرە بەرپرسایەتییەک بکەوێتە سەر شانی. بەڵام ئەمە هەڵەیە. زۆر بەکەمی هەڵدەکەوێت کە من بە تەنیا بەرپرسی هەموو کردەوەکانی خۆم بم. لە هەڵمەتێکی بەربەستکردن لە باڵەفڕگەیەکی نیزامی لە نەرویج، پۆلیس هەموو تێکۆشەرانی بەشداربووی هەڵمەتەکەی شەوێکی تەواو دەسبەسەر کرد. تێکۆشەران نەیاندەزانی بۆ، بۆچی ئەوان ئەو هەموو ماوەیە دەبێ دەسبەسەر بکرێن. بەڵام لە کاتی پرس و جۆی مەحکەمەدا ئەوان هۆکاری دەسبەسەرییەکەیان بۆ دەرکەوت. شەوی پێش هەڵمەتەکە تاقە سوێدی بەشداربوو لە هەڵمەتەکەدا بەتەنیا دەچێتە نێو باڵەفڕگەکە و کەرەستەیەکی نیزامی کە وەک سیمبۆل بۆ هەڵمەتی تری ئاشتیخوازانە پێویستی پێ بووە، هەڵدەگرێ. پۆلیس تێکۆشەری سوێدی دەگرن و دوو حەوتوو لە ژووری تاکەکەسیدا دەیهێڵنەوە. تێکۆشەرە نەرویجییەکانی تر لەبەر ئەوە لە هەڵمەتی بەتاقی تەنیای تێکۆشەری سوێدیدا بەشدارییان نەکردووە، ئازاد دەکەن. هەڵوێست و کردەوەی تێکۆشەری سوێدی بووە هۆی نانەوەی کێشە و ناهومێدی لەنێو گرووپەکە.

ئەم ڕووداوە نموونەیەکە کە نیشان دەدا چۆن بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری تووشی گرفت دەبێ. لە ڕووداوێکدا کە کەسانی تر بێجگە لەوانەی کارەکەیان ڕاپەڕاندووە، زەرەرمەند دەبن. زۆرجار بەرپرسایەتیی کردەوەی ژمارەیەک دەکەوێتە ئەستۆی ئینسانەکانی تر. بێجگە لەمە ئێمە بەرپرسایەتییەکی ئەخلاقیشمان لە پێوەندی لەگەڵ ئاکار و کردەوەی کەسانی تردا دەکەوێتە سەرشان. هەر بۆیە لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا دەبێ هەموو چەشنە زانیارییەک لە پێوەندی لەگەڵ هەر هەڵمەتێکدا بگا بەهەموو بەشدارانی هەڵمەت، لایەنی دژ و هەروەها ئەو گرووپگەلەی کە تێکەڵاوییان هەیە لەگەڵ هەمان کێشە. ئەمە لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو لە کاتی پێویستدا دژکردەوە نیشان بدەن و لەسەر ڕووداوەکان شوێندانەر بن و لە دووپاتبوونەوەی هەڵە و چەوتی لە کاتی هەڵمەتەکاندا خۆ بپارێزرێ.

## دەسبەسەرکردن و گرتن

- بەداخەوە ناچارم لێرە دوورت بخەمەوە. دەکرێ دەس لە باڵتۆکەت گیر بکەم؟

ئەمە یەکێک لە یەکەم ئەزموونەکانی بەشداریی من لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لە ساڵی ١٩٨٣دا بوو. پۆلیسی لیدینگۆ Lidingö (سوێد) بە ئەدەبەوە لەگەڵم جووڵایەوە. ڕێزگرتن لە یەکتری بەردی بناخەیە بۆ ئەوەی بەرهەڵستکاری بگاتە ئامانجی خۆی.

گرتن و دەسبەسەرکردن لە خۆیدا دەبێتە دیدار و چاوپێکەوتنی نێوان دوو کەس کە پێشتر یەکتریان نەناسیوە. کاتێک نەناسراوەکان یەکتری دەبینن ئەوە ئیتر ناکرێ وەک دەسپێک بەباسی ئەخلاق و ڕوونکردنەوە دەس پێ بکرێ. تەنیا ئەوەیە کە ئەوان پێش هەموو شتێک یەکتری بناسن. پاشان دەکرێ لەنێو ماشینی پۆلیس لە ڕێگای گرتووخانە یان لە کاتی پرس و جۆدا باسی پەیام و مەبەستی هەڵمەت بکرێ.

لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا دوژمن بوونی نییە. پۆلیس لەگەڵ لایەنەکەی ترە. بۆ ئەوەی بە سانایی ڕەهەندی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەرکەوێ دەبێ لە نێوان کارکردی پۆلیس وەک مافی پاراستنی کاروبارێک یان داوودەزگایەک و هەروەها نەخشی ئینسان لە پشتەوەی ئەو کاروبارە، جیاوازی دابنرێ. لە خەباتی

نافەرمانیی مەدەنیدا داوا لە پۆلیس وەک ئینسان دەکرێ کە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکان خۆ ببوێرێ و لە باتیی فەرمانی پشتگری هەڵمەتەکە بکا.

لەبەرئەوەی بنەمای نافەرمانی دەبێتە بەرخورد و دیتنی نێوان مرۆڤە پێشکەوتووەکان، تێکۆشەرانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی هەوڵ دەدەن لە کاتی دەسبەسەرکردندا بەم شێوازانەی خوارەوە (بەپێی جۆری هەڵمەتەکان) دژکردەوە نیشان بدەن:

١- دەستوور و فەرمانەکانی پۆلیس جێبەجێ بکە.

٢ـ لە کاتی گرتن و دەسبەسەرکردندا فەرمانەکانی پۆلیس جێبەجێ بکە.

٣- بەرهەڵستکاریی پاسیڤ یان هاوکاری نەکردن.

٤- بەرهەڵستکاریی چالاکانە.

کاتێک پێوەندییەکی باش لەگەڵ پۆلیس دێتە گۆڕێ کە بەشێوەیەکی دڵخوازانە فەرمانەکانی پۆلیس ڕاستەوخۆ یان لە کاتی گرتن و دەسبەسەرکردندا جێبەجێ بکرێن. هاوکاری نەکردن دەبێ لە کاتێکدا کەڵکی لێ وەربگیردرێ کە هێز و قوەتی هەڵمەتەکە ڕواڵەتێکی سیمبۆلیکی هەیە. وەک ئەوەی بۆ نموونە لە کاتێکدا هەڵمەتی بەربەستکردن لە ئارادایە یان هەڵمەتێک بە نیوەچڵی ماوەتەوە و نەگەیشتووەتە کۆتا.

## بەرهەڵستکاری چالاکانە

بەرهەڵستکاریی چالاکانە لە کاتێکدایە کە تێکۆشەران قۆڵ لە قۆڵی یەکتری ڕاوەستاون یان خۆیان بەشتێکەوە دەبەستنەوە. ئەمە لە خۆیدا دەبێتە هۆی دنەدانی پۆلیس بۆ دژکردەوە نیشاندان. ئەم شێوازە لە دەیەکانی شەست و حەفتادا کە زۆربەی لەو بڕوایەدا بوون خەباتی ناتوندوتیژی دەکرێ وەک هێزێکی فیزیکی کاردانەوەی هەبێ، بەکار دەبرا.

کە بە زنجیرەوە خۆت بەشتێکەوە ببەستییەوە، من وەک بەرهەڵستکاریی چالاکانە نایبینم. چونکە لێرەدا هێزی فیزیکیی لەش بەکار نابردرێ. زنجیر لە خۆیدا هەڵسوکەوت نییە بگرە سیمبۆل یان ئامرازێکە.

بەرهەڵستکاریی پاسیڤ دەکرێ کاردانەوەیەکی بەهێزی سیمبۆلیکی هەبێ

ئەگەر بێتو پۆلیس نەیەوێ لەگەڵ تێکۆشەران گفتوگۆ بکا یان ئەوەی توندوتیژی بەکار بەرێ. هێندێک جار هاوکاری نەکردن بەشێوەیەکی خۆبەخۆ و بەبێ بیرکردنەوە بەکار دەبرێ. وەک هەموو جۆرێکی تری بەرهەڵستکاری، پێویستە ئەو پرسیارە بکرێ کە مەبەست لە هاوکاری نەکردن چییە و لە چ کات و وەختێکدا دەبێ بەکار ببرێ. ژمارەیەک کاتێک لەگەڵ پۆلیس هاوکاری دەکەن کە ببرێنە شوێنێکی پەنا و شاراوە یان کاتێک نزیکی ماشینەکانی پۆلیس بکرێنەوە. باشە بۆ ڕاست لەو کاتانەدا؟ باشە بۆچی ئەوان لە بەرهەڵستکاریی پاسیڤ هەتا ئەو کاتەی لە پۆلیسخانە بەردەدرێن یان پۆلیس حازرە گفتوگۆیان لەگەڵ بکا، بەکار نابەن؟ ئەگەر هاتو لەگەڵ شێوازی هاوکاری نەکردن مەبەستێکی ڕاست و ڕەوان نەبوو، حەوجێ نییە هەر لە بنەڕەتدا کەڵکی لێ وەرگیردرێ.

ئەگەر هاتو لە کاتی پێویستدا پێوەندی لەگەڵ ژمارەیەک پۆلیسدا دروست بکرێ ئەوە مەترسیی گرتنی زۆرەملێ و تێکەڵ بەلێدان کەم دەبێتەوە. بۆ ئەوەی لەوە زیاتر مەترسیی گرتنی لەو چەشنە کەمتر بکرێتەوە ئەوە دەکرێ کەسی پشتگری کە لە دەرەوەی هەڵمەتەکەیە بە نووسین یان بە فیلم هەڵگرتن، گرتنی یەکەیەکەی تێکۆشەران لەو گرووپەی کە بەو سپێردراوە، تۆمار بکا. ئەمە هەروەها ئەو شیانە دێنێتە ئاراوە کە بتوانرێ ئەو پۆلیسانە کە ڕەنگە لە مەحکەمەدا وەک شایەت کەڵکیان لێ وەربگیردرێ، ببیندرێنەوە. کەسی گیراو ئەگەر هاتو ناوی ئەو پۆلیسانەی کە ئەویان گرتووە نەزانی ئەوە لە بنکەی پۆلیس داوای ناوەکانیان بکا.

پێش لە گرتن نابێ تێکۆشەران لە بیر بکەن کە گیرفانەکانیان لەو کاغەزانەی ناونیشانی بۆ پۆلیس گرینگییان تێدایە، بەتاڵ بکەن. دۆستێک ئەمەی لە بیر چووبوو. کاتێک گیرابوو، پۆلیس لەنێو گیرفانیدا ناونیشانی ژمارەیەکی بەرچاو بەرهەڵستکاری لە وڵاتانی ئەڵمان، هۆڵەندا، ئینگلتەرا، نەرویج و سوێد دیتبۆوە. پاش ئەم ڕووداوە، کۆنە لێکۆڵەرەوەیەکی ئاشتی لە ئەڵمان شکی کرد کە لە جاران زیاتر کەوتووەتە ژێر چاودێریی پۆلیس. بۆ نموونە کاتێک من و ئەو پێکەوە بە دەوری بنکەی پەرشینگی دوو لە موتلانگێن سوڕاینەوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە شیانی هەڵمەتێکی چەک تێک شکاندن بکەین، دوو ماشینی پاسەوانەکان کەوتنە شوێنمان. من بۆ خۆم ئەوەی کە بەچڕی لەلایەن پۆلیسەوە چاودێری دەکراین وەک شتێکی سەیرم نەدەهاتە پێش چاو. هەردوو، هەم من و هەم ئەو پێشتر پێکەوە لە

هەڵمەتی چەکداماڵینمان بەشداریمان کردبوو. ئەوەی کە پۆلیس ناونیشانی ئێمەی پێ بوو، پێم وانەبوو شتێک لە مەسەلەکەی گۆڕابا. لە هێندێک هەلومەرجدا بۆ نموونە کاتێک کە پەنابەر دەشاردرێتەوە، ئەوە نابێ ناونیشانی تێکۆشەران بکەوێتە دەستی پۆلیس.

## پرس و جۆ

لێکۆڵەرەوەکە ئاماژەی بۆ کورسییەک دا. منیش بەرێزەوە سەرم بۆ لەقاند و دانیشتم. تیشکهاوێژەکە خەریک بوو کوێرم بکا. بە چاوی نیوە نووقاوەوە هەوڵم دەدا دەوروبەرەکەم ببینم. لەلای چەپمەوە بەرپرسێکی ناسراوی ئاسایشم دی کە وەختی خۆی دوو پەنجەی ژنێکی لە کەمپی ئاشتیدا شکاندبوو. هەمان کەس هەر تۆزێک لەمەوبەر باسکەکانمی لە دواوە بەپەتکی باریک و درێژی دەسکەی باتۆنگکەی جەڕاندبوو. ئێستا وا دەهاتە پێش چاو کە هێور بووەتەوە. ڕاست لە پێشەوەی من و لە پشتەوەی بەرپرسی پرس و جۆ سیخوڕێکی ئێف بێ ئای وەستا بوو. لەلای ڕاستیشمەوە دوو کەسی نەناسراو وەستابوون. ئەوان دواتر خۆیان وەک پۆلیسی بەشی پەنابەر ناساند.

– لێرەدا تەنیا کەسێک دەتوانێ دانیشێ، ئەو کەسەش تەنیا هەر منم.
– ئێستا خۆت لە شێتی مەدە. ناوی خۆت بڵێ و باسی ئەوەش بکە کە ئەوانی تر کێ بوون.
– چ بەسەر ئەو ژنە هات کە گرتتان و دوورتان خستەوە؟
– ئەوە ئێمەین کە بۆمان هەیە پرسیار بکەین.
– کەوایە منیش ئێستا هیچم پێ نییە بۆتانی باس بکەم.

یەکێک لە پۆلیسەکانی بەشی پەنابەر بە پەلە داچەمییەوە و چاوی بڕییە نێو چاوەکانم. ئەو بەدەنگی بەرز گوتی وەک تێ بگەی ئێمەش هێندێک مافمان هەیە. ئەگەر بێتو قسە نەکەی، لێرە دەتوانین چواردە ساڵ ڕات بگرین.

سەرپشتەی پرس و جۆکە، لێک هەڵپچڕاو بەجارێک تێک چوو. هیچ زانیارییەکم نەدرکاند. ئەوانی تر بە هەمان شێوە قسەیان نەکرد.

دواتر هەموومانیان لە بنکەی باڵەفڕگە وەدەرنا. دادوەر حوکمی دانی ٤٠ دۆلار

غەرامەی بۆ من دەرکرد.

لە سوێددا سروشتییە کە گرفتی بەپێچەوانەی ئەوەی سەرەوە دێتە پێشێ. لێرەدا زەحمەتە لە کاتی پرس و جۆدا زانیاری بدەی یان وەربگری. ئەمە لە کاتێکدایە کە پرس و جۆ لە خۆیدا بەشێکی گرینگە لە هەڵمەت. پرس و جۆ شیانێکە بۆ دەسپێکردنی دیالۆگ و هەروەها خستنە بەردەستی بەڵگە و بۆچوونەکان. بەرپرسی پرس و جۆ تەنیا وا ڕاهاتووە کە زانیارییە دەمییەکان بەکورتی و نیوە و ناتەواوی یاداشت بکا. مرۆڤ دەتوانێ ڕاگەیەندراو و بەڵگەی تر کۆ بکاتەوە و داوا بکا وەک پێوەست لە پرۆتۆکۆلی پرس و جۆکەدا دابنرێ.

هێندێک جار وا هەڵدەکەوێ کە پێویست نییە هەموو زانیارییەکان بخرێنە بەردەست. پێش لە هەموو شتێک لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا کامە زانیاری بدرکێندرێ و کامە نەدرکێندرێ، دوو فاکتەری گرینگ ڕۆڵ دەگێڕن:

یەکەم، لە کاتی بەرزکردنەوەی داواکاریی تایبەتی، وەک داوای پێوەندی گرتن بە تێکۆشەرەکانی ترەوە، لە کاتێکی وادا دەکرێ سەرپێچی لە بەشداربوون لە پرس و جۆدا بکرێ هەتا داواکارییەکە جێبەجێ دەکرێ. دووەم، لە کاتێکدا مەترسیی ئەوە هەیە کەسانی تر لەبەر دانی زانیارییەکان تووشی زەرەر و زیان بن، ئەوە دەبێ لە دانی ئەو زانیارییانە خۆبوێردرێ.

لەبەر ئەم فاکتەرانەی سەرەوە و هەروەها ئەو ئامانجەی مرۆڤ دەیەوێ پێی بگا، ئەوە ڕادە و پلەی هاوکاری هەڵدەبژێردرێ:

١- هاوکاریی تەواو. دانی هەموو زانیارییەک یانێ گوتنی هەموو ئەو شتەی کەسی پرس و جۆکەر دەیەوێ بیزانێ.

٢- هاوکاریی بەرتەسک. مەرجی بنەڕەتی لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ هیچ شتێک لەسەر کەسانی تر نەدرکێنێ و دانی زانیاری لەسەر کەسانی تر لێ گەڕێ بۆ کەسەکان خۆیان. ژمارەیەک کەس وەک پرەنسیپ "ژمارەی ناسین" (ژمارەی ناسین لە سوێددا بریتییە لە مێژووی لەدایکبوون و چوار ژمارەی تر) نادرکێنن.

٣- هاوکاری نەکردن. ژنە تێکۆشەرەکان لە کەمپی جۆراوجۆری ئاشتی پاش گرتن حازر نەبوون بەهیچ شێوەیەک هاوکاریی پۆلیس بکەن. ئەمە لە خۆیدا دەکرێ

وەک شێوەیەک لە بەرهەڵستکاری پاسیف چاوی لێ بکرێ.

هەر چەشنە زانیارییەک کە دەدرێ دەبێ دروست بن. قسەی نیوە ڕاست و درۆ شیانی پێکەوەنانی متمانە لە بەین دەبا. گرفتەکە تەنیا لەوەدایە کە خەڵک وا ڕاهاتوون زانیاریی هەڵە بدەن هەتا ئەوە لە دانی زانیاری خۆببوێرن. فەرمانیکردن بەشێوەیەک لەلای ئێمە ڕیشەی داکوتاوە کە خەڵک بەلایەنی کەمەوە دەیەوێ خۆی وا بناسێنێ کە فەرمانی دەکا. ئەوان پێیان خۆشە درۆ بکەن هەتا ئەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە وەڵامدانەوە خۆببوێرن.

تەنانەت لە کاتی پەروەردەی پرس و جۆدا بەشدارانی دەرس بۆیان زەحمەتە ڕاستییەکان بدرکێنن. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە دیالۆگێک لە کاتی پەروەردەی پرس و جۆدا. ئەمە ئەگەر بەتەواوەتی لە کاتی تردا وەڕاست نەگەڕێ ئەوە لە کلاسەکانی دەرسدا ئاساییە:

– ئاخۆ تۆ ئەو کەسانەی بڵاوکراوەکانیان بڵاو دەکردەوە، دەناسی؟

– نە!

– نە؟

– بەڵێ، وایە، مەبەستم ئەوەیە کە من نامەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە.

– تەنیا دەمویست بزانم تۆ ئەوانت دەناسی؟

– بەڵێ، من باشیان دەناسم.

ڕاستگۆیی باشترین شتە بۆ نەکەوتنە نێو هەلومەرجێکی شەرمێونی وەک ئەوەی سەرەوە. کاتێک تێکۆشەرێک لە بەرانبەر وەڵامدانەوەی پرسیارێکدا وەشک دەکەوێ و نازانێ چۆن وەڵام بداتەوە، باشترە کات بۆ بیرکردنەوەی فرەتر بۆ خۆی دابنێ یان ئەوە داوا بکا کە لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی گرووپەکەی دۆستان قسە بکا. مرۆڤ دەتوانێ هەردەم داوا بکا کە پرس و جۆ بۆ ڕۆژێکی تر درێژ بکرێتەوە. بۆچی داوا نەکرێ کە تێکۆشەرە گیراوەکان پێکەوە پرس و جۆیان لەگەڵ بکرێ؟ خۆ ئەگەر هاتو ئەم داوایە پەسند نەکرا ئەوە شیانی ئەوە هەیە پرس و جۆ ڕابگیردرێ و بۆ وەختێکی تر درێژ بکرێتەوە.

بەهاری ساڵی ١٩٨٨ لە ئۆروگوای چاوم بە قەشە خۆرخە ئوسوریۆ Jorge Os-orio کە ئەندامی بزووتنەوەی ناتوندوتیژیی سەرپاژ Serpaj بوو، کەوت. ئەو لە

سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی دیکتاتۆریدا بەشداریی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی کردبوو. ناوبراو کۆمەڵێک ئەزموونی بەنرخی بۆ باسکردن لا هەبوو. بۆ نموونە ئەوان بەر لە هەڵمەتەکان، چوارچێوەی باسەکانی کاتی پرس و جۆیان لەنێو خۆیاندا دابەش کردبوو. یەکێک دەبووا باسی سەرپاژ بکا، یەکێکی تر بەڵگە لەسەر زەبر و سەرکوت نیشان بدا، کەسێک دیاری کرابوو باسی ماف و دادوەری بکات و خۆرخەش بۆ خۆی وەڵامی پرسە سیاسییەکانی خستبووەوە ئەستۆ. بەو شێوەیە ئەوان خۆیان زۆر بەباشی بۆ کاتی پرس و جۆ ئامادە دەکرد. کاتێک پرسەکان پێوەندییان بە کێشەی ترەوە هەبا، ئەوە خۆرخە ئاماژەی بەکەسانی شارەزا و پێوەندیدار بەو کێشە تایبەتییانەوە دەکرد.

کاتێک کەسانی تر بەهۆی پرس و جۆوە دەکەونە بەر مەترسی و شیانی ئەوە هەیە زەربەی قورسییان وێ کەوێ ئەوە دەبێ لە ئامادەبوون لە پرس و جۆ خۆبپاریزرێ یان وەڵامدانەوەی پرسەکان بەرتەسک بکرێ وەک دانی ناو و ناونیشان. سەرجەم سوێدییەکانی بەشداربوو لە سەفەرێکی لێکۆڵینەوە بۆ ئیسرائیل لەلایەن پۆلیسی ئیسراییلییەوە ڕادەگیردرێن. کاتێک لە پرس و جۆدا پرسیاری ناوی ئەو فەلەستینییانەیان لێ دەکرێ کە دیتویانن، ئەوان بەبێ بیرکردنەوە و ڕامان هەموو ناوەکان دەدرکێنن. کاتێک دەبیستن کە ئەو کەسانە بۆ خۆیان کۆنە سیاسەتوانانی نێو بزووتنەوەی پشتگیری بوون ئەوە لە ڕاستیدا هیچ تێگەیشتنێک بۆ فەرمانیکردنیان نییە. کاتێک باس دێتە سەر باسی فەرمانیکردن وا دێتە پێش چاو کە بەبێ لە بەرچاوگرتنی بەستراوەیی سیاسی و هەڵسووڕان ئەوە هەموومان لە ئەوروپا وەک یەکین. ڕستەیەکی ستاندارد هەیە کە شوێندانەرە و وامان لێ دەکا کە وەڵام بدەینەوە، (ئەویش ئەمەی خوارەوەیە):

– تۆ دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەیەوە.

پێتەر ڕایت Peter Wright کە لە ماوەی بیست ساڵدا لە دەزگای ئاسایشی پۆلیسی ئینگلتەرا کاری کردووە. ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ شێوازی پرس و جۆدا لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ:

نهێنییەکە لەوەدایە کە دەبێ پرس و جۆکەر بتوانێ بەسەر وەڵامدەردا زاڵ ببێ. ئەم زاڵبوونە لەوەوە وەدەست دێ کە پرس و جۆکەر بەڵگە دەخاتە بەردەم و بەو

شێوەیە نیشان دەدا کە ئاگای لە هەموو شتێک هەیە بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بێجگە لە فۆرمالیتە شتێکی تر نییە.

– من تەنیا دەمەوێ ڕوانگەی تۆش بزانم، دەنا هاوڕێکەت هەر تۆزێک لەمەوبەر باسی هەموو شتێکی کردووە.

بۆ ئەوەی کەسی وەڵامدەر سەری لێ بشێوێ و وەڵامی ناتەبا بداتەوە ئەوە ئاساییە کە پرسیاری جۆراوجۆر لەسەر هەمان مەسەلە دەکرێ. بەهۆی ئەوەوە کەسی وەڵامدەر لە بەرانبەر درۆکانیدا دادەنرێ و لەو بارەوە پرسیاری لێ دەکرێ، ئەوە توانای بەرگری وەڵامدەر تێک دەشکێ. ئەم شێوازە کاتێک کاریگەری زۆرتر دادەنێ کە هەمان پرس و جۆ چەند پاتە بکرێتەوە.

ئەم شێوازە وەک شێوەیەکی سەرکەوتووی پرس و جۆ لەلایەن پۆلیسی سوێدییەوە لە کاتی لێکۆڵینەوە لەسەر پەنابەراندا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. بەکاربردنی ئەم شێوازە لەلایەن وەرگێڕێکەوە لە قاو درا کاتێک من بەمەبەستی لێکۆڵینەوە، چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرد. ئەو کەسە وەرگێڕی تایبەتی پۆلیسە لە کاتی پرس و جۆکردن لەگەڵ کەسانی پێشکێشکەری داخوازی پەنابەری. ئەگەر هاتو پرس و جۆکەر بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و ورد پرسیارەکانی ئاراستە بکا ئەوە دیتنەوەی درۆ و قسە دژبەیەکەکان ئاسانترە.

هەر چیرۆک و بەسەرهاتێک دەکرێ لە ڕوانین لە چوارچێوەی بەسەرهاتەکە هەڵسەنگێندرێ. کاتێک کەسی وەڵامدەر بەسەرهاتێک زۆر بەوردی دەگێڕێتەوە ئەوە ڕاستی و باوەڕپێکراویی بەسەرهاتەکە قایمتر دەبێ، بەپێچەوانەش لە درۆکردندا، هیچ هۆکارێک نییە کە بەسەرهاتە درۆینەکە بەوردی باس بکرێ. هەر ئەمەش وا دەکا کە کەسی درۆزن لە پرس و جۆی داهاتوودا ئەو شتانەی لە بیر نامێنێ کە پێشتر باسی کردووە.

تەنانەت دوودڵی و وەشککەوتن لەسەر ورد گێڕانەوەی بەسەرهاتێک دەتوانێ نیشانەی ڕاستبوونی شایەتی بێت. شێوەیەکی تر بۆ هەڵسانگاندنی شایەتی ئەوەیە تێندێنسەکانی نێو وەڵامێک لێک بدرێنەوە. چۆن و لەبەرچی کەسی وەڵامدەر بەلای لایەنێکدا دەیشکێنێتەوە؟

تێکۆشەرانی خەباتی ناتوندوتیژی دەکرێ بەهۆی ئەوەی کە لە ڕوانگەی

تێڕوانینی جۆراوجۆرەوە باسەکەنیان لە پرس و جۆدا گەڵاڵە بکەن، لەم تێندێنسی یەکلایەنە خۆیان دوور بخەنەوە. دوو کەس لە تێکۆشەرە هەرە ناسراوەکانی خەباتی ناتوندوتیژی بەناوەکانی هیلدەگار گۆسمایر GossMayr Hildegard و ژان گۆس Jean Goss پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە دەبێ لە کاتی پرس و جۆدا تەنانەت لە ڕوانگەی تێڕوانینی لایەنی دژبەرەیش کەڵک وەربگیردرێ.

خودی پرس و جۆکەر دەتوانێ زانیارییەکی زۆر بدرکێنێ کە کەسی وەڵامدەر دەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ. تێکۆشەرێکی ئاشتیخوازی سوێدی، ساڵی ١٩٨٧ لە قەراخ ئۆسلۆ بەنەخشەیەکەوە کە لەسەر بنکەیەکی باڵەفڕوانیی سەربازی (کە ئێمە پێمان وابوو باڵەفڕی هەڵگری چەکی ناوکیی لێ بوو) ئامادە کرابوو، گیرا. من و کەسێکی تر حەوتوویەک پێشتر لە ماوەی سێ ڕۆژدا نەخشەکەمان باشتر و ڕوونتر کردبوو.

پۆلیس بەهۆی بوونی دوو دەسخەتی جیاواز لەسەر نەخشەکە شکی بۆ دوو شت چووبوو. ئەوەتا دوو کەس نەخشەکەیان لەبەر نەخشەیەکی تر کێشاوەتەوە یان ئەوەی هەر ئەو دوو کەسە لە نزیکی باڵەفڕگەکە بوون و نەخشەکەیان هەر لەوێ کێشاوەتەوە. هەر بۆیە پۆلیس پرسیاری لە تێکۆشەرە ئاشتیخوازەکە کردبوو ئاخۆ کەسانی تر بەر لە ئەو هاتوونەتە نزیکی باڵەفڕگەکە. ئەو گوتبووی بەڵی و وەڵامی پرسیارەکەی بۆ سەلماندبوون بەڵام لە ناوهێنانی کەس خۆی بواردبوو. هاوکات پۆلیس لە هەمان کاتدا تۆمارێک ناوی کە لەنێو گرووپێکی دۆستاندا دەست بەدەستی پێ دەکرا، وەدەست کەوتبوو. پۆلیس لەسەر دەسخەتەکەی ئێمە و سەلماندی ئەوە کە پێشتر دوو کەس هاتوونەتە نزیک باڵەفڕگەکە بەڵگەیان وەدەست کەوت کە ئەو دوو کەسە ئێمە بووین.

ئەو بەهەڵکەوت باسی ئەوەشی کردبوو کە لە چێشتخانەی Rygge Kro نانی خواردووە. ئەمە زۆر سەرنجی پۆلیسی ڕاکێشابوو. ئەو هۆکاری ئەمەی لە پرس و جۆکەر پرسیار کردبوو، ئەویش گوتبووی لەبەر ئەوە ئێمە دەچین و پرسیاری ئێوە لە پێرسونلەکانی نێو چێشتخانەکە دەکەین. لەبەر ئەوە بەشێکی زۆر لە ئێمە لەو چێشتخانە یەکتریمان دەدی ئەوە پۆلیس دەیتوانی زانیاریی لەسەر ئێمە لەوێ کۆ بکاتەوە. پۆلیس لیستەیەک لە ناونیشانی ئێمەی لە لابوو و دەیتوانی بە پێشاندانی

وێنەی ئێمە، بەهۆی هاوکاریی پێرسونلەکانی چێشتخانەکەوە، ئێمە بناسێتەوە.

ئەڵبەت هیچ کام لەو زانیارییانەی لەلای پۆلیس هەبوون، لە خۆیاندا ڕاستەوخۆ نهێنی نەبوون و پێشتر هەر بۆ خۆمان ئەو زانیارییانەمان بۆ پۆلیس باس کردبوو. بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر بەتەنگەوە بووین کە ڕەنگە پۆلیس زانیاریی لەسەر ئەو کەسانە وەدەست خستووە کە بۆ خۆیان نایانەوێ و حازر نین لە مەحکەمەدا ئامادە بن و بەرگری لە خۆیان بکەن.

لە یەکێک لە لاوکراوەکانی هەڵمەتی پلاگبیلیدا، من باسی دوو جۆر تەڵەکە لە پرس و جۆدا کردووە:

ئەم تەڵەکانە سیخوڕێکی پۆلیس لە-Floridas Metropolitan Bureau of In-vestigation لە پاش هەڵمەتی Pershing Plowshares لەسەر ئێمەی تاقی کردەوە.

یەکەم تەڵەکەی پرس و جۆ ئەوە بوو کە پرس و جۆکەر هەوڵی ئەوەی دا شیمانەی شتێکی کە ئەو پێی وابوو ڕەنگە وابێ، لەلا ڕوون بێت. ئەو پرسیاری ئەوەی کرد کە ئاخۆ ئێمە پێشتر ناوی ئەومان بیستووە. لەبەر ئەوەی ئەو بۆ خۆی پێشتر وەک سیخوڕ لە گرووپێکی ئاشتیخوازی ناوچەیی کاری کردبوو، ئەگەر هاتبا بمانگوتبایە بەڵێ و ئەومان ناسیبا، ئەوە ئەمە لە خۆیدا دەیسەلماند کە ئێمە لەگەڵ ئەو گرووپەدا هاوکاریمان کردووە. پرس و جۆکەر لە سۆنگەی هێندێک زانیاریی تایبەتییەوە دەیەوێ بزانێ کە کامانە هاوکاریی ئێمەیان کردووە یان کامانە زانیارییان لە هەوێڵ خستووین. دووەم تەڵەکەی پرس و جۆکەر ئەوە بوو کە ئێمە بخاتە تەڵەوە و فریومان بدا. ئەو پرسیاری ئەوەی لە ئێمە دەکرد کە ئاخۆ ئێمە بەبێ هیچ چەشنە مەرجێک لەگەڵ دەستە و گرووپی تر هاوکاریمان کردووە، هەوڵی ئەو، ئەوە بوو وەڵام لە ئێمە وەربگرێ. کاتێکیش ئەو لە ناکاو دەگەیشتە وەڵامی ئەو پرسانەی کە ئەو دەیویست بیزانێ، تەنانەت ئەگەر هاتبا ئێمەش لە ناکاو لە وەڵامدانەوە خۆمان ببواردایە، ئەوە ئەو بۆ خۆی شیمانەی بازە شتێکی دەکرد.

## پشتگیریی زیندانی

سەد هەزار دۆلار! ئەمە ڕێژەی ئەو بارمتە پارەیە بوو کە هەر کامە لە ئێمە، پاش ئەوە لە هەڵمەتی پلاگبیلی لە فلۆریدا دەسبەسەر کرابووین، دەبووا بیدەین بۆ

ئەوەی ئازاد بکرابایەن. لە ناکاو باسی پارە هەر لە گۆڕێدا نەما. هەوڵی پۆلیس هەر لە سەرەتاوە ئەوە بوو کە ئێمە بترسێن. کاتێک دەنگی پشتگیریی نێونەتەوەیی بۆ ئێمە بەرز کرایەوە، ئەوە ئیتر ئەوان لە باتیی وەرگرتنی پارەی زەمانەت دەیانویست بەهەر جۆرێک بووە لە زووترین کاتدا هەمووومان ئازاد بکەن. بێجگە لە پاتریک ئونیل Patrick ONeill نەبێت.

لەبەر ئەوە پێشتر پاتریک لەژێر بەڵێنی پۆلیس دابوو و هەم دیسان لە هەڵمەتێکی تردا بەشداریی کردبوو، ئەوان دەیانویست ناوبراو هەتا دانی دە هەزار دۆلاری بارمتە لە گرتووخانەدا ڕابگرن.

هەرکە ڕادەی پارەی زەمانەتی بۆ سەر سیفر دابەزێندرا، نوێنەرانی مەحکەمە هاتنە سەردانی من لە گرتووخانە. ئەوان دەیانویست کە من بنی کاغەزێکیان بۆ ئیمزا بکەم. لە کاغەزەکەشدا هاتبوو کە من ئیتر کۆتا بەکێشەکەی خۆم لە مەحکەمەدا بێنم. من لە ئیمزاکردنی خۆم بوارد. هۆیەکەش ئەوە بوو کە پاتریک هێشتا ئازاد نەکرابوو. بەشێک پێیان وابوو کە هەڵوێستی من و مانەوەی دڵخوازانەی من لە گرتووخانە کارێکی بێ بایەخ بوو. بەڵام هەڵوێستی پشتگیریی (لە زیندان) من بۆ پاتریک ئاخرەکەی تەوژمی ئەخلاقیی خستە سەر بەڕێوەبەرانی زیندان و پاش مانگێک پارەی زەمانەت لەسەر پاتریکیش هەڵگیرا و دواتر هەردووکمان پێکەوە گرتووخانەمان بەجێ هێشت.

ئامانج لە پشتگیریی زیندانی ئەوەیە کە هەموو گیراوەکان هاوکات و پێکەوە ئازاد بکرێن. زۆرجار پشتگیری زیندانی هەر پاش گرتنی کۆمەڵێک بەکار دەبرێ لەبەر ئەوە شیانی مەترسیی ئەوە هەیە کە چەند کەسێک لە گیراوەکان ڕابگیردرێن و لەگەڵ ئەوانی تر هاوکات ئازاد نەکرێن. بۆ پشتگیری لەو کەسە یان کەسانە کە جارێک وا زوو ئازاد ناکرێن، هەموو گیراوەکانی تر لە هاوکاریکردن خۆیان دەبوێرن هەتا ئەوەی ئەوانی تریش هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ و تێکڕا ئازاد بکرێن.

لە ڕۆژێکی بارانی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٣دا، چوارسەد کەس کە لە هەڵمەتێک لە دژی مەقەڕێکی نیزامیی ئەمەریکا بەشدارییان کردبوو، لە شوێنێکی سەرئاوەلادا دەورەیان درا و ڕێگەی بەجێهێشتنی شوێنەکەیان لێ بەربەست کرا.

بەشـێکی زۆر لە بەشـداران لەبەر ئەوە جلی تەنکیـان لە بەر دابوو یان هـەر لە هەوەڵەوە نەخۆش بوون، خەریک بوو لە سەرما ڕەق هەڵێن. هەلوومەرجەکە گەیشتە جێگەیەکی پڕ مەترسی. هێندێک کەس دەستیان کردبوو بە ناردنی پەیام لەم قەوەز بۆ ئەو قـەوەز. ئێـمـە پێـویست بوو بڕیاری ئەوە بدەین کـە چ بکەین. هەر زوو بڕیارمـان دا کە سـەد کەس لە ئێمـە هەتا کێشەی ئەو کەسـانەی پێویسـتیـان بەچوونە جـێگەی گـەرم و سـەرداپۆشـراو هەبوو، چارەسـەر نەکـرابا یان ئازاد نەکرابایەن، ئەوە لە شوێنی خۆمان دەمـاینەوە و نەدەجوولاین. بەم شێوەیە ئەوان نـاچار کــران ڕێگەی چوونە ژوورەوە بۆ زۆربەمــان ئاواڵە بکەن. بەڵام هـەر زوو فەرماندەی پۆلیسـەکان هەڵچوو و تووڕە بوو. ئەو بڕیاری دا کە پاشماوەی ئێمە کە لە دەرەوە مـابووینەوە بەزۆر بمانبەنە ژوورەوە. لـە ژوورەوە هەڵمـەتی پشـتگیری لە یەکتری دەسـتی پێ کردبوو و ژمارەیەک مـەرجی ئەوەیان دانابوو هەتا هەموو ئازاد نەکرێن ئەوە بەشداری لە پرس و جۆی پۆلیسدا ناکەن.

هـەروەها بەشـێوەیەکی پـرەنسـیـپی دەکرێ لە هـەڵمـەتی پشـتگیریی زیندانی لە هێندێک هەلومـەرجی تایبـەتیـدا کـەڵک وەربگیـردرێ. لە کـاتی بەکـاربردنی زۆر و لێدان لـەلایەن پۆلیسـەوە زۆر خـەباتگێڕ لە جـێبـەجـێکردنی بڕیارەکانـی پۆلیس و هـەروەها بەشداریکردن لە پرس و جۆدا خۆ دەبوێرن.

دۆستێک لە ئەرجەنتین بەناوی ئاماندا پێرالتا Amanda Peralta هەتا ئەو کاتەی نوێنەرانی ئەرتەش لە پـرس و جۆکەدا حـازر بوون ملی بە بەشـداریکردن لە پرس و جۆدا نەدا. لەبەر ئەوە پێشتر ئەرتەشییەکان ئەویان ئەشکەنجە دابوو. بەم جـۆرە پۆلیس تووڕە بووبوو و ئەرتەشییەکانی لە هۆڵی پرس و جۆ وەدەر نابوو.

### پێوەندی

سـتێلان Stellan بەڕێزەوە سوپاسی پۆلیسـە ئەڵمـانییـەکان دەکا کە لە مـاوەی ڕاگیـران لە گـرتووخـانـەدا لەگـەڵیـان ناسـیـاویی پەیدا کـردبوو. بە هـەسـتـێکی تێکەڵاوەوە گـرتووخـانە بەجێ دێڵێ. بیـر لەوە دەکـاتە بۆچی گـرووپی پشـتگیـری زەمـانـەتی پارەیان بەپۆلیس داوە؟ دەبێ چ لە دەرەوە ڕووی دابێ؟ شـتێکی گـرینگ دەبێ ڕووی دابێ.

لە دەرگـەی چوونـە دەرەوەدا چاوی بە ئیلڤـا Ylva و یوهـانا Johanna دەکـەوێ.

ئەوان بەتوندی لە ئامێزی دەگرن. چ لە گرتووخانەدا ڕووی داوە؟ بۆچی داوات کردبوو کە ئازاد بکرێی؟

چیرۆکەکە ئاوا دەست پێ دەکا، دادوەرێک پێوەندیی ڕاستەوخۆ بە گرووپی پشتگیرییەوە دەگرێ و داوا دەکا کە ئەوان پارەی زەمانەتی ستێلان ڤینتهاگێن بدەن. کردەوەیەکی زۆر لەخۆڕا و بێ بایەخ کە مرۆڤ بیری بۆ بچێ. بەڵام لەبەر ئەوە تەوژمی ئەخلاقی بۆ سەر پۆلیس و مەحکەمە زۆرتر بکرێ، ستێلان بڕیاری دا کە پاش هەڵمەتی پلاگبیلی لە موتلانگێن Mutlangen گرتووخانە بەجێ نەهێڵێ.

کاتێک دادوەر نەیتوانیبوو گرووپی پشتگیری ڕازی بەدانی زەمانەتی پارە بکا، پۆلیس بۆ خۆی پێوەندی بەگرووپی پشتگیرییەوە کردبوو و گوتبوویان:

– ستێلان هەردەم لە ژوورەکەی خۆی لە گرتووخانەدا دەگری. ئەو داوا دەکا و لێتان دەپاڕێتەوە کە کارێک بکەن، ئازاد بکرێ. بەکورتی ئەو خۆڕاگرتووی مانەوەی لە گرتووخانەدا نییە.

هەر زوو گرووپی دۆستان وەخۆ دەکەون و دوو هەزار دیمارک لەنێو خۆیاندا کۆ دەکەنەوە و دەیدەن بەپۆلیس.

ئەمە یەکمجار بوو کە ئیلڤا و یوهانا، ئەویش لە کاتی بردنەوەی ستێلان لە گرتووخانە تێ دەگەن کە پۆلیس چۆن فریوی داون و کڵاوی لە سەر ناون.

هەڵەی گرووپەکە لەوەدا بوو کە ئەوان پێشتر و بەر لەوە تووشی گرتووخانە بن، بڕیاری ئەوەیان نەدابوو کە جۆری پێوەندی گرتنیان دەبێ بە چ شێوەیەک بێت. هەڵەی لەم چەشنە لە زۆربەی هەڵمەتەکاندا دووپات دەبێتەوە. گرووپی دۆستان ئەوە لە بیر دەکەن کە چۆن خۆیان بۆ پێوەندی گرتنی پاش گرتن و لە گرتووخانە مانەوە، ئامادە بکەن، کێشەیەکی پێوەندی کە نزیک بەزۆربەی جارەکان لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا چەند پاتە دەبێتەوە.

پێش لە هەڵمەت دەبێ پێوەندی بەو کەسانەوە هەڵمەتەکەیان لە دژ دەکرێ، بکرێ. بۆ ئەوە پێشگیری لە قووڵبوونەوەی بەرهەڵستکارییەکان بگیردرێ، دەکرێ پێش لە هەڵمەت پێوەندی بۆ نموونە بە شەریکەیەکی سروشت ژاراویکەر بگیردرێ کە ڕەنگە کێشەکە بەشێوەیەک چارەسەر بکرێ و لە بنەڕەتدا پێویست بەئەنجامدانی هەڵمەتی نافەرمانیی مەدەنی نەبێ. دیارە پێش لە هەموو شتێک

پێوەندی بە پۆلیسەوە دەگیردرێ بۆ ئەوەی پۆلیس خۆی بۆ پاراستنی ڕێکوپێک ئامادە بکا. وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد ئەمە مەترسیی تێکهەڵپرژان و لێک تێنەگەیشتن کەم دەکاتەوە. تەنانەت گرووپی دۆستان دەتوانن لەگەڵ پۆلیسدا ڕێک بکەون کە چۆن هەڵمەتەکان لە بواری پراکتیکییەوە بەڕێوە بچێ.

گرووپێک کە زۆرجار ئەو پێشبینییانە لە هەڵمەتەکاندا ڕەچاو نەکا و لە بیریان بکا ئەوە تێکڕای هەڵمەتەکە لە خۆیدا تووشی کێشە دەبێ. ئەمە لە خۆیدا کێشەیەکە کە گرووپگەلی دۆستان دەبێ بە بیرکرنەوەوە لێی بڕوانن. چونکە کەمتەرخەمیی وا کێشەی لەخۆڕایی دێنێتە گۆڕێ.

تێکۆشەرانی ئاشتی دەتوانن پێوەندی لەگەڵ پۆلیس و کارگێڕانی تری پێوەندیداردا لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن. گرتن و دەسبەسەرکردن کردەوەیەکە کە هەرگاف لە پۆلیس چاوەڕێ دەکرێ. هەر بۆیە ئامانجی تێکۆشەرانی ئاشتی دەبێ ئەوە بێت لەو ماوەیەدا و بەر لە گرتن پێوەندی لەگەڵ پۆلیسدا ساز بکەن.

لە کاتێکدا گرووپگەلی دۆستان لە شوێنی هەڵمەتدا دەچەقن. کەسانی پێوەندی چێکەر شیانی پێوەندی گرتن پێک دێنن کە ڕەنگە هەمان پێوەندی ببێتە هۆی دەرکردنی بڕیاری نوێ لەلایەن گرووپگەلی دۆستانەوە.

زۆر زەحمەتە لە پاش گرتن و دەسبەسەرکردن پێوەندی دروست بکرێ. یان ئەوەیە کە گرووپی دۆستان لە دەرکردنی بڕیاری نوێ هەتا ئەوەی پێوەندی لەگەڵ هەموو ئەندامانیدا چێ دەکرێ، خۆ دەبوێرن یان ئەوەتا بڕیاردان دەدرێتە دەستی ژمارەیەکی دیاریکراو لە نیو گرووپگەلی دۆستاندا.

لە هەڵمەتێکی پلاگبیلیدا بەشداریم کرد. ئێمە گیراین و لە Orlandos County Jail دەسبەسەر کراین. ئێمەیان لە ژووری جیاجیادا لە گرتووخانەدا بڵاوە پێ کرد. هیچ کامە لە ئەندامانی گرووپی پشتگیری مافی ئەوەی نەبوو، بمانبینێ. لە پێشدا پارێزەرێک پێوەندیی نێوان ئێمەی خرایە ئەستۆ و پاشان قەشەیەکی کاتولیک.

لە پاش هەڵمەت تێکۆشەران پێویستییان بە پێوەندی گرتن لەگەڵ یەکتری، لایەنی دژ و هاوولاتییانی تر هەیە. کاتێک گونیلا ئۆکەربەری Gunilla kerberg و ئاندێرش گریپ Anders Grip هەڵمەتی پلاگبیلییان لە کریستێنهامن -Kris-

tinehamn له فێبرایەری ١٩٨٩دا ئەنجام دا له هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە تەنانەت گرووپێکی ئاشتیخوازیی تایلەندی و بزووتنەوەی ناتوندوتیژیی سێرپاژ Serpaj بەیاننامەی پشتگیری بلاو بکەنەوە. سێرپاژ له سەدان گرووپی ناوچەیی و نەتەوەیی له پانتاییی ئەمەریکای لاتیندا پێک هاتووە.

## مێدیا

ئەم کتێبە له خۆیدا مێدیاکە. ئەم هێندێک ڕامان و تێفکرین و هەروەها بەشێک ئەزموون لەسەر خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەخاتە بەر سەرنج. بەر لەوەی کێشە کردەوەییەکان له پێوەندی لەگەڵ ماسمێدیا بخەمە بەر سەرنج دەمەوێ باسێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەنەخش و ڕۆڵی مێدیا فەرمییەکان له کۆمەڵگەدا بێنمە گۆڕێ. هیچ نەبێ ئەم باسە له خۆیدا هێندێک جار پرسیارەکانی منی سەروخوار پێ کردووە.

ئامانجی دیمۆکراتیک له خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا ئەوەیە کە ژمارەیەکی بەرچاو له هاوولاتییان بەشداریی پرۆسەی بڕیاردان بکەن یان باس و موناقەشە و هاوکاری له کۆمەڵگەدا وەرێ بخەن. دیمۆکراسی ئەوەیە کە کۆمەڵێک پاش باس و ڕاوێژ دەگەنە بڕیارێکی باش کە بە قازانجی هەموو لایەکە، یانێ له ڕاستیدا ڕێککەوتنێک دەکرێ. ئەگەر هاتو مافی ژمارەیەک له بەرچاو نەگیرا ئەوە ئەوان بەهۆی خەباتی نافەرمانیی مەدەنییەوە سەرلەنوێ پرۆسێسکی دیمۆکراتیک بۆ دابینکردنی مافەکانیان وەرێ دەخەن.

دەکرێ له ڕوانگەی ترەوە چاو له نافەرمانیی مەدەنی بکرێ. ئامانجی هەڵمەتەکان دەکرێ ئەوە بێ کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کاربەدەستان دابنێ. ئەگەر لەو پێوەندییەدا پێویست نەبوو دیالۆگێک چێ بکرێ، له خۆیدا دەکرێ کاریگەری هەبێ. بەلام هەڵمەتی بەبێ دیالۆگ له درێژخایەندا شوێنەواری ڕووخێنەر لەسەر دیمۆکراسی دادەنێ. هەمان کێشە له پێوەندی لەگەڵ له چاڵکردنی دیمۆکراسی دێتە گۆڕێ ئەگەر هاتو لایەنی تر (کاربەدەستان) بەبێ گرتنە پێشی دیالۆگ و گفتوگۆ ڕێگەکانی تر ڕەچاو بکەن.

هەموو تێوەگلاوەکان پێویست ناکا له دیالۆگدا بەشداری بکەن. بەلام دەکرێ هەموو لایەک شانسی بەشداریکردنی پێ بدرێ. کاتێک من باسی دیالۆگ دەکەم

مەبەستم گفتوگۆی نێوان مرۆڤەکانە. لەو باس و موناقەشانەدا کە لە مێدیاکاندا بڵاو دەکرێتەوە تەنیا ژمارەیەکی کەم و دیاریکراو لە هاووڵاتییان بەشداری دەکەن. مرۆڤ لە موناقەشەیەکدا بەشداری ناکا تەنیا لەبەر ئەوە تێکستێک بخوێنێتەوە. لە تێکستێکدا هەموو شت ناگوترێ و وەڵامی پرسگەلێکی زۆر نادرێتەوە. تەنانەت کاتێک موناقەشەیەک لە بەشی کولتووری ڕۆژنامەی سەرلەبەیانییاندا بڵاو دەکرێتەوە، دیسان وەڵامێکی ئەوتۆ لە تێکستی موناقەشەکەدا نابیندرێ، بابەتێکی نوێ و جێگەی تێڕامان لە تێکستەکەدا وەبەرچاو ناکەوێ. تێکستەکە داخراوە و هەر لەو کاتەوە دەچێتە ژێر چاپ ئیتر نەگۆڕ و وەک خۆی دەمێنێتەوە.

بەڵام لێتێگەیشتن و وەخوێندنەوەی (ماناکردنەوە) نەگۆڕ و داخراو نییە. تێکستەکە دەکرێ پاش خوێندنەوە باس و موناقەشەی لەسەر بکرێ و نێوەرۆکەکەی هەڵسەنگێندرێ. لە بنەڕەتدا هەر تێکستێک پاش بڵاوبوونەوە دەبێتە موڵکی گشتی و ئیتر نووسەری تێکست پاوانی وەخوێندنەوەی ئەوەی بۆ خۆی نووسیویەتی لەلا نامێنێ. ئەگەر هەمان نووسەر حەوتوویەکی تر بێ و تێکستێکی تر بەبۆچوونی نوێوە بنووسێ، ئەم تێکستە نوێیە تەنیا دەبێتە تێکستێکی نوێ و هیچ شتێکی تر ناگۆڕدرێ. تێکستە کۆنەکە هەر وەک خۆی و بەهەمان نێوەرۆک و پەیامەوە ماوەتەوە و چرکەی نەکردووە.

ئیمرۆ چەمکی گفتوگۆی فەرمی زۆرجار بەگفتوگۆیەک دەگوترێ کە لە ماسمێدیادا دەکرێ. ئەمە هەڵەیە. بەتایبەتی لەبەر ئەوە وەک دەگوترێ دیمۆکراسی لەسەر بنەمای گفتوگۆی فەرمی دانراوە، ماناکردنەوەی گفتوگۆی فەرمی بەم شێوەیە جێگەی مەترسییە. ئەمە لە خۆیدا شێواندنی دیمۆکراسییە. کاتێک پێشنیاز، بیر و بۆچوون و دانی زانیاری لە ماسمێدیادا شێوەیەکی فەرمیی پێ دەدرێ، بۆ دیمۆکراسی هەم باش و هەم پێویستە. بەڵام بڵاوکردنەوە لە خۆیدا تەنیا لایەنی پشتەوەی گفتوگۆی فەرمیی نێوان مرۆڤەکانە. فەرمیبوونی بەبێ گفتوگۆ وەک نان و ئاکتەریی بۆ خەڵک وایە. ئەمە لە خۆیدا جێگەی دیمۆکراسی دەگرێتەوە و دەبێتە ئامرازی چاودێریکردن بەسەر هاووڵاتییاندا. مرۆڤ ئیتر لەودا گوێگری گفتوگۆی فەرمی نییە بگرە بۆ خۆی لە گفتوگۆکەدا بەشدارە.

هەر لەبەر ئەوەشە بە چەواشە و هەڵە دەردەچێ کە ڕەخنە لە ماسمێدیا بگری

بۆیە گرینگی بەگفتوگۆی فەرمی نادا یان ئەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و کاریگەر ئاوڕ لە گفتوگۆی فەرمی ناداتەوە. ڕەخنەیەکی بەو شێوەیە وا وێ دەچێ دیمۆکراسیی بەلاوە گرینگ بێت بەڵام لە جێگەی ئەوە هاووڵاتییان بەپێنەگەیشتوو دادەنێ. ئەوان ئەو کارکردەی دیمۆکراسی کە لەسەر گفتوگۆی فەرمی دانراوە لە دیمۆکراسی دەگرن.

بڵاوکردنەوەی بێ گفتوگۆی فەرمی دەکێشرێتە ئەوەی کە مرۆڤ لە هەڵبژاردنی سیاسیی خۆیدا شتومەکی تایبەتی، کەس یان حزبی تایبەتیی خۆی هەڵدەبژێرێ. پێش لە هەموو شتێک ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆی پاسیڤبوونمان. کاتێک لە مێدیا خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ڕەنگ دەداتەوە، دەبێ هەناسەیەکی سوپاسکەرانە هەڵکێشین و بڵێین: "بەس نییە هیچ نەبێ کەسێک هەیە و شتێک دەکا."

بەڵام مێدیا فەرمییەکان هەردەم کارکردی پاسیڤکەرانەیان نییە. پێشتر لە سەردەمی شۆڕشی بورجوازیدا ئەوان ئامرازی گفتوگۆی دیمۆکراتیک بوون. سۆسیالفیلۆسۆف یورگێن هابرماس Habermas Jörgen لە یەکێک لە کارە سەرەتاییەکانی لە ساڵی ١٩٦٢دا نیشانی دا کە چۆن فەرمیبوون لە خۆیدا دەسەڵاتی تەواوەتیی دەوڵەتی تێک دا. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەش دەڵێ کە چۆن فەرمیبوون هەر لە سەدەی نۆزدە بەدواوە وردە وردە بەرەو ڕووخان دەچێ. کە چۆن گفتوگۆی سیاسی کە لە خۆیدا لەنێو هەمەچەشنە کولتوورێکی ناسیاسیدا وەبەرهەم هێنراو، تێ دەپەڕێ.

لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا لە قاوەخانە و شوێنی کۆبوونەوەکاندا گفتوگۆیەکی سیاسیی هەمیشەیی بوو بەباو و وەپێشکەوت. کتێب و ڕۆژنامەکان لە ماڵەوە (هەرێمی کەسیی) دەخوێندرانەوە، بەڵام لە شوێنە فەرمییەکانی وەک قاوەخانەکاندا دەکەوتنە بەرباس. ڕووی ڕەخنەکان بە زۆری بەرەوڕووی پاوانی وەخوێندنەوەی کلێسا و داوودەزگا دەسەڵات لە پاوانبووە دەوڵەتییەکان دەکرایەوە. هەر لەنێو ئەم باس و گفتوگۆیانەدا بوو کە چەکەرەی بیروڕایەکی گشتی گەشەی ئەستاند و وەپێشکەوت. ئەمە وەک مەکۆی ڕاستی و ڕاستوێژی نرخێندرا. بزووتنەوەی سەرەتاییی بورجوازی ناسراو بە فیزیۆکراتەکان، یاسایان لەو عەقڵیەتەوە کە ئاکامی گفتوگۆ فەرمییەکان بوو، هەڵێنجا. بنەمایەک بۆ عەقڵییەت،

وەکیەکی و سەربەخۆی بەشدارانی گفتوگۆی فەرمی بوو. ئەوان بێجگە لە گوتنی ڕاستی و هەڵسەنگاندنی ڕاستییانە مەبەستێکی تریان ڕەچاو نەدەکرد.

سەرەڕای ئەوە، ئەم ترادیسیۆنە سەرەتاییە دەرگەی لەسەر گرووپگەلێکی گەورەی وەک ژنان داخستبوو، بەڵام ئەو پرۆژە بورجوازییە لە خۆیدا لایەنی بەهێزی دیمۆکراتیکی پێوە دیاربوو. بۆ نموونە لە قاوەخانە فرەنساییەکاندا لەبەر ئەوە ژنە هەژارەکان هەر کامەیان بۆ خۆیان توانای کڕینی ڕۆژنامەیان نەبوو، بە دەنگی بەرز ڕۆژنامەیان بۆ یەکتری دەخوێندەوە و بەو شێوەیە فەرمیبوون لەنێو ژنانیشدا برەوی پەیدا کرد و وەپێشکەوت.

ڕووناکگەری یانێ بۆخۆ بیرکردنەوە. لە سەدەی هەژدەدا ئێمانوێل کانت Em-anuel Kant دەیگوت؛ پێنەگەیشتووی یانێ "بێتوانابوون لەوەی کە تێگەیشتووی خۆت بەکار بەری و بچیتە ژێر کاریگەری کەسی تر". بەڵام ڕووناکگەری بەپێی قسەی کانت هەروەها یانێ بەرز بیرکردنەوە: ئاخۆ چەندە و چەندە ڕاست ئێمە دەتوانین بیر بکەینەوە ئەگەر ئێمە وا بیر نەکەینەوە کە پێکەوە لەگەڵ کەسانی تر هەمان بیرکردنەوەمان هەبێ؟

بەڵام کاتێک ئەوانەی لە سەدەی نۆزدەدا بێجگە لە هێزی کاری باسکیان سەرمایەکی تریان نەبوو، بە زۆر خۆیان خزاندە نێو فەرمیبوونەوە، لیبراڵەکان پشتیان لەبەر هەمان بیرکردنەوەی خۆیان ڕاست کردەوە. جۆن ستارت میل و کەسانی تر بیروڕای گشتییان وەک دەسەڵات لەنێو خەڵکی تردا بینی. گەڕان بەدوای ڕاستیدا و بڕیاری ڕاستییانە جێگەی خۆی لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵات گۆڕییەوە. دواتر بڕیارەکان بەنێو ساچان و سازانی نێوان ڕێکخراوەکاندا تێ دەپەڕی هەتا ئەوەی لەنێو گفتوگۆی هاووڵاتییانەوە سەرچاوە بگرێ. دیمۆکراسی جێگەی خۆی لەگەڵ دەسەڵات دابەشکردن گۆڕییەوە. فەرمیبوون تایبەتمەندیی سیاسیی خۆی لەدەست دا و بوو بەکارکردێکی مەسرەوفی هەتا کارکردێکی هەڵقووڵاو لەنێو باس و گفتوگۆدا.

نموونەیەکی بەرچاو لەم پێوەندییەدا پانێلی باسە لەنێو بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا. باسەکان زیاتر لە بەرنامەی سەرگەرمکردنی خەڵکی دەچن. تێکۆشەرێکی بەشداربوو لە پانێلدا ڕۆڵی سەرگەرمکردن وەردەگرێ. ئاکامەکە

پاسیڤبوونە هەتا ئەوەی کە گفتوگۆ و دیالۆگەکە بکێشرێتە بڕیارێکی بەکردەوە.

شێوازی جۆراوجۆری مێدیای وەک کۆڕبەستن، بەشداریکردن لە پانێل، فیلم، وێنە و کتێب ئەگەر بێتو هاوکات گفتوگۆ و باسیان لەسەر نەکرێ، کاریگەرییان نابێ. یانێ دەبێ ئەوان ببنە ئامرازی گفتوگۆ. ئەگەر ئەوە نەکرێ ئەوە مێدیا وەک کەرەستەیەکی دیمۆکراتیکی سیاسی کاریگەری نابێ.

بۆ ئەوەی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بەشێوەیەکی دیمۆکراتیک کاریگەری هەبێ پێویستە شوێنی فیزیکیی لەبار کە لەودا گفتوگۆی فەرمی لەسەر ڕاستی و بڕیاری ڕاستییانە دەکرێ، ئامادە بکرێ. باوەشبەدارکەرەکانی بۆلنێس (سوێد) لە ماوەیەکی دوور و درێژدا ڕۆژانی یەکشەم لەگەڵ خەڵکیدا کۆ دەبوونەوە. کۆبوونەوەی جەماوەرییان دەبەست. لەنێوچوونی لێرەوار پێشانی خەڵکی دەدرا، لەلایەن کەسێکەوە قسە دەکرا، باس و گفتوگۆ دادەمەزرا و زۆر تێکۆشانی تری کولتووری ڕێک دەخرا. هەر لە سۆنگەی ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییانەوە زۆر لەو یەکشەمانە بڕیاری نوێ لەسەر هەڵمەتی نوێ بۆ سەر پڕۆژەی جێبەجێکردنی ئۆتوبان دەدرا.

باس لەگەڵ دۆستان و خزمان ڕەنگە یەکێک لە کاریگەرترین مێدیاکان لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا بێت. مێدیای تر لەو پێوەندییەدا کە بەشدار بوون لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا بەرین دەکا، پێوەندی ڕاستەوخۆ و باس لەگەڵ بەرەی دژ لە درێژاییی هەڵمەتەکاندایە.

بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری بەداخەوە زۆرجار لە باتیی بڵاوکردنەوە وەدوای بڵاوکراوە دەکەوێ. یانێ لە باتیی پێشاندان و بەرزکردنەوەی کێشەکان لە مێدیادا زیاتر باسی بڕیارەکان دەکەن. بەم شێوەیە گرفتی ئەوان ئەوە دەبێ کە چۆن دەستیان بە ماسمێدیا ڕابگا و لەوێدا پریستیژیی خۆیان قایم بکەن. لە باتیی ئەوە سیاسەتی خۆیان لە گفتوگۆی فەرمیدا بۆ خەڵک شی بکەنەوە دەکەونە بەرەگرتن و کوتانی لایەنی دژ بەشێوەیەکی فەرمی. ئەوانەی کە لە سەرەتاوە بەڕاست لە پێناوی دیمۆکراسیدا تێ دەکۆشان ئێستا خەریکی چەواشەکردنی بیروڕای گشتین.

### پێوەندی گرتن لەگەڵ ماسمێدیا

– ئێمە زانیاریمان لە ئێوە ناوێ! جارێکی تر تەلەفۆن بۆ ئێرە مەکە! (ڕۆژنامەی داگێنسنیهێتر، گەورەترین ڕۆژنامەی لیبراڵی بەیانییانی سوێد Dagens Nyhet-er)

– هەر دەمێک پێش ئێستا، دەستەی سەرنووسیاری ڕۆژنامەکەمان بڕیاری دا کە هیچ چەشنە پشتگرییەک لە هەڵمەتە تیرۆریستییەکان نەکەین. (ڕۆژنامەی یۆتەبۆرگ، Göteborgs Tidningen)

– ئەمە بەڕاستی جێگەی خۆشحاڵییە کە کەسێک هەیە و دەتوانێ شتێک بکا. وێنەتان لا هەیە؟ ئێمە تاکسییەک دەنێرین. هەر زوو تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە. (ڕۆژنامەی یۆتەبۆرگ پۆستێن Göteborgs Posten )

– لەبەرئەوەی ئێوە نەتانهێشت، ئێمە لە کاتی هەڵمەتەکەدا لەگەڵ بین و فیلم هەڵبگرین، ئەوە بڕیارمان داوە هیچ شتێکتان لێ بڵاو نەکەینەوە. (تەلەڤزیۆنی کاناڵ Kanalen )

ئەمە ئەو دژکردەوانە بوون کە بەرەورووی ستێلان ڤینتهاگێن Stellan Vinth-agens کران لە کاتی زانیاری دان بە مێدیا لە پێوەندی لەگەڵ هەڵمەتی پلاگبیلی لە ئەڵمانی ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٨٦دا. ئەزموونەکان لە هەڵمەتەکانی تر نیشان دەدەن کە هەمان مێدیا کە بایکۆتی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەکا دواتر دەتوانێ خەباتی نافەرمانیی بۆ سەرنجڕاکێش بێ و وێنەیەکی ڕاستی لێ پێشان بدا. ئەگەر هاتو بایکۆتەکە هەڵوێستێکی بەزانابوون لەلایەن ڕۆژنامەیەکەوە نەبوو، ئەوە شیانی هەیە بایکۆتەکە بەشێوەیەکی کاتی پێوەندیی بەو کەسانەوە هەبێ کە لە بەشی هەواڵ و دەنگوباسی ڕۆژنامەکەدا کار دەکەن.

وا هەڵکەوتووە کە ڕێداکسیۆنی مێدیایەک هەواڵێکی ڕاگرتووە و بڵاوی نەکردووەتەوە هەر لەبەر ئەوە گرووپگەلی دۆستان بەپێی ئەو نەزمە هیرارشییەی، لەو مێدیایەدا هەیە، پێوەندیی چێ نەکردووە. یانێ لە باتی پێوەندیگرتن بە ڕێداکسیۆنی هەواڵ پێوەندی بە تاقە ڕۆژنامەوانێکەوە گیراوە و ئەمەش لەلایەن ڕێداکسیۆنەوە وەک فریودان و بە لاڕێدابردن چاوی لێ کراوە.

بێجگە لە هۆکارە سیاسییەکان، ڕۆژنامەوانەکان هەرکە بۆیان دەرکەوت کە

تێکۆشەران تەنیا لەبەر ماسمێدیا وەدەرکەوتن، هەڵمەتی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ئەنجام دەدەن، ئەوە ڕووی خۆش نیشان نادەن و لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا دەرەوێنەوە.

هەر بۆیە زۆر گرینگە کە نابێ قەد ڕێگە بدرێ خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بکرێتە هەڵمەتی ماسمێدیایی. نافەرمانی دەبێ بتوانێ بەدوور لە چاودێریی ماسمێدیاش بەڕێوە بچێ و درێژەی هەبێ.

بەڵام هێندێک جار ڕۆژنامەوانەکان دەتوانن هەڵمەتەکان بکەنە هەڵمەتی ماسمێدیایی یان هەواڵی سەیر و جێگەی سەرنج. ئەمەش تەنیا ڕووکەشێکی ڕواڵەتی بەهەواڵەکە دەدا.

ماسمێدیا هەم دەتوانێ هەڵمەتێک ئەوەندە زل بکاتەوە کە ڕاستیی خۆی پێ لەدەست بدا یان ئەوەی هەڵمەتەکە وەک هەواڵێکی سەیر و سەرنجڕاکێش باس بکا و هەڵمەتەکە لە نێوەڕۆکەکەی بەتاڵ بکا. لە باتیی ئەمە ئاوات ئەوەیە کە لەسەر هەڵمەتەکان بەشێوەیەکی بێلایەنانە و دوور لە زلکردنەوە بنووسرێ و بڵاو بکرێتەوە. هەر لەبەر ئەوە نەکەوینە داوی ماسمێدیاوە، لەو گرووپگەلە دۆستانەی کە من تێیدا بەشداریم کردووە پێش لە هەموو شتێک بەر لە هەڵمەتەکان دەستەیەک بەرپرسایەتیی پێوەندی گرتنی بە مێدیاوە خراوەتە ئەستۆ. ئەوان پێوەندییان لەگەڵ مێدیا چێ کردووە، بەیاننامەیان بڵاو کردووەتەوە، وتاریان نووسیووە و لە چاوپێکەوتنی مێدیاییدا بەشدارییان کردووە.

لە قەراخ دەستەی بەرپرسایەتیی مێدیایی دەکرێ چەند کەسێکیش دیاری بکرێن بۆ ئەوەی بەڵگە لەسەر هەڵمەتەکە کۆ بکەنەوە، فیلم و وێنە لە هەڵمەتەکە هەڵبگرن.

### بەیاننامەی چاپەمەنی

داخۆیانی چاپەمەنی بۆ تەواوی ئەو ڕێداکسیۆنە جۆراوجۆرانە دەنێردرێ کەوا چاوەڕوان دەکرێ، نێوەڕۆکی داخۆیانی بۆ ئەوان جێگەی سەرنج بێ. زۆرجار داخۆیانییەکان بۆ ڕێداکسیۆنی هەواڵ و دەنگوباس دەنێردرێ و ئیتر ڕێداکسیۆنەکانی بەشی گفتوگۆ و ڕووبەڕووبوون، کولتوور، دین و هەروەها ژیان لەبیر دەکرێ. هەروەها دەکرێ، داخۆیانییەکان ڕاستەوخۆ بۆ ڕۆژنامەوانێک

بنێـردرێ. لەبەر ئەوە داخـۆیانییـەکە لەنـێو سـەدان هەواڵی تردا ون نەبێ و لەبیر نەکرێ دەبێ بەهۆی پێوەندیی تەلەفۆنیشـەوە، ناردنـی داخـۆیانی زوو زوو وەبیـری ڕێداکسیۆنەکان بخرێتەوە.

پێشنیازی وا دەکرێ کە حەوتوویەک پێش لە هەڵمەت یەکەم داخۆیانی بنێردرێ، دووەم داخـۆیانی ڕاست بەر لە دەسپێکردنـی هەڵمەت بنێـردرێ و سـێیەمـیش پاش کۆتایی پێـهاتنی هەڵمـەت. لە سـەرەوەی داخـۆیانییـەکە کورتەی هەواڵەکە لە نیـو لاپەڕەدا بنـووسـرێ بۆ ئەوەی ڕێداکسـیـۆنەکـان هەر زوو لە نـێوەڕۆکی هەواڵەکـە ئاگەدار بن و لەبەر درێژیی نەخرێنە کونجی بیرخستن.

نێوەڕۆکی داخـۆیانییـەک پێویسـتە لە قـەوارەیەکی سێگۆشـەدا دابڕێژرێ. شـتـە گرینگەکان لە پێشەوە بنووسرێن و وردەکاری و ڕوونکردنەوەکانیش لە پاشەوە. بۆ نموونە وردەکارییـەکی گرینگ، نووسـینی ژمـارەی تەلەفـۆنی یەکێک لـە تێکۆشـەرە پێـوەندیگرەکانە. وا هـەڵکەوتووە کـە لەو گـرووپەی من تێکۆشـانم تێـدا بووە، بازە جارێک ئەمـەمان لەبیر کردووە. ئەگەر هاتو ژمـارە تەلەفۆنی تێکۆشـەری پێوەندیگر لە داخۆیانی چاپەمەنیدا لەبیر کرا، ئەوە داخـۆیانییەکە هیچ مانایەکی نابێ و دەبێ سەرلەنوێ داخۆیانی تر بنێردرێ.

باشـترە داخـۆیانی چاپەمـەنی لە شێوەیەکی کەسیدا بنووسرێ. بەڵام لە هەمـان کـاتدا پێویسـتـە بێـلایەنانە بێ و بیـر و بۆچوونە کـەسـیـیـەکان بخـرێنە نێـو دوو کەوانەوە. من بۆ خـۆم هەردەم لـە تێکهـەڵکێشکردنی ئەم دوو شـتـە پێکەوە تووشـی زەحمەت دەبم.

وێنـەی وێڕای تێکسـت، ناو و تـەنانـەت ناوی وێنـەگـریش لـەگـەڵ داخـــۆیانیـــدا بنێـردرێ. وێنەگـرەکـان زۆرجـار هـەوڵیـان داوە بەمـنی بسـەلمێنن کـە وێنـە لەلای ڕۆژنامەکان لە تێکست گرینگترە.

ڕاگـەیاندراو، بـڵاوکـراوە و زانیـاری لەلایەن گـرووپگەلی دۆسـتـانەوە دەکـرێ بەشـێـوەیەکی جـیـاواز وێڕای داخـۆیانیـیـەکـان بۆ مـێـدیاکـان بنێـردرێ. ئەو ڕۆژنامەوانەی کە دەیەوێ دواتر شتێک لەسـەر پێشینەی هەڵمـەتەکە بنووسێ، ئەوە دەتوانێ لە زانیارییەکی فرەتر لەوە لە داخۆیانییەکەدا هاتووە، کەڵک وەربگرێ.

## چاوپێکەوتن

– چ شتێک ئەو مافە بە تۆ دەدا کە هەڵمەتێکی تێکەڵ بەتوندوتیژی ئەنجام بدەی؟

ئەمە پرسیاری هەواڵنێری راپۆرت Rapport بوو، لە کاتێکدا کامێرا وێنەی تۆد کاپلانی Todd Kaplan نزیک دەکردەوە، هەواڵنێر، کاپلانی بەهەڵمەتبەری توندوتیژی تاوانبار دەکرد. تۆد پێی وابوو کە ئەو کەوتووەتە نێو دیالۆگێکەوە. ئەو دەستی کرد بەشیکردنەوەی سیمبۆلەکان. ئەو ئامرازە ئاسانانەی کە ئێمە لەم هەڵمەتەدا بەکاری دەبەین، نیشان دەدا کە هەڵمەتەکەمان کردەوەیەکی خوڵقێنەرانەیە یانێ ناتوندوتیژییە. هەر بۆیە بەپێچەوانە، هەڵمەتەکەی ئێمە لەسەر بنەمایەکی دژی توندوتیژی داندراوە.

بەڵام رادیۆ و تەلەڤزیۆن زۆرجار بەشی دوایی قسەکان دەبڕن و بڵاوی ناکەنەوە. هەر بۆیە زۆر گرینگە بەر لەوە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەوانێک بدرێتەوە بەباشی بیر لە دەربڕینەکانی نێو پرسیار بکرێتەوە. هەر بۆیە بینەرانی تەلەڤزیۆن پێیان وابوو کە تۆد بەرگری لە توندوتیژی دەکا، بەوەدا کە گوتی سیمبولەکان خوڵقێنەرانەن.

بەڵام تەنانەت لە رۆژنامەکانیشدا، تێکۆشەران تووشی پرسیاری بەلاڕێدابردنی رۆژنامەوانەکان دەبن، وەک:

– ئاخۆ ئێوە نارەحەت و هیوابڕاون کە ژمارەیەکی فرەتر بەشداریی هەڵمەتەکەی نەکردووە؟

– ئەخۆ تۆ دژی ئەوانەی کە لە شێوازە دیمۆکراتیکەکان کەڵک وەردەگرن؟

– وەڵامی ئێوە بەو هەموو رەخنەیە چییە کە لەلایەن خەڵکییەوە، بەرەورووتان دەکرێ؟

– ئاخۆ شێوازی تێکۆشەرانە "میلیتانتی" لە کاری سیاسی کاریگەرترە؟

دیارە هەموو چاوپێکەوتنێک بەو شێوەیە بەلاڕێبردنانەدا بەڕێوە ناچێ. زۆربەی ئەو رۆژنامەوانانەی من دیتومن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردووم، کارێکی باش بەڕێوە دەبەن. کاتێک من هەموو جارێک پاش چاوپێکەوتنەکان، هەڵەم وەبەرچاو

دەکەویٚ لە ڕاستیدا زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ پەلەکردن و کەمیی وەخت هەتا نیەتی خراپ و بەئەنقەست چەواشەکاریی ڕۆژنامەوانەکان.

بەڵام بۆ ئەوەی چەواشەکاری و هەڵە لە پێوەندی و چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ماسمێدیادا کەم بکرێتەوە، لێرەدا ژمارەیەک پێشنیاز دەخەمە بەر سەرنج:

– هەوڵ بدە، پێشینەی ڕۆژنامەوانیی چاوپێکەوتنکەر بزانی.
– هەوڵ بدە، لە ڕوانگەیەکی ژێندەرانەوە لە کێشەکان بڕوانی. بۆ نموونە کێشەی وەک خۆبواردن لە چوونە سەربازی تەنیا کێشەی پیاوان نییە و هەروەها بەهەمان شێوەش کێشەی توندوتیژی لە پورنۆگرافی تەنیا کێشەی ژنان نییە، بگرە بەهەمان ڕادە کێشەی پیاوانیشە.
– وەڵامی ئەو پرسیارانە کە هەڵاواردنی ژنان، پرسیاری بێ جێ لەسەر کاری گرووپگەلی دۆستان و کێشەی کەسیی تێدایە و دێننە بەرباس، وەڵام مەدەوە.
– خۆببوێرە لەوەی کە لە باتی و جێگەی خەڵکی تر کە پێشتر لەسەری ڕێک نەکەوتوون، وەڵام بدەیتەوە. با هەر کەسێک بۆ خۆی وەڵامی خۆی بداتەوە. تەنانەت ئەم مافە دەبێ بۆ ئەوانەش کە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا حازر نین، بپارێزرێ.
– هەوڵ بدە بزانی ئاخۆ دەکرێ بەر لەوەی چاوپێکەوتنەکە بڵاو بکرێتەوە، جارێکی تر پێیدا بچییەوە.
– بۆ خۆت ئەو چاوپێکەوتنەی کردووتە، هەڵسەنگێنە و بە نووسراو بینێرە بۆ دەستەی پێوەندیگر بە مێدیاوە لەنێو گرووپی دۆستاندا.
– بایکۆتی ئەو مێدیا یان ڕۆژنامەوانانە بکە پێشتر زانیاریی هەڵە و چەواشەیان بڵاو کردووەتەوە. ئەمەش بە ئاگاداریی گرووپگەلی تری دۆستان و ڕێکخراوەکانی تر بگەیەنە، بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیانی لێ ببوێرن و هەمان هەڵە دووپات نەکەنەوە.

کۆرسێکی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی کە بۆ گرووپێکی ژنان کە هەڵمەتی دژی فرۆشتنی پورنۆگرافییان ئەنجام دەدا، دانرابوو. لە کۆرسەکەدا یەکێک لە ژنانی بەشداربوو بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێشی لەسەر بایکۆت گێڕایەوە. ئەو ژنە ئەندامی یەکێک لە پارتە چەپەکان بوو. لە کاتی هەڵمەتەکانی دژی دوکانی

فرۆشتنی پورنۆگرافی پێوەندیی بەرۆژنامەی حزبەکەیان کردبوو. ڕێداکسیۆنی ڕۆژنامەی حزبەکە پێیان وا نەبوو کە ئەو هەڵمەتانە وەک پێویست سۆسیالیستییانە بوون و هەر بۆیە هیچ شتێکیان لەسەر هەڵمەتەکان بڵاو نەکردبووەوە. دواتر ئەو ژنە تێکۆشەرە لە کاتی هەڵمەتێکی گەورەی دژی پورنۆگرافی ئیتر پێوەندیی بەرۆژنامەی حزبەکەیەوە نەگرتبوو. ڕۆژنامە گەورەکان لەسەر هەمان هەڵمەت ڕێپۆرتاجی باشیان بڵاو کردبووەوە. لە ناکاو یەکێک لە ڕێداکتۆرەکانی ڕۆژنامە حزبییەکە تەلەفۆنی بۆ دەکا و پرسیاری ئەوە دەکا بۆچی ئەوان لەو هەڵمەتە ئاگەدار نەکراونەتەوە. ژنە تێکۆشەرەکەش هۆی باسنەکردنەکەی بۆ باس دەکا. پاش ئەمە ئیتر بایکۆتەکە هەڵدەگیردرێ.

بەشی پێنجەم

# دیالۆگی بەرهەڵستکاری: لەسەر مەحکەمە

## دیالۆگی بەرهەڵستکاری: لەسەر مەحکەمە

### دیدار

کاتێک دەمویست لە بۆینسئاریسەوە بۆ مۆنتەڤیدۆ بچم هەڵەکەم لەوەدا بوو کە بە بەلەم چووم. لە کاتێکدا لەلایەک تووشی نەخۆشیی دەریا (سەرەگێژە و ڕشانەوە) هاتبووم و لەلایەکی تریشەوە ناچار مابووم لە تەبەقەی گەڕۆکەکان لەنێو ئاپۆڕای خەڵکدا جێگەیەک بۆ خۆم وەبینم، بە ڕێککەوت لە تەنیشتی تێکۆشەرێکی خەڵکی ئەمەریکای باکور لە ڕۆخی ڕۆئاوا، دانیشتم. ئەو تێکۆشەرە هێندێک بەسەرهاتی پڕ بایەخی بۆ گێڕامەوە. ئەو بەزۆری باسی ئەو هەڵمەتانەی دەکرد کە ئەوان لە دژی قەتاری چەکهەڵگر ئەنجامیان دابوو. کاتێک هەلم بۆ هەڵکەت کە لە نێوەڕاستی قسەکانیدا، پرسیاری ئەوەی لێ بکەم ئەی باشە ئەو گشتە هەڵمەتانەتان بۆ ئەنجام دا؟ وەڵامەکەی زۆر سەرنجڕاکێش بوو. ئەو گوتی بۆ ئەوەی بدرێینە مەحکەمە!

کە بەردەوام بکەویتە مەحکەمە، ئەوە شیانی دیالۆگ لەگەڵ دەسەڵاتداران پێک دێ. لە ئەمەریکا و ئاڵمانیای ڕۆئاوای پێشوو، بەردەوام چوونە مەحکەمە وای کردبوو کە دادوەرەکان بێجگە لە ئازادکردنی تێکۆشەرانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی چارەیەکی تریان بۆ نەمێنێتەوە.

دادوەر مایرۆن برایت Myron Bright کە بەرپرسایەتیی پێداچوونەوەی بەسەر حوکمی دوو هەڵمەتی پلاگبیلی لە دژی چەکی ناوکی Plowshares nr 12 لە Missouri و چەکی ناوکی Pruning Hooksلە Silo پێ سپێردرابوو، ئەم تێبینییەی نووسی: "پێویستە ئێمە تێ بگەین کە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لە شێوازە جیاوازەکانیدا لە دژی کەسانی تردا بە بێ توندوتیژی بەکار دەبرێ و ئەمەش لە خۆیدا بووەتە بەشێک لە کۆمەڵگە. هەروەها ئەخلاقی ماف لە ڕوانگەی بەرهەڵستکاری سیاسیی جیاوازەوە گۆڕدراوە و ئەمەش کۆمەڵگەی ئێمەی بەرەو

باشی بردووە."

تەنانەت وا ڕێک کەوتووە کە دادوەرەکانیش هێندێک جار بە قازانجی تێکۆشەرانی بە مەحکەمە سپێردراو، دایانشکاندووە. لە مەحکەمەیەکدا کە بۆ تێکۆشەرانی پلاگبیلی لە هاوینی ساڵی ١٩٨٥ ڕێک خرابوو، قازییەک لەبەرئەوەی گۆیا دادوەرێک پشتیوانیی لە تێکۆشەران دەکرد، ئەوەندە تووڕە بوو کە لە هەمان کاتدا بۆ خۆی قازی بوو، ڕۆڵی دادوەریشی دەگێڕا.

لە درێژخایەندا بێجگە لە پشتگیری ڕەنگە هاوکاریش لە نێوان تێکۆشەران و مەحکەمەدا بێتە گۆڕێ. بۆ نموونە لە ئەڵمان زۆر دادوەر بۆ خۆیان بوونەتە تێکۆشەری نێو کۆمەڵە ئاشتیخوازەکان. زستانی ١٩٨٧ چواردە کەس قازی و دادوەر لەبەرئەوەی لە هەڵمەتی خەباتی نافەرمانیی مەدەنیی لە دژی چەکی ناوکی بەشدارییان کرد، لەلایەن پۆلیسەوە گیران و دەسبەسەر کران. کاتێک دواتر هاوکاریی نێوان تێکۆشەرانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی و دادوەر و قازییەکان چڕوپڕ بوو، ئەوە لە خۆیدا ئەم هاوکارییە بووە هۆی گۆڕینی ژمارەیەک یاسا و هەڵسوکەوتی داوودەزگا دەوڵەتییەکان.

وەک پێشتر ئاماژە کرا، مەحکەمە دیالۆگێکە لەگەڵ دەوڵەت کە لەلایەن قازی و دادوەرەوە نوێنەرایەتی دەکرێ. زۆرجاریش دیالۆگێکە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەجۆرێک نوێنەرایەتیی ئەو شتە دەکەن کە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لە دژ دەکرێ. هەروەها مەحکەمە دەبێتە گفتوگۆیەکیش لەگەڵ کرێکار و کارمەندی ئەو داوودەزگایانە کە ئەوان کاری تێدا دەکەن و دواتر وەک شایەت لە مەحکەمەدا حازر دەبن.

لە مەحکەمەدا هەموو بەڵگە دژبەیەکەکان تاوتوێ دەکرێن. ئەوانە دواتر دەکرێ بکرێنە بنەمای باس و گفتوگۆکان لە نێوان گوێگرانی مەحکەمە و هاووڵاتییانی تر و هەڵوێست لەسەر هەڵسوکەوتی تێوەگلانی مەحکەمە وەربگیردرێ. بەم شێوەیە مەحکەمە دەتوانێ هەم بایەخێکی سیمبولیک و هەم بایەخێکی کارکردکەرانەی وەک ماسمێدیایەک هەبێت.

تێکۆشەرێکی ئاشتیخوازی ئەڵمانیایی بەناوی ئوڤە پاینکە Uwe Painke لە ماوەی چەند ساڵێک لە نێوەڕاستی دەیەی هەشتاکاندا، تەواو وەخت لە ڕیزی

تێکۆشەرانی "Kampanj för Civil Olydnad och Avrustning" کەمپەینی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی و چەکداماڵین"دا کاری دەکرد. ناوبراو لەو بڕوایەدا بوو کە مەحکەمەکان باشترین شێوازی خەباتن بۆ ئەوە خەڵکگەلی نوێ بەڕیزی تێکۆشەرانی خەباتی نافەرمانیی مدەنی پێوەست بن.

ئەو تێکۆشەرانەی دەدرانە مەحکەمە بەهۆی نامەوە خزم و دۆستانیان بۆ بەشداریکردن لە مەحکەمەدا بانگدێر دەکرد. قەشەیەک هەموو ئەندامانی کڵێساکەی خۆی بۆ مەحکەمە بانگهێشتن کرد. بەشداران بەشێوەیەک دەکەوتنە ژێر کاریگەری مەحکەمەوە کە هەر لەوێ بەڵێنی نووسراوەییان بۆ "کەمپەینی خەباتی نافەرمانی مەدەنی و چەکداماڵین" دەنووسی کە بەشداریی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لە دژی ڕۆکێتەکانی پەرشینگی دوو Pershing II بکەن.

هۆڵی مەحکەمە ژوورێکە کە لەودا ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن هەردوو پارێزەر و دادوەرەوە لە گفتوگۆی فەرمیدا دەشاردرێتەوە، دەخرێنە ڕوو و ئاشکرا دەبن. لە ماوەی مەحکەمەی تێکۆشەرگەلی پلاگبیلیدا، ئێمە داوا لەو کرێکارانە دەکەین کە دادوەرەکان وەک شایەت بۆ مەحکەمە بانگهێشتنیان دەکەن، باسی ئەوە بکەن کە ئەوان چی چێ دەکەن.

لە ڕاستیدا مەحکەمە زۆر شییان دەخوڵقێنێ. بەپێی ئەوە بە چ مەبەستێکەوە لە مەحکەمە بڕواندرێ، دەکرێ لە چوار ڕێگەی جیاوازەوە مەحکەمە بەکار ببرێ:

١- بۆ ئەوەی سزای کەم وەربگری، کردەوەکەت نزم هەڵسەنگێنە.

٢- بە پاڵپشتیی یاساکانی تر بەرگری لە خۆت بکە. باسی ئەوە بکە کە کردەوەیەکی یاساییت ئەنجام داوە چونکە بەپێی یاسا نێونەتەوەیی و نەتەوەییەکان بەرگریت لە خۆت کردووە. هەروەها دەکرێ بانگەشەی ئەوە بکەی کە بەهۆی هەڵمەتەکانەوە پارێزگاریت لە مافە ئینسانییەکان کردووە. مافە سروشتییەکان، مافی گەلان و مافە ئەخلاقییەکانی تر کە لە ترادیسیۆنی کولتووری ئێمەدا هەن، دەتوانن لە مافە ئینسانییەکاندا جێ بگرن. نموونەیەک کە لەوێدا دەکرێ باسی بکرێ، دەستووری پێنجەمە کە لەودا هاتووە: "تۆ نابێ کەس بکوژی."

٣- بەرگریی ئەخلاقییانە بکە. ئەو هۆکارانەی باسی دەکەی با لەوەوە کە کامە

شت ڕاست و کامە شت ئینسانییە، سەرچاوەیان گرتبێ. لێرەدایە کە دەکرێ باسی ئەوە بکرێ کە زۆرجار پێویستە ڕاستی وەپێش یاسا بخرێ، یان ئەوە ژیانی ئینسان لە یاسا گرینگترە.

٤- مەحکەمەکە سەرەوژێر بکە. لە باتیی ئەوەی بەرگری لە خۆت بکەی لایەنی دژبەر بخە ژێر پرسیار و تاوانباری بکە.

لە زۆربەی مەحکەمەگەلی تێکۆشەرانی پلاگبیلی لەو سێ شێوازەی کە لە خاڵەکانی یەک، دوو و سێدا ئاماژەی پێ کرا، کەڵک وەردەگیرێ. خەتی بنەڕەتی ئەوەیە کە هەموو کات دیالۆگێک لەسەر ئەوەی کامە شت ڕاستە لە مەحکەمەدا بێتە گۆڕێ. ئێمە باسی یاسا لە زمانی مەحکەمەوە دەکەین و هەوڵ دەدەین مەبەستەکانی خۆمان بە پاڵپشتیی هەر ئەو زمانە شی بکەینەوە. بەم شێوەیە دەتوانین باسی بایەخە گشتییە ئەخلاقییەکان بکەین. دیالۆگ لە مەحکەمەدا کەمتر پێوەندیی بە بەرگریی کەسییەوە هەیە. بەڵکو ئێمە لایەنی دژ بەبکەری کردەوەی ناشیاو و ناڕاست تاوانبار دەکەین.

هاوکات لەگەڵ کەڵک وەرگرتن لە شێوازە ئاماژەپێکراوەکان دەکرێ شێوازی "ملنەدان بە هاوکاری"ش بەکار ببرێ. دیمۆکراسی ئەو شیانە دەخولقێنێ کە دیالۆگێکی فەرمی دابمەزرێ. پاشان زۆر سروشتییە کە ڕێگە نەدرێ کە دیالۆگەکە لەسەر بنەما و شەرت و مەرجەکانی لایەنی دژ بەڕێوە بچێ. ئەگەر هاتو لایەنی دژ بەشێک لە دیالۆگەکەی بەدڵ نەبوو و ویستی ڕای بگرێ ئەوە لەو کاتەدا پێویستە شێوازی بێدەنگی هەڵبژێردرێ. بێدەنگی لەخۆیدا نیشانەی ئەوەیە جارێکی تر دیالۆگ دەست پێ بکرێتەوە. لە هەمان کاتدا نیشانەی ئەوەیە کە لایەنی دژ دەیەوێ دیالۆگی دیمۆکراتییانە ڕابگرێ. هەر بۆیە بێدەنگی لە خۆیدا دەبێتە بەشێکی گرینگ لە دیالۆگ.

کاتێک لە مەحکەمەی ئورلاندۆ هەوڵم دا باسی ئەوە بکەم کە ئەورووپا و ئەورووپاییەکان دەبنە یەکەم قوربانییەکانی چەکی ڕۆکێتی پەرشینگی دوو Persh-ing II دادوەر قسەکانمی بڕی. منیش لە باتیی قسەکردن خولەکێک بێدەنگیم بۆ قوربانییەکانی ڕێگەی چەکدامالین و هەژارەکان ڕاگەیاند و دواتر پاشماوەی مەحکەمەکەش بێدەنگیم هەڵبژارد.

کاتێک ئێلمێر ماس Elmer Maas کە لە یەکەم هەڵمەتی پلاگبیلی لە پینسیلڤیانا Pennsylvania لە ساڵی ١٩٨٠ بەشداریی کردبوو و هەر بەو هۆیەشەوە درابوو بەمەحکەمە، ڕێگەی پێ نەدرا بەرگری لە خۆی بکا، هەموو تێکۆشەران و هەروەها بەشدارانی مەحکەمەش پشتیان لە قازی کرد. هێندێک جار هەڵکەوتووە کە لەلایەن تێکۆشەرانەوە مەحکەمە لە دەرەوەی هۆڵی مەحکەمەش هەر درێژەی پێ دراوە.

پرسێکی تر لە کاتی مەحکەمەکاندا ئەوەیە کە گرووپگەلی دۆستان یارمەتی لە پارێزەر وەربگرن. پیشەی پارێزەری ئەوەی دەوێ کە هەر چۆنێک بووە ئەو بەرگری لە کلیێنتی خۆی بکا. ئەرکی پارێزەر ئەوەیە کە چاودێری بەسەر ئەوەدا بکا کە ئاخۆ دادوەر بەڵگەی ڕاستی پێیە یان نا. ئەگەر هاتو دادوەر بەڵگەی تەواویشی خستە بەردەم، ئەوە ئەرکی پارێزەر ئەوەیە کە هەوڵ بدا سزا بۆ لانی کەمی خۆی دابەزێنێ.

ئەمە لە کردەوەدا بەو مانایەیە کە مەبەستی پارێزەر لەگەڵ ئامانج و مەبەستی گرووپگەلی دۆستاندا کە دەیانەوێ هەموو شیانەکانی بەرهەڵستکاری باس بکەن و دیالۆگێک بێتە گۆڕێ، بکەوێتە دژایەتییەوە. هەر بۆیە تێکۆشەرانی گرووپگەلی دۆستان هەوڵ دەدەن پارێزەر نەگرن و خۆیان لە خۆیان بەرگری بکەن. چونکە مەبەست لە مەحکەمە پێکهێنانی دیالۆگە نەک ئەوە بەرگری بکرێ. لە کاتی پێویستدا سروشتییە کە دەکرێ لە پارێزەرەکان وەک ڕاوێژکار کەڵک وەربگیردرێ.

## بەشە جیاجیاکانی مەحکەمە

هەر مەحکەمەیەک لە پێنج بەش پێکهاتووە: داخوازی سزا، ڕوونکردنەوەی تاوان، بەڵگە، باسی وەئەستۆ کەوتن و حوکم. ئەم ڕیزبەندییە لە زۆربەی کولتوورە پێشکەوتووەکاندا بەکار دەبرێ.

دادوەر داخوازی سزا پێشکێش دەکا کە لە زمانی ڕۆژانەدا وەک تاوانبارکردن ناوی دەبردرێ. شیانی ئەوە هەیە بەرگریکەر تاوانەکە وەئەستۆ بگرێ. یان لە ژێرپێنانی یاسا ڕەت بکاتەوە یان وەئەستۆی بگرێ.

– من پێم وانییە بە هۆی کردەوەکانمەوە تاوانبار بم و یاسایەکم لەژێر پێ خستبێ بەڵام ئەوە وەئەستۆ دەگرم ئەگەر هاتباو پێش بەناردنە دەرەوەی چەکم نەگرتبا ئەوە لە دژی هەزارەکان یاسام لەژێر پێ دەخست.

ئەمە وەڵامی من بوو لە مەحکەمەی ئودەڤالا (سوێد) پاش ئەوەی لە دژی ناردنە دەرەوەی چەک لە هەڵمەتێکدا بەشداریم کردبوو. بێجگە لەمە زۆر ئاساییە کە لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا تێکۆشەران لەژێر پێنانی یاسا وەئەستۆ دەگرن بەڵام لە هەمان کاتدا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خودی لەژێر پێنانی یاسا لەو هەلومەرجەدا کە یاساکە لەژێر پێ خراوە، پێویست بووە.

بەشی دواتری گرینگی مەحکەمە ئەوەیە کە هەردوو، هەم دادوەر و هەم بەرگری هەر کامە بەجیا ڕووداوی لەژێر پێنانی یاسا لە ڕوانگەی خۆیانەوە دەگێڕنەوە. ئەگەر هاتو دادوەر پرسیاری بێ جێ و نە پۆڕی کرد ئەوە نارازیبوون پێشان دەدرێ. لێرەدایە شیانی ئەوە پێک دێ کە بەرگریکەر بۆ خۆی پرسیار لە شایەتەکانی دادوەر بکا. ئەمە شیانی هێنانە گۆڕی باس و دیالۆگێکی ئەخلاقی پێک دێنێ. بێجگە لەمە مرۆڤ دکارێ پرسیاری کۆنکرێت ئاراستە بکا و داوا بکا لایەنی دژ لە پێوەندی لەگەڵ کاروبارەکانیدا ڕوونکردنەوەی پێویست بدا.

لە پاش دادوەر تۆمەت وەپاڵدراوان بە یارمەتیی شایەتەکانیان دەتوانن باسی جۆری ڕوودانی هەڵمەتەکە بکەن. گێڕانەوەی ڕووداو دەکرێ پێشینەی کەسی، کەس و ڕووداوە گرینگەکان لە ژیان، چۆن گەلاڵەی هەڵمەتەکە داڕێژراوە و ئەو هۆکارە سەرەکییەی بووەتە هۆی ئەنجامدانی هەڵمەت لەخۆ بگرێ. لەمەی دواییدا بۆ نموونە دەکرێ باسی ئەوە بکرێ کە هەڵمەتبەران یاسا نێونەتەوەییەکانیان پاراستووە. بەهۆی نیشاندانی وێنە و گێڕانەوەی ڕووداو، ڕەنگە ڕەوتی ڕوودانی ڕووداو زل بکرێتەوە. بەڵام نابێ نیشاندانی دروشم و سیمبۆلەکان لە بیر بکرێن. ڕەنگە شیانی ئەوەش هەبێ کە جارێکی تر داخۆیانی هەڵمەتەکە لە مەحکەمە بخوێندرێتەوە. ژمارەیەک تێکۆشەر هەمان سروودی هەڵمەتەکان لەنێو هۆڵی مەحکەمەش دەخوێنن.

شایەتیش دەتوانێ چۆنیەتیی ڕەوتی ڕوودانی ڕووداو لە زمانی خۆیەوە بگێڕێتەوە. هەموو کارمەند و کرێکاری شەریکەیەک دەتوانن وەک شایەت باسی ئەو هەڵمەتە بکەن کە لە شوێنی کاری ئەوان ڕووی داوە. ئەگەر هاتو تێکۆشەرێک لەلایەن دادوەرەوە تۆمەتی کەسیی خرایە پاڵ یان باسی تۆمەتی پێشووتری کرا، ئەوە دۆستێک دەتوانێ شایەتی بدا و تۆمەتەکان وەدرۆ بخاتەوە. کەسانی پسپۆڕ و

شــــارەزاش دەتوانن بـەدانـی زانیــــاریی تـایبـــەتی، زانیـــاری لـەســـــەر یاســــا نێـونەتەوەییـیـەکـان و زانیـاری لەسـەر هـەلومـەرجی جیـهـانـی سـێـیەم هـاوکـاریی تێکۆشەرانی گیراو بکەن.

دادوەر وەک ڕۆتین هـەم لە تۆمــەت وەپاڵدراو و هـەم لە شـایەت پرسـیــار دەکـا. کردنـی ئەم پرسیـارانە لەلایەن دادوەرەوە ئەو هەلە بۆ تێکۆشـەران دەڕەخسێنـێ کە ئەوان باسـەکە بەرەو لای ڕاسـتی وەربگێـڕن و کێـشـە و هـەڵە بـاو و جێگرتووەکـان دەسـتنیـشـان بکەن. لە پاش باسی پێـشـینە و هۆکـاری هـەڵمـەت، ئەوە دادوەر و بەرگـری دەتوانن هـەڵمـەتەکـە و بەرپرسیـاریەتی و وەئەسـتـۆکـەوتنی هـەڵمـەتەکـە هەڵسەنگێنن.

ئا لێرەدایە کە دەکرێ باسـی ئامـانج و مەبەسـتی هـەڵمەت بکرێ. وەک: بۆ کـامە مـەبەست هـەڵمــەتەکـە ئەنجـام درا؟ خــەباتی نـافـەرمـانیی مــەدەنی یان خــەباتی ناتوندوتیژی چ مانایەک دەدا؟ کامە شت ڕاسـتە و کامە شت هـەڵەیە؟ بەرپرسایەتی وەئەستۆی کێ دەکەوێ؟

ئاساییە کە دەکرێ پێشنیازی واش بخرێتە بەردەم کە ڕەوتی مەحکەمە بەرەو کـامـە مـەبەست ببرێتـە پێشـێ. ئەمـە دەکرێ پێوەندیی بە سـزاوە هـەبێ. بە هـەمـان ڕادەش گرینگ، دەکرێ باسـەکە لەسـەر ئەوە بێ کە قـازی، دادوەر و هـاووڵاتییـان دەتوانن چ بکەن بۆ ئەوە پێـشگیـری لـە کردەوە تـاوانبـارییـەکـان بگیـردرێ کـە لە بنەڕەتدا مەحکەمە بۆ هەر ئەو مەبەستە دانراوە.

کـە داوای سزای کـەم بکرێ لە خۆیدا کێشـەی لەگەڵە. چونکە ئەمە بەو مـانایەیە کە سزا دەسەلمێندرێ یانێ هـەڵە کراوە. من بۆ خۆم لە باتیی ئەوە داوای ئازادبوون دەکـەم. ئەگـەر من کـارێکی نایاسـاییم کـردووە کـە وابوو دەبێ سـزای قـورسم بۆ ببـڕدرێتـەوە چونکە مـن زۆرجـار بەزانابوونـەوە یاسـام لەژێر پـێ ناوە. بێجگە لـەمـە هـەڵمـەتەکـان بە بەرنـامـە و گـەڵاڵەڕێژی ڕێکوپێکەوە دێنە ئەنجـامـدان. هـەڵمـەتەکـان وەک دژکـردەوەی خـۆبەخـۆ و هـاکـەزایـی نەکـراون. سـەرەڕای ئەمـەش ئێـمـە داوا دەکەین کە کەسانی تر درێژە بەهەڵمەتەکان بدەن.

ئەمـە لە خـۆیدا بەو مـانـایە نیـیـە کـە من لایەنـگری بڕینەوەی سـزام. من بڕوام بەسـزا نییـە. بەڵام مـادام سـزا هـەیە من نـامـەوێ بەشـێوەیەکی جیـاواز لەگەڵ من

هەڵسوکەوت بکەن. ئەگەر هاتو مەحکەمە بڕیاری ئازادبوونی دەرکرد ئەوە یانێ مەحکەمە کردەوەی نافەرمانیی مەدەنی سەلماندووە. ئەمەش لە خۆیدا پشتگرییەکە بۆ خەڵکی تر کە درێژە بەخەبات بدەن.

ئەگەر هاتوش بڕیاری سزا سەپێندرا ئەوە دیسان دەبێتە هاندان بۆ ئەوەی خەڵکی تر درێژە بەخەبات بدەن و نەوەستن. بۆ ئەوەی بتوانین درێژە بە دیالۆگ بدەین ئەوە دەتوانین شکات لە بڕیاری سزادان بکەین و بەو شێوەیە مەحکەمە درێژەی پێ بدرێ. دیارە چاوەڕێی ئەوە ناکرێ کە پاش شکاتکردن، تێکۆشەران مافی خۆیان وەربگرنەوە بەڵام مەحکەمەیەکی باڵا ئەو شیانە دەرەخسێنێ کە باسەکان لە چوارچێوەی پرسە بنەڕەتی و پرەنسیپییەکاندا درێژەیان پێ بدرێ.

بەشی شەشەم

# هێزی بەرهەڵستکاری لەسەر سزا

# هێزی بەرهەڵستکاری لەسەر سزا

## سەرکەوتن بەسەر ترسدا

"سزا بەشێکی گرینگە لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا. مەسەلەی تایبەت حوکمی ئازادکردنە کە لە کردەوەدا بەمانای سەلماندنی هەڵمەتە لەلایەن دادگەوە". من زۆرجار لەگەڵ ئەم تێزە بەرەوڕوو بووم. هەر بۆیە دەمەوێ بەر لەوەی بچمە سەر باسی چۆنیەتیی توانای خۆڕاگری لە گرتیگە و هەروەها ڕەنگە توانای ئەنجامدانی بەرهەڵستکاری، بڕێک بە قووڵی باسی ئەم تێزە بکەم و وەپێشی بخەم. بێجگە لەمە دەمەوێ باسی دانی پارە لە باتیی لە گرتیگەبوون و غەرامەت بکەم.

ترس لە ئاکامە کەسییەکان پێشمان دەگرێ کە پێش بەتوندوتیژی بگرین و کۆمەڵگەیەکی یەکسان پێک بێنین. ئامرازی شکاندن و سەرکەوتن بەسەر ترسدا بەشێوەیەکی دوولایی (پارادۆکساڵ) وەرگرتنی ئاکامەکانی نافەرمانییە یانێ پەسند و وەرگرتنی سزا.

کاتێک مرۆڤەکان لە دژی نایەکسانی بەرهەڵستکاری دەکەن، ئەگەر هاتو بەرهەڵستکارییەکەش ببێتە هۆی دەرکردن لەسەر کار، کێشرانە مەحکەمە، دانی غەرامەت یان زیندانی کردن، ئەمە لە خۆیدا بەو مانایەیە کە سزا لەنێو دەچێ. یان بەشێوەیەکی کۆنکرێتتر دەکرێ بگوترێ: کارکردی بنەڕەتیی سزا کە کۆنترۆڵکردنی هاووڵاتییانە لەبەین دەچێ. ئینترنالیزە یان ترسی سزا لە خۆیدا وا دەکا کە هاووڵاتییان خۆیان بۆ خۆیان کۆنترۆڵ بکەن. یانێ مرۆڤەکان دەبنە زیندانەوانی خۆیان.

زیندان لە پێش هەموو شتێکدا بۆ کەسانێکە کە لەوێ دانانرێن. کاتێک هاووڵاتییەک ئەوەی پێی ڕاستە بەبێ لە بەرچاوگرتنی مەترسیی سزا ئەنجامی دەدا، ئەوە دیواری زیندانەکانن کە دەڕووخێندرێن. ئەگەرچی زیندان لە مانا فیزیکییەکەیدا هەر لە جێی خۆی دەمێنێ. زیندانییەکان وەک سیمبۆل لە زیندان

دەمێننەوە بەڵام مانای سیمبۆلیکی کارەکەیان لە دەرەوەی زیندان دەگەیەتە خەڵکی. بەڵام زیندانییەکانی هەوەڵی ـ ئەو هاووڵاتییانەی لە دەرەوەی دیواری زیندانن ـ بەئەنجامدانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەتوانن زنجیری پێیەکانیان بکەنەوە و فڕێی بدەن و خۆیان نەکەنە زیندانەوانی خۆیان.

زنجیری ڕاستەقینەی پێمان، ترسی کەسیی ئاکامی کردەوەکانمانە لە کاتی لەژێر پێ خستنی یاسادا. ئەم ترسە تەنیا ترسێکی سایکۆلۆجی نییە. بگرە زنجیری پێمان پێش هەموو شتێک پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە. پێکهاتنی ئەم جۆرە زنجیرانە لەگەڵ یەکتری جیاوازیی هەیە. لە وڵاتانی سکاندیناڤیدا خەڵک لە ترسی شێمانەی لەدەستدانی کار یان فێرگە یان ئەوە دۆستەکانمان چۆن چاومان لێ دەکەن و چۆن دەتوانین ئەرکەکانمان لە بەرانبەر هەڵسووڕاندنی کاری بنەماڵە ئەنجام بدەین یان دانی غەرامەت، دەترسن. یانێ لە ترسی هەموو ئەمانەیە کە خۆمان زیندانێک بۆ خۆمان چێ دەکەین.

کاتێک گرووپێکی سوێدی گەڵاڵەی هەڵمەتێکی پلاگبیلی داڕشت لە ناکاو بۆمان دەرکەوت کە ترسی ئاکامە ئابوورییەکان لە ترسی کەوتنە زیندان بۆ ئەندامانی گرووپ گرینگتر بوو. لە خۆئامادەکارییەکانی پێش هەڵمەتدا چەند سەعاتێکمان وەخت بۆ باسی کاتی کەوتنە زیندان تەرخان کرد. هیچ کامە لە تێکۆشەرەکان ترسی کەوتنە زیندانی لە دڵدا نەبوو بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت کە ترس و دڵەخورپەی هەرە گەورەی ئەندامانی گرووپ شێمانەی دانی غەرامەت بوو. زۆربە لەو بیرەدا بوون لەبەر ئەوە لەژێر باری دانی غەرامەت دەرچن ئەوە ئەو پارەیەی هەیانە بیدەنە ئەندامانی بنەماڵەکانیان.

لە گرووپێکی تردا کە ئەندامەکانی تا ڕادەیەک گەنجتر بوون نزیک بە سی ساڵ ترسی دانی غەرامەت بەو ڕادەیە نەبوو. ئەندامانی ئەم گرووپە لە "مرۆڤە ئەلتەرناتیڤەکان" کە لە شوێنی بەکۆمەڵژیان یان لە خانەباخ لە گوندەکاندا دەژیان و لە کەسانی بۆ نموونە وەک دوکتۆر، مامۆستا یان فەرمانبەر کەمتر سەقامگرتووتر بوون، پێکهاتبوون. گرووپی یەکەم زیاتر ترسی ئەوەی چ بەسەر کارەکەی یان وانە گوتنەوەکەی دێ، هەبوو هەتا گرووپی دووەم. هێندێک جار ئەوان نەیاندەوێرا پشوو وەربگرن.

– جێگرەوەکەی من پێی خۆش نییە کە من جارێکی تر کاتی کارەکەم بگۆڕم.

– لەلایەن هاوکارەکانمەوە نقە و بۆڵەم بەسەردا دەکرێ.

– نا، ئەو کاتە ناتوانم، چونکە ڕاست ئەو دەمە دەمەوێ ئینشایەک هەڵسەنگێنم.

ئەوە بەرزیی دیوارەکانی زیندان نییە کە دەبێتە کۆسپ لە بەردەم ڕاکردنی زیندانییەکاندا. ئەوە ڕادەی کەمی و زۆری سزا نییە کە خۆمان لەنێو خۆماندا زیندانی دەکەین. بگرە پێوەندیی ئێمە لەگەڵ سزایە کە لەسەر چۆنیەتیی سزا کاریگەری دادەنێ. ئەمە لە خۆیدا بەو مانایەیە کە کونترۆڵێکی لە کاردابوو هەردەم کاریگەری زۆری خۆی دادەنێ.

کەرەستەی لابردنی ترس لە سزا خودی پەسندکردنی سزا و دواتر ئاکامە کەسییەکانی سزایە. ترس لەوێدایە. من لەلای ترسەوە نایەم. بەڵام من بەسەر ترسدا زاڵ دەبم. لەبەر ئەوە ترس دواین کۆسپە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی پتر یەکسانی بنیات بنێین، ئەوە سزا لە خۆیدا گرینگترین بەشی خەباتی نافەرمانیی مەدەنییە. هەتا ترس هەبێ ئەوە دەبێ مرۆڤی وا هەڵکەون کە بەسەر ترسدا سەرکەون. ئەگەر ئەمە نەبێ ئەوە ترس بەسەرماندا زاڵ دەبێ و ترسەکە ڕۆژانە هەڵمان دەسووڕێنێ.

هێنری دەیڤید تورێئۆ Henry David Thoreau زۆر پێشتر لە ساڵی ١٨٤٩ ئا بەم شێوەیە لەسەر پرەنسیپی کاریگەری خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەدوێ: "لەژێر دەستەڵاتی حکوومەتێکدا کە لەسەر بنەمای ناهەقیی کەسێک ڕاپێچی زیندان دەکا ئەوە خودی زیندان دەبێتە ئەو شوێنە بەرهەقەی بۆ وەرگرتنی هەق و ڕاستی. ئەم شوێنە لەبارەی ئێمرۆ، تاقە شوێنێکە کە ماساچووسێت هەیەتی کە لەوێدا ئینسانەکان بە ئازادی (لەباری ویژدانییەوە) دەژین و کەمتر بەستراونەتەوە بەخەڵکانی ترەوە، ئەو شوێنەش هەمان زیندانی ماساچووسێتە". ئەمە "تاقە شوێنێکە لەژێر دەستەڵاتی حکوومەتی کۆیلەداری ئەمەریکا کە لەودا ئینسانێکی بەویژدان دەتوانێ بەئازادی بژی. ئەگەر بێتو کەسێک لەو باوەڕەدا بێ کە ئینسانەکان لە زینداندا کاریگەریان نامێنێ و دەنگی ناڕازییان بەگوێی دەوڵەت ناگا و ئەوان ئیتر لەنێو چوار دیواری زینداندا ناتوانن خەبات بکەن، ئەوە ئەو کەسە نازانێ کە هەموو کات ڕاستی لە هەڵە و چەواشەییی بەهێزترە و چۆن کەسانی نێو زیندان دەتوانن دەنگی خۆیان بەدەرەوە بگەیەنن و کاریگەرییان هەبێ..."

گاندیش هەروا ئاکامە کەسییەکانی وەک هێزی پشتەوەی خەباتی نافەرمانیی

مەدەنی دیوە. کەسێکی ساتیاگراهی لەو باوەڕەدایە کە: " ئازار و زەجرکێشان لە پێناوی ڕاستیدا هێزی تایبەتی خۆی هەیە کە زۆر زۆر لە هێزی شەمشیر و ئاسن بەهێزترە".

بەڵام خەباتی نافەرمانیی مەدەنی شەهیدپەروەری نییە. ئەوە خودی ئازار نییە کە هێز دەدا. زۆر کەس بەئاسانی ماوەی زیندان تێ دەپەڕێنن. هێزی نافەرمانی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە مرۆڤ بەسەر ترس لە ئازار و زەجردا سەردەکەوێ. میکانیزم لە خودی زاڵبوون بەسەر ترسدایە. هەر ئەمە وامان لێ دەکا و ناچارمان دەکا کە شیانەکان وەبینین.

شەهیدپەروەری بەپێچەوانەی ئەمەیە. چونکە شیانەکان بۆ هەموو کەسێکی تر ناهێڵنەوە. ئێمە لەبەر ئەوە ئەوان خۆیان بۆ ئێمە کردووەتە قوربانی خۆشمان دەوێن. ئەوان پێشڕەوی ئێمەن. بەڵام هیچ کەسێکی تر بێجگە لە خۆمان ناتوانێ ئازادمان بکا. ئێمە تەنیا کاتێک ئازادی وەدەست دێنن کە بەسەر ترسدا زاڵ بین و ئاکامە کەسییەکانی پەسند بکەین. کاتێک لێخوڕێکی قەتار لە گرێبێستاد Greb-bestad لە سوێد سەرپێچی لە لێخوڕینی قەتاری چەکهەڵگر کرد ئەوە مەترسیی دەرکرانی خرایە بەردەم. هەر ئەم دەرکرانە و پەسندی مەترسی ئاکامە کەسییەکانی لێخوڕی قەتار بوو بەهۆی ئەوەی کەسانی تر بۆ ئەنجامدانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی هان بدا.

کە بەپێچەوانەی ئەمە بکرێ یانێ لەژێر باری سزا دەربچێ و نافەرمانی بەنهێنی بکرێ ئەوە لە خۆیدا پەسندی فەرمانبەرییە. لەژێر ئاکامە کەسییەکان دەرچوون بۆ خۆی کاریگەری سزا بەهێز دەکا.

کاتێک دوو کەس لە کرێکارانی ڕێگەی ئاسن لێخوڕی قەتار لارش فالکێنبەریان Lars Falkenberg لە جۆری باری ئەو قەتارەی کە ئەو قەرار بوو بۆ شەوێ لێی بخوڕێ، کە چەک بوو، ئاگەدار کردەوە، ئەلتەرناتیڤی ئەو ئەوە بوو بۆ ئەوەی خۆی تووشی کێشە لەگەڵ ئیدارەی قەتار SJ و داوودەزگای قەزایی نەکا، خۆی نەخۆش بخا و لە چوونە سەر کار خۆی ببوێرێ. ئەمە کردەوەیەکی کەسیی ئەخلاقی بوو کە ویژدانی لارشی ئاسوودە دەکرد. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەلتەرناتیڤێک نەبوو کە باوەڕی قەتارلێخوڕەکانی تری سەبارەت بەخۆبوواردنی ویژدانی کە دەرکرانی بەدواوە بێ، قایم بکا.

کاتێک ساڵی ١٩٨٧ چوومە گەڕەکێکی هەژارنشین لە سانتیاگۆ دیتم کە لە کارەبای ڕووناکاییی کۆڵانەکانەوە، کارەبا بۆ هێندێک ماڵ کێشراوە. دانیشتوانی گەڕەک کارەبایان دەدزی. ئەمە لەباری ئەخلاقییەوە بەتەواوی جێگەی پەسند و بەرگری بوو، چونکە ئەو خەڵکە بەبێ کارەبا نەیاندەتوانی لەو زستانە سەختەدا هەڵبکەن. بەڵام لە هەمان کاتدا هەر ئەم کردەوە وای دەکرد کە دانیشتوان بەهیچ شێوەیەک کارێک نەکەن کە دەمودووی حکوومەت لە گەڕەکەکەیان وەدەر بکەوێ. هەر ئەمە وای دەکرد کە ئەوان لە خۆڕێکخستن ببووێرێ و ئیتر ئەوان داوای کارەبای هەرزان لە حکوومەت نەکەن. لە ڕاستیدا ڕێگە لە بەردەم شیانەکاندا داخرابوو. بۆ دەربازبوون لەو داخرانە ڕێگەچارەیەک نەدەبینرایەوە.

کاتێک پێویستییە سەرەتاییەکان دابین کرابن، دیتنەوەی ڕێگەچارە ئاسانترە. بەڵام دیسان ئەوە بۆ خۆمانین کە بەهۆی ترسەوە ئەو شیانانە لە دەس دەدەین. ئەمە لە خۆیدا مرۆڤ بەرەو خۆکۆنترۆڵکردن ڕادەکێشێ.

کامە دیکتاتۆرترین حکوومەت لە دنیادا هەیە ناتوانێ ئەوەندە پۆلیسی هەبێ کە بتوانێ دانە دانەی هاووڵاتییان کۆنترۆڵ بکا. ئەوە هاووڵاتییان بۆ خۆیانن کە خۆیان و کەسانی تریش کۆنترۆڵ دەکەن. پرینس کروپوتکین Prins Kropotkin دەڵێ ئەم پێشوەچوونە بەهۆی هاوکاریی دوولایەنەوە دێتە ئاراوە. من دەتوانم بڵێم دەستەڵات بۆ خۆی لە کۆنترۆڵکردنی دوولایەنەوە سەرچاوە دەگرێ.

بۆ ئەوەی سزا کاریگەری خۆی هەبێ دەبێ ئێمە خۆمان بۆ خۆمان کۆنترۆڵ بکەین. خەباتی نافەرمانیی مەدەنی هەردەم بەکراوەیی دەکرێ. ئامانج ئەوەیە کە ئەم خۆکۆنترۆڵکردنە نەمێنێ و کەسانی تر هان بدرێن کە هەمان شت بکەن و بەسەر ترسدا زاڵ بن. ئامانج لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ئەوەیە کە کولتوورێک چێ بکرێ کە لەودا هاووڵاتییان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێش بەنایەکسانی و توندوتیژی بگرن و بۆ گەیشتن بەم کارەش ترس و سزا کۆسپیان بۆ دروست نەکا.

## شیانەکانی سزا

هێندێک جار ڕەخنە لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی دەگیردرێ کە گۆیا کات بەفیڕۆ دەدرێ. لە دەرەوە و لە ئازادیدا دەکرێ کاری زۆرتر بکرێ. بۆ نموونە ئەو پارەیەی کە لە باتیی خەسارەت لە خەباتگێڕانی نافەرمانیی مەدەنی وەردەگیردرێ

دەکرێ بنێردرێ بۆ جیهانی سێیەم. کاتێک کەسێک لەسەر کار دەردەکرێ ئیتر شیانی کاریگەریی خۆی لەدەست دەدا. کاتێک من شتێکی زۆر سەیر دەکەم ئەوە هاوولاتییان متمانەیان پێم نامێنێ.

هەموو ئەم قسانە لە تێنەگەیشتن یان خراپ تێگەیشتنەوە سەرچاوە دەگرن. تێڕوانینەکە لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێی وایە سزا ئاکامێکی خراپی بەرهەڵستکاریکردنە. ئەمە هەڵەیە. سزا چاوگەی هێزی خەباتی نافەرمانیی مەدەنییە. ئەم هێزە یەکێک لە بنەماکانە بۆ ئەوەی بەرهەڵستکاری بەر بگرێ و بەرهەم بدا.

ئەوەی سەرەڕای تاوانبارکردن پشتی ڕاست دەکاتەوە ئەوە لە هەمان کاتدا تاوانباری دەسەلات تێک دەشکێنێ.

ئەوەی پشتی ڕاست دەکاتەوە بەلام هەمان کات سەری لەبەر شیانی لەژێر دەرچوونی سزا نەوی دەکا ئەوە دەبێتە هۆی قایمکردنی زیاتری دەسەلات.

دوو هەلومەرجی تایبەتی پێویستە لە پێوەندی لەگەڵ پێویستیی سزادا لەبەرچاو بگیردرێ.

یەکەم، کاتێک بزووتنەوەی ناتوندوتیژی ئەوەندە بەهێزە کە دەتوانێ بەئامانجەکانی خۆی بگا بەبێ ئەوەی پێویستی بەسزا هەبێ.

دووەم، کاتێک شیانی واژووکردنی ڕێککەوتنێک لەگەڵ لایەنی دژ هەیە و ئیتر پێویست بەسزا ناکا.

جۆرێک لە ڕێککەوتن ئازادکردنی گیراوەکانە لەلایەن دادوەرەوە. کە ئەمە لە کردەوەدا بەو مانایەیە کە یاسا پشتی بەرهەڵستکاری دەگرێ و لە دژی حکوومەت ڕادەوەستێ. لێرەدا نموونە دادوەرێکی ئەڵمانی ڕۆئاوا بوو کە لە ناکاو هەموو گیراوەکانی هەڵمەتی بنکەی پەرشینگ دوو Pershing II لە موتلانگێن Mutlangen ئازاد کرد. ئاخرەکەی حکوومەت ناچار بوو کە کاری تر بدا بەو دادوەرە و ئەوی لەسەر دۆسیەی خەباتگێڕانی نافەرمانیی مەدەنی دوور خستەوە.

بەلام زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوێ کە ڕێککەوتنێکی زوو بەزوو بێتە کایەوە. زۆرجاران کاتێکی ئێجگار زۆری دەوێ کە بەرهەڵستکارییەکی وا بەهێز چێ بکرێ کە لەباری ئەخلاقییەوە ئەوەندە بەهێز بێ کە دەسەلاتداران پاشکەشە بکەن. هەر

بۆیە لە زۆربەی جارەکاندا خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بەستراوەتەوە بە سزاوە. ئەوە سزایە کە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی وەگڕ دەخا و کاریگەری دادەنێ.

سزا بنەمایە بۆ جێگرتنی چوار کۆڵەکەی کاردانەوەیی لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا:

یەکەم، وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، سزا یارمەتیدەرە بۆ خۆدیتنەوە و خۆناسین.

دووەم، پەیامێکە بۆ پێکهێنانی شێوازێک لە داواکاری ئەخلاقییانە کە پشتیوانیی بەلایەنی کەمەوە بەشێک لەلایەنی دژ بۆ لای خەبات ڕابکێشێ.

سێیەم، جۆرێک هاندانە لە دژی پاسیڤبوون و جۆرێک تێکدانی فەرمانی.

چوارەم، بەشێوەیەکی سیمبولیک کاتێک لایەنی دژ داواکاری سزا لە دژی خەباتگێران ڕادەگەیەنێ، جۆرێک تێگەیشتنی بەربلاو لە خودی بەرهەڵستکاری پێک دێ. ئەمە بەو مانایەیە کە بەرهەڵستکاری تەنیا بەشێوەی مۆنۆلۆجی نابێ بگرە دیالۆگێک لە کاتی مەحکەمە لەگەڵ لایەنی دژ چێ دەبێ کە لەودا لایەنی دژ لە پرۆسێسی مەحکەمەدا بەشداری دەکا و هەڵوێستی خۆی دەگرێ.

لە شەوێکی دیسەمبەری ١٩٥٥ لە مۆنتگۆمەری، ئالباما ژنێکی ماندووی ڕەش لە کورسیی ڕیزی پێشەوەی پاسێک کە بۆ سپییەکان دیاری کرابوو، دانیشت. کاتێک ژنەکە لە دانی کورسییەکەی بەپیاوێکی سپی خۆی بوارد، لەلایەن پۆلیسەوە گیرا. زیندانیکردنی ژنەکە بووە هۆی بایکۆتی ٣٨٢ ڕۆژەی پاسەکان و دەسپێکرانی بزووتنەوەیەک کە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ دواتر یاسای ڕەگەزپەرستانەی ئەمەریکای گۆڕی. خۆڕاگری و دەست بۆ توندوتیژی نەبردنی خەباتگێرانی ڕێگەی مافی هاووڵاتییەتی لە بەرانبەر توندوتیژی لە ڕادەبەدەری پۆلیس بووە هۆی ئەوەی پشتگریی ئێجگار گەورەی چینی نێونجی سپیی ئەمەریکایی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. یانێ سزا پەیامێک بوو بۆ پێکهێنانی داواکارییەکی ئەخلاقییانە کە توانی پشتیوانیی بەشێکی زۆر لە هاووڵاتییانی ئەمەریکایی بۆ لای خەباتی مافی هاووڵاتییەتی ڕابکێشێ.

سێیەمین کارکردی سزا جۆرێک هاندانە لە دژی پاسیڤبوون و جۆرێک تێکدانی فەرمانی. ئەمە بەزۆری دەتوانێ لەسەر دۆستان، ئەو کرێکار یان کارمەندانەی کە

لە کاتی هەڵمەتەکاندا لە کێشەکەوە گلاون، نوێنەرایەتیی داوودەزگای حکوومەتی و ئەو کەسانەی کە پاش ئازادبوون لە زیندان دەبیندرێن، کاریگەری دابنێ.

کارکردی چوارەمی سزا برێتییە لە یارمەتیدانی خەبات لەلایەن لایەنی دژبەر. ئەمە لە خۆیدا بەشێوەیەکی سیمبۆلیک جۆرێک تێگەیشتن لە خەبات لەلایەن دژبەرەوە پێک دێنێ. بەهۆی ئەوەوە کە ئێمە خۆمان لە سەرەوەی یاسا دانانێین و هەر بەپێی یاسا سزا وەردەگرین جۆرێک دیالۆگ لەگەڵ لایەنی دژ چێ دەبێ کە ئەم دیالۆگە لە خۆیدا بەشێکە لە خەباتی نافەرمانیی مەدەنی.

سزا و چوونە مەحکەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرهەڵستکاری مۆنۆلۆجییانە نەبێ بگرە دیالۆگێک لەگەڵ لایەنی دژ پێک بێ و هەروەها لایەنی دژ هەڵوێستی خۆی وەرگرێ.

## هەڵمەتەکان لە پێوەندی لەگەڵ سزادا

لە زیندان مانەوە پلاتفۆرمێکی سیاسییە کە لە خودی هەڵمەت و مەحکەمە ڕاوەستاوترە. ئەمە بەفیرۆدانی هێز و وزەیە کە لە زیندان مانەوە بەباشی بەرنامەڕێژی نەکرێ. لە زیندان کتێبگەلێکی زۆر نووسراون. بەشێکی زۆری یەکەم کتێبی من لە گرتیگەدا نووسرا. هەر لە زینداندا بوو لەگەڵ خەڵک لە پانتاییی هەموو جیهان وەک زیمبابوە، ئوستралیا و کوستاریکا نامە گۆڕینەوەم کرد.

تێکۆشەرێکی تری پلاگبیلی هاوبەندیم بەناوی مارتین هولادەی، Martin Hol-laday هەر جارێک وڵاتێکی هەڵدەبژارد و وتاری لە ڕۆژنامەی سەر بەبزووتنەوەی پلاگبیلی لەو وڵاتەدا بڵاو دەکردەوە. زۆربەی تێکۆشەرانی پلاگبیلی لەگەڵ سیاسەتوانان، دادوەرەکان یان سەرباز و کرێکاری فابریکای چەکسازی نامەگۆڕینەوە دەکەن. لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە من نەمتوانیوە لە دەرەوەی دیوارەکانی گرتیگە هەروەک کاتی مانەوەم لە زیندان ئاکتیڤ بم.

گاندی دەیگوت یەکێک لە ئامانجەکان لە کاتی مانەوە لە زینداندا ئەوەیە کە ڕێزی لایەنی دژ بۆ لای خۆت ڕاکێشی. گاندی شەش خەتی گشتی بۆ بەندییەکی ساتیاگراهی Satyagrahi دیاری دەکا:

١- ڕاستگۆ بە.

٢- لەگەڵ کاروباری ئیداریی گرتیگە هاوکاریی بکە.

٣- بەهۆی فەرمانبەریی خۆتەوە ببە نموونە بۆ هاوبەندییەکانی ترن.

٤- داوای زیاتر لە خۆت و زیادە لە هاوبەندییەکانی تر مەکە. مەگەر ئەوە لە کاتی نەخۆشی و هەلومەرجی تایبەتیدا نەبێ.

٥- لە پرسیارکردن خۆت مەبوێرە بەڵام لە جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانیشت تووڕە مەبە.

٦- تەواوی ئەرکە پێ سپێردراوەکانت بەو شێوەیەی کە بۆت دەکرێ و دەگونجێ جێبەجێ بکە.

گاندی لەو بڕوایەدا هەڵسوکەوتێکی وا لەلایەن بەندییەکانەوە هەڵکەوتەی حکوومەت لەق دەکا. هێندێک جار پێویستە لە گرتیگەدا بەرهەڵستکاری بکرێ. ئەوەش کاتێکە کە پاسەوانانی گرتیگە یاساکانی گرتیگە ڕەچاو ناکەن و ڕێز لە بەندییەکان ناگرن.

زۆربەی زیندانییە سیاسییەکان ڕەخنە لە گاندی دەگرن و باسی هێندێک هەلومەرج دەکەن کە پێویستە لە پێوەندی لەگەڵ سزادا لە گرتیگە بەرهەڵستکاری بکرێ. لە هەشتاکان بەدواوە ئەو جۆرە بەرهەڵستکارییانە ئاسایین.

لەم پێوەندییەدا زۆر نموونە هەیە: ١١ی ئۆگۆستی ١٩٤٣ نۆزدە سەرباز مانگرتنێکی درێژخایەنی نیو ساڵەیان بەمەبەستی دژایەتیکردن لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزی لە گرتیگەی Danburys Federal Correctional Institution لە کاتی ژەمی خواردندا دەسپێکرد. ٤١ ساڵ دواتر من لەو گرتیگە کۆنەدا کە ڕابردوویەکی زۆری بەرهەڵستکاری هەبوو، بەند کرام. لە ماوەی شەڕی ڤێتنامدا هەر لەو گرتیگەدا قەشە و تێکۆشەری پلاگبیلی فیل بەریگان Phil Berrigan زۆر مانگرتنی کە لەودا بەندییەکان بەشدارییان دەکرد، وەڕێ خست.

کەمێک بەر لەوەی من ببرێمە ئەوێ، یەکێک لە تێکۆشەرانی ئاشتی هەڵمەتێکی لە دژی فابریکای کابڵچێکەریی گرتیگە وەڕێ خستبوو. لەم فابریکایەدا بەندییەکان ئەو کابڵانەیان دروست دەکرد کە لە چەکی ناوکی و کاروباری فەزاییدا بەکار دەبران.

مەبەست لە هەڵمەتەکان لە نێوەوەی زیندان دەکرێ درێژەی هەمان هەڵمەت بن کە تێکۆشەران لە دەرەوەی گرتیگە ئەنجامیان داوە. یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین

نموونەکان لەم پێوەندییەدا خۆبواردن لە چوونە سەربازی کۆربێت بیشۆوپە -Cor bett Bishop لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا. ئەو رۆژی ٩ی سێپتەمبری ساڵی ١٩٤٤ گیرا. بە پۆلیسەکانی گوت لەبەر ئەوە ئێستا ئیتر رۆح و ویژدانی ئەو ئازادە، ئەوان ناتوانن بەبێ ئیزنی ئەو شتێک بە لەشی بکەن و هەر بۆیە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ هاوکارییان بکات. ئەو مانی لە خواردن گرت و لە راوەستان و جل لەبەرکردن خۆی بوارد. ئەوان ناچار بوون بەزۆر خواردنی دەرخوارد بدەن و لە نێوان مەحکەمە و گرتیگەدا بە کۆڵ هاتووچۆی پێ بکەن، دوای ١٤٤ رۆژ مانەوە لە زیندان لە ناکاو بەشەرت ئازاد کرا و چوار ساڵ حوکمی گرتیگەی بۆ بوو بە چەند مانگێک. بەڵام ئەو دیسان لەبەر ئەوە ئازادکردنەکەی بە شەرت بوو حازر نەبوو هاوکاریی بکا. هەر بۆیە دیسان لە زیندان خرایەوە بۆ ئەوەی ماوەی چوار ساڵ زیندانییەکەی تێپەڕ بکا. بەڵام پاش تێپەڕکردنی ١٩٣ رۆژی هاوکاری نەکردن لە گرتیگە ئاخرەکەی بەبێ شەرت ئازاد کرا.

هێندێک جار مەبەستی هەڵمەت دژایەتیکردنە لەگەڵ سیستەمی نێوەخۆی زیندان. شێوەی ئاساییی هەڵمەت، خۆبواردنە لە کار لە کاتی کاری زۆرەملێدا. من بۆ خۆم لە کاری پێشەسازیی زۆرەملێی نێو زیندان خۆم بواردووە. من ئەم خۆبواردنەم لەبەر دوو هۆ کرد: یەکەم، لەبەر ئەوە زیندان قازانجی پارەی لە کارەکە دەکرد. دووەم، لەبەر ئەوە لە کارەکەدا کابڵی تایبەتی بۆ وزەی ناوکی وەبەرهەم دەهێندرا.

زۆر لە تێکۆشەران خۆ لە سیستەمی کۆنترۆڵی گرتیگە دەبوێرن. بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەی پزیشکی وەک تاقیکاری لەسەر خوێن، میز، پشکنینی لەش بەگشتی و هەروەها لێکۆڵینەوە سایکۆلۆجییەکاندا بەشداری ناکەن و خۆ دەبوێرن.

هێندێک جار هەڵمەتەکان لە گرتیگەدا تەنیا بۆ ماوەی تاقە رۆژێک کورت دەکرێنەوە. بۆ نموونە لە ساڵوەگەڕی هیرۆشیمادا لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی گرتیگە خۆدەبوێردرێ.

زۆر گرینگە هەڵمەتەکانی نێو زیندان بەشێوەیەکی وا ورد گەڵاڵەڕێژی بکرێن کە خوێندنەوەی هەڵەیان لێ نەکرێ و وا هەست نەکرێ کە تێکۆشەران دەیانەوێ لەژێر باری سزا دەربچن. بەرهەڵستکاری دەبێ بەتەواوی کراوە بێ. بۆ نموونە ئەگەر تێکۆشەرێک دەیەوێ لە چوونە زیندان خۆببوێرێ دەبێ وەک تێکۆشەری نەرویجی

مـۆرتێن ڕۆنینگ Morten Rönning پلان بـۆ ئەو مـەبەسـتـە داڕێژێ و کـردەوەکـە بەتەواوی کراوە بێ. ناوبراو قـەرار بوو لە ئوگوستی ساڵی ١٩٨٧دا بچێتە زیندان، تاوانی سـزای چوونە گـرتیگەی ئەوە بوو کـە مـۆرتێن لە دانی ئەو غـەرامـەتەی کـە بەهۆی هەڵمەت لە دژی بنکەیەکی ئاسمانی لە قـەراخ ئۆسلۆ کە باڵەفڕەی هەڵگری چەکی ناوکیی تێدا دەنیشتەوە، خـۆی بواردبوو. بەڵام مـۆرتێن لە باتیی ئەوە لە ڕۆژی دیاریکراودا بچێتە گرتیگە لە هەمان ڕۆژدا لە هەڵمەتێکدا لە دژی هەمان بنکەی ئاسمانی کە پێشتر لەسەری حوکم درا بوو، بەشداریی کرد.

هەروەها لە پێوەندی لەگـەڵ دانی جـەریمە یان غـەرامـەت بەرهەڵسـتکاری و ملنەدان کردەوەیەکی ئاسایییە. ئێمە لە بزووتنەوەی پلاگبیلدا کاتێک هەڵمەتێکی چەکشکاندن ئەنجام دەدەین لە دانی غەرامەت خۆ دەبوێرین چونکە باش دەزانین هەمان پارەی غەرامەت بۆ چاککردنەوەی چەکەکان بەکار دەبرێن.

کـاتێک کـەسـێک لە دانی جـەریمە و غـەرامـەت خـۆببـوێرێ ئەوە مـەحکەمـە دۆسیەکەی دەنێرێتە ئیدارەی تایبەت بەفرۆشتنی مـاڵ و موڵکی ئەو کەسانەی لە نەدانەوەی قـەرزوقـۆڵە خـۆ دەبوێرن. هێندێک جار ئەمـە بۆ خـۆی ڕێگەیەکی تر بۆ خـەباتی تێکۆشـەران دەکاتەوە. ئوڤـە پاینکە تێکۆشـەری ئاشـتیـخوازی ئەڵمـانی یەکێک لەو تێکۆشـەرانەیە کە لەم هەلە کەڵکی باشی وەرگرتووە. کـاتێک ئیدارەی ئامادەپێکراو بۆ هەڕاج و فرۆشتنی ماڵەکەی ویستوویانە سـەردانی بکەن، ئەویش شـوێنی کۆبوونەوەکەی لە شـوێنی فـەرمی وەک کڵێسـا لە وەختی کراوەدا یان لە سـاڵۆنی نانخـواردنی زانکۆ لە وەختی خـواردنی نانی نیـوەڕۆدا دیاری کـردووە. جـارێکی تر کـە دەیانویست لەلایەن ئیـدارەوە سـەردانی مـاڵەکـەی بکەن و شـتومـەکەکانی هەڕاج بکەن، تێکۆشەر ئوڤە دۆستەکانی و هەروەها نوێنەرایەتیی میدیای لە هەمان کاتدا بۆ ماڵ داوەت کردبوو. بەم شێوەیە ئوڤە خەڵک و بیروڕای گشتی لە هۆکاری فرۆشتنی ماڵەکەی لەلایەن دەوڵەتەوە ئاگەدار کـردووە. هەر ئەمەش وای کرد تەنانەت پۆلیس نەتوانێ لە کاتی وادا خـۆی لە مـەسەلەی ئوڤـەوە هەڵقورتێنێ و یارمەتیی ئیدارەیی هەڕاج و فرۆشتن بکا.

بۆ ئەوەی بەرهەڵستکاری لە پێوەندی لەگەڵ سزادا هەموو وزەی خـەبات بەخۆوە خـەریک نەکا پێویسـتـە هەڵمـەتەکـان داهێنەرانە بن و خـەباتگێڕان بەسـۆزێکی بەرفراوانەوە لە هەڵمەتەکاندا بەشداری بکەن. بۆ نموونە کاتێک کرێکارێک بەهۆی

خەباتی نافەرمانیی مەدەنییەوە لەسەر کار دەردەکرێ پێویستە ئەو کرێکارە مانگرتنێکی بەپێچەوانە بکا یانێ سەرەڕای ئەوە لەسەر کار دەرکراوە دەچێتە سەر کار و لە شوێنی کار حازر دەبێ.

لەبەر ئەوە غەرامەت یان جەریمە دەبێتە کۆسپ لەسەر ڕێگەی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە کە خەباتی نافەرمانی دەکەن، ڕەنگە هێندێک جار چارەسەرییەکە ئەوە بێ کە جەریمەکان بدرێن. چونکە ئەگەر وا نەکرێ، ئەوە ئەو هەستە لای خەڵکی زیاتر بەهێزتر دەبێ کە لەبەر خاتری دەرچوون لە دانی جەریمە خۆیان تووشی مەترسی نەکەن. دانی غەرامەت زۆرتر جێگەی کێشەیە چونکە پارەکە ڕاستەوخۆ دەدرێتە ئەو شوێنەی خەسارەتی لێ دراوە. ئاندێرش گریپ Anders Grip تێکۆشەرێکی ئاشتیخوازی سوێدی بۆ کێشەی دانی غەرامەت لە پێوەندی لەگەڵ دانی غەرامەت لە کاتی چەکشکاندندا ئا بەم شێوەیە چارەسەرییەکەی دیتەوە: من دەتوانم پارەی غەرامەتی ئەو چەکەی شکاندووەمە بدەمە ئەو کەسانەی کە بەهۆی ئەو چەکە سوێدییانەوە کە هێشتا نەمانتوانیوە بیانشکێنن، زەرەر و زیانیان وەخەڵکی گەیاندووە.

## خۆڕاگرتن لە زیندان

ئەو کاتەی تێکۆشەری پلاگبیلی هێلێن ودسان Helen Woodson سێ بەش لە ماوەی مانەوەی حەڤدە ساڵەکەی لە زیندان تێپەڕ دەکرد، نامەیەکم بۆ نووسی. لەسەر دەسپێکی کتێبەکەم لەسەر خەباتی نافەرمانیی مەدەنی ئاگەدارم کرد و داوای یارمەتیم لێ کرد.

پرسیارەکەی من ئەمە بوو: چۆن مرۆڤ دەتوانێ ئەو ماوە درێژە لە زینداندا بمێنێتەوە؟ وەڵامەکەی، منی تووشی سەرسوڕمان کرد. "من ڕەنگە ئەو کەسە ڕاستە نەبم کە وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە. من لە گرتیگە مانەوە وەک شتێکی زەحمەت نابینم. لە ژیاندا ئێمە زۆر بڕیار دەدەین کە ئاکامەکەی ئەوەیە کە ئێمە دەبێ دەست لە ئازادیی خۆمان هەڵبگرین و شتی تر بکەین. پەیمانی ژن و مێردایەتی بەستن یان منداڵ چێکردن دوو نموونەی بەرچاون لەم پێوەندییەدا. ڕاست هەروەک بەرهەڵستکاری ئەو بڕیارانەش بە زۆری پێوەندییان بەداهاتوو و پاراستنی ژیانەوە هەیە. جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئەم فیداکارییانە بەشێکن لە

کولتووری ئێمە. لە تێگەیشتنی ئێمەدا ئەوانە بەشێکی جیانەکراوە و ببڕاییبڕان لە ژیانی ئێمەدا. بۆ ئەوەی ژیان لەسەر عەرز بپارێزرێ ئەوە پێویستە بەرهەڵستکاری بکرێ. بەرهەڵستکاریش بەندیخانەی بە دوادا دێ کە پێویستە ئێمەش ئەمە وەک بەشێک لە ژیانمان ببینین. هێلێن کەسێکی تایبەتییە. ئەو بە مانەوە لە بەندیخانە ناڕەحەت نابێت.

ئاسانە کە لەگەڵ هاوبەندی هێلێن Paul Kabat پۆل کاباتی قەشە بەراورد بکرێ. ویژدانی پۆل ئەوی ناچار کرد سەرەڕای ترس لە گیران و زیندان لە دژی چەکی ناوکی بەشداریی هەڵمەتێک ببێ. پۆل لە زیندان بێزار بوو. ئەو داوای لە دادوەرەکەی کردبوو ئازاد بکرێ. پاش دوو ساڵ مانەوە لە زیندان دادوەر وەتەنگ داواکەیەوە هات و ئەوی ئازاد کرد.

من بۆ خۆم یەکەم ڕۆژەکانی مانەوەم لە زیندان زۆر بەزەحمەت تێپەڕاند. نەمدەزانی ئاخۆ لە (ئەمەریکا) دەردەکرێم یان بیست ساڵی ڕەبەق لە سلوولێکی تەنگەبەردا دەمێنمەوە. بۆ ئەوەی ورەم تێک نەشکێ لەسەر تەختەکەم درێژ دەبووم و بە قووڵی لە هەناسەدانمەوە ورد دەبوومەوە. ئەمە لە بودیستێکەوە فێر بووبووم. لە خوام دەویست ئارام و هێور ببمەوە. هەر زوو لەگەڵ زیندان ڕاهاتم و خووم پێ گرت. هێندێک جار زۆرم زیندان پێ خۆش بوو. مارتین هۆلادەی Martin Holladay تێکۆشەری دوازدەمین هەڵمەتی پلاگبیلی لە دواین مانگی بەر لە ئازادکرانی ڕاگوێزرایە زیندانەکەی من. بۆ من ئەمە قۆناخێکی زێڕین بوو و من تەجروبەی ئەو شتەی زیندانییەکان پێیان دەگوت "ئازاری سایکۆلۆجی" نەمدەکرد. بەشێوەیەکی گشتی دواین کاتەکانی زیندان ناخۆشترین قۆناخی هێشتنەوە لە زیندانە. مرۆڤ دەستوپێی خۆی ون دەکا و ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ. هێندێک بەندی بەشێوەیەکی وا خۆیان ون دەکەن و کردەوەی وا ئەنجام دەدەن کە ڕەنگە ببێتە هۆی ڕاگرتنی زیاتریان لە گرتیگە.

هەر پاش دوو سێ مانگ لە زیندان ئیتر ژیانی دەرەوەی زیندان دەبێتە شتێکی خەیاڵی و دوور لە ڕاستی. کاتێک مرۆڤ ئازاد دەکرێ ئەوە ئاسایشی نێو زیندان لەدەست دەدا. هەستێکی شیزوفرێنی چێ دەبێ یانێ هاوکات کە بەندی بیر لە ئاسایشی نێو زیندان دەکاتەوە لە قووڵاییی دڵیشیەوە دەیەوێ بچێتە دەرێ و لەوێ نەمێنێ.

ئەو بەندییانەی کە خۆیان وەک بەندی سیاسی دەناسێنن زۆر ئاسانتر لە زیندانیی تر دەتوانن لە زینداندا خۆ بگرن. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆکار:

ئێمە (زیندانییە سیاسییەکان) لە دەرەوەی زیندان گرووپی پشتگیریمان هەبوو. ئەوان دەیاندەتوانی بەزووترین کات لە کاتی پێویست و دڵخوازدا یارمەتیمان بدەن. زۆر کەس لە ئێمە عەلاقە و نزیکیی تیۆریکی هەبوو کە لە زیندان باشتر دەمانتوانی خەریکی ببین هەتا دەرەوەی زیندان. من بە چەند سەعات لە ڕۆژدا باس و موناقەشەم دەکرد. بێجگە لەوە زۆر کتێبم دەخوێندەوە ڕەنگە سێ قات زیاتر لە دەرەوەی زیندان.

جیاوازییەکی تری گرینگیی نێوان زیندانی سیاسی و ئاسایی ئەو شتەیە کە هێلێن ئاماژەی پێ دەکا. بەندی بەرهەڵستکار لە زیندان مانەوە وەک بەشێک لە خەبات دەبینێ. بەڵام دزێک لە زیندان بوونی تەنیا وەک هەڵەیەک دەبینێ.

زیندانییەکی سیاسی لە سەرووی هەموو زیندانییەکانی ترەوەیە، لە هەمووان زیاتر شیانی هەیە، ئەمە ڕاستییەکە و ناشێردرێتەوە. سەرەڕای ئەمە زۆر گرینگە کە خۆئامادەکاریی باش بۆ زیندان بکرێ. زیندانی کامە مافی هەیە؟ بۆی هەیە کامە ماف وەربگرێ؟ و هەتا چەندە دەکرێ کردەوە و هەڵسوکەوتی زیندانەوان پەسند بکرێ؟

هەرگاڤ کاتێک کە من بۆ زیندانییەکی نوێ ڕادەگوێزرامەوە، لە هەوڵی ئەوەدا بووم بزانم شکاندنی کامە ڕێسا دەبووە هۆی بەندکردنم لە سلوولی تاکەکەسیدا. ئەگەر هاتو هاوبەندییەک بەرۆکی پێ گرتبای و کێشەی بۆ ساز کردبای، ئەوە دەکرا توخنی نەکەوی و لێی دوور کەوی.

پێشوەخت هیچ کاتێک ناکرێ پێشدیتنی ئەوە بکرێ کە ماوەی زیندانی چۆن تێپەڕ دەبێ. من بۆ خۆم نەمدەتوانی پێشدیتنی ئەو گشتە ڕاگوێستنە لە نێوان زیندانی جۆراوجۆر بکەم. وەختی دوور و درێژی چاوەڕوانبوون لە سلوولی ساردوسڕدا لە کاتێکدا مرۆڤ نازانێ چی چاوەڕێی دەکا و لە ڕاستیدا چ ڕوو دەدا، بۆ خۆی ڕۆحکوژ و دەروون ئازاردەرە.

بەشی حەوتەم

# بنەماکانی بەرهەڵستکاری لەسەر دیمۆکراسی

# بنەماکانی بەرهەڵستکاری لەسەر دیمۆکراسی

## وەپێشخستنی دیمۆکراسی

لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەدا بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی کڵێسای ئازاد و بزووتنەوەی خۆپاراستن لە خواردنەوە کحولییەکان وەپێش کەوت، ئەو بزووتنەوانە لە خۆیاندا هەمان شێوازی دیمۆکراسین کە ئێستاش خۆبەخۆ لە پێشوەچووندان. ئەم دیمۆکراسییە نوێیە بەرهەڵستکارییەکی گشتی بوو لە دژی قەوارە و چوارچێوە کلێسەیی و سیاسییەکان کە مرۆڤەکانی بەپێی بایەخە جیاوازەکان دابەش دەکرد و کۆمەڵگەی وەک ئۆرگانیزمێکی هیرارشی دەبینی کە لەودا گرووپە ئینسانییە جیاوازەکان کەم تا زۆر دەیانتوانی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان شوێندانەر بن. بەپێچەوانە، بزووتنەوە خەڵکییەکان بیرێکی ئازادتر و لیبراڵتریان هەبوو کە تاک یان ئیندیڤیدی وەپێش دەخست و پێی لەسەر مافە کەسییەکان دادەگرت. هەموو کەس بایەخی یەکسانی هەیە و هەر بەهەمان ڕادەش مافی یەکسانی هەیە. دەنگ و مافی هیچ کەس نابێ لە سەرەوەی دەنگ و مافی کەسێکی ترەوە دابنرێ.

خەبات بۆ تاک لە هەمان کاتدا خەبات بۆ زۆرایەتی بوو. کەمایەتییەک مافی ئەوەی نەبوو دەسەڵاتی بەسەر زۆرایەتییەوە هەبێ. کاتێک ژمارەیەک تاک پێکەوە دەنگ بۆ پێشنیازێک دەدەن ئەوە دەبێ دەنگەکەیان ببیسرێ و سەرکەوێ. ئەگەر دوو پێشنیازی دژ بەیەک هەیە ئەوەی کە زۆربە پشتگیری لێ دەکا دەبێ جێگر ببێ و هەموو پشتگیریی بکەن هەتا ئەو دەمە پێشنیازەکەی تریش دەنگی زۆرایەتی وەدەست دەهێنێ.

پاش خەباتێکی سەخت لە نێوان شێوە جیاجیاکانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنیدا، بیرجیاکان بوون بەیەک. ئەلتەرناتیڤی دیمۆکراسی ترادیسیۆنی لە سوێددا ئەوەندە پێگەی کز بوو کە دیمۆکراسی نوێی بزووتنەوە خەڵکییەکان بووە

تاکە دەنگێکی بەهێز لە سەرانسەری وڵاتدا. هەر زوو ئەم دیمۆکراسییە نوێیە وا پێشکەوت کە وەک شێوازێکی ئایدیال کە لە هەموو سەردەمەکاندا بتوانێ خۆی بگرێ، چاوی لێ کرا.

لە شوێنەکانی تری جیهاندا بەو شێوەیە نەبوو. ئەگەرچی Roberts Rules of Order وەک شێوازێکی کلاسیکی زۆرایەتیی دیمۆکراسی پێگەیەکی بەهێزی لە وڵاتانی ئینگلیزیزمان هەبوو بەڵام هەردەم شێوازەکانی تری دیمۆکراسی وەپێش دەکەوتن.

ئەو ترادیسیۆنە دیمۆکراتیکەی کە من دەمەوێ لێرەدا بڕێکی لەسەر باس بکەم لە ڕاستیدا لە سۆنگەی ئەو بزووتنەوانەوە پێشکەوتووە کە لەسەر بنەمای ناتوندوتیژی دانراون. ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی دیمۆکراسی دینامیزە بکرێ یانێ دیمۆکراسییەک کە بەردەوام لە پاش هەڵکشان و داکشانەکان، پێشوەچوون بەخۆوە دەبینێ و بەرەو باشتربوون دەچێ. ئەو کەرەستە دیمۆکراتیکانەی کە پاشتر باسیان لێوە دەکەم لە بزووتنەوەی ئاشتی و ئەلتەرناتیڤی ئەمەریکای باکور سەرچاوەی گرتووە. زۆربەیان لە بزووتنەوەی فیمینیزمەوە هەڵقووڵاون و پێشکەوتوون و گەیشتوونەتە سەردەمی ئیمڕۆ.

ئەم پێشوەچوونە سەرنجڕاکێشە بووە هۆی ئەوەی زۆر کەرەسەی دیمۆکراتیک لە کاتی سەرهەڵدان و کاری گرووپە جیاجیاگەلی وەک شەریکە هەرەوەزییەکان و گرووپە بەرهەڵستکارییە پاسیفیستەکان قاڵ ببنەوە. ئەو کاتەی لە ئەمەریکا بووم، من ئەندامی بانکێک و بازاڕێکی هەرەوەزی بووم. لە ڕێداکسیۆنی ڕۆژنامەیەک کارم دەکرد و هەروەها لە نانەواخانەیەکیش کاری زیادەم دەکرد. لەنێو هەموو ئەو گرووپگەلەدا لە شێوازە نوێیە دیمۆکراتیکەکان کەڵک وەردەگیردرا. بێجگە لەمە بڕیارەکان لە باتیی دەنگی زۆربە بەپێی تێگەیشتن و وشیاریی تەواوەتی ئەندامان دەدران.

## کەرەستەکانی دیمۆکراسی

کاتێک خوێندکارە سوێدییەکان لە کۆتای شەستەکاندا ویستییان دیمۆکراسی دیمۆکراتیزە بکەن قەوارە و ڕێکخراویان بەلاوە نا. کۆبوونەوەی بەرین و کۆبوونەوەی نافەرمی برەوی پەیدا کرد. ئاکامەکەی بوو بە تێکەڵپێکەڵی. لە

کۆبوونەوەکاندا تەنیا ئەوانەی قسەزان بوون، قسەیان دەکرد. کامە بڕیار لەو کۆبوونەوە نافەرمییانەدا دەدرا؟ مەیل بۆ وەپێشخستنی دیمۆکراسی لە ساردیی دا. ژیانی ئەو ڕێکخراوە بێ قەوارە و ڕێکخستنانە کورت بوو. ئاخرەکەی ئەندامان و بەشدارانی ئەو ڕێکخراوە بێ ڕێکخراوانە بەهۆی خۆڕێکخستنەوەی چەند پاتەوەبوو پاش هەر جارەی بڕیاری شتێکی نوێ درابا، ماندوو دەبوون.

پێشوەچوونی فیمینیزمی ئەمەریکای باکور و بزووتنەوە ئەلتەرناتیڤەکان بەرەو لای پێچەوانەوەی ئەوانەی سەرەوە ڕۆیشت. قەوارە کۆنەکان بەڕادەی پێویست نەیاندەتوانی وەڵامدەری پێویستییەکانی دیمۆکراسی بن. ئامانج ئەوە بوو کە بێدەنگەکان وەقسە بێن و ببیسرێن و دەم لە پێش و هەموو کات قسەکەرەکان پاشەکشەیان پێ بکرێ. هەروەها بزووتنەوەی ژنان دەیویست شێوازی وا ببینێتەوە کە لە شێوازی ترادیسیۆنی و نەریتی پیاوانە کاریگەرتر بێت. ئەوان هزرەکانیان لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە کاتێک ئێمە پێکەوە دەتوانین کار بکەین، پێکەوەش دەتوانین بڕیارەکان بدەین.

بزووتنەوەی نێونەتەوەیی دژی توندوتیژی زۆر بەدڵفراوێنییەوە ئەم ئەرکەی لە پێناوی پەرەپێدان بەم جۆرە شێوە کارە نوێیە وەئەستۆ گرت. بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بزووتنەوە ڕادیکاڵە پاسیفیستە کۆنەکان بۆ نموونە لە وڵاتی هیندستان، میسیۆنێرە دیمۆکراسییەکان بۆیان دەرکەوت کە شێوەکاری نوێ لە هەموو بوارەکاندا بێ کەموکوڕی نییە. هزرە نوێیەکان زۆرجار تەنیا نوێکردنەوەی هزرە کۆنەکانی دامەزراندنی دیمۆکراسی بوون.

من بۆ خۆم لەم پێوەندییەدا ئەزموونم هەیە. کاتێک چوومە ئەمەریکا و لە گرووپێکی ناوچەیی لایەنگری ئاشتی لە سیراکۆس Syracuse کارم دەس پێ کرد، من تەنیا گوێبیستی شێوازە جیاجیاکانی دیمۆکراسی بووبووم و بەکردەوە شتێکی وام لێ نەدەزانی. بۆ من زەحمەت بوو قەناعەت پەیدا بکەم. یان کەس نەبوو قەناعەتم پێ بکا.

پێشتر من لەو کۆرسانەی کە بە دژەبەرگەییی دەنگدانی نەریتی ناسراون، بەشداریم کردووە. زۆرجار من وەک ئەندامی دەستەی کارگێڕ یان سەرۆک ڕۆڵم بینیوە. لەبەر ئەوە دەکرێ بگوترێ کە سوێد وڵاتێکی تەریک و لە قەراخەوە

هەڵکەوتوو بووە، پێم وابوو کە بەلایەنی کەمەوە هیچ نەبێ بنەماکانی دیمۆکراسی دەزانم. بەڵام لە ڕاستیدا من بە تەواوی لە پێشوەچوونەکان تێ نەگەیشتبووم.

(لە کۆرسەکاندا) هەڵسەنگاندن یان نرخاندن زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا. پاش هەر کۆبوونەوەیەک بۆ ماوەی پێنج خولەک هەڵسەنگاندنمان دەکرد. خاڵەکە ئەوە بوو کە هیچ چەشنە شێوازێک هەموولاگر و تەواو نەبوو. هەر گرووپێک پێویستی جیاوازی خۆی هەبوو. دیمۆکراسی دیاردەیەکی دینامیکییە. لەگەڵ هەلومەرج دەگۆڕدرێ و لەگەڵ بارودۆخی نوێ خۆی ڕادێنێ و ئەزموون وەردەگرێ. لە کاتی هەر هەڵسەنگاندنێکدا هەر کامە لە بەشداران بەنۆرە کێشەیەکی وەک نەبوونی کات، ئەوەی کە هەموو کەسێک بۆی هەیە بۆچوونەکانی خۆی باس بکا یان ئەوەی بەشداران قسەی یەکتری دەبڕن، دەهاتە بەرباس. گرینگ ئەوە بوو کە چی بکرابایە بۆ ئەوەی کێشەیەک لە کۆبوونەوەی داهاتوودا باشتر بکرابایە.

"نۆرە" کەرەستەیەکە کە هەر زوو لەلایەن بزووتنەوەی ژنانەوە بوو بەباو. ئامانج لە بەکاربردنی کەرەسەی وەک نۆرە ئەوەیە کە هەموو بەشداران بتوانن قسەی خۆیان بکەن و هەر لەو سۆنگەوە پێشگیری لە دۆمینانس و باڵادەستی بگیردرێ. ئاساییترین شێوازی نۆرە ئەوەیە کە ئەو کەسەی کە قسە دەکا پاشماوەی قسەکەی بەجێ دێڵێ بۆ کەسەکەی تەنیشتی. بەڵام هەر کەسێک دەتوانێ بەتەواوی بۆچوونەکانی خۆی بە نۆرە دەرببڕێ، مەبەست تەنیا ئەوەیە کەسێک دووجار لە نۆرەیەکدا قسە نەکا و مافی قسەکەرەکانی تر ببڕێ. ئەگەر هاتو کەسێک شتێکی بۆ گوتن پێ نەبوو ئەوە نۆرەکە بۆ کەسی تر پاس دەدرێ.

ڕاپۆرتدانی کەسی، کەرەستەیەکە کە لەسەر ئەو باوەڕە چێ بووە کە کۆبوونەوەکان ناکرێ لە دەرەوەی چوارچێوەی ژیان ببیندرێن. بەهۆی نۆرەی قسەکردنەوە ئەو شانسەمان دەدرێتێ کە باسی ئەوە بکەین چۆن لە کۆبوونەوەکە دەڕوانین و لە کۆبوونەوەی پێشترەوە هەتا ئێستا چ شتێکی تایبەتی هاتووەتە گۆڕێ کە لەم کۆبوونەوەیەدا باس بکرێ. زۆرجار ئێمە پێش لەوەی بچووباینە سەر باسە سەرەکییەکانی کۆبوونەوە، ئەو ڕاپۆرتە کەسییانەمان دەخستە بەرباس. "ڕاپۆرتی کەشوهەوا" وشەیەکی ترە کە کەسانێکی تر لە باتیی ڕاپۆرتی کەسی بەکاری دێنن.

من هەر زوو بۆم دەرکەوت کە ڕاپۆرتە کەسییەکان لەسەر قسە و باسەکانی داهاتوومان شوێندانەر بوون. بۆ نموونە هەڤاڵێک دەیتوانی باسی ئەوە بکا کە ئەو بەشێوەیەکی کاتی لەبەرئەوەی هەموو شەوێ بە دیار کچە نەخۆشەکەیەوە شەونخونیی کێشاوە، هێندێک تووڕە و بێ وازە. شتێک کە زۆرجار لە کۆبوونەوەکاندا دەکەوتە بەرباس ئەوە بوو کە هەڤاڵان بەهۆی کار و پیشەی بژێویی پەیداکەر ماندوو دەبوون. یان هێندێک جار هەڤاڵێک ئاشق دەبوو و دەبووا ئێمە ڕەچاوی هەلومەرجی ئەو هەڤاڵەمان بکردبایە. ئەم پرسە کەسییانە شتگەلێک بوون کە ئێمە لە کۆبوونەوەکاندا دەمانخستنە بەرباس و بە لە بەرچاوگرتنی ئەو پرسانە بڕیارمان دەدا و بەرپرسایەتیمان بۆ هەڤاڵان دیاری دەکرد.

پێشنیازی وردگەلاڵەکراو لەلایەن بەشدارانەوە دەتوانێ کاتی کۆبوونەوەکان بەفیرۆ نەدا. هاوینی ١٩٨٨ من لە کەمپێکی درێژخایەنی نافەرمانی مەدەنی لە گرێبستاد Grebbestad بەشداریم کرد. دوو ڕۆژی تەواو کاتمان لەسەر ئەوە بەیفیرۆ چوو کە هەر پەنجا کەسی بەشدار بوو لە کەمپەکەدا دەیانویست هەموو چەشنە پرسیارێکی پراکتیکی و ڕێکخستنی بخەنە بەرباس. لە سۆنگەی دیمۆکراسیی ڕاستەوخۆوە گەلاڵەڕێژی و بڕیاردان تێکهەڵکێشی یەکتری کرابوون. کۆبوونەوە شێوازێکی خراپە بۆ گەلاڵەڕێژی ورد. بەپێچەوانە کۆبوونەوە شوێنێکی باشە بۆ باسکردن و بڕیاردان لەسەر پێشنیازە جیاوازەکان.

بێجگە لەو کەرەسانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، دەکرێ لە ئامرازی تر کەڵک وەرگیردرێ. لە سیراکۆس Syracuse لە کۆبوونەوەکاندا، سکرتێرێک هەموو جارێک کورتەی کۆمێنت و تێبینییەکانیشی یاداشت دەکرد. لە کاتە ئاساییەکاندا تەنیا بڕیارەکان دەنووسرێنەوە.

شێوازێک کە ئێستا بۆ نەبڕینی قسەی یەکتری بەتایبەتی لە کۆبوونەوە گەورەکاندا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ لە نەریتێکی کۆنی ئیندیانەکان لە ئەمەریکای باکورەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوەی کە لە کۆبوونەوەدا قسە دەکا، چێوێک بەناوی چێوی قسەکردن بەدەستەوە دەگرێ و هەتا قسەکانی تەواو نەبێ چێوەکەی بەدەستەوە دەبێ و پاش تەواوبوونی قسەکانی کەسێکی تر چێوەکەی لێ وەردەگرێ و قسە دەکا.

کەرەسەیەکی کۆن سەبارەت بەبڕیاردان کە ئیمڕۆکە لە بیر کراوە، کەرەسەی بێدەنگییە. لە کۆبوونەوەکانی گرووپگەلی پلاگبیلی لە ئەمەریکای باکور لە کاتی باسە گرینگەکاندا لە پاش قسەی هەر کەسێک بۆ ساتێک بێدەنگ دەبووین. بۆ ئەمەش زۆر هۆکار هەبوون: پێش هەموو شتێک بە قووڵی لە قسەکانی ئەو کەسە تێ دەفکراین بەبێ ئەوەی لە بیری ئەوەدا بین کە کۆمێنت و تێبینیی ئێمە لە قسەکانی ئەو کەسە چییە. لە هەمان کاتدا ئەم بێدەنگییە دەبووە هۆی ئەوەی کە ئێمە ئەوە لە بیر بکەین کە گۆیا بە دووپاتکردنەوەی قسەکان بەشداران زیاتر تێ دەگەن. ئەمەش لە خۆیدا کاتی زۆری بۆ دەگەڕاندینەوە. لەلایەکی ترەوە بێدەنگی دەبووە هۆی ئەوەی کە ئێمە لە قسەکانی ئەو کەسە تێ بفکرین کە هەر ساتێک پێشتر قسەی کردبوو. هەر بۆیە تێبینی و کۆمێنتەکانمان تەنیا لەسەر قسە تازەکان نا بگرە لەسەر قسە و تێڕامانە پێشووەکان چێ دەبوون، ئەمە بەشێوەیەک هەروەک شێوازی دیالیکتیکییانەی باسەکانی سوقرات دەچوو.

هەروەها بێدەنگی ئەو هەلەشی بۆ دەرەخساندین کە باسەکانمان لە چوارچێوەی ئامانجەکانماندا بێت. ئەمەش لە خۆیدا لەلایەک زیاتر سەرنجمانی بۆ لای بابەتە سەرەکییەکانی کۆبوونەوە ڕادەکێشا و لەلایەکی ترەوە توانای باشتر بینین و زۆرشکانمان بەسەر هەلومەرجی ڕەخساودا بەهێز دەکرد.

## سەرچاوەکان


1-Thoreau, H. D. Om civilt motstnd.) R. Ekner, översättning (Stockholm: Arkturus. 1977

2- Gandhi, M. K. Non violent resistance. New York: Schocken Books.1985

3- Rawls, J. A theory of justice. Cambridge, Massachusetts: The Belknap Press of Harvard University Press 1971.

4- Habermas, J. Civil olydnadden demokratiska rättsstatens grundbult. Retfaerd Nordisk Juridisk Tidskrift, 35. 1986. (Original publicerat 1985.)

5- Fischer, L.The Life of Mahatma Gandhi. London: Granada 1982

6- Sharp, G. The methed of nonviolent action. Boston: Porter Sargent Publishers 1980. (Original publicerat 1973.) Se speciellt Part One och Part Three.

7- Kropotkin, P. Inbördes Hjulp. (K. G. Ossian Nilsson, översättning. ) Stockholm: Federativ 1978.

8- Nyström, S. Palmemord och affärer bakom säkerhets boomen. Veckans affärer, nr 37. 5 september 1988.

9- Britton, C. Fler anställda än hos polisen. Dagens Nybeter, Inrikes, 22 augusti 1988.

10- Andersson, B. G. Nye Säpochefen: öppenhet ska ge nytt förtroende. Dagens Nyheter, Inrikes, 21 september 1989.

11- Bratt, P. Detta är Gunnar Ekberg... Folket i Bild Kulturfront. nr 10. 1973.

12- Davis, W. D. Schemes and devices, Surveillance. Soujournes, nr2. 1986.

13- Marx, K. Kapitalet Första bandet. I. Bokman, översättning Bo Cavefors Bokförlag. 1974

14- Plowshares Newsletter 1. P. O. Box 585, Orlando FL 32802, USA. 1988.

15- the Nuclear Resister nr 53 ~ 54. P. O. Box 43383, Tucson, AZ 85733, USA 1988.

16- Womens Encampmentfor a Future of Peace &: Justice. Womans Encampment for a Future of Peace & Justice, 5440 Rt. 96 Romulus, NY 14541, USA 1983.

17- Hindenfeldt, C. Arbetaren nr 42, 1988.

18- Wellbring, C. Arbetet30 augusti 1984.

19- Foreman, D. & Haywood, B (Redaktörer. ) Ecodefense. A field Guide to Monkeywrenching. 2 (reviderade upplagan). Kalifornien: Ned Ludd Books, P. O. Box 5871, Tucson, AZ 85703. USA 1987.

20- Ricoeur, P. The Conflict of Interpretations Essays in Hermeneutics. Evanston: Northwestern University Press . 1974 Original publicerat 1969).

21- Bergwall, P. Ett helt dygns symfoni. Pax Tidningen för Fred, nr 3. 1988.

22- Wright, P. Spy Catcher "Spionfngaren" Den nakna sanningen om brittiskt kontraspionage. Stockholm: Norstedts 1987.

23- Habermas, J. Borgerlig offentlighet J. Retzlaff, översättning Lund: Arkiv förla 1984.

24- Mnson, P. Jörgen Habermas och moderniteten. Mnson, P. (Red), Moderna Samhällsteorier. Stockholm: Prisma 1988.

25- Goldman, E. Anarkistiska Minnen. Göteborg: Korpen1980. (Living my-Life)

26 Wallis, J. Ett nytt sätt att leva. Örebro: Libris. 1982. (Original, The Call to Conversion. Washington. Publicerat av Sojournes, Washington)

27- Goss, J. & Goss Mayr, H. Jesu ickevld En kraft som skapar fred. (H. Rödholm Siegrist, översättning. Original, Die Gewaltlosigkeit Jesu eine Kraft, die Frieden schaffl . Publicerat av Bund der Deutschen Katholischen Jugend)

28- Alternatives to Violence Project, Manual Basic Course. Alternatives to Violence Project, 15 Rutherford Place, New York, NY 10003, USA 1986

29- Witness for Peace Training Manual. (tredje upplagan)Witness for Peace, . O. Box 567, Durham, NC 27702, USA. 1986

## پاشکۆ

پەر هەرنگرێن کێیە؟

کرۆنۆلۆجیی نووسەر بەقەڵەمی خۆی:

- ساڵی ١٩٦٨، باوکم بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ مارتین لوترکین و ڕێبەرانی تری بزووتنەوەی هاووڵاتییەتی چووە ئەمەریکا. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کتێبەکانی بابم لەسەر مارتین لوترکین دەخوێندەوە.
- ساڵەکانی ١٩٦٧– ١٩٧١ بەوتارنووسین بەشداریی چالاکییەکانی دژی شەڕی ڤێتنامم کرد.
- ساڵی ١٩٧٣، دایکم بردمی بۆ یەکەم کۆبوونەوە لەسەر پرسگری ژینگە.
- ساڵی ١٩٨٢، بۆ یەکەم جار، لە یەکەم دەورەی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی و ناتوندوتیژی بەشداریم کرد.
- ساڵی ١٩٨٣ من و چەند کەسێک لە ڕێکخراوی ئاشتیخوازی سوێد و کەسانی تر لە ڕێکخراوگەلی تری سوێدی، ناردنە دەرەوەی برە چەکێکی گومانلێکراوی فابریکای چەکسازیی بووفورشی سوێدیمان لە نزیک کونگئێلف لە سوێد ڕاگرت.
- ساڵی ١٩٨٣ لە هەڵمەتێکدا لە دژی چەکی ناوکی سۆڤیەتی، لە بەردەم باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە ستۆکهۆڵم بەشداریم کرد.
- ساڵی ١٩٨٣ لەلایەن بزووتنەوەی کریستیانی ئاشتیخوازەوە بۆ فێربوونی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی نێردرامە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.
- ساڵی ١٩٨٣ لە هەڵمەتێکی بەرفراواندا لە دژی دامەزراوەی چەکوچۆڵی سێنێکا ئارمی دێپۆ لە شاری نیویۆرک بەشداریم کرد، لەم هەڵمەتەدا ١٠٠٠ تێکۆشەر بەشدارییان کرد.

- ساڵی ١٩٨٤ لە هەڵمەتێکدا لە دژی ڕۆکێتەکانی هەڵگری چەکی ناوکیی پەرشینگی دوو، لە فلۆریدا بەشداریم کرد و هەر بەو هۆیەوە لەلایەن مەحکەمەیەکی ئەمەریکاییەوە، حوکمی ٨ ساڵ زیندانم بەسەردا سەپا. پاش تێپەڕکردنی ١٥ مانگ مانەوە لە زیندان لە ئەمەریکا دەرکرام و ڕەوانەی سوێد کرامەوە.
- ساڵی ١٩٨٦ لە دەسپێکی کاری گرووپی پلاگبیلی سوێدی- ئەڵمانی لە ئەڵمان بەشداریم کرد.
- ساڵی ١٩٨٨ چوومە وڵاتی شیلی و لەسەر خەباتی نافەرمانیی مەدەنی لە سەردەمی سەرەڕۆییی پینۆشەدا، کۆرسێکم دانا. هاوکات لە وڵاتانی تری ئەمەریکای لاتیندا گەڕام و لەگەڵ چالاکڤانانی مەدەنیدا چاوپێکەوتن و گوتوبێژم ساز کرد.
- ساڵی ١٩٨٩ گرووپی "بەکۆمەڵ بەرهەڵستکاری ئۆمێگا"مان لە گەڕەکی هامارکویلەی گۆتەبۆرگ سوێد دامەرزاند و ئیتر لەو دەمەوە لەو گەڕەکە نیشتەجێم.
- ساڵی ١٩٩٠ کتێبی ڕێنوێنییەکانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنیم، بۆ یەکەم جار چاپ کرد.
- ساڵی ١٩٩١ وێڕای دوو تێکۆشەری تر وەک چالاکییەکی سیمبۆلیک چەکێکی "ئەی کەی پێنج"مان لە کار خست و شکاند.
- لە ساڵەکانی ١٩٩٢، ١٩٩٣، ١٩٩٤ لە هەڵمەتی ساڵانەی کردنەوەی کەمپ لە دژی فابریکای یاس "باڵەفڕی شەڕکەری سوێدی" لە شاری لینشۆپینگی سوێد بەشداریم کرد، لەو هەڵمەتەدا بوو کە بزووتنەوەی پلاگبیل لە سوێد پەرەی گرت.
- لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٧ و ٢٠٠٠ لە گەورەترین کەمپەینی بزووتنەوەی پلاگبیل لە دژی بەلەمە ژێرئاوییەکانی هەڵگری چەکی ناوکیی تریدەنت لە ئینگلتەرا بەشداریم کرد. لەم کەمپەینەدا، بزووتنەوەی پلاگبیل لە زۆر وڵاتی جۆراوجۆرەوە بەشداریی کرد.

## پێڕست

پەیڤێک بۆ چاپی دووەم – وەرگێڕ ..... 5
سەرەتا – چەند سەرنجێکی پێویست ..... 9
پێشەکیی نووسەر ..... 10
بەشی یەکەم
خەباتی نافەرمانیی مەدەنی چییە؟ ..... 15
بەشی دووەم.
هاوبەشییەتی لە بەرهەڵستکاری ..... 45
بەشی سێیەم
زمانی بەرهەڵستکاری ..... 87
بەشی چوارەم.
دەنگی بەرهەڵستکاری ..... 113
بەشی پێنجەم.
دیالۆگی بەرهەڵستکاری ..... 161
بەشی شەشەم
هێزی بەرهەڵستکاری ..... 171
بەشی حەوتەم.
بنەماکانی بەرهەڵستکاری ..... 187
سەرچاوەکان ..... 195
پاشکۆ
پەر هەرنگرێن کێیە؟ ..... 197